IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# سەلەفیزم لەکوردستان

وەرگێرانی:
ماجید خەلیل
2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 143 )

ناوی کتێب: سەلەفیزم لە کوردستان

بابەت: ئیسلامگەرا

ناوی نووسەر: کۆمەڵێک نووسەر

وەرگێڕانی: ماجید خەلیل

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان رەحیم

ساڵی چاپ: 2016

تیراژ: 500 دانە

چاپخانە: حەمدی

نرخ: 3000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**

**ideafoun@gmail.com**

**www.facebook.com/dezgai.idea**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1805 )ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# سەلەفیزم
# لە کوردستان

وەرگێرانی:

ماجید خەلیل

2016

# پێڕست


مێژوی جوڵانەوەی ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا.......7

ئیسلامییە کوردەکان لە ئێراق لە ئیخوان موسلمینەوە تا................11

پڕۆسەی گۆڕانە سەرەکییەکانی نێو جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان...61

سەلەفیزم لە کوردستانی ئێران...................................................103

گوتاری ئیسلامگەرای کوردیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا...............221

ئایا ئیسلام دەکرێتە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی ؟............................279

# مێژوی جوڵانەوەی ئیسلامیی
# لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا

توێژەران:

1. حوسەین ئاغاپوور، جەمال خەسرەوی، لوقمان حەمید موراد، سەباح موفیدی، موحەمەد شەریف

2. توێژینەوەی هاوژین بەغالی

2016

## پێشەکی وەرگێڕ

جوڵانەوەی ئیسلامیی لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا جوڵانەوەیەکی نێو مێژوی هاوچەرخی کوردەو قوڵاییە مێژوییەکەی فرە تێکەڵ بە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد نەبووە. مێژوی کورد لە سەردەمی دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتە مەزنەکانی پاش هاتنی ئیسلامەوە، کە پانتاییەکانی کوردستان لە ژێر هەژمون و ئایدیاو هێزی سەربازی ئەواندا مابوویەوە، مێژویەکی بندەست و پلیشاوە بوو، ئەوان جگە لە چەند میرنشینێکی رامکراوی بەرە مەزهەبییەکانی ئەو کاتەی دونیا هیچی تر نەبوون. دواتریش لەسەردەمی مێژوی نوێدا میرنشینەکان و هۆزسالارەکانی کورد هەمان بالۆرەی رابردویان بەڕەنگێکی تۆختری بندەستی پەسەندکرد. لەپاش روخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، لوتکەی کۆڵۆنیالیزم و دەرهاویشتەکانی مۆدێرنە بۆ هیچ نەتەوەیەکی دونیا هێندەی کورد نەنگی و نزمیی ئەخلاقی و ئەجێندای سیاسی هەڵنەگرتبوو، کورد لەسەردەمی دەوڵەتی نەتەوەدا بەناونیشان و شوناسی کوردییەوە بواری هەناسەیەکیشی بۆ نەمایەوەو بووە کۆڵۆنی کۆڵۆنیکراوەکان. لێرەوە تەواوی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەنەتەوەییەکان بوو، هەربۆیە پیاوە ئاینی و سەردارەکانی ناو رەوگە مەزهەبییەکانی تەریقەتەکانی کوردیش دیسان لە پێناوی نەتەوەدا قوڵیان

لێهەڵماڵی. ئەو دەمەیش لە سەدەی بیستەمەوە وردە وردە پارت و ڕێکخراو و گروپی سیاسی و فەرهەنگی دروستدەبن دیسانەوە پارتی نەتەوەخوازو نەریتخوازی کوردیین. تاوەکو هەشتاکانی سەدەی رابردو هیچ پێڕێکی ئیسلامی سیاسیی بەو نەزمەی، کە لە دنیای ئیسلامیدا لەسەر دەستی ئیخوان و کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان هاتبووە ئاراوە، ئیسلامی سیاسی ئاشنا نەبوو بوو بە کورد. دواتر لەم دەساڵانەی دوایدا تۆرەمەی ئەو ئیسلامگەراییە نەك هەر وەك جەسەرێکی بەردەم نەتەوەگەراکانی کورد دێتە ناو کوردەوە، بەڵکو پێش ئەوان وەك قەمتێکی بەردەم ئیسلامی کوردەواری و رەوگە ئاینییەکان خۆی دەنوێنێت. لە باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان ئیسلامیزم دژ بە نەتەوەی سەردەست و باڵادەست دێتە پێشەوە، بەڵام هێندەی سەرقاڵی نێو ماڵی خۆیەتی، کەمتر پەرژاوییەتە سەر داگیرکەرانی. مەکتەبییەکانی مەکتەب قورئان و پیاوێکی وەك ئەحمەدی موفتی زادە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆخۆی بیرمەندو سیاسی و کەسێکی کارێزماو هەڵکەوتوو بوو، ئەو لە بەرایی هەشتاکانەوە دەرکەوت و ئیسلامێکی سیاسی خۆماڵیانەی لەدەرەوەی بەندو باوەکانی ئیسلامیزمی جیهانی کە زیاتر ئیخوانی و وەهابی و جیهادییە سەلەفییەکان بوون، بە پشتبەستن بەهێزی بیرکردنەوەی خۆی هاتە پێشەوە، بەڵام دواتر ئێرانیانە بیریدەکردەوەو لەبەردەم شوناسی نەتەوەییدا ئەزمونێکی تاڵ یاخود ساویلکانەی لەهەمبەر

ئەو پرسەدا تۆمارکرد، کە بۆخۆیشی لەو خاڵە سەرەکییەدا ملی بە هەڵەکانی دەدا. عەقڵێکی گەورە لەبەردەم پرسێکی مەزنی لەو جۆرەدا نەکەوتە کار. لەباشوریش دیسانەوە پرۆژە نەتەوەیەکە لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامیدا جەختی لەبارەوە کرایەوە، بەڵام هێزی ئایدیۆلۆژی و هەژمونی جیهادیزم و رادیکاڵەکان، ئەوانەی لە ئیخوانەوە دانیان نەنا بە شوناسە نەتەوەییەکەدا و هەموو ئەو پیاوە سەلارە ئاینیەی هەڵەبجەو هەورامان و باشوری کوردستانیان لە ئیخوان تۆراند، بەو جۆرەیش ئیسلامییە ئەفغانی و پاکستانی و عەرەبییەکەی خەلیج، زاڵبوون بەسەر بیروباوەڕو تامەزرۆیی کوردبوونی هەموو ئەو لاوە تێکۆشەرانەی، کە لەسەهەندی ئیسلامەتیدا گەرەکیان بوو قەوارەی نەتەوەیی کورد بپارێزن. هەربۆیە لەدەرهاویشتەی پوکانەوەی شوناسی نەتەوەیی لەنێو ئیسلامگەرای باشورو رۆژهەڵاتدا جۆرێك لە بێهیوایی لەو پرۆژە ئیسلامگەراییە لەنێو کوردا هاتە ئاراوەو لە ئێستادا دیوێکی لاوازی ئەوان نوێنەرایەتی کورد دەکەن هەم لە رۆژهەڵات و هەمیش لە باشوردا. ئەم توێژینەوانەی کە چەند لێکۆڵەرێکی ئەکادیمی نوسیویانن، مایەی وردبوونەوەو لەسەر وەستانن لە هەمبەر ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، ئەوان توانیویانە ئەکادیمیانە بێنە نێو بابەتە هەستیارەکانی ئەو هێزانەوەو مەژگی زانستیانەی خۆیان بۆ شەن و کەوی پێگەو پێناوی ئەوان لەئاستانەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بخەنەڕوو.

# ئیسلامییە کوردەکان لە عێراق
# لە ئیخوان موسلمینەوە تا ئەوەی پێی دەوترێت
# دەوڵەتی ئیسلامی
# بەردەوامی یان دابڕان

دامەزراوەی توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان، زانکۆی ئێکزیتەر

ئەم توێژینەوەیە لە ژمارە (5) ی گۆڤاری دراسات، کە ناوەندی مەلیك فەیسەڵ بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئیسلامی دەریدەکات بڵاوکراوەتەوە.

نوسینی د.موحەمەد شەریف

## کورتەی توێژینەوە

گروپە ئیسلامییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی کوردستان و گەلانی عێراقدا. لەمێژە بەشێکی دانەبڕاوی گۆڕەپانە سیاسییەکانن. ئەوان بەشێوەیەکی پلەبەندی لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئاکامی بندەستی و بڕینەوەی نەتەوەیی رژێمی دڕندەی سەدام حوسەیندا ئاشکراترو رۆشنتر خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا نومایانکرد. پاش راپەڕینە جەماوەرییەکەی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 دا، ئیدی گروپە ئیسلامییە کوردییەکانیش لەشانۆی سیاسی کوردستاندا بە شێوەیەکی فەرمی لەنگەریانگرت. تاوەکو ئێستا گروپە ئیسلامییەکان نەبوونەتە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەو سەرەکی سیاسەتی کورد، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرچاو و کاریگەرن. لە ناوەندی نەوەدەکاندا بۆماوەیەکی کەم بوونە دەنگۆی ناڕەزایی پارتە سەرەکییە کوردەکانی وەك یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.

فاکتەری سەرەکی لە نەبوونیان بە هێزێکی جەماوەریی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کوردانی عێراق بۆخۆیان سوننی مەزهەبن، ئەم رەوگە مەزهەبییەش ئاینی فەرمی گەلانی عێراق بووە. هاوکات بزوتنەوەی ئازادیی خوازیی کوردیش، بزوتنەوەیەکی نەتەوەگەرابووەو تەقەڵای بزوتنەوەکە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە ئاینی و مەزهەبییەکاندا نەبووەو هیچکات کوردەکان بێزارییان لە رەوشی ئاینی و مەزهەبییان دەرنەبڕیوە. دەکرێت بوترێت کە پارتە ئیسلامییە کوردییەکان چێژ لە بەشداریی سیاسی هەرێمەکەدا دەبینن و لە مانگی 5ی

1992 وە لەتەواوی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا بەشدارییان کردوە. تائەندازەیەك ئەم ژینگە سیاسییە کراوەیە، تێیدا دیدگا ئیسلامییەکانی تر توانییان بێنە پێشەوەو بڵاوببنەوە. ئەوە بەو واتایەی لەنێو هەناوی ئەو گروپە ئیسلامییە بەرچاو و فەرمیانەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، گروپ و پێڕی بناژۆو رادیکاڵ جودابوونەوە، ئەوەیش لە سۆنگەی ناڕەزایەتی خەڵك و نەیارییان لەتەك ئەم پارتە سیاسییە ئیسلامییانەی ئەمڕۆ لە مەیدانەکەدا هەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەو بارەیەوە دەدوێت کە بۆچی ئەمە رویدا. هەروەها لەبارەی پەیوەندی ئیسلامییە یاخییەکانی دژ بە ئەمریکا لەتەك گروپە ئیسلامییەکان و ئاڕاستەکانیان لە کوردستان مشتومڕکراوە، ئەو گروپە ئیسلامییە یاخیانەی لەپاش لەناوچوونی رژێمی سەدام حوسەین دەرکەوتون. ئەم توێژینەوەیە نایەوێت پێداگریی لەسەر ئەوە بکات، کە یاخیبووەکانی دژ بە ئەمریکا لەو پێشەنگییەی ئیسلامییە بناژۆکانی کوردەوەیە، ئەوان بەشێکن لەو رەوتە رادیکاڵە جیهادییانەی، کە لە مانگی شەشی 2014 وە بوونەتە گێچەڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هاوکات ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو دەوڵەتەی کە پێی دەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی دەدوێت، ئەوان لەهەناوی یاخییە ئیسلامییەکانی دژ بەئەمریکاو گروپێکی گچکەی ئیسلامییەکانی کوردەوە چێبوون، لێرەدا هۆیەکانی پشت ئەم دیاردەیە بەوردی رونکراونەتەوە.

لێرەدا گروپە ئیسلامییە کوردییەکان رەگ و ریشەیان وابەستەکراوە بە بزوتنەوەی ئیخوان موسلمینی میسرەوە، کە لە ساڵی 1928 دا لە میسردا دامەزراوە.

لێرەدا وابەستەیی و پەیوەندی ئیسلامییەکانی کورد بە ئیخوان موسلمین و دواجار زویربوون و دابڕانیان بەهۆی بێباکییان لە ئاست نەهامەتییەکانی کوردا خراوەتەڕوو. پاشان وابەستە ئاینی و نەتەوەییەکانیی ئەم گروپە ئیسلامییانە شرۆڤەکراوەو لێکدراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە باسکراوە، کە بۆچی کەسانێکی دیاریکراوی کورد پەیوەندییان لەتەك ڕێکخراوی رادیکاڵی ناسراو بە داعش چێکردوە، ئەوان چی پاڵنەریان بوو، چلۆن گەیشتنە ئەو بڕیارە. هاوکات هۆیەکانی پشت گەشەی داعش‌و ئەگەرەکانی شکستی ئەم ڕێکخراوە لە کۆتاییدا شیکراونەتەوە.

## پێشەکی

ئەوە پرسیارێکی لۆژیکییە گەر بپرسین بۆچی جیهادییە کوردەکان لەنێو ریزەکانی ئەوانەن کە پێیان دەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی(داعش)؟ پاڵنەرەکانی پشت ئەم ئاڕاستەیە چیین؟ هەروەها هەڵوێستی پارتە ئیسلامییە خۆماڵییەکان لەهەمبەر گەشەو دەرکەوتنی داعش چییە؟ بەشێوەیەکی سیاسیی رەوت و پارتە ئیسلامییە کوردییە سیاسییەکان هەمیشە دارای گرێیەکی دەرونی و نەزمێکی شێتانەن، ئەوەیش کاتێك کە ئارەزو ئایدیۆلۆژیی و خواستە سیاسییەکانی خۆیان دەخەنەڕوو. ئەوان لەلایەکەوە وابەستەن بە بەها ئیسلامییە سەختگیرەکانەوەو ئاڵنگاری پارتە نەتەوەییە سیکۆلارەکانی کورد بوونەتەوەو دژی بەخۆرئاواییکرانی هەرێمی کوردستان و چەمکە سیکۆلارو نەتەوەییەکانن. لەلایەکی ترەوە بەتەواوی

مانا پرۆژە نەتەوەییەکەی کوردیان لە ئامێزگرتوە و هاوکات ڕەگەزێکی سەرەکی پشێویی و توندوتیژییەکانی کوردستانن، بەتایبەتی لە ساتەوەختی دیمەنە سیاسییە نائارامەکاندا. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، سەرگوزەشتەی شیکاری و مێژویی ناساندنی ریشەو گەشەو دەرکەوتنی پارتە ئیسلامییە کوردییەکان پێویستە، هاوکات روداوی دەرکەوتنی داعش لە 2014 دا لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیسانەوە بابەتێکی تێکەڵە بەو رابردوەوە.

پاش راپەڕینی کورد لە ساڵی 1991 دا، تەنها هێزێکی سەرەکی ئیسلامی، بریتیبوو لە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان. ئەم پارتە تا ئەندازەیەك پێگەی جەماوەریی خۆی هەبوو. پاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی پێنجی 1992 ی هەرێمی کوردستان. ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژودا کە ئیسلامگەرایانی کورد بتوانن پێگەی سێهەم لە کۆی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بەدەستبهێنن، کە دەیکردە 5.1% تێکڕای دەنگدەران. وەلێ ئەوان نەیانتوانی تەنا کورسییەکی پەرلەمانی کوردستانیش مسۆگەر بکەن چوون پێویستبوو بۆ بەدەستهێنانی کورسییەك 7%ی کۆی دەنگەکانیان هێنابایە. دیارە ئەم دابەشبوونە سیاسییە بووە هۆی جەنگێکی ناوخۆیی درێژخایەن لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا، لێرەوە پشێوی و هەژاری و وێرانکارییەکانی جەنگ تا ساڵی 1998 درێژەیکێشا. دیارە لەگەڵ هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەماندا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیش بەڕێوەچوو، لەوێدا نومایانی کێبرکێیەکی قوڵ ودژوار دەکرا، لێرەشدا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز توانی پلەی سێهەمی

لیستەکە بۆخۆی بگرێت، کە لەپاش سەرکردە دیارەکانی کورد مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانییەوە بوو. ئاکامی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 1992 بەم جۆرە بوو: مەسعود بەرزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان 466,819 دەنگ کەدەکاتە 47.51%، جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 441,507 دەنگ کە دەکاتە 44.93%، عوسمان عەبدولعەزیز رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان 38,965 دەنگ کە دەکاتە 3.97، مەحمود عوسمان سکرتێری حزبی سۆشیالیستی کوردستان 23,309 دەنگ کە دەکاتە 2.37. کۆی گشتی دەنگەکان 970,600 دەنگ بوو. 1

ئەگەر ئیسلامییەکان سەرکەوتو بوونایەو بەلایەنی کەمەوە 5 کورسی پەرلەمانیان بهێنایە، ئەوا دەکرا رێ لەو دابەشبوونەی کوردستان و کورسییەکان بگیرایە، کە بە پەنجا بە پەنجا ناسرابوو. ئەم دابەشبوونە دەستپێك بوو بۆ ناکۆکییەکی قوڵ و چێبوونی حکومەتێکی یەکگرتو، کە سەری لە ئاژاوەوە دەرهێنا، ئەوان بەو دابەشکارییەی نێوان پارتی و یەکێتی تەواوی پارتە بچوکەکانیان خستە پەراوێزەوەو نەخشەی جەنگێکی ناوخۆیی لە 1994/5/1دا بەتەواوی زەمینەی بۆ رەخسا. ئەگەر ئیسلامییەکان و پارتە سیاسییەکانی دیکە لە حکومەتێکی بنکەفراوان و پەرلەمانێکی فرە دەنگدا بەشداربوونایە ئەوا پڕۆسەی سیاسی کوردستان هەنگاوێکی زێدەتر دەچووە پێشەوەو پارتەکان دەکرا رێگربوونایە لەبەردەم تەنگژەو کێبڕکێی پاوانخوازی هەریەك لە پارتی و یەکێتی و جەنگی ناوخۆ روینەدەدا. 2

له کاتێکی وەهاداو بەبەشداری پارتە بچوکەکان دەکرا رێگربوونایە لە هەڵایسانی ئەو جەنگە درێژخایەنەی، کە تاوەکو سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن درێژەیکێشا، لەو میانەدا، ماردڵین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوە هەوڵێکی زۆری دا تاوەکو هەردوو پارتە ناکۆك و بەشەڕهاتوەکەی بانگهێشتکرد بۆ واشنتۆن و لە سێپتەمبەری 1998 دا واژۆی ئاشتی بەهەریەك لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کرد و کۆتایی بە جەنگی ناوخۆ هێنا.

لە دیسەمبەری 1993 دا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی قۆڵبەستکراو لەسەر شاشەی تیڤییەوە بە قۆڵبەستراوی نیشانی خەڵکی درا. هاوکات یەکێك لە کوڕەکانی لە جەنگەکەدا کوژراو بارەگاکانی سەرکردایەتی پارتەکەیشی لە بێتواتە بەتەواوی خاپورکرا. هەروەها کوڕێکی دیکەی پاش جەنگێکی سەخت و دژوار لەتەك یەکێتیدا، کە هێزێکی ئاڕاستە چەپ و سیکۆلار بوو، دیسانەوە لە تیڤییەوە و بە دەستبەسەری و بە ڕیشی تاشراوە وێنەکانی پەخشکران. ئەوە دەستپێکی خوێنڕێژی و ناکۆکی و جەنگی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو ئەوە توراسێکی لەمێژینە بوو، هەربۆیە لەو ژینگەیەدا بیروباوەڕی سەیرو دژوار لەنێو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی بزوتنەوەی ئیسلامیدا چەکەرەیانکرد. لێرەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆو ناڕاستەخۆ لەنێوان گروپە یاخیی و بناژۆکانی دژ بە ئەمریکای پاش سەدام هەیە لەتەك گروپە ئیسلامییە کوردییەکاندا. هەموو ئەو پەیوەندییانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو و دیار خراونەتەڕوو. لەوانە گرنگتر لینك و پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان ئەو

بناژۆ یاخیانەی دژ بەئەمریکاو داعشە. هەروەها ریشە مێژوییەکانی گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان ناتوانرێت هەروا بەسانایی بگەڕێنینەوە بۆ راپەڕینە جەماوەرییەکەی 1991 دژ بە رژێمی بەعس، بەڵکو سەرچاوەی تەوژمی ئیسلامی کوردستان زوتر سەرچاوەی گرتوە، بەبێ تێگەیشتن لەسەردەمی پێش راپەڕینی 1991، توێژینەوە لەسەر رابوونی ئیسلامی کوردستان توێژینەوەیەکی تۆکمەو تەواو نابێت. بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، پێویستە لە ریشەی پارت و گروپە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ تێبگەین، ئایا ئێستا ئەوان چین و لەچ ئاستێکدان؟ پەیوەندییەکانی ئەوان بە سەرهەڵدان و گەشەی رێکخراوی رادیکاڵی داعشەوە چییەو کامەیە؟

## پارتە ئیسلامییەکانی کوردو
## گروپی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی

بەدیدێکی لۆژیکیی ئەوە روندەبێتەوە، کە پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان دارای دارێکن، کە هەردوو سەرەی پیساییە. لەئێستادا هەردوو پارتە ئیسلامییە کوردییە سەرەکییەکە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، کە دارای وەزیرو کورسی پەرلەمانی کوردستانن، روبەڕوی رەخنەی خەڵك و پارتە سیاسیە سیکۆلارەکان بوونەتەوە، چوون ئەوان لەئاستی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیدا گوتارێکی رۆشنیان نیەو کەمتەرخەمن، ئەو رەخنانە پاش سەرکەوتنەکانی داعش هاتن بەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا. داعش پاش دروستبوونی دەستیگرت بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی کوردستاندا، ئەوان لە مانگی هەشتی 2014 دا پاش چەند هەڵکوتان و هێرشێك توانیان بەشێك لە قەڵەمڕەوی هەرێمی کوردستان و ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان، کە ئێزیدییەکان تێیدا نیشتەجێبوون داگیربکەن. لێرەدا ئیسلامییەکانی کوردستان شکستیانهێنا لە نیشاندانی وێنەیەکی رون و رەوان لە نواندنی هەڵوێستیان لەهەمبەر داگیرکارییەکانی داعشو کوشتن و قڕکردنی ئێزدییەکان و فڕاندن و بە بەندەکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی و فرۆشتنیان وەك مەڕومالآت و میوەجات لە بازاڕەکاندا، دروست وەك ئەوەی لە جەنگە پیرۆزەکانی جیهادا رویاندەدا. هەموو ئەو پڕۆسەیە لەلای داعش بە دەربڕینە ئیسلامییەکە بە فتوحات نێودەبرا، واتە ئازادکردن

و فەتحی ناوچەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئیسلامیی. عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەچەندین بۆنەدا بۆ میدیا کوردییەکانی رونکردەوە کە هەڵوێستی بێ پێچ و پەنای لەهەمبەر داعش نواندوەو هەیە. وەلێ هەمیشە شۆڤەی لاهوتی و ئاینییانەی لاوازو بێبنەماو ناپەیوەستی لەهەمبەر ئەو بابەتەدا نیشانداوە، بەئاشکا بانگەشەی ئەوەی کردوە کە هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی داعش بەتەواوی لەدەرەوەی خانەی ئیسلام و رەفتاری ئیسلامیەوە نین. لێیەوە موسڵمانی دروست کەمەندکێش دەکات، کە وردتر لەخۆی بپرسێت. خوابواردنی باپیر بە تۆمەتبارکردنی راستەوخۆی داعش و دانەدواوەیان لەبازنەی ئیسلامدا دەرخەری ئەو شیکارەیە، کە لە میتۆدی ئیسلامییەکانی کوردستاندا رەفتارەکانی داعش و بیرکردنەوە جیهادییەکەیان و حوکمی ئیسلامی و سەرکوتی بێئەندازەی خەڵکیی بەتەواوی نەخراوەتە لاوە.

لەئێستادا داعش لەسەر ئاستی جیهادی و سەربازیدا لە سێ بەرەوە کاردەکات: سەرەتا ئازادکردنی خاکی موسڵمانان و ملکەچکردنی موسڵمانان بۆ یاساکانی سوننەتو رزگارکردنی موسڵمانان لە حوکمی شیعە، چوون ئەوان مەزهەبی شیعە بە رەوافز ناودەبەن. یانی ئەو خەڵکانەی کە دەسەڵاتی شەرعیی ئیسلامیی دەدەنە دواوە. بەرەی دووەمی جیهادی داعش لەبەرامبەر بیدعەچیی و سیکۆلارەکانە، کە بە زەنادیقە ناویان دەبەن، واتە ئەوانەی بەیاسای خوا ملنادەن و حوکم بە غەیری بەرنامەی خوادەکەن، ئەوان حوکمی ئێستەی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا دادەنێن. دیارە پەیامی ئەبو موسعەب زەرقاوی قاعیدە لەم جۆرە بیرکردنەوەیەی جیهاددا دژ بە سیکۆلارەکان

شوێنی دەبوویەوە. بەرەی سێهەمی جیهادی داعش دژ بە نا موسڵمانەکانە، ئیتر چ کریستیان بن یاخود ئێزیدی، داعش بەنیازی بە موسڵمان بوونی وان، زەوییەکانیان داگیردەکات و بە تۆپزی یاساکانی شەریعەت لەناویاندا بەرقەرار دەکاتو پێویستە ملکەچی خۆیان بۆ ولایەتی خەلافەتی ئیسلامی دوپاتبکەنەوە.

ئەبوو مەسعەب زەرقاوی لەم بارەیەوە لە پەیامێکیدا لەسەر شیعە وتویەتی: هەموو ئەوانە لە باوەڕماندا کلیلی گۆڕانکاریین، بەو مانایە لێدان لە قوڵایی ئاینی و سیاسی و سەربازییان، هانیاندەدات تا سوننی بوونی خۆیان نیشانبدەن و دانبنێن بە راستییەکاندا.

ئەگەر ئێمە ئەوان راکێشین بۆ نێو جەنگێکی تائیفی، ئیدی مەترسی لەسەر سونییەکان دروستدەبێت، لێرەوە هەستدەکەن لەبەرامبەر مەرگێکی حەتمیدان بەدەستی سابیئەو شیعەکان. هەربۆیە هێزی جیهاد زیاددەکات. موسڵمانانی سونە سەرەڕای لاوازی و دابڕانیان هەڵگرانی تیژترین شمشێرەکانن لەروبەڕوبوونەوە لەتەك شیعەدا سەردەکەون، شیعە ئەهلی ترسنۆکی و پاشملەو خیانەتن.3

هەروەها راگەیەنراوەکەی زەرقاوی لەهەمبەر کوردەکان بەمشێوەیە بوو:

ئەوانە وەرەمێکن لەقورگداو دڕکێکن پێویستە پێش دەرهاتن هەڵبکەندرێن. ئەوان لە دواوەوەی لیستەکەماندان، هەرچەندە لەهەوڵداین بۆ لێدانی هەندێك لە سیمبوڵەکانیان، بەپشتیوانی خودا. کوردەکان پیت و بەرەکەت و توانانی خۆیان بەگرێبەستێك بەدڵ و دەستەکانیان بەخشیوەتە ئەمریکییەکان.

کوردەکان زەویی و خاکەکەیان لەبەردەم جوەکاندا وازکردوەو بوونەتە پێگەی پشتەوەی ئەسپی تەروادە بۆ پلانەکانی وان. جوەکان دزەدەکەنە خاکەکەیانەوەو ئەوانیش خۆیان لەئاستیاندا دەنوشتێننەوە، ئاڵاکانیان سەرشۆڕدەکەن و دەبنە پردی تێپەڕینی هەژمونی ئابوری جوەکانو لە خاکی کورداندا بنکەی هەواڵگیریی و پێکهاتەی سیخوڕی خۆیان بونیاد دەنێن. دەنگی ئیسلام لەنێو کورداندا مردوەو تروسکایی ئاین لەنێو ماڵەکانیاندا کوژاوەتەوە. 4

## ئیخوان موسلمین و دەستپێکی ئیسلامیزم لە کوردستان

لەماوەی فتوحاتی ئیسلامیداو لەوکاتەوەی کوردەکان لە سەدەی حەوتەمی زاینییدا ئامێزیان بۆ ئیسلام کردوەتەوە ئیدی کوردەکان بە موسڵمانی تەندروست و خاوێن ناسراون و پەیوەست بوون بەهەموو زانیارییە ئیسلامییەکانەوە بە جیهادو تێکۆشانیشەوە. لێرەوە سەرکردەی جیهادیی بەرچاو لەنێو کورداندا دەرکەوتون، بەرجەستەترینیان بریتییە لە سەلاحەدینی ئەیوبی کە لەسەدەی دوازدەدا دەرکەوت. ئەو پیاوێکی دیاری دەوڵەت و سەرکردەیەکی سەربازی چەلەنگ بوو کە توانی ئۆرشەلیم (قودس) لە دەستی خاچییەکاندا بێنێتە دەرێ.

دیارە وابەستەیی کورد بە ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی بەرایی ئیسلام، کاتێك یەکێك بەنێوی کابانی کوردییەوە دەچێتە لای پێغەمبەری ئیسلام و وەك هاوەڵێکی پێغەمبەر لە دیکیۆمێنتە مێژوییەکاندا ناوی هێنراوە.

هەرچەندە بۆ کوردو کوردستانیش، ئیسلام وەك باوەڕێك پەیوەست نییە بە ئیسلامی سیاسییەوە. دەستپێکی ئاشنابوونی عێراق و کوردستان بە ئیسلامی سیاسییەوە لەسەر دەستی کەسایەتییەکی عەرەبی و پیاوێکی ئاینی ئیسلامیی بوو بەناوی شێخ موحەمەد مەحمود سەواف. لەساڵی 1946 سەواف پاش بەسەربردنی چەند ساڵێك خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی بەناوبانگی ئەزهەر لە قاهیرە، گەڕایەوە بۆ عێراق. ئەو لەو ماوەیەدا ئاشنا ببوو بە میتۆدی ئایدیۆلۆژی و سیاسی

ئیسلامی سیاسیی کە لەسەر دەستی ئیخوان موسلمین بۆ نەزمی سیاسی سەدەی بیستەم کاری بۆکرابوو.ئەو لەماوەی خوێندنەکەیدا لەمیسر چاوی بە دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین حەسەن بەنا کەوتبوو، لەوێدا ناوبراو سەوافی رازیکردبوو تاوەکو لقێکی ئیخوان بەرێتە عێراق. پاش ئەوەی سەواف گەڕایەوە بەغداد، بووە مامۆستای وانەبێژ لە فاکەڵتی شەریعە لە بەغداد. ئەو لەوێدا بایەخی وتنەوەی ئەکادیمی دابەسەر نەزمی ترادیشناڵی شەریعەدا. ئەم بژاردەیەی ناوبراو نومایانی ئارەزوی ئەو بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەو ئامۆژگارییەکانی لەنێو خوێندکاراندا. بەمشێوەیە بزوتنەوەی ئیخوان موسلمین، لە ساڵی 1946 دا هاتە نێو شانۆی سیاسیی عێراقەوە. سەرەتا وەك کۆمەڵەیەك خۆی نواند کە بەناوی فەرمان بەچاکەو رێگریی لە خراپە خۆی نواند. کۆمەڵەکە لەژێر رابەرایەتی خودی سەوافدا بوو. دیارە ئەوەیش نەزمێکی ئیخوانی بوو، کە خودی ئیخوان لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی 1928 دا پەیڕەویدەکرد. دوابەدوای ئەوە سەواف شانبەشانی یەکێکی دیکە لە پشتیوانانی بزوتنەوەی ئیخوان بەنێوی شێخ ئەمجەد زەهاوی توانیان لەساڵی 1948 کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لە عێراق دابمەزرێنن. کۆمەڵەکە گۆڤارێکی بەناوی برایەتی ئیسلامی دەرچواند، گۆڤارەکە پاش دوو ساڵ لە وەشاندن لەلایەن حکومەتی پاشایەتییەوە وەستێنراو دواتر خودی کۆمەڵەکەیش یاساغکرا.5

ئیدی لێرەوە کۆمەڵەکە چووە قۆناغی خەباتی نهێنییەوە، ئەم نەزمە بەدرێژایی فەرمانڕەوایی حزبی بەعس بەردەوام بوو تاوەکو عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لەساڵی

2003 دا داگیرکرا. لەپاش رمانی بەعس، ئیخوان وەك هێزێکی بەهێزو کارا هاتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسیی عێراق. ئەمڕۆ پارتی ئیسلامی عێراق، گەورەترین پارتی سیاسیی سوننی عێراقییە لە شانۆی سیاسیی عێراقدا. لەماوەی دەرکەوتن و گەشەی ئیخوان موسلیمیندا، مەترسییەکانی کوردستان لەهەمبەر ئەو پارتە جیاواز بوون. هەرچەندە رابەرانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە کوردستانی گەورەدا لەدەستپێکی سەدەی بیستەمەوە لەدەستی کەسایەتییە ئاینییە کلاسیکییە دیارەکاندا بوو، لەوانە شێخ سەعیدی پیران و قازی موحەمەدو شێخ موحەمەد بەرزنجی و شێخ عەبدوسەلام و شێخ ئەحمەد بەرزانی و مەلا مستەفای بارزان، بەڵام هیچ کام لەوانە لەبازنەی ئیسلامی سیاسیدا نەبوون. هەموو ئەو سەرکردانە ئاوێتەی هەناوی مەزهەب و نەتەوە ببوون. ئەوان شوناسی کوردییان هەرگیز لە پاش باوەڕی ئیسلامییەوە دانەدەنا و هەمیشە نەتەوەگەرایی لەپێشی پێشەوەی کارەکانیاندا بووە. بەتایبەتی لەپاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هاتنی ناوچەکە بۆ ژێر ئینتیدابی بەریتانی. لێرەوە فاکتەری ناسیۆنالیستی هەمیشە لەبرەودا بوو، بەتایبەتی لە ساڵی 1991 وە بەڕابەرایەتی شێخ مەحمودی بەرزنجی نەتەوەگەرایی کورد دژ بەبەریتانیا دەستیپێکرد، ئەوە لەکاتێکدا بوو ناوبراو یەکێك بوو لە ئەندامانی رەوگەی قادریی و کەسایەتییەکی ئاینی و دیاری ناوچەکەبوو، کە خۆی لە تۆرەمەی پێغەمبەری ئیسلامدا دەبینییەوە. بەم جۆرە سروشتی زۆرترینی راپەڕینەکان و بزوتنەوەکان نەتەوەیی بوون نەك ئاینی و ئیسلامی. ئەوان

تەنها ئامانجیان بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و مافە کلتوری و سیاسی و زمانەوانی و ئیتنیکییەکانی خۆیان بوو. پاڵنەری ئەوان نکوڵیکردن بوو لە کوردبوونیان نەك بەها ئاینییەکانیان. ئەم سۆنگەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە زۆرترینی کورد سونی مەزهەب بوون و سەربەو ڕەوگە باڵادەستەی مەزهەب بوون لە بەغدادا، هەربۆیە کورد هەستیان بەوە نەدەکرد، بەهۆکاری مەزهەبی و سوننی بوونیانەوە بندەستکراون. هاوکات فرەئاینی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا لەوانە سوننی و شیعەو کاکەیی و ئێزیدیی و چەندین ڕەوگەی تەسەوفی لێکجوداو جوەکان کە تاوەکو پەنجاکانیش لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو، هەموو ئەو فرە ئاینییە هۆیەك بوو تا ئارەزوی چێکردنی گروپی ئیسلامیی لە کوردستاندا لاواز بێت و خەباتی کوردەکان نەتەوەیی بوو نەك مەزهەبی6. هاوکات ئەم فرەمەزهەبی و ئاینە هۆکاری ئەوەبوو تا زۆربەی کوردان و زانایانی کورد لە هەردوو سیکۆلارو مەزهەبییەکان ئەوە ڕۆشنبکەنەوە، کە زەمینەی کوردستانی عێراق لە چێبوون و هەڵتۆقینی ئیسلامی سیاسیی کۆنسەرڤاتیڤدا زڕو بێبەرهەمە7.

دیارە ناسیۆنالیستە کوردە هاوچەرخەکانیش زێدەتر لە پێشوو، وابەستەن بە بنەما لائکییەکانەوەو پێداگریی لەسەر ئەوەدەکەن، کە ئیسلامگەرای کوردیی لە شانۆی سیاسیی کوردیدا لەپەرێزدابن. هەروەها زۆرێك لە ناسیۆنالیستە کوردەکان فرە بەسەختی لەهەمبەر بوونی گوتاریی ئیسلامی سیاسیدا ڕەخنەدەگرن. ئەوان پێیان وایە هەریەك لە عەرەب، تورك و فارس، هەمیشە ئیسلامیان وەك ئامڕازێك بۆ سەرکوت

و بندەستکردنی کوردو مەکر و فریودانی کورد بەکارهێناوە. لەبەرئەوە جوڵانەوەی ئیسلامی هەمیشە لەکوردستاندا نەیتوانیوە بنکە جەماوەرییەکەی بەرینتر بکات، هەربۆیە سیاسەتی ئیسلامییەکان نەیتوانیوە کەمەندکێشی زۆرینە بێت و هەمیشە پارتە نەتەوەییەکان لە بەرینی بنکەی جەماوەریدا گرەویان بردوەتەوە. پێشوازی لەپارتە ئیسلامییەکانی کورد بەشێوەیەکی کاتی لەناوەندی نەوەدەکاندا گەیشتە ترۆپکی خۆی، کاتێك کە خەڵکی ئەوانی وەك ئامڕازێك بۆ نەیارییەتی فەرمانڕەوایی گەندەڵ و بێسەرەو بەرەیی پارتە کوردییەکان دەبینی، چوون نەتەوەیی و سیکۆلارەکان لە جەنگی ناوخۆدابوون لەتەك یەکتریدا.8

دیارە لە چلەکان بەدواوە ڕێژەیەکی بەرفراوانی روناکبیرانی کورد ئارەزویان بەلای چەپڕەویدا چوو بوو. ئەوان بەسەختی لەژێرکاریگەیی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم و ماوییەت و کۆمۆنیزمدا بوون، بۆیە هەرجۆرە فۆرمێکی ئیسلامگەراییان دەدایە دواوە. ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا دانوویان نەدەکوڵا، ئەوان رایانگەیاندبوو جیاوازییەك لەنێوان سەگی رەش و سپیدا بوونی نییە، مەبەستیان ئەوەبوو کۆمۆنیستەکان و پارتە نەتەوەییە کوردەکان بۆ ئەوان هێند جیاواز نین.9

لەساڵی 1954دا هەریەك لە شێخ موحەمەد مەحمود سەواف و شێخ ئەمجەد زەهاوی سەردانی شارۆچکەی هەڵەبجەیان کرد، ئەوە یەکەمین هەوڵێك بوو تاوەکو ئیخوان موسلمین بخزێننە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە. ئەوان

له مزگەوتی پادشای هەڵەبجەدا لەگەڵ چەندین مامۆستای ئاینی دیاری ناوچەکە کۆبوونەوە، لەوانە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا ساڵحی گەورەو شێخ جەمیل موفتی و مەلا عومەر عەبدولعەزیز. لێرەوە زەهاوی و سەواف توانیان پەیوەندی لەتەك مەلا عوسمان و چەندین زانای دیاری تردا دروستبکەن. پاش ئەو دیدارەو بەماوەیەکی کەم، دروست لە هەمان ساڵدا وەفدێکی دیکەی ئیخوان لەکەرکوکەوە هاتنە هەڵەبجە، ئەمجارەیان وەفدەکە پێکهاتبوون لە سوبحی داودەیی و عابدین رەشید، ئەوان چاویانکەوت بەمەلا عوسمان عەبدولعەزیزو مەلا جەلالی کوڕی مەلا ساڵحی گەورەو عومەر رێشاوی. ئەم دیدارە بەدەستپێکی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دادەنرێت.10 مەلا عوسمان لەهەڵەبجەدا زانایەکی بەڕێزو دارای پێگەیەکی تۆکمە بوو لەنێو زانایانی هەڵەبجە و دەشتی شارەزورو سنوری پارێزگای سلێمانیدا.ئەو بەتەواوی کەوتبووە ژێر ئایدیۆلۆژیای ئیخوانەوە، دیارە ئەوەیش بەهۆی وابەستەیی ئەو هزرەوە بوو بە پەیوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەوایی و ئیسلامەوە. ئەوە هۆیەك بوو تا برەوی بە بڵاوبوونەوەی هزری ئیخوان دا لەنێو شوێنکەوتوەکانی خوێندکارەکانی خۆیدا. پاش ئەوە زاناگەلێکی دیکەی وەك مەلا عوسمان، لەوانە مەلا عەلی و مەلا سدیقی برای و مەلا عومەر رێشاوی و مەلا عەبدولعەزیزی پاڕەزان و مەلا موحەمەد بەهادین بوونە رابەرە دیارەکانی ئیخوان لە کوردستاندا. 11

## دەرکەوتنی گروپگەلی ئیسلامیی کوردیی لەناوخۆدا

لە کۆتایی هەشتاکان بەدواوە جوڵانەوە ئاینی و نەتەوەییەکانی تر بەرچاوترو رەوانتر هاتنە پێشەوە، لەسەرەتاوە بەهۆی توندوتیژیی حزبی بەعس لەبەردەم هەرجۆرە چالاکییەکی سیاسیدا جوڵانەوە سیاسییەکان فرە بەهێواشی دەچوونە پێشەوە. پێش هەشتاکان رەوتی ئیسلامی لەکوردستان کەمتر ئامادەییان هەبوو، چوون ئەوان خۆیان لەبۆتەی ئیخواندا دەبینییەوە. ئەودەم شۆڕشی کورد لەساڵی 1975دا هەرەسی هێنابوو، هاوکات مەلا مستەفای بارزانیش کۆچی دوایی کردبوو، بارزانی رابەرێکی سەرتاسەریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. لەساڵی 1979 بەدواوە گۆڕەپانی سیاسیی کوردی فرەپاتایەتیەکی ئەوتۆی بەخۆوە دەبینی. لەم کاتەدا جوڵانەوەی ئیسلامی سیاسیی بەهۆی چەندین هۆکارەوە بەهێواشی وەختبوو شوێنی خۆی بکاتەوە، بەتایبەتی سەرکەوتنی هزری ئیسلامی بەسەر شۆڕشی 1979ی ئێراندا، هاوکات هەڵایسانی جەنگی ئێران و عێراق لەساڵی 1980دا، ئیتر هۆیەك بوو تا ئێران یارمەتی جوڵانەوە ئیسلامییە عەرەبی و عێراقی و کوردییەکان بدات، مەبەستی ئێران لاوازکردنی رژێمی سەدام بوو، هەربۆیە نەتەنها یاریدەی گروپە ئیسلامییە کوردییەکانی دەدا، بەهەمان شێوە کۆمەکی پارتە سیکۆلارو نەتەوەییەکانی کوردیشی دەکرد.

مەلا عوسمان لەسەرەتادا ئیمامی مزگەوتی شافعی بوو

له هەڵەبجەدا، دواتر بووە وانەبێژو پاشان لەساڵی 1967دا بووە بەڕێوەبەری پەیمانگای ئیسلامی لە هەڵەبجەدا. لێرەوە ژمارەیەکی بەرفراوانی لاوی کورد و زانایی ئاینی لەژێردەستی ئەودا پەروەردەکران و لێکنزیکبوونەوە، ئەو بێ ئەندازە ڕێزییان لێدەگرت و ببووە کەسێکی کارێزماو مەلایەکی ناوداری ناوچەکە. ئەوە زەمینەیەکی لەباری رەخساند تاوەکو مەلا عوسمان سەربەخۆبێت و لەژێر تین و تاوی هزری و ڕێکخراوەیی حزبی ئیسلامی قوتاربێت، هاوکات بەهۆی ناکۆکیی نێوان بیری نەتەوەیی مەلا عوسمان و ئایدیای پان عەرەبیزمی ئیخوان و یەکێتییە ئیسلامییەکەی، مەلا عوسمان خواستی مافە نەتەوەییەکانی کوردی هەبوو لەو دەوڵەتە ئیسلامییەی، کە لە ڕوانینیی پاش سەدامدا وێنایان کێشابوو. هاوکات ئیسلامییە کوردەکان دوچاری نائومێدی هاتن وەختێك بینییان ئیخوانەکان لەئاست کوشت و بڕی کوردو شاڵاوی ئەنفال و هێرشی کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە بێدەنگن و بڕستی هەڵوێستێکیان نییە، هاوکات زاڵبوونی نەتەوەگەرایی عەرەبی بەتۆخی لە ئەجێندایاندا دەخوێنرایەوە. ئارەزوی نەتەوەییە مەزهەبییەکانی کورد بۆ پەنابدەن بۆ خەباتی چەکداریی دژ بە رژێمی بەعس لەبەغدادا لەتەك رەوگەی کاری ئیخوانەکاندا یەکینەدەگرتەوە. چوون ئەوان خەباتی چەکداری و چوارچێوەکانی جیهادی چەکیان بەلاوە پەسەندنەبوو. ئیخوانەکان میتۆدی چەکدارییان دژ بە حکومەتەکانی خۆیان دەدایە دواوە. ئیخوان نەیاری رشتنی خوێن و بەکارهێنانی شێوازەکانی توندوتیژیی بوون بەرامبەر بە موسڵمانانی تر، تەنانەت ئەگەر سیکۆلار یاخود ستەمکاریش

بوونایە. عوسمان عەبدولعەزیز بەرپرسی لقی ئیخوان بوو لە باکوری عێراقدا، هاوکات سەرۆکی یەکێتی زانایانی موسڵمانان بوو لە کوردستان، پاش چێبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ئەو وەك رابەری بزوتنەوەکە دیاریدەکرێت. ئەوە کاتێك بوو کە مەلا عوسمان و شوێنکەوتوەکانی بەشێوەیەکی سروشتی لەهەمبەر ئیخواندا کەوتبوونە گێژاوی ناکۆکییەوە، ئەویش لەبەر شوناسی هەمەلایەنەی ئیخوان و پایماڵی پێناوە نەتەوەییەکانی کورد بوو. لەوکاتەیشدا زۆربەی ئەندامانی کوردی عێراق، لەهەمانکاتدا هەم نەتەوەیی بوون هەمیش ئیسلامی، ئەوان نەتەوەگەرای مەزهەبیی بوون. لەبەرئەوە هەبوونی رەگێکی نەتەوەیی لەنێو ئەندامانی کوردا بوویە دەستپێکی ملنەدانی کوردەکان بە رەوگەو رێبازی ئیخوان، چوون سەرکردایەتی ئیخوانیش بەتەواوی روی ناسیۆنالیزمی عەرەبییان شانبەشانی ئیسلامگەراییەکە نەشاردبوویەوە. باسم ئەعزەمی بەسانایی و بێ هیچ گرێ و گۆڵێك ئەم بوارەی حزبی ئیسلامی، کە لە ئایدیۆلۆژیای ئیخوانەوە سەرچاوەی گرتوە دەخاتەڕوو:

لەسەر ئاستی ناوخۆدا حزبی ئیسلامی پشتیوانی یەکێتییەکی نیشتیمانییە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بەبێ رەچاوکردنی نەژاد و ئاین و ئیتنە جیاوازەکانی عێراق و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون. ئەمەیش بنەمایەکە بۆ یەکێتییەکی عەرەبی کە لە یەکێتی ئیسلامیی پارتی ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت. لەبەرئەوە پێویستە یەکێتی بەدەستبهێنرێت، کە لە یەکێتی عێراقەوە دەستپێدەکات و پاشان یەکێتی نەتەوەی

عەرەبی لێ سەوز دەبێت، لێرەوە بەرەو یەکبوونێکی ئایندەیی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی هەنگاودەنرێت.12 هەستی بێهیوایی و رەشبینیی کوردەکانی عێراق لە ئیخوان موسلمین دواجار لە ساڵی 1987دا سەریکێشا بۆ گرتنەبەریی رێگەیەکی جودا لەوان. لەبەرئەوە بۆ زۆرێك لە ئیسلامییە کوردەکانی وەك مەلا عوسمان، داکۆکیی و ئامانجی عەرەبگەرایی بەسانایی هەرسنەدەکرا. زیاد لەوەیش وەرگێڕانی پەرتوکەکانی پیاوێکی بەناوبانگی وەك سەید قوتب بۆ سەر زمانی کودیی، کە لەسەرداره ئیسلامییەکانی میسر بوو. کاریانکردە سەر ئیسلامییە کوردەکان و روانگەی جیهادیان لەنێو ئەواندا هێنایە پێشەوە. ئەوە شوێنی دانا لەسەر دنیابینی جیهادی چەکداریی و بڵاوبوونەوەی ئاشتیخوازانەی بەهاو زانیارییەکانی ئیسلام. لەم سۆنگەیەوە مەلا عوسمان بەتەواوی کەوتە ژێر تین و تاوی پەرتوکەکانی سەید قوتبەوە، بەتایبەتی شرۆڤەو شیکارەکانی ئەو لە تەفسیری (فی ظلال) دا شوێنی بەرینیان دانا. لەئاکامدا دڕدۆنگیی و تەنگژەکانی مەلا عوسمان لەتەك رامان و روانگەی ئیخواندا و بێباکیان لە هەمبەر زەجرو زەحمەتەکانی نەتەوەی کورد بووە هۆی وازهێنانی ئەو کەسایەتییە لە رێبازی ئیخوان. ئیدی پاش شکستی خۆپیشاندانەکەی شاری هەڵەبجە لە ساڵی 1987دا هاوڕێ لەگەڵ چەند شوێنکەوتو و زانایەکی ئاینی دیکەدا دەربازی سنورەکانی ئێران دەبن. لێرەوە ئەوەی وابەستەیە بەدەرکەوتنی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، کە خواستەکانی خەڵکی دژ بە رژێمی بەعس

بەتەواوی گەیشتبونە لوتکە. لەنێو ئەوانەدا مەلا عوسمان و شوێنکەوتوەکانی ئەوانەی بەهۆی تاوانە مەزنەکانی رژێمی بەعسەوە و بەهۆی کیمیایی و وێرانکردنی زێدو ئاواییەکانیانەوە ئاوارەببوون. ئەو ئاڵۆزی و دەردیسەرییەی کوردان وەختێ تاویسەند، کە عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام حوسەین، ناسرابوو بە عەلی کیمیایی، وەك بەرپرسی کاروبارەکانی حزبی بەعس لە باکوری عێراقدا دەستبەکاربوو. ئەودەم خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە بەتۆپزی راگوێزرابوون و لە هەڵەبجەدا نیشتەجێکرابوون. دەرهاویشتەی ئەو رەوشە لە زۆرێك لەبەشەکانی شاردا خۆپیشاندان و راپەڕین دژ بە دامودەزگاکانی رژێمی بەعس دەستیپێکرد، هەربۆیە کاردانەوەی رژێمیش بەتوندیی و تورەیی دژ بە راپەڕین دەستیپێکرد. لەتۆڵەی خۆپیشاندانەکاندا عەلی حەسەن مەجید فەرمانیدا، کە گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە، بەتەواوی تەختی زەوی بکرێت، ئەو شوێنەی خۆپیشاندان تێیدا دەستیپێکردو هاوکات مزگەوتەکەی مەلا عوسمانیش دروست لەوێدابوو. هاوکات ژمارەیەك خۆپیشاندەر قۆڵبەستکران و هەریەك لە مەلا عوسمان و براکانی مەلا عەلی و مەلا سدیق و مەلا عومەر هاوڕێ لەتەك مەلا ئەحمەد کاکە مەحمودو مەلا شێخ سدیق و مەلا نورەدین یەعقوب و شوێنکەوتوەکانیان پێکەوە بەرەو دیوی ئێران شارەکەیان جێهێشت. بەمجۆرەو لەساڵی 1987 پاش کۆچی ئەم پێشەنگ کوردانەی ئیخوان موسلمین و ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەهەڵەبجەو دەوروبەرییەوە

بۆ دیوی کوردستانی ئێران، لەسەرەتادا لە ئۆردوگای سەریاسی نزیك شاری پاوەدا گیرسانەوە. ئیدی لەوێدا بیری چەکداربوون و روبەڕوبوونەوەی بەعس بەشێوەیەکی جدی کەوتە بەرنامەی کاریانەوە. یەکێك لە سەرکردە ئیسلامییەکانی کورد شێخ موحەمەد بەرزنجین دەسەڵاتدارانی ئێرانیی رازیکرد، بواربدات بەو هەڵهاتوانە تا لە ئۆردوگایەکی شاری سنەدا جێگیربن. ئیدی بە پێداگری و هاندانی شێخ موحەمەد بەرزنجی لەوێ لەشاری سنەدا بزوتنەوەی ئیسلامی دامەزراو راگەیەنرا. ئەم بزوتنەوەیە وەك درێژەپێدەری پەیوەندی ئیسلامی کوردستان خۆی نومایانکرد، کە تەنها نێوی پەیوەندیی لابراو بووە بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق. لەراستیدا پەیوەندی ئیسلامی لەسەرەتادا وەك رێکخراوێکی نهێنی لە ساڵی 1978 دا لە کوردستانی عێراق دامەزرابوو. وەلێ بە فەرمی تا ساڵی 1984 رانەگەیەنرابوو، هەتاوەکو دامەزرێنەرەکەی، شێخ موحەمەد بەرزنجی لە هاوینی 1983دا کۆچیکرد بۆ ئێران، لەوێ لەساڵی 1985دا یەکەمین کۆنگرەی رێکخراوەکەی خۆی گرێدا. ئیدی بەگەیشتنی مەلا عوسمان و هاوەڵانی بۆ ئێران، پێکەوە بوونە هێزێکی سیاسیی و چەکداری، لەژێر رابەرایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز کۆبوونەوەو چەندین زاناو کەسایەتی دیار لەنێویاندا ئامادەبوون. بزوتنەوەکە لە شەش هێزی چەکداریی پێکهاتبوو، هەر هێزێکیان خۆی دەدا لە 200 پێشمەرگە.13 لەسەرەتاوە ئامانجی بزوتنەوە جەنگان بوو دژ بەرژێمی بەعس و خواستەکانی خۆی لە روخانی

ئەو رژێمەدا دەبینییەوە. لە ئاکامداو لەمیانی شەڕی دژواری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردو یەکەکانی سوپای عێراقیدا، رژێمی ئێران دەستیدایە راهێنان و پڕچەککردنی ئەندامانی بزوتنەوەی ئیسلامیش. حکومەتی ئێران رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پڕچەککردن و دەستگیرۆیی مادی و دارایی و پاراستنی ئەندامانی بزوتنەوە. ئەمەیش بە ئامانجی دروستکردنی هێزێکی هاوپەیمان و ئیسلامی عێراقیی دژ بە بەعسیزم لە عێراقدا.14 لەلایەکەوە ئەوەی دەبینرێت ئاڕاستەیەکی ئیسلامی سەرەکییە لەهەناوی ئیخوان موسلمینەوە هاتوەتە دەرێ، بووە بەچەند رێکخراوێکی کاراو ئەکتیڤ لە زەمینەی سیاسیی ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەی ئیسلامیەکانی کوردستان هەمیشە بەشێك بوون لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیی، لەگەڵ ئەوەیشدا لەساڵی 1954 وە لەژێر چەترو چوارچێوەی میتۆدی ئیخوان موسلمیندا بوون. ئەوان بە تامەزرۆییەوە لەشۆڕشی کوردیدا بەشداربوون وەلێ بە دیدێکی ئیسلامییانەوە. ئەوان بە تەواوی باوەڕیان وابوو ئەوە تەنها ئیسلامی راستەقینەیە دەتوانێت کوردستان بپارێزێت، پێیانوایە ئیسلام و کودستان ئاوێتەی یەکدی بوون. لە 21 سێپتەمبەری 1970دا پاش رێکەوتنە مێژوییەکەی کود لەتەك بەغداد، گروپێك لە زانایانی ئیسلامی کورد بە رابەرایەتی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هاتن کۆنگرەیەکی گەورەیان لە شارۆچکەی گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی سەر بە پارێزگای هەولێر گرێدا. لەئاکامی کۆنگرەکەدا یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستانیان دامەزراند.15

ئەوە یەکەمین کۆنفرانسی جۆریی بوو، کە ڕەنگدانەوەی ئاڕاستەی ئاینی و نەتەوەیی کوردی لەسەربوو. چوون دروشمی سەرەکی کۆنگرەکە بریتیبوو لەوەی، دەیانوت (ئیسلام ئاین و دەوڵەتە)16. ئەم گردبوونەوەیە پێشوازییەکی ئەرێنی لەنێو تەواوی ئیسلامییەکاندا لێکەوتەوە، بەتایبەتی لەنێو ئیسلامییە عەرەبەکانی عێراقدا. یەکێتی زانایانی ئیسلامی کودستان وەك ڕێکخراوە هاوتاکەی خۆی زانایانی ئیسلامی عێراق ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە بواری سیاسیدا نەبوو. وەلێ لە بنچینەوە ئەم یەکێتییە بووە ڕێکخراوێکی لەبار بۆ زەمینەی کاری ئیخوان موسلمین لە کوردستاندا. هاوکات دواتر بەشێکیشیان بوونە ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان. ئیدی ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتای دامەزراندنی بزوتنەوەدا بووە بڵندگۆی نوسین و وتەو ڕەفتاری بزوتنەوەکە لە نێو ئیسلامییەکانی کوردستاندا.17 ئەم یەکێتییە لەلایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە بێئەندازە پشتیوانی لێدەکرا. هەر لەو قۆناغەدا مەلا عەلی برای مەلا عوسمان تیپێکی پێشمەرگەی بۆ پێکهێنرابوو. ئەوە یەکەمین پێشمەرگەی کوردی ئیسلامی بوو لە کوردستاندا. ئەوان لەساڵی 1970 وەك بەشێك لە بزوتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورد لەلایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە چەکدار کرابوون. دواجار ژمارەیەکی زۆر لە گروپە ئیسلامییەکان لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی لە کۆتایی هەشتاکان بەدواوە دەرکەوتن. 4 هۆکار یارمەتیدەری دەرکەوتنی ئەوان بوون، لەوانە: یەکەم، کاریگەرییەکانی ئێرانی دراوسێ، بەتایبەتی

وەختی دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق و دواتریش وەختێك كوردستانی عێراق لە ساڵی 1991دا بوو بە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر. دووەم، بڵاوبوونەوەی نا ئومێدی و وەڕسبوون لەو رەوشە ناهەموارەی كوردستانی گرتبوویەوە، بەتایبەتی کیمیابارانی شارو شارۆچکەو ئاواییەکان لەوانە هەڵەبجە، هاوکات هەڵمەتی قڕکردنی كورد لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، هەموو ئەوانە لە كاتێکدا بوون، کە هەریەك لە نەتەوەیی و چەپەکانی كورد گەیشتبوونە بڕوایەك، کە ناتوانن پێش بەو شاڵاوانە بگرن. سێهەم، وابەستەبوون بە بزوتنەوە ئیسلامییە نێونەتەوەییەکەوە بەتایبەتی لەپاش شکست و پاشەكشەی یەکێتی سۆڤییەت لە ئەفغانستان، ئیدی بزوتنەوە ئیسلامییەکان لەژێر ناوی رابوونی ئیسلامیدا برەویان سەندبوو. چوارەم، شکستی پارتە ئیسلامییە نێونەتەوەییەکان لەوەی بە رونی و رەوانی لۆمەی رەفتارو رێبازی دڕندانەی بەعس بکەن لەبەرامبەر سەرکوت و توانەوەی نەتەوەی کوردا.18 کەواتە هۆیەك یان چەند هۆکارێك رۆڵیان هەبوو لە پێکهاتنی هەرگروپێکی ئیسلامی کوردیدا، کە لەخوارێدا رونیان دەکەینەوە. دیارە بێ لە بزوتنەوەی ئیسلامی چەند گروپێکی ئیسلامی گچکە لە بەرایی هەشتاکان بەدواوە دەرکەوتن. ئەم گروپانە گچکەتربوون و زۆرجار لەژێر کاریگەریی و بەپشتیوانی سوپای پاسدارانی ئێرانی (پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی)ی چێببوون. لەراستیدا زۆرترینیان دەزگای هەواڵگیریی ئێرانی دروستیکردبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم پارتانە هەرگیز شۆرەتیان پێدانەکردو

پشتیوانییەکی ئەوتۆیشیان بەدەستنەهێنا.19 بۆیە بەزویی پوکانەوەو بەرگەی رەوشەکەیان نەگرتن هەموو ئەو پارت و گروپە گچکانە بریتیبوون لە:

1. ئەرتەشی ئیسلامیی کورد، ئەم گروپە سوننی بوون، عەباس شاهێن دامەزرێنەری بوو، ناسرابوو بە (ئەبو ئوسامە). ئەمانە بەشێك بوون لە کوتلەی هاوپەیمانیی ئیسلامی، هەر لەسەرەتاوە لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە لەناوبران.

2. رێکخراوی کوردی فەیلی ئیسلامیی. ئەم رێکخراوە لەلایەن کوردانی شیعە مەزهەبەوە دامەزرابوو، پێکهێنەرەکانی لە سێ پێکهاتە بوون. هەریەکە لەوانەیش روانگەیەکی سیاسییان هەبوو. ئەوانیش بزوتنەوەی کوردی موسڵمان، کە لەژێر رابەرایەتی حوسەین فەیلیدا بوو. ئەنجومەنی کوردی فەیلی ئیسلامیی، کە ساڵی 1982 لە تاران دامەزرابوو. بزوتنەوەی کوردی فەیلی ئیسلامی، لەژێر رابەرایەتی جەلال فەیلیدا بوو. ئەم گروپانە هەڵدەستان بەکاری سیاسیی سنوردار.

3. حزبوڵڵای کوردستان لە عێراق. ئەم پارتە پەیوەست بوو بە کوردانی سوننییەوەو ساڵی 1983 لە ئێراندا دامەزرا. پارتەکە شێخ موحەمەد خالید بارزانی رابەرایەتی دەکرد. ئەم پارتە یەکێك بوو لە هاوپەیمانێتی ئەنجومەنی باڵا، کە هەموو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی لەخۆدەگرت و بنکەکەیان لە ئێراندا بوو. لەپاش جەنگی کەنداوی 1991، حزبوڵڵای

کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوەو ئەندامەکانی چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە لەژێر سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستاندا بوو.پێویستە سەرنجی ئەوەبدرێت، ئەدهەم بارزانی برازای شێخ موحەمەد خالید بارزانی، لەساڵی 1988دا بەهۆی جیاوازی بیروڕاوە لە گروپەکەی مامی جودابوویەوەو بۆخۆی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کوردستانی دامەزراند. ئەم گروپە نەیدەتوانی لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەدەستبهێنێت، ئیدی لەساڵی 2004 و پاش ئەوەی رژێمی سەدام روخا خۆی هەڵوەشاندەوەو رایگەیاند ئیدی ئامانجەکانیان هاتونەتەدی و بوونیان پێویست نییە.

4. بزوتنەوەی موجاهیدانی کوردستان. ئەم گروپە لەلایەن شێخ ئەبو تاڵب بەرزنجییەوە دامەزراو ئەندامەکانی لە کوردانی سوننی مەزهەب پێکدەهاتن. هەموو ئەم گروپانە دارای بنکەی جەماوەری و پێگەو پێناوی رون و کەسایەتی دیار نەبوون لە کوردستاندا. زۆرترینی ئەندامانیان دارای ماریفەی ئاینی کەم و خوێنەوارییەکی لاواز بوون، زۆربەیشیان لە هۆزو تیرە سونەتییەکانەوە هاتبوون، بۆیە بڕستی بەرفراوانبوونی بنکەی جەماوەرییان ئەستەمبوو. ئەوەی تێبینیدەکرا زۆربەیان لەژێر سەهەندی ئێراندا بوون، بۆیە نەیاندەتوانی لە کوردستاندا شوێنی تۆکمەیان هەبێت، هەربۆیە پەیوەندیی فەرمییان زیاتر لەتەك گروپە شیعییەکانی عێراق، بەتایبەتی لەتەك ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقدا هەبوو .

## بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان و
## ئەنسارولئیسلام پێش 1991

بزوتنەوەی ئیسلامیی لەراپەڕینەکەی ساڵی 1991دا بەشداربوو. لەپاش راپەڕین چەند رەوتێك لەنێو بزوتنەوەدا هێدی هێدی نەیارێتی خۆیان لەتەك تەوژمی سیکۆلارو عەلمانییەتی کوردیدا نومایاندەکرد. هەرچەندە ئیسلامییەکانی کوردستان دارای بناغەیەکی باش بوون، وەلێ لەروی چۆنییەتی سیاسەتەوە هەرگیز نەیانتوانی پێشبکەون. ئێستا لە کوردستاندا ئیسلامییەکان دوو گروپی ئیسلامی بەرچاو بوونیان هەیە. ئەوانیش کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (لەهەناوی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هاتەدەرێ)، لەگەڵ یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان (لقی ئیخوان موسلمین لە کوردستان). هەردوولا لەژێر ناوی جیاجیادا لەنێو هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ساڵی 1992وە ئامادەییان هەبووە. لەزۆرترینی ئەو هەڵبژاردنانەدا ئەوان پلەی سێهەمی پشت یەکێتی و پارتییان گرتوە. وەلێ لە 2009 بەدواوە ئیدی کەوتنە پشت بزوتنەوەی گۆڕانەوە. ئەوە لەکاتێکدایە ئەوان لە نەوەدەکان و دەستپێکی دووهەزاردا خۆیان وەك نوێنەری دەنگە ناڕازییەکانی هەردوو پارتی نەتەوەیی فەرمانڕەوا دادەنا لە کوردستاندا. پاش ئەوەی لە دوای جەنگی کەنداوی 1991 کوردستان وەك ناوچەیەکی دژە فڕین و ئارام دیاریکرا، ئەودەم حکومەتی عێراق لە سێ پارێزگای کوردنشینی باکور پاشەکشەیکردو ئیدی هەرێمی کوردستان بوویە گۆڕەپانی چالاکییە سیاسییەکانی پارتە کوردییەکان و بوونە فەرمانڕەوای

هەرێمەکە. ئیدی بەشێوەیەکی سروشتی گۆڕەپانی سیاسیی بزوتنەوەی ئیسلامیش وەك پارتێکی ئیسلامی کوردیی گوێزرایەوە بۆ هەرێمی کوردستان. بزوتنەوە بە ئاشکرا کەوتە چالاکی سیاسی و دارای هێزێکی سیاسی و چەکداری ترسناك و گەورەبوو. ئەوە لەکاتێکدا بوو کێبڕکێ و ململانێی نێو پارتە سیاسییەکان بەکاوەخۆ هەڵدەگیرساو بەئەندازەیەك ململانێکان گەیشتنە رادەی تەقینەوە. ئەودەم هەندێك لە ئەندامە باڵاکانی بزوتنەوە سەر بە رەوتی سەلەفیی بوون. ئەوان لە جەنگی ئەفغانستانی دژ بە سۆڤییەت بەشداربوون و گەڕابوونەوە بۆ نێو بزوتنەوەی ئیسلامیی. ئیدی فشارەکانی خۆیان بۆ گرتنەبەری تاکتیکە جیهادییەکانیان لەنێو بزوتنەوەدا برەوپێدا. ئەو چەکدارە پێشوانەی جیهادی ئەفغان بیری پێکەوەنانی گروپی چەکداری بناژۆ کەوتە سەریانەوەو بێزویان بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەکرد، ئەوان بەهەموو شێوەیەك پراگماتیزمی بزوتنەوەی ئیسلامییان دایە دواوەو لەنێو ئەو نەزم و نوارینەی بزوتنەوەدا ئارامیان نەدەگرت. ئەو رەوتانە رۆڵی ئاگرخۆشکردنی جەنگەکانی بەراییان گێڕاو دواجار لەتەك یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا کەوتنە وێزەی یەکتریی و جەنگێکی براکوژیی و خوێناوی هەڵگیرسا. دیارە بنچینە و ریشە و بازنەی رۆشنبیریی ئیسلامییەکانی کوردستان لە ئیخوان موسلمین و بەتایبەتی لە زانیاری و هزری حەسەن بەناوە سەرچاوەی گرتبوو. هەروەها لەپاش نەوەدەکان ئیتر ئیسلامییەکانی کوردستان تێکەڵبوون لەتەك ئایدیا و نیازی ئیسلامییەکانی دەرێ، لەوانە ئایدیای سەلەفیی کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و کوردە جیهادییەکانی ئەفغانستان

ئەوانەی پێشوتر لەوێندەر جیهادیانکردبوو. لەنێو ئەواندا مەلا کرێکار بەرچاودەکەوت، ئەو کوردێکی جیهادیی دەرێ بوو، پاش راهێنان و مەشق و خۆسازدانی لەدەرێ لە ساڵی 1992 گەڕابوویەوە کوردستان و ببوویە ئەندامی شورای بزوتنەوەی ئیسلامی و پاشان بووە رابەرو دامەزرێنەری ئەنسارولئیسلام لە کوردستاندا، کە گروپێکی توندو بناژۆی کوردیی بوو.20 بەمجۆرە لەهەناوی بزوتنەوەدا سێ رەوتی سەرەکی خۆیان نومایاندەکرد. هەموو ئەو رەوت و رێبازانە لەژێر کاریگەریی کوڕانی عەبدولعەزیزو داڕێژەرو تیۆریستێکی بناژۆخوازی ئیسلامی وەك عەلی باپیرو جیهادییەکی وەك مەلا کرێکاردا بوون. بزوتنەوە ئەو دەم دارای هێزو حەرەکەتێکی چەکداریی گەورەبوو، ئەمەیش بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەرسنەدەکرا: لەساڵی 1993دا لە شارۆچکەی کفریدا جەنگێکی دژوار لە نێو بزوتنەوەو یەکێتیدا هەڵگیرسا، لێرەوە جەنگ تەواوی هەرێمەکەی گرتەوە. ئیدی جەنگ لێرەو لەوێ درێژەیکێشا تا بە واژۆکردنی شەڕ راوەستان لە ساڵی 1998 دا کۆتایی بە ململانێی نێوانیان هات. وەلێ بەهۆی دوری ئایدیۆلۆژی و زەمینەی هزریی نێوانیانەوە تەنگژەو ململانێکان لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا کۆتاییان پێنەهات. هەرچەند بزوتنەوە خۆی لە چوارچێوەی ئەو بەڕێوبەرایەتییە هاوبەشەی ژێر قەڵەمڕەوی پارتی و یەکێتیدا دەبینییەوە، وەلێ جودا لەوانیش ناوچەیەکی دابڕاوی سەربازی، سیاسی و ئیداریی بۆخۆی جوداکردەوە، کە لە ناوچەکانی هەڵەبجە، شارەزورو هەوراماندا بوو.

جەنگی بزوتنەوەو یەکێتی لەسەرەتادا لە دیسەمبەری

1993دا بوو، پێکدادانە چەکدارییەکان زۆرێك ناوچەی پارێزگای سلێمانی و کەرکوکی گرتەوە. بزوتنەوە خۆی پێنەگیراو ناچار پێچرانەوەو پاشەکشەیانکرد بۆ سنورەکانی دیوی ئێران. سەرکردایەتی بزوتنەوەیش کۆنترۆڵکراو، بۆماوەی چەند مانگێك لەژێر چاودێری و پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوون لە هاوینە هەواری سەلاحەدین. وەختێك لە مانگی 5ی 1994 جەنگی براکوژیی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەڵگیرسا. ئیدی هێزەکانی بزوتنەوەیش شانبەشانی پارتی کەوتنە جەنگێکی خوێناوییەوە دژ بە یەکێتی. پاش واژۆکردنی ئاگربەستی نێوان پارتەکان، ئیدی بزوتنەوەیش بارەگای سەرکردایەتی خۆی هێنایەوە بۆ پێگەی هێزو جەماوەریی خۆی لە شارۆچکەی هەڵەبجە.ساڵی 1999 بزوتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی کە ئەوانیش خۆیان بە تۆرەمەی هزیی ئیخوان موسلمین دادەنا، لەتەك بزوتنەوەی ئیسلامیدا پێوەستبوون و پێکەوە بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییان پێکهێنا. لە ساڵی 2001دا بەهۆی ململانێ و پشێوی نێو رەوت و رێبازەکانی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی، پارتەکە لێکهەڵوەشایەوەو هەریەك لە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و دواتریش ئەنسارولئیسلام دروستبوون. ئەنسار گروپێکی یاخیبوو و چالاکی نێو سوریاو عێراق بوون. ئەنسار گروپێکی بناژۆخوازی سەلەفیی جیهادیی بوون و بەشێوەی سەربەخۆ و بە دیدێکی توندەوە خۆیان راگەیاندو ناوچەی بیارەو دەوروبەریی هەڵکەوتو لە باکوری هەڵەبجەو نزیك بە سنورەکانی ئێرانیان کردە بنکەی هێزو چالاکیی سیاسی خۆیان. ئەنسار لە سێپتەمبەی 2001دا

پێکهێنرا. ئەو گروپە لەئاکامی یەکگرتنی جوندولئیسلام، کە لەلایەن ئەبو عەبدوڵڵای شافعییەوە رابەرایەتی دەکران و گروپێکی جیابووەوەی نێو بزوتنەوەی ئیسلامی پێکهاتن، کە مەلا کرێکار رابەرایەتی دەکردن. ئەبو عەبدولڵایش وەك مەلا کرێکار لە ئەفغانستاندا جیهادی کردبوو. ئیدی هەردوو گروپەکە بوونە یەك و ئەنسارولئیسلامیان دروستکردو مەلا کرێکاریان کردە ئەمیری خۆیان. کرێکار پێشوتر رەوتێکی نێو بزوتنەوەی ئیسلامی بوو، بۆخۆی نەیاری ئەو رێککەوتنەی شەڕ وەستانی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، کە باڵادەستی ئیدارەی ناوچەکە بوو. ئەنسار بووە پێگەیەك بۆ هەموو ئەو جیهادییانەی رێکخراوی قاعیدە لەپاش روداوەکەی 11ی سێپتەمبەر و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە هەڵدەهاتن. تەنانەت دەوترێت لەو ماوەیەی ئەنسار لە ناوچەکەدا باڵادەستبوو، واتە لە 2001 تاوەکو کۆنترۆڵی ناوچەکە لەلایەن ئەمریکاوە لە 2003 دا، لەو ماوەیەدا دەوترێت ئەبو موسعەب زەرقاوییان لە شارۆچکەی بیارەدا بینیوە. بەمشێوەیە ئەنسار بەوابەستەبوونی بە رێکخراوی قاعیدەوە بووە هۆی تێوەگلانی ناوچەکە لەو جەنگی دژ بە تیرۆرەی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکرد. ئیدی ئەمریکییەکان بە هاوکاری هێزە تایبەتییەکانیان و دەزگای هەواڵگریی لەسەروبەندی لێدانی سەدام حوسەیندا بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی یەکێتی دەستیانکرد بە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەو دەرپەڕاندنی ئەنسار لەو دەڤەرانەدا. یەکێتی لە هەوڵدابوو تاوەکو ئەو ناوچانەی لەو دواییانەدا ئەنسار دەستی بەسەردا گرتبوون لێیان

وەربگرێتەوەو ناوچەکە بخاتەوە ژێر رکێفی خۆیان. هەربۆیە تێگەیاندنی ئەمریکا بەوەی ئەنسار هێزێکی توندو بناژۆیە لە ناوچەکەدا بەس بوو بۆ ئەوەی ئەمریکاش بەشداربێت لە لەناوبردنیاندا. هاوکات ئەمریکییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیایی لە شارۆچکەی خورماڵی ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵی ئیسلامیدا بوونی هەیە. لەئاکامدا بەچەند رۆژێکی کەم پاش دەستپێکردنی هێرشەکان بۆ سەر رژێمی بەعس لە عێراق لە ئازاری 2003دا، هێزەکانی ئەمریکا بۆردومانی خورماڵ و دەوروبەریان کرد، کە هەڵکەوتوو لەنزیك سنورەکانی ئێراندایەو لەوێ بنکەو بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام بڵاوببوونەوە. ئیدی ئەبو عەبدوڵڵای شافعی دوابەدوای ئەو هێرشانە بووە کەسێکی دیاری نێو یاخیبووەکانی دژ بە ئەمریکا لە عێراق، مەلا کرێکاریش گۆڕەپانی جیهادی جێهێشت و لە رێگەیدا بەرەو نەرویژ قۆڵبەستکرا و زیندانکرا. دوا بەدوای داگیرکردنی عێراق ئیدی ئەنسار بوونە هێزێکی دیاری دژ بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. هاوکات بەڵێنی وەفاداریشیان بۆ رێکخراوی قاعیدە دوپاتکردەوە. ئەو دەم هێزەکانی ئەنسار تەنێ لە 300 پیاو پێکهاتبوون، کە زۆربەی ئەوانە لە جەنگی دژ بە سۆڤییەت بەشداربوون و بەشێکیشیان نە عەرەب بوون و نەکورد. لەهێرشە هاوبەشەکەی ئەمریکاو یەکێتیشدا ژمارەیەکی زۆر چەکداری گروپەکە لە دەڤەری هەوراماندا کوژرابوون. لە سێپتەمبەری 2003دا گروپێك چەکداری ئەنسار ئەوانەی لەئاکامی بۆردومانی ناوچەکە هەڵهاتبوون بۆ دیوی سنوریی ئێران خۆیان لەژێر ناوی ئەنساروسوننە

ڕاگەیاندەوەو ئامانجیشیان کورتکردەوە لە دەرکردنی داگیرکەری ئەمریکا لە عێراقدا. ئیدی ئەنساروسوننە بوونە گروپێکی بەرچاوی کارای دژ بە ئەمریکییەکان بەتایبەتی لەو ناوچانەی سونەنشینن، پێی دەوترا سێگۆشەی سونە لە عێراقدا. کاری ئەوان ڕفاندن و تەقینەوەی خۆکوژی و هێرشی لەناکاوی سەر هێزە داگیرکەرەکان بوو. لە دیسەمبەری 2007 دا ئەنساروسوننە دانیان بەوەدا نا کە لە ئەنسارولئیسلام جودابوونەتەوەو جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر ئەو ناوە ئەمجارەیان ئەنسارولئیسلام هاتەوە نێو ڕووبەڕووبوونەوەکان دژ بە ئەمریکاو بەشێوەیەکی بەرچاو هێزو توانای خۆی لە جەنگەکەدا بەکارهێنا. گروپەکە بەردەوام بوو لە جەنگ دژ بە حکومەتی عێراق بەتایبەتی وەختێك کە هێزەکانی ئەمریکا لە 2011دا عێراقیان جێهێشت و پاشەکشەیانکرد. هاوکات ئەندامەکانیشیان ڕەوانەی سوریا دەکرد بۆ ئەوەی دژ بە حکومەتی سوریا چالاکی بنوێنن، هەربۆیە دوابەدوای ئەوە جەنگی ناوخۆ لە سوریاشدا هەڵگیرسا. لە 2014/8/29دا ڕاگەیەنراوێکی ڕێکخراوەکە بەنێوی 50 لە ڕابەرە باڵاکانی گروپەکەوە خوێنرایەوەو تێیدا پەیمانی وابەستەبوون و یەکبونیان لەتەك گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ئاشکرا کرد، ئەو گروپەی خۆی بە شوێنگرەوەی قاعیدە دەزانی لە عێراقدا. ئیدی بەمجۆرە گروپەکە هەڵوەشایەوە.

یەکێکی دیکە لە ڕەوتە کاریگەرەکانی دژ بە ئەمریکا لە عێراق، کە ئەوانیش ڕۆڵیان دەبینی لە گۆڕەپانەکەدا بریتیبوون لە ئیخوان موسلمین لە عێراقی عەرەبیدا، لە بنچینەوە ئەمانە حزبی ئیسلامی عێراقی بوون. حزبی

ئیسلامی لە ساڵی 1991وەو لە پاش جەنگی کەنداو ئیدی بەشێوەی شاراوە کارەکانی خۆی لە عێراقدا برەو پێدابوو. ئەوان سودیان بینی لەو هەڵمەت و بانگەشە ئیمانییەی سەدام حوسەین بەکاریدەهێنا تا لێیەوە بتوانێت بەسەر هەژاری و برسێتی کۆمەڵگەی سوننەنشینی عێراقیدا زاڵبێت، کە بەدەست قەیران و گەمارۆ ئابورییەکانەوە دەیانناڵاندن هاوکات رژێم مەبەستیشی بوو سەرکوتی دەنگی ئۆپۆزسیۆنی شیعە مەزهەبەکان بکات. بانگەشە ئیمانییەکەی سەدام خۆی دەبینییەوە لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان، بەچاپگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کتێبە ئاینییەکان، سەپاندنی رواڵەتی ئاینییانە لەنێو میدیای بینراودا، برەودان بە رەوگەو رێبازە ئاینییە تەسەوفییەکان، کە لەلایەن عیزەت دوری جێگری سەدام حوسەین سەرپەرشتیدەکران. بەردەوامی ئەم بانگەشە ئیمانییەی رژێمی بەعس بۆ یەك دەیە بەتەواوی ناوەرۆکی دا بە بوژانەوەی هەست و هۆشی ئاینی و ئاڕاستەکردنی خەڵکی بۆ هەستی دژ بە ئەمریکاو زایۆنیی. هەربۆیە لە دەرهاویشتەی ئەوەدا گروپی تەوحیدو جیهادی ئەبو موسعەب زەرقاوی ئەردەنیی لەشانۆی سیاسی عێراقدا دەردەکەوێت، کە رێکخراوێکی جیهادی فرە بەتواناو کارا بوو. لە ئۆکتۆبەری 2004دا ئەم گروپەیش وەفادارییی و ئەمەکی خۆی بۆ رێکخراوی قاعیدە دوپاتکردەوە، بڕیاری راوەستانیان دا لە خەبات دژ بە ئەمریکا، لە دوا ستراتیژی زەرقاویشدا ئەوە خرایەڕوو دەبێت شیعەکانی عێراقیش لە جەنگەکەیانەوە بپێچن چوون لە ئایدیای بناژۆی جیهادی رێکخراوەکەدا شیعەکان مەزهەبێکی زەندەقەو بیدعەچین. زەرقاوی

مەبەستی بوو جەنگ لە عێراقدا لەناو شیعەو سوننەدا بەرپابکات و سوننەکان یەکبخات بۆ سەندنەوەی عێراق لە هەژمونی مەزهەبی شیعە. هەموو ئەو ستراتیژو روانینانەی زەرقاوی لەپەیامێکیدا، کەوتبووە دەست ئەمریکییەکان و پێشتر ئاماژەمان بۆ دا خرابوونەڕوو.

لەراستیدا بە شێوەیەکی بنچینەیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەشێك نەبوون لە ململانێکانن بەڵام لە چوارچێوەی نەخشەی هاوبەشی یەکێتی و ئەمریکییەکان بەمەبەستەوە هێنرانە نێو بازنەکەوە، ئەوان مەبەستیان بوو گروپە ئیسلامییە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان لاوازبکەن. ئەوەبوو بەرپرسانی یەکێتی رایانگەیاندبوو هێرشەکان ئەنسارولئیسلام بە ئامانج دەگرن، وەلێ خەڵکی ناوچەکە دەیانگوت، کوژراوەکانی بۆردومانەکان زۆرترینیان ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی بوون. بۆردومانە موشەکییەکان لە بەرەبەیانی 21ی ئازاری 2003 رویانداو بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیشی کردە ئامانج. بەشێوەیەك 40 بۆ 50 موشەکی تۆماهۆکی دورهاوێژ بنکەو بارەگاو نوسینگەکانی ئەو گروپەیان وێرانکرد. لەئاکامدا بە وتەی سەرکردە سەربازییە کوردەکان، نزیکەی 100 پێشمەرگەی ئیسلامی کوژران و بریندارکران. کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە تاوەکو لەتەك حکومەتی سیکۆلاری کوردیدا پەیوەندییەکان رێکبخاتەوە. وەلێ ئەوان هەر وا دەژمێردران، کە لە روی فەلسەفەو بەرنامەو کردارەوە لە ئەنسار نزیکن و شوێنی جوگرافیشیان هەر تێکەڵبوو لەتەك وان. بەرپرسانی کورد دەیانگوت: کۆمەڵی ئیسلامی هەوڵیاندابوو لەتەك رابەری ئەنساردا خۆیان بگونجێنن.

ئەودەم عەلی باپیرو 1000 چەکداری گروپەکەی لە چیاکاندا خۆیان لە ئەنسار بەدورگرتبوو.21 یەکێتی پێشتر دەیزانی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ناوچەکە رودەدەن، وەلێ عەلی باپیرو هاوەڵەکانی سەرسەختانە پێشنیازی یەکێتیان بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە دابوویە دواوە.

ئەوەبوو ئیدی ئەوانیش لەریزی ئەنساردا لەلایەن ئەمریکییەکانەوە حسابیان بۆکرابوو. بەگوێرەی یەکێك لە راپۆرتەکانی بەرپرسە ئەمریکییەکان ئەوان لە ناوەندی چیاکانیان داوە لە سەرگەت، لەوێ ئەنسار مژوڵی دروستکردن و بەهەمهێنانی چەکی کیمیایی بوون. دواجار کۆمەڵی ئیسلامی خۆی رادەستی واقیعەکردو ملیاندا، کە 1000 چەکدارییان بنکە بەهێزو سەختەکانیان لە دەڤەری خورماڵدا رادەست بکەن و ناوچەکە جێبهێڵن. لێرەوە ئەوە روندەبێتەوە هەم بەرپرسانی یەکێتی و هەم ئەمریکییەکانیش ترسی ئەوەیان هەبووە، ئەنسارو کۆمەڵی ئیسلامی لە ناوچەکەدا دەستتێکەڵکەن و ببنە یەك هێز.

ئەوکات رێژەی ئەو بناژۆیانە دەبوونە 2000 چەکدارن وەلێ بۆردومانەکان کۆتاییان هێنا بە نیازو بەرنامەی داهاتوی کۆمەڵی ئیسلامی لە ناوچەکەدا. کۆمەڵ لەو روداوەدا توشی شۆك ببوو، ئەوان لە بۆردومانەکەدا لە شوێنەکانی خۆیان مابوونەوە، ئەوەبوو بارەگای سەبازی و هێزەکانیان بۆردومان کران، وەلێ ئەنسار کشابوونەوە بۆ پێگە شاراوەو نهێنییەکانیان و لەمەی کەمتریان بەرکەوت، ئیدی نزیکەی 1000 ئەندامی کۆمەڵ و خێزانەکانیان، کە بەشێکیان بریندراری بۆردومانەکان بوون کەوتنەڕێ و بە پەشێوی ملیان بەرەو

سنورەکانی ئێران نا.22 ئەوان ترسیان لە تۆڵەی ئەمریکییەکان بوو، ئێرانیش ڕێگەی نەدان دەربازی سنورەکان بن، لەکاتێکدا پێشتر ڕێگەی پێدەدان. شوێنی هەژمونی کۆمەڵ هەڵکەوتو لە نێوان قەڵەمڕەوی ئەنسارو یەکێتیدا بوو، یەکێتی پاساوی بۆ لێدانەکەی کۆمەڵ بەوە دەهێنایەوە، کە کۆمەڵ ئامادەنەبووە شوێنەکانی خۆی بخاتە بەردەست یەکێتی تا لێیانەوە هێرشبەرنە سەر پێگەکانی ئەنسار.23 وەلێ هێشتا ڕون نەبوو بۆچی کۆمەڵی ئیسلامی کرایە ئامانج، لەکاتێکدا کۆمەڵ لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بارەگاو نوسینگەی هەبوو، هاوکات هەوڵیشیدەدا خۆی لە ململانێکانی نێوان ئەنسارو یەکێتی بەدوربگرێت. دیارە وا شرۆڤەی تێوەگلانی کۆمەڵ دەکرێت، کە یەکێتی مەبەستی بووە جەنگەکە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بشکێنێتەوە. چوون هەردوو ئەمریکاو یەکێتیش گەرەکیان بوو لە ژینگەی دوای سەدامدا خۆیان لە گێچەڵی ئیسلامییە چەکدارە کوردەکان بەدوربگرن. ئەمە لەکاتێکدا بوو کۆمەڵی ئیسلامی پارتێکی ڕێپێدراوی سیاسیی بوو لە هەرێمی کوردستاندا. یەکێك لە بەرپرسانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەم بارەیەوە دەیگوت: بزوتنەوەی ئیسلامی بەتەواوی لەکوردستاندا تۆڵەی ئەو نەزمی سیاسەتەی لێدەکرێتەوە. لە 4ی ئازاری 2003دا عەبدوڵڵای قەسرێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ و سێ لە پاسەوان و شۆفێرەکەی لە خاڵێکی پشکنینی یەکێتیدا درانە بەر دەسترێژی گوللەو کوژران. یەکێتی دوپاتیکردەوە ئەوان بە هەڵە ئەوکارەیان کردوەو پێیان وابووە یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەنسار بووەو ویستوویەتی دزەبکات.

## کوردەکان و ئەوەی پێیدەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی

پەیوەندی دەوڵەتی ئیسلامی و چەند کەسێکی کورد لەنێو ئەو گروپەدا رەنگدانەوەی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرە. بەگوێرەی وتەی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی، تاوەکو ئێستا 500 کورد پەیوەندییان کردوە بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە. لەنێو ئەوانەدا 150 کەسیان لەلایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە کوژراون. هاوکات 50 کەسیشیان گەڕاونەتەوە هەرێم و وان لەژێر لێکۆڵینەوەی وردی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمدا. بەگوێرەی هەندێك لە تۆمارە دەنگییەکان کە بە کوردی بڵاوبوونەتەوە، ئەوە دوپاتدەبێتەوە بەرپرسی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوبانێ کەسێکی کوردی خەڵکی ناوچەی گەرمیان بوو.24 لە بنچینەدا ئەندامانی کوردی نێو دەوڵەتی ئیسلامی پێکدێن لە 4 پێڕ. پێڕی یەکەمیان بریتین لەو ئیسلامییە بناژۆو رادیکاڵانەی کە پەیوەستن بە سەلەفییەتی جیهادییەوەو گەرەکیانە فۆرم و هەژمونی ئیسلام بەسەر تەواوی فۆرمەکانی فەرمانڕەوایەتیدا زاڵبکەن. ئەوان پێیان وایە ناسیۆنالیزمی ئیتنی لەئاست شەریعەتدا رەوایەتی نییەو بەتەنها زانیارییە ئیسلامییەکان سەرچاوەو مەرجەعی هەموو حوکمڕانییەکانن. لەبەرئەوە هەموو شێوازەکانی تری فەرمانڕەوایی بە بیدعەو ناڕەوا لێکدەدەنەوە. لە دواین ڤیدیۆی بڵاوکراوەدا داعشێکی کورد پێش ئەوەی پێشمەرگەیەکی بەردەستی سەرببڕێت، روی دەمی دەکاتە سەرۆکی هەرێم و هەڕەشەی لێدەکات. لە ڤیدیۆکەدا رایدەگەیەنێت: ئەی مەسعود بارزانی، تۆ سەگیت،

بەڵێنبێت سەرتبڕین و فڕێتدەینە نێو سەبەتەی خۆڵی مێژووەوە. بزانە ئێمە پیاوگەلێکین لە کەس ناترسین، ئێمە حوکمی خودا دەچەسپێنین وەك ئەوەی خودا خۆی بەڵێنی داوە.25 پێڕی دووەم بریتین لەو لاوە بێئەزمون و لاوازانەی کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنتەرنێت یاخود ئەوانەی بانگخوازە بناژۆکان فریویانداون و راپێچی ئەوێندەر کراون. پێڕی سێهەم ئەوانەن بە ئەزمونی هەرێم ناڕازین، زیاتر ئەوانەن کە تاڵ و ترشی فرەیان بەدەست پارتەکانەوە چەشتوە، بەتایبەت هاوڕێو براو کەسی نزیکی ئەوانە، کە بەدەستی یەکێتی لە جەنگی ناوخۆ و جەنگ لەتەك بزوتنەوەی ئیسلامی کوژراون. هاوکات ئەوانەن کە خەڵکیان لە هێرشەکانی ئەمریکا لە 2003دا لەناوچوون یاخود دوچاری جیاوازی و پایماڵی مافەکانیان دەبن لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، کە لەژێر هەژمونی پارتی و یەکێتیدان.

مەلا کرێکاری رابەری ئەنسارولئیسلام، پاش ئەوەی دەچێتە نەرویج، لەوێ بەتۆمەتی هاندانی توندوتیژی توندی زیندان دەکرێت. ئەو پێش ئەوەی بیخەنە زیندانەوە رایگەیاندبوو: گەر ئەمجارە ئەنسار گەڕایەوە ئەوا لە باشورەوە دێنەوەن، لە موسڵ و کەرکوك و حەمرینەوە دێنەوە، لەوێ راهێنان و مەشقەکانیان دەکەن و خۆیان سازدەدەن، ئیدی لە ئێرانەوە نایەنەوە. ئەوان دێن و داوای مافەکانیان دەکەن، داوای خوێنی 2000 شەهیدیان دەکەن و لەقوڕگی پارتی و یەکێتیدا مافە زەوتکراوەکانیان دەردەهێننەوە.26 کۆتا پێڕی نێو داعش ئەوانەن، کە نائومێدبوون لە راستگۆیی و سەرڕاستی پارتە

ئیسلامییه كوردەكان و پێیان وایه میتۆدو ئەجێندای یەكگرتو و كۆمەڵ درێژكراوەی هەمان میتۆدی پارته سیكۆلارەكانەو وەك پارتی و یەكێتی و بزوتنەوەی گۆڕانن و هەرگیز ناتوانن ببنه دەمڕاستی ئیسلامییەكان.

لەراستیدا لێرەوە تێدەگەین، یەكەمین رەگی توندڕەوی له عێراق لەناو هەناوی یەكێتی زانایانی ئیسلامی مەلا عوسمان له حەفتاكانەوە و پاشان لەناو بزوتنەوەی ئیسلامیدا سەرچاوەی گرت. ئەم بزوتنەوەیه پاش یەكگرتنی لەتەك راپەڕینی ئیسلامی كه مەلا سدیقی برای مەلا عوسمان دەیبردبەڕێوە یەكبونێكیان پێكهێنا له ساڵی 1999 تاوەكو 2001 درێژەیكێشا. مەلا سدیقیش له ئیخوانەوە بارهێنرابوو زێدەتر خۆی له بانگەوازو ئیرشادا دەبینییەوە. ئەوان هەڵوەشانەوە ئیدی عەلی باپیر كۆمەڵی ئیسلامی و مەلا كرێكار ئەنسارو بزوتنەوەیش بەلاوازی له ژێر ركێفی مەلا عەلی عەبدولعەزیزدا مایەوە، گروپەكەی مەلا كرێكار بوونه پێگەیەك بۆ تەوحیدو جیهادی ئەبوموسعەب و قاعیدە، بوونه تۆوی بناژۆیی له ئێستای عێراقدا. ئەنسارو تەوحیدو جیهاد یەكەمی خانەی قاعیدەیان له عێراق چێكردو له ئۆكتۆبەری 2004دا خۆیان راگەیاند. ئەوان له 2011دا چوونه سوریاو بواری چالاكییەكانیان گەیاندە ئەوێ و له 2013دا لەتەك دەوڵەتی ئیسلامی له شام و عێراق ئاوێتەبوون. هێرشەكانی داعش بۆ كوردستان بەڵگەی نیازی داعش بوو بۆ بەرفراوانكردنی سنورەكانی خەلافەتەكەیان چوون داعش له نەخشەی خەلافەتەكەیدا كوردستانیشی له سنورەكانی خۆیدا شوێنكردوەتەوە. هاوكات زەنگینی كانزا و كەرەسته سروشتییەكانی كوردستان چاڵەنەوتەكانی ناوچەكە

دیسان هۆیەکی تریش بوو بۆ هێرشەکانی داعش، ئەوان بە هێرشەکانیان بۆ شەنگال و کەرکوك گەرەکیان بوو دەستیان بە سەرچاوەکانی ئاو و وزەی کارەباو چاڵە نەوتەکان بگات و ئابورییان زەنگین بکەن. لەئێستادا داعش لەناوچەکەدا بوونی هەیەو کاریگەرە بەسەر هاوکێشە هەرێمی و نێو نەتەوەییەکانەوە، سێ هۆکار کارلێکی تەواویان لەسەر مانەوەی داعش هەیە، بریتین لە ململانێکانی تورکیاو ئێران و سوریا لە ناوچەکەدان هاوکات هۆکاری درێژەدان بەجەنگی سوریایش رۆڵی خۆی هەیە. بەدەر لەوە دەنگی نارەزایی سونییەکانی عێراقیش لەهەمبەر حکومەتی ناوەندیدا دیسانەوە زەمینەی بوونی داعش بوو.

## پەراوێزەکان:

1- Gareth Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (New York: RoutledgeCurzon, 2003), 130.

2- پێمان وایە بۆ ڕێگریی لەبەردەم جەنگی ناوخۆیی نەوەدەکاندا، ئەوە ئەگەرێکی ئێجگار لاوازە، چوون جەنگە ناوخۆییەکە تەنها پاتی و یەکێتی نەگرتەوە، هاوکات ریشەی جەنگەکەیش لە دەستپێکی پەنجا بە پەنجاوە نەبوو، بەڵکو پارتی و یەکێتی ئەزمونی جەنگی ناوخۆییان قوڵترو زەنگینتر بوو لەو دابەشکارییە. هاوکات بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێشنیازەی نوسەر دەیکات، خۆ لە دواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا پەنجا بەپەنجا نەبوو، بەڵکو حکومەتی بنکە فراوان پێکهات و پەرلەمان فرەدەنگ بوو، کەچی دەبینین پرۆسەی سیاسی کوردستان چلۆن توشی شەلەل هاتوەو پەلەمان چۆن کەنەفتە. بەپێچەوانەوە گەر لەو دەمەدا حکومەتی بنکە فراوان دروست بوایە، دور نەبوو ئەزمونێکی تاڵتری جەنگی ناوخۆ نەبینین. ( وەرگێڕ)

3- پەیامی ئەبو موسعەب زەرقاوی(2004) ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. state.gov/p/nea/rls/31694.htm.2009-http://2001 (accessed on December

4- Ibid.

5- Mohammed Mahmoud al-Sawaf, Al-Allama al-Mujahid al-Shaykh Amjad al-Zahawi (Cairo:Dar al-Itisam, 1988), 18; Mohammed al-Majdhub, ‘Ulama wa-Mufakkirin ‘Araftuhum, 4th ed. (Cairo: Dar al-Sharq, 1992), 2:300.

6- لەم بارەیەوە ئیسلامییەکان لە چەندین بواری جیادا گەرەکیانە ئەوە بسەلمێنن، کە سەرکوتی نەتەوەیی کورد وابەستەبووە بە ئاینداری کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئەوان بەڵگەی تیۆرەکانی حزبی بەعس دەهێننەوە، دژ بوون بە پرەنسیپەکانی ئیسلام، هەر لەم سۆنگەیەوە مەلا کرێکار بڵاوکراوەیەکی بەڵگەیی لەسەر کارەساتی هەڵەبجە بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژەی بە هەندێك دۆکیومێنتی دەزگا هەواڵگیرییەکان کردبوو، لەوێدا ئەوەی خستبووە روو، کە ئاینداری ناوچەکە مایەی قەڵسبوونی دەزگاکانی میرییە. دیارە ئەو بەڵگانە

دروستبوون، بەڵام ئەو قەڵسبوونە دژی تەوژمە سیاسییە ئیسلامییەکە بوو، کە لە هەڵەبجەدا برەویسەندبوو، رژێم نیگەرانی جوڵاندنی هەستی خەڵکی بوو لەو پڕۆژە ئیسلامییەی شۆڕشی ئێراندا، قەڵسی دامەزراوەی رژێم لەبەرامبەر ئیسلامییە میللی و کوردەوارییەکەدا نەبوو.( وەرگێڕ)

7- David Romano, "An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq" (occasional paper, Jamestown Foundation, September 2007), 7.

8- Ibid.

9- Kurdish intellectual (anonymity requested), telephone interview with author, March 10, 2015.

10- پەیوەندی تەلەفۆنی موحەمەد ساڵح هەورامی لەتەك نوسەردا لە 2015/2/20.

11- هەمان سەرچاوەی پێشو.

12- Romano, "Kurdish Islamist Groups," 8.

13- چاوپێکەوتنی تەلەفونی نوسەر لەگەڵ سەلاح بەرزنجی، 2015/3/5.

14- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

15- پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر لەگەڵ موحەمەد ساڵح هەورامی 2015/2/20.

16- گفتوگۆی توێژەر لەگەڵ رۆشنبیرێکی کورد (نەیویست ئاماژە بەناوی بکرێت) لە 2015/3/10.

17- Romano, "Kurdish Islamist Groups," 7.

18- Ibid.

19- Sabah Mofidi, "The Process of Leading Change in the Kurdistan Islamic Movement – Iraq: Emergence, Factors and Trends," Asian Journal of Multidiciplinary, Studies 2, no. 4 (2014): 167–68.

20- Ibid., 168.

21- Jeffrey Fleishman, "Airstrikes, Suicide Blast Roil the

North," Los Angeles Times, March 23, 2003, http://articles.latimes.com/2003/mar/23/news/war-kurds23.

-22 ئەندامانی کۆمەڵ ئەوانەی بریندار بوون، لە بەرەبەیانی بۆدومانەکەدا لەتەك ژن و زارۆی پێشمەرگەکان لەسنوری ئەحمەداواو زەڵمەوە و لەو شیوەی پێیدەوترێت وشکەناو بەرەو مڵخورد خاڵی سنوری ئێران-عێراق بەڕێکەوتن، وەلێ ئێران ئامادەنەبوو تەنانەت دەرگا بەڕوی برینداره‌کانیشدا بکاتەوە، ئیدی هەر لەوێدا هەندێك لەو بریندارانە، کە زۆر مەترسیداربوون مردن.(وەرگێڕ).

-23 بەڵام لە چەندین روداودا چەکدارەکانی ئەنسار بەبێ گوێدانە روخسەتی کۆمەڵی ئیسلامی لە سنوری کۆمەڵەوە دەچوونە نێو قەڵەمڕەوی یەکێتی و دەستیاندەوەشاندو چالاکییان ئەنجامدەداو هەر لە سنوری کۆمەڵیشەوە دەگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. بۆ نمونە روداوی شەهیدکردنی شەوکەتی حاجی مشیر و هەڤاڵەکانی لە گوندی گامێش تەپەی نزیك سنوری خورماڵ، تەواو یەکێتی تورەو قەڵسکرد لە کۆمەڵی ئیسلامی، چوون بکوژەکان پاش چالاکییەکەیان گەڕابوونەوە بۆ خورماڵ کە لەدەستی کۆمەڵدا بوو. (وەرگێڕ).

24- Nawzad Mahmoud, "ISIS Recruitment in Kurdistan All Dried Up" (2004),http: http://rudaw.net/english/kurdistan/071120141 (accessed on April 5, 2015).

25- Damien Gayle and Simon Tomlinson, "'We will cut off your head in the White House: ISIS Threatens to Behead Obama and Turn the U.S. into a 'Muslim province in New Execution Video," Daily Mail Online, January 27, 2015, http://www.dailymail.co.uk/news/article-2928426/ISIS-claim-execute-Japanese-hostage-24-hours.html.

26- Mullah Krekar, "Weekly Interview" (2011), https://www.youtube.com/ watch?vɔhhwr_LLocAQ (accessed on December 20, 2014).

سەرچاوەکان

Fleishman, Jeffrey. "Airstrikes, Suicide Blast Roil the North."

Los Angeles Times, March 23, 2003. http://goo.gl/Kaq7q1.
- Gayle, Damien, and Simon Tomlinson. "'We will cut off your head in the White House: ISIS Threatens to Behead Obama and Turn the U.S. into a 'Muslim Province in New Execution Video." Daily Mail Online, January 27, 2015. http://goo.gl/me0wk6.
- Mahmoud, Nawzad. "ISIS Recruitment in Kurdistan All Dried Up." 2004. http: http://goo.gl/635n16. Accessed on April 5, 2015.
- al-Majdhub, Mohammed. 'Ulama wa-Mufakkirin 'Araftuhum. 4th ed. Cairo: Dar al-Sharq,1992.
- Mofidi, Sabah. "The Process of Leading Change in the Kurdistan Islamic Movement – Iraq: Emergence, Factors and Trends." Asian Journal of Multidiciplinary Studies 2, no. 4 (2014): 165–76.
Mullah Krekar. "Weekly Interview." 2011. https://goo.gl/ -
.kpWX5m. Accessed on December 20, 2014
- Romano, David. "An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq." Occasional paper. Jamestown Foundation, September 2007.
- al-Sawaf, Mohammed Mahmoud. Al-Allama al-Mujahid alShaykh Amjad al-Zahawi. Cairo:Dar al-Itisam, 1988.
- Stansfield, Gareth. Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy. New York: RoutledgeCurzon, 2003.
- al-Zarqawi, Abu Musab. "Zarqawi Letter." 2004. US Department of State Archive. http://goo.gl/MiEwWS.

ئەم بابەتە لەم ماڵپەڕەوە وەرگیراوە

/06/https://research.kfcris.org/wp-content/uploads/2015
Dirasat-NO-5E.pdf

# پرۆسەی گۆڕانە سەرەکییەکانی نێو جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان دەرکەوتن، هۆکارەکان، ئاراستەکان

سەباح موفیدی

گۆڤاری ئاسیا بۆ توێژینەوەی پسپۆڕە جیاوازەکان
Asian Journal of Multidisciplinary Studies
Volume 2, Issue 4, April 2014

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پرۆسەی دەرکەوتن و پاشان گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە باشوری کوردستاندا دەخاتەڕوو. ئەوە روندەکاتەوە کە چۆن رێکخراوە ئیسلامییەکان دەرکەوتن. لەم پرۆسەیەدا توێژینەوەکە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە دەداتەوە: فاکتەرە کاریگەرەکان لە دەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیەو گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی کامانەن؟ جیاوازییەکانی نێوان بزوتنەوەو بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دیکە لە چیدایە؟ کاریگەریی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دیکە لەسەر ئەم بزوتنەوەیە لە کوێدایە؟ بزوتنەوەکە دارای کامە ئاڕاستەی رۆشنبیریی و ئایدیۆلۆژییە؟ لێرەدا ئاماژە بە کاریگەریی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دیکەو رەوشی تایبەتی کوردستان دراوە . هاوکات رەوشی ئاڕاستەو پارتایەتی و پەیوەندییە رۆشنبیریی و ئایدیۆلۆژییەکانی خراونەتەڕوو.

لەراستیدا ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی فاکتەرەکانی دەرکەوتن و پەیوەندییەکانی ئەم هێزەیە لەتەك ناسیۆنالیزمی کوردی و شوێنیەتی لەنێو دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستاندا. هاوکات ئاڕاستە ناوخۆییەکانی نێو ئەم بزوتنەوەیەو شوێنیان لە زەمینەی سیاسی هەرێمەکەدا پێشچاوخراوە.

## پێشەکی

لەمێژوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، هەندێك لە بزوتنەوەکان کە هاتوونەتە گۆڕێ لەژێر ناوی ئیسلامدا نەیاری ڕەوشی سەردەم و بارودۆخە نەخوازراوەکەی بوون. بزوتنەوە ئیسلامییەکان خۆیان لە بزوتنەوە گەلێکی جەماوەریدا دەبیننەوە، کە رابەرایەتی ڕەوشی مەزهەبیی دەگرنە ئەستۆو پێداگریی لە پرەنسیپ و بەها مەزهەبییەکان دەکەن و مژوڵی گۆڕانکارین لەو ڕەوشەی کەتێیدان بەتایبەتی گۆڕانکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی، ئەوان هەندێکجار چانسی سەرکەوتنیان هەیەو هەندێکجاریش ناتوانن بە مرازیان بگەن. نەزم و جۆری نوێی هەموو ئەو بزوتنەوانە بریتین لە بزوتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان، کە لەبەرامبەر هەژمون و هێزی (مۆدێرنێتە و کۆڵۆنیالیزم) ی خۆرئاوادا هاتوونەتە ئاراوە. هێزی ئەم بزوتنەوانە کاردانەوەیەکی دەرەکیی لەبەرامبەر خۆرئاوادا نیشانداوە، کە سیاسەتی ناوخۆیی خۆیان لە نەزمی ئاینییەوە هەڵهێنجاوەو بەپشتبەستن بە چەمکەکانی جیهاد و شەهیدی و یەکسانی خۆیان بەرجەستەدەکەن.1

ئەم بزوتنەوانە لەنێو زۆرێك لە وڵاتانی موسڵماننشیندا هاتوونەتە بوون و بە نەزم و شێوازی جیا خۆیان نومایانکردوە. ئیدی بەکاوەخۆ ئەم بزوتنەوانە بوونەتە پارت و ڕەوتی هەمەجۆرو جیاجیا، کە بەشێوەیەکی ڕێکخراوەییش

دەستیانداوەتە چالاکی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

کوردستانی عێراق یەکێکە لەو کۆمەڵگە موسڵماننشینانەی، کە لە دەیەکانی ئەم دواییەدا کەوتۆتەوە ژێر کاریگەریی بزوتنەوەو تەوژمە ئیسلامییە هاوچەرخەکانەوە. لێرەوە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش بەدەر نەبوو لە ڕەنگدانەوەی بزوتنەوە ئیسلامییە نوێیەکانی جیهانی ئیسلامی و پرسی خۆی لە بوژانەوەی ئیسلام و نەیارێتی پارتە نا ئیسلامییەکاندا دەبینییەوە. هەروەها دژ بە ڕژێمی بەعس جەنگاوەو لە ئامانجەکانی خۆیدا برەوی پێداوە. ئەم بزوتنەوەیە مێژوەکەی پڕە لە هەوراز و نشێو، بەجۆرێك لەتەك هەر بزوتنەوەیەکی تری ئیسلامیدا بەراوردکردنی کارێکی ئەستەم و نەگونجاوە. هەورازو نشێوەکانی بزوتنەوە خۆیان لە یەکبوون و پەرتبوون، جەنگ و جیهاد بۆ پێکەوەنانی حکومەتی ئیسلامی، بادانەوەی لە هێزێکی رادیکاڵ و بناژۆ وە بۆ ئیسلامییەکی شلڕەو و ئارام دەبیننەوەو هەموو ئەو رابردوە تاڵ و شیرینانە تایبەتمەندییەکی ئەوتۆیان بەخشیوەتە بزوتنەوەی ئیسلامیی.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە کورتی ئاماژە کراوە بە ئاڕاستە سیاسی و سەرەکییەکانی ئیسلامی هاوچەرخ و هاوکات ئەم بزوتنەوەیەو پارتە جیابووەکانی و ڕەوت و ڕێبازەکانی ناوی شیکارکراون.

**ڕەوتە سەرکییەکانی ئیسلامی هاوچەرخ لە عێراقدا**

عێراق سێ ناوچەی جوگرافی و کۆمەڵگەی لێکجودا لەخۆدەگرێت. ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق دانیشتوانی عەرەبی سوننە لەخۆدەگرن، تێکڕا 20%ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. بەشی باشوریش بریتین لە عەرەبی شیعە، ئەوانیش 55%ی کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن. بەشی باکوریش، کە لەژێر دەسەڵاتی کورداندایە، 20%ی کۆی دانیشتوانی عێراق لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەوانیشدا چەندین کەمینەو ڕەگەزی بچوك لە عێراقدا بونیان هەیە.2 لەمێژوی سیاسیی عێراقدا بێ لە فەرمانڕەوایەتی حزبی بەعس، پێش 2003 سێ جۆری سەرەکی لە سیاسەت و ئاڕاستەی پارتایەتی جیاواز لە عێراقدا دەرکەوتون. ئەوانیش ڕەوت و پارتایەتی هێزە مەزهەبی و ئاینییەکان و پارتە چەپەکان کە پێکهاتبوون لە پارتی سۆشیالیست و پارتی کۆمۆنیست هاوکات پارتە ناوچەییەکانی کوردستانیش بونیان هەبوو. لەناو ئەوانیشدا پارتە ئاینییە هاوچەرخەکان خۆبەخۆ بوونە سێ لقەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە ڕەوتی ئیسلامی شیعە و ڕەوتی ئیسلامیی سوننەو ڕەوتی ئیسلامیی کورد. لێرەدا بەهۆی کاریگەرییەکانی ڕەوتی شیعەو سوننەو ئاڕاستە هەرێمییەکانی ئیسلامیزم لەسەر بزوتنەوەی ئیسلامیی جێگەی خۆیەتی تیشکێك بخەینە سەریان.

## جوڵانەوە ئیسلامییەکانی شیعە

قۆناغی بەرایی جوڵانەوەی ئیسلامی لە عێراق پەیوەستە بە ساڵانی نێوان 1914 بۆ شۆڕشی 1920 دژ بە داگیرکەری بەریتانی، کە لەنێو شیعەکاندا تاویسەندبوو. لەپاش جەنگی جیهانی دووەم تاوەکو ساڵی 1957 مەزنترین پارتی رێکخراوەیی ئیسلامیی بەنێوی حزبی دەعوە دامەزرا، جیا لەوەیش بزوتنەوەی لاوانی موسڵمانیش، کە شیعە مەزهەب بوون دامەزرا. هاوکات چەند پارتێکی دیکەی ئیسلامی سوننی بەناوەکانی برایانی موسڵمان و تەحریری ئیسلام دامەزران. لەوکاتەوە بزوتنەوەی شیعەکان چالاکبووەو چەندین قۆناغی جیاو رەوتی جیاوازی تاوەکو ئێستا داوەتەبەر. لێرەدا دوو دۆسیەی هەماهەنگی جوڵانەوەی شیعە، کە پەیوەستە بە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانەوە خراونەتەڕوو:

**1. ئەنجومەنی باڵای عێراق**

لە ناوەندی 1983 خۆی وەك تەنها نوێنەری جوڵانەوەی ئیسلامی عێراق نیشاندا. پارتە گرنگەکان و گروپەکانی نێو ئەنجومەنی باڵای عێراق بریتیبوون لە حزبی دەعوە، پاتی کاری ئیسلامی، بزوتنەوەی موجاهیدینی عێراق. 3

**2. کوتلەی ئیسلامی**

ئەم گروپە هاوپەیمانێتی بزوتنەوەی ئیسلامی (شێخ جەواد خاڵس، فەتحی ئیسلامی نەدیم حاتەمی، سوپای شۆڕشی ئیسلامی ئەبو ئوسامە و چەندینی تر). 4

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەبکرێت، لەپاش رژێمی سەدام ئەنجومەنەکە لەنێو ئەوانیشدا حزبی دەعوە زۆرترین کاریگەریی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەبوو. چوون شیعەکان توانیبوویان بەرزترین بەرکەوتەیان لە حکومەتی ناوەندیی عێراقدا هەبێت.

**جوڵانەوە ئیسلامییە سونییەکان**

ساڵی 1946 بە گەڕانەوەی شێخ موحەمەد مەحمود سەواف لەمیسر. لەکاتێکدا بۆخوێندن چوبووە میسرو لەوێ پەیوەندی لەتەك ئیخوان موسلمیندا چێکردبوو. بەگەڕانەوەی ئیدی ئیخوان موسلمین هاتە نێو عێراقەوەو دواتر لە ساڵی 1948 لەژێر رابەرایەتی ئاینی شێخ ئەمجەد زەهاویدا کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا پێکەوەنرا. ئیدی لەوکاتەوە ئیخوان موسلمین لە عێراق لقێکی سەر بە ئیخوان موسلمینی میسرە، بەشێوەیەکی سروشتی کەوتنە ژێر میتۆدو بەرنامەو هزری ئیخوانی میسرەوەو برەویان بە رۆژنامەو پەرتوك و بڵاوکراوەکانی ئەوان دەدا لە عێراقدا. ئیخوان لە عێراقدا ساڵانی بەرایی چێبوونی پەیوەستکرد بە کاری رێکخراوەیی و پەرژانی بۆ سەر کێشە ناوخۆییەکانی وڵات. ئیدی ئەم جوڵانەوەیە وەك هێزێکی سونی دەرکەوت و کاریگەرییەکانی لەنێو بازنە سوننیەکەدا دانا، وەلێ بنکە جەماوەرییەکەی لەنێو ناوچە شیعە مەزهەبییەکاندا شکستخواردو بوو. 5

دیارە گروپگەلی ئیسلامی سونی تر هەبوون، کە لەمەودایەکی گچکەتردا هەڵدەسوڕان، لەوانە کۆمەڵەی ئیسلامی شێخ بەدر، کە هاوپەیمانی کوتلەی ئیسلامی بوو لەگەڵ گروپە شیعەکاندا.

لەپاش سەدامیش چەند گروپێکی تری ئیسلامی سونی لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دەرکەوتن. پێویستە سەرنجی ئەو راستییە بدرێت، کە رەوتە سونییەکان لەبەرئەوەی بۆخۆیان باڵادەستبوون هەرچەند کەمینەش بوون لە عێراقدا، تاوەکو هەڵوەشانەوەی حزبی بەعس دارای چالاکی سیاسیی کاریگەر لەنێو گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا نەبوون.

## جوڵانەوەی ناوچەیی

بزوتنەوەیەکی سیاسی دیکە لەسەر بنەمای نەژادی یاخود نەتەوایەتی (کوردەکان، ناودەبرێن بە نەتەوەی بێ دەوڵەت) لە کوردستان یاخود باکوری عێراق بوونی هەبوو. لەم بەشەی عێراقدا زیاتر لە سەدەیەك جەنگێکی درێژ بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان ئامادەیی هەیە. جیا لە بزوتنەوە ترادیشناڵ و نەریتخوازەکە، لەکوردستاندا لەژێر ناونیشانی پارتە نەتەوەیی و مۆدێرنەکاندا، کە بریتیبوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان (ساڵی 1946 دامەزراوە) و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (1975 دامەزراوە) جوڵانەوەی نەتەوەیی تاوەکو ئێستا بەردەوامە. نەتەوەییەکانی کورد سیکۆلار بوون، وەلێ لە هەشتاکانەوە هێدی هێدی جوڵانەوە ئیسلامییەکانیش لە هەرێمە کوردییەکەدا دەرکەوتن. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1991دا بە پشتیوانی نەتەوەیەکگرتوەکان و زلهێزەکان دواجار توانی سەرکەوتوبێت و حکومەتی خۆبەڕێوەبەریی بۆ کورد دابمەزرێنێت، هاوکات پاش لەناوچوونی رژێمی سەدامیش لە ساڵی 2003 دا لەتەك حکومەتی ناوەندی عێراقدا بەشداربوون لە رەوتی سیاسی عێراقدا.

بەگشتی ئاڕاستە سیاسییەکانی عێراق پێکدەهاتن لە :

ئاڕاستەی ئاینی و نەتەوەیی و چەپ. ئاینییەکان بریتیبوون لە شیعەو سوننە، نەتەوەییەکان بریتیبوون لە سیکۆلارو مەزهەبی، چەپەکانیش بریتیبوون لە چەپی کوردی و چەپی عەرەبی.

هەروەها جوڵانەوەی ئیسلامی عێراقیش بریتیبوو لە

جوڵانەوەکانی شیعەو سوننە. هەریەك لەوانیش نەتەوەکانی کوردو عەرەبی لەخۆ دەگرت. عەرەبە سونییەکان بریتیبوون لە جوڵانەوەی ئیخوان موسلمین و جوڵانەوەی تەحریر و هەندێ گروپی گچکەی تر. کوردە سونییەکانیش بریتیبوون لە چەند پارتێکی ئایدیۆلۆژی لەتەك پارتگەلێکی ئیسلامی گچکە. لەبەرامبەردا شیعەی عەرەب پێکهاتبوون لە ئەنجومەنی باڵا، کە ئەوانیش پێکهاتو لە حزبی دەعوەو رێکخراوی کارو چەند گروپێکی دیکە بوون. هاوکات کوتلەی عەرەبی و چەند گروپێکی دیکە هەبوون. کوردە شیعەکانیش رێکخراوگەلێکی ئیسلامی فەیلی بوون.

## جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان

هەرچەندە زۆرترینی راپەڕینە کوردییەکان و بزوتنەوە نەتەوەییەکانیان لەژێر رابەرایەتی کەسایەتییە ئاینییەکاندا بوون، وەك شێخ عەبدوسەلام و شێخەکانی دیکەی بارزان، شێخ مەحمودو ئەوانی دیکە هەموو ئەو بزوتنەوانە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان بوون نەوەکو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی بن. لەلایەکی ترەوە ئەوان سەر بەهەمان رەوگەی مەزهەبی بوون لەتەك حکومەتی ناوەندیدا، هەربۆیە لەو روانگەیەوە هیچ گرفتێك لە گۆڕێدا نەبوو. هەروەها پێش ساڵی 1980 هیچ تەڤگەرێکی ئیسلامی کوردیش لە ناوچەکەدا بوونی نەبوو. دوای مردنی مەلا مستەفای بارزانی رابەری بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ساڵی

1979دا، ئیتر ئەم جوڵانەوەیە لە ساڵی 1980 لە ژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران و جەنگی ئێران و عێراقدا دەرکەوت. لەگەڵ دەستپێکی جەنگی ئێران و عێراقدا ساڵی 1980دا ئێران گروپیگەلێکی چەکداریی ئیسلامی دامەزراندو هاوکات پشتیوانی دەرکەوتنی گروپی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا کرد.6 لەم ناوەندەدا حکومەتی ئیسلامی ئێران لە دوو ئاستدا هۆکاری دەرکەوتنی جوڵانەوە ئیسلامییە کوردییەکە بوو، ئاستی یەکەم چێکردنی گروپی گچکەی وابەستە بە رژێم و ئاستی دووەمیش دامەزراندنی پارتی سیاسیی سەربەخۆ بوو.

**یەکەم: گروپی سەرەتایی بچوك و وابەستە**

ساڵی 1952 شێخ موحەمەد مەحمود سەواف چووە شاری سلێمانی و هەڵەبجەو لەوێندەر پەیوەندیکرد بە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز (1922ـ1997)ز و شێخ موحەمەد بەهادینەوە. ئیدی لێرەوە بیری ئیخوان موسلمین هاتە کوردستانەوەو بەتایبەتی لەشاری هەڵەبجەوە درێژەیپێدرا.7 دواتر مەلا عوسمان، عەبدولعەزیز پارەزانی، عومەر رێشاوی لە پەنجاکانەوە تاوەکو ناوەندی هەشتاکان لە رابەرایەتی پارتی ئیسلامی عێراقیدا مابوونەوە. لە بەرایی هەشتاکاندا هەندێك لە لاوانی کوردو کەسایەتی ئاینی لەژێر رابەرایەتی مەلا عوسماندا، کە ئەوکات ئیمامی مزگەوت بوو لە هەڵەبجەداو کەسایەتییەکی ئاینی بەرچاو و دیاریش بوو لە کوردستاندا، توانی بەهۆی ئەو هەژمون و کاریگەرییەوە

بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان دابمەزرێنێت. مەلا عوسمان پێشتر زەمینەسازی بۆجودابوونەوە لە حزبی ئیسلامی عێراقی کردبوو. ئەوەی بووە هۆکاری لێکدابڕانی ئەوان بریتیبوو لە ململانێی هەستی نەتەوەییانەی کورد لەتەك ئایدیۆلۆژیای پان عەرەبیزم، ئەوان سوربوون لەسەر مافە نەتەوەییەکان و ناساندنی پرسی کورد لە قۆناغی دوای رژێمی بەعسدا. دوای ئەم ململانێیە دواجار مەلا عوسمان ریزەکانی ئیخوانی بەجێهێشت و شانبەشانی هاوەڵەکانی روەو سنورەکانی ئێران هەڵهاتن.8 لەناوەندی هەشتاکاندا هەرچەند جۆرە دانوستانێك لەنێوان کوردو بەغدادا هەبوو، وەلێ ئیخوان کەوتبوە ژێر فشارو سەرکوتی دامەزراوەکانی رژێمی بەعسەوە، لەو میانەدا زۆربەیان دەستگیرکران و ژمارەیەکی زۆریشیان لەوانە ئیخوانە کوردەکان بەرەو سنورەکانی ئێران قوتاربوون.9

لە راستیدا بازنەی رۆشنبیریی رەوتی ئیسلامی کوردیی لە ئیخوانی میسرو زانیارییەکانی حەسەن بەناوە سەرچاوەی گرتبوو.10 وەلێ لە پاش ئەوەو بەتایبەتی لە نەوەدەکاندا ئیسلامییەکان کەوتنە ژێر تین و تاوی هێزی ئایدیۆلۆژیی دیکە لەوانە سەلەفییە جیهادییەکان و کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان و موجاهیدانی ئەفغانییەوە.

لەدەستپێکی هەشتاکانەوە کوردە ئیسلامییەکان لەژێر کاریگەریی بزوتنەوە ئازادیخوازییەکانی ئێرانیدا بوون، کە سەر بە پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی بوون، وەلێ ئەم رەوتە

لەنێو کوردا زۆر نەناسرابوو، هەربۆیە دواجار هەموو ئەوانە تێکڕا لەنێو چەتری بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا خۆیان بینییەوە. ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی دەستپێکی هەشتاکان بریتیبوون لە:

1. سوپای ئیسلامیی کوردستان، ئەم گروپە کوردی سوننی بوون و لەژێر سەرکردایەتی عەباس شاهێندا بوون (ئەبو ئوسامە) وەك لەسەرێ ئاماژەپێدرا، ئەم گروپە چووبووە نێو هاوپەیمانییەتی کوتلەی ئیسلامییەوە.

2. ڕێکخراوی کوردی فەیلی ئیسلامیی، ئەم ڕێکخراوە کوردە شیعەکان پێکیانهێنابوو، بۆخۆی ڕێکخراوەکە لە سێ گروپ پێکهاتبوو، هەریەك لەوانیش دارای ڕوانگەو ڕوانینێکی تایبەت بەخۆیان بوون. ئەوانیش بریتیبوون لە: بزوتنەوەی موسڵمانانی کوردستان لە ژێر ڕابەرایەتی حوسەین فەیلیدا، ئەنجومەنی کوردانی فەیلی ئیسلامی، ساڵی 1982 لەتاران دامەزرا، بزوتنەوەی کوردی فەیلی ئیسلامی، لەژێر ڕابەرایەتی جەلیل فەیلیدا دامەزرا، چالاکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەچەند کارێکی بانگخوازی پەڕاگەندەدا کورتکرابوونەوە.

3. حزبوڵڵای کوردستانی عێراق، ئەم گروپە وابەستە بوو بە کوردە سوننیەکانەوەو ساڵی 1983 لە ئێران دامەزرا. گروپەکە شێخ موحەمەد خالید بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد. ئەم پارتەیش وەك لەسەرەوە تیشکی خرایەسەر لەنێو هاوپەیمانییەتی ئەنجومەنی باڵای عێراقیدا بوو. پاش جەنگی کەنداوی 1991 حزبوڵڵا خۆی هەڵوەشاندەوەو چوونە نێو پارتی دیموکراتی

کوردستانەوە، کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکردن. ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراقە. 11

جێی ئاماژەیە شێخ ئەدهەم بارزانی برازای شێخ موحەمەد خالید، بەهۆی دیدو تێڕوانینی جیاوازی لەتەك مامیدا، لە حزبوڵڵا جودابوویەوەو ساڵی 1988 بۆخۆی پارتێکی سەربەخۆی بەنێوی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کوردستان دامەزراند. ئەدهەم بارزانیش نەیتوانی گروپەکەی بکاتە هێزێکی کاراو دڵپەسەندی جەماوەریی، ئەوەبوو پاش روخانی سەدام و لەساڵی 2004 خۆی هەڵوەشاندەوەو رایگەیاند ئەوان ئامانجەکانیان هاتونەتەدی و پێویستناکات ئیدی کاری سیاسیی بکەن.

4. ئەنجومەنی موسڵمانان، ئەم ئەنجومەنە پەیوەستبوو بە کوردانی سونیەوەو لە نێوان ساڵانی 1979 بۆ 1981 دامەزرا. دامەزرێنەرەکانی شێخی بەرزنجی و شێخ ئەحمەدی خانەقا بوون. ئەوان پەیوەندی تۆکمەو نزیکیان لەتەك کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبوو. تەنانەت نوێنەریان لەشورادا هەبوو، ئەوە یەکێك لە ناکۆکییەکانی ئەم گروپە بوو لەگەڵ ئیخوان موسلمیندا.

5. پەیوەندی ئیسلامی لە هەشتاکاندا لەلایەن شێخ موحەمەد بەرزنجییەوە دامەزرێنراو دواتر لە ساڵی 1987 پەیوەندییان کرد بە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانەوە.

6. بزوتنەوەی موجاهیدانی کوردستان، کە دیسان پەیوەست بوو بە کوردە سوننییەکانەوەو لەلایەن شێخ ئەبوتاڵب بەرزنجییەوە دامەزرا. هەموو ئەو گروپە بچوکانەی

لەسەرەوە باسکران لەلایەن خەڵکییەوە پشتیوانی ئەوتۆ نەکران و فرە ناسراو نەبوون، هەرچەند زۆربەیان کەسایەتی ئاینی دەیبردن بەڕێوە، وەلێ جگە لەهەندێك لەناو ئەنجومەنی موسڵماناندا ئەگینا زۆربەی زۆری ئەندامەکانی هەموویان خوێنەواری ئەوتۆیان نەبوو، هاوکات دارای ماریفەیەکی ئاینی کەمبوون. یاخود لەو شێخانە بوون، کە کاریگەریی ئەوتۆیان لە هەرێمەکەدا نەبوو. بەشێوەیەکی سروشتی تێکڕایان دەستکردو دەستکیسەی ئێران بوون. هەربۆیە نەیانتوانی لە کوردستاندا و لە نەزمە سیاسییەکەیاندا سەرکەوتوو بن. هاوکات ئەم گروپانە زیاتر پەیوەندیان لەتەك گروپە شیعییەکان و ئەنجومەنی باڵاو پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی هەبوو، ئەوە بەواتای ئەوە نەبوو کە ئیسلامییەکانی ترو سیکۆلارەکان پەیوەندییان لەتەك ئێران نەبوو، ئەوانیش لەپێناو بەدەستهێنانی پەناگەیەك پەیوەندییان هەبوو، وەلێ زێدەتر لە بواری سیاسیدا نزیکبوونەوەیان هەبوو.12 بەڵام بەگشتی ئەو هێزەی بوویە هێزی سەرەکی و چەتری هەموو هێزە ئیسلامییە کوردییەکان ئەو ئیخوانانە بوون، کە جودابوونەوەو لە بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان خۆیان بینییەوە، ئەوان بوونە هێزێکی کاراو کاریگەرو بەزویی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا ناسێنران.

**دووەم: پارتە ئیسلامییە سەرەکییەکان لە کوردستاندا: بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان و ئەو پارتانەی لێی جودابوونەوە**

سالی 1987 پاش کۆچی هەندێك لە ئەندامانی ئیخوان

موسلمین و کەسایەتی و زانای ئاینی لە هەڵەبجە و دەوروبەری بۆ کوردستانی ئێران، لەوێ سەرەتا لە ئۆردوگای سەریاس و دواتر لەشاری سنەدا گیرسانەوە، ئیدی هەموو ئەوانە لەژێر ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا، بەتوانەوەی پەیوەندی ئیسلامی کوردستان و چەند رێکخراوێکی دیکە بڕیاریاندا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بکەنە رابەری گشتییان و وەك حزبێکی سیاسیی ئیسلامی و چەکدار دەستبە خەباتی گەریلایی و سیاسیی بکەن.13 بزوتنەوەی ئیسلامی لە نەخشە رێگەی خۆیدا جیهادی دژ بە رژێمی بەعس راگەیاندو ئامانجی خۆی لە هەڵوەشانەوەی ئەو رژێمەدا دەبینییەوەو بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدی جیهادو خەباتی چەکداریی پەسەندکرد.14 لەم کاتەدا روبەڕوبوونەوەی چەکداری ئازادیخوازانی کورد و خەباتی چەکداری پێشمەرگە دژ بە یەکە سەربازییەکانی رژێمی عێراق لە کوردستان تاویسەندبوو، ئێرانیش بەهەموو شێوەیەك هاوکاری سەربازی و راهێنانەکانی بۆ ئەوان دوپاتکردبوویەوە.15 وەلێ پاش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی 1991 دا، ئیدی بەهێواشی و بەتایبەتی ئەم ئاڕاستە سەرەکییەی ئیسلامگەرای کوردی نەیاریی خۆی بۆ ئاڕاستە سیکۆلارییەکەی هەرێمی کوردستان ناشارێتەوە. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی ئارام و دژەفڕین بڕیاری لەسەردرا، ئیدی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی لە سێ پارێزگای کوردستان کشانەوەو لە ساڵی 1991 بەدواوە هێزە کوردییەکان کۆنترۆڵی هەرێمەکەیان کردو

تەنانەت ئەوێ بووە ناوچەی چالاکیی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سەرانسەری عێراق. ئەو دەم هێزی ئیسلامیی کوردیی، کە لە سونیە کوردییەکاندا کورتکرابوونەوە، تێکڕا لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا خۆیان دەبینییەوەو ئەوانیش گەڕانەوە هەرێمەکەو درێژەیان بە خەباتی پارتایەتی خۆیاندا.

لە ناوەندی نەوەدەکانەوە پشێوی و هەڕەشەو گوڕەشەو هاندانی توندوتیژیی دژ بە یەکتریی زەمینەی بۆ رەخسابوو لە هەرێمەکەدا. ئەو دەم پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی سێ هێزی کاریگەرو دارای هێزی چەکداری کارابوون. هەموو ئەوانە گێچەڵیان بە پارتەکانی دیکە دەگێڕاو بوون و باڵادەستیی خۆیانیان لە ماوەی دەیەی نەوەدەکاندا دەسەلماند. هێزی چەکداری بزوتنەوەکە هەرزو لە ئەرکی قۆناغەکە تێگەیشتبوو، لێرەوە دەستپێکی پێکدادانێکی دژوار لە ساڵی 1992دا لەنێوان بزوتنەوەو یەکێتیدا لە کفری و کەلارەوە دەستیپێکرد. 16

لەراستیدا بزوتنەوەی ئیسلامی پێش جەنگە ناوخۆییەکەو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی مانگی 5ی 1992دا تەنها 5.1%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. بۆیە لەوکاتەی یەکێتی و پارتی زەمینە سازییانکرد بۆ پێکەوەنانی حکومەتێکی هاوبەش لەنێو خۆیاندا بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکە، بزوتنەوە مژوڵی خواستی توندو تیژیی و نانەوەی پشێوی بوو لەهەمبەر ئەو رەوشە نوێیەی پارتی و یەکێتیدا. لەم ناوەندەدا ئێران برەویدا بە هەندێك لە باڵە چەکدارییەکەی بزوتنەوەی

ئیسلامی، ئەوانەی پێشوترو لە هەشتاکاندا ئەزمونی جیهادی ئەفغانیان بینیبوو. ئەو باڵە چەکدارییانە بریتیبوون لە گروپە ئیسلامییە بناژۆو فەندەمێتالیستەکانی ژێر رابەرایەتی عەلی باپیرو جیهادییەکانی ژێر دەستی مەلا کرێکار. کرێکار جیهادییەکی پێشین بوو، ئەو دارای راهێنان و ئەزمونێکی زۆربوو لە جیهاداو پێشوتر لە ئەفغانستاندا بوو، دواتر لە ساڵی 1992دا گەڕابوویەوە بۆ کوردستان.17 لێرەوە و لەسایەی بەڕێوبەرایەتییەکەی پارتی و یەکێتیدا، بزوتنەوەی ئیسلامیش هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوەو توانی بەرێوبەرایەتییەکی سەربەخۆی سیاسی و سەربازی بهێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بزوتنەوە دەستیگرت بەسەر ناوچەی هەورامان و شارەزوردا، دروست ئەو ناوچەیەی بە شوێن دەسەڵاتی یەکێتی گەمارۆ درا بوو. ئەوە وایکرد کە لە سێپتێمبەری 1993دا پێکدادانی چەکداریی لەنێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی لە هەندێك ناوچەی پارێزگای سلێمانی و کەرکوك بقەومێت. لە کۆتاییدا بزوتنەوەی ئیسلامی ناچارکرا لە هەرێمەکەدا بکشێتەوەو پەنابەرنەوە بەر سنورەکانی ئێران. هاوکات رابەری گشتی بزوتنەوە رادەستی پارتی دیموکراتی کوردستان کراو لەوێ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بۆ ماوەی چەند مانگێك لە ژێر چاودێری و پارێزگاری پارتیدا بوو. هاوکات پاش ئەوەی پشێوی نێوان یەکێتی و پارتی زیاتر بەرەو دۆخێکی ناهەموار چوو، دواجار لە مانگی 5ی 1994 دەستپێکی

جەنگی چەکداریی لەنێوان ئەوانیشدا هەڵگیرسا. لێرەوە چەکدارەکانی بزوتنەوەیش شانبەشانی هێزەکانی پارتی کەوتنە وێزەی جەنگێکی ناوخۆیی لەتەك یەکێتیدا. بەمجۆرە بزوتنەوە بڕیاریدا پێگەی سەرەکی و سەرکردایەتییەکەی بگوێزێتەوە بۆ ناوەندی هێزو بنکە جەماوەرییەکەی خۆی بۆ ناوچەی هەڵەبجە.18 هەر لەم قۆناغەدا واتە لە ساڵانی 1994ـ1995 ئەو دوو باڵە سەربازییە بناژۆیەی نێو بزوتنەوە، کە تەرەفدارو تینوی نەزمی شۆڕشگێڕی ئێران بوون،19 لە ئێراندا مانەوە.20 لە راستیداو لە ماوەی جەنگی نێوان پارتی و یەکێتیداو بەهۆی پشتیوانی ئێران لە یەکێتی، ئەو باڵە رادیکاڵانە دژ بە یەکێتی سەنگەریان نەگرت.

**لقەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی**

لە مێژوی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەورازو نشێوی فرە ئەزمونکراوە، لەو رابردوەدا گەلێ جودابوونەوە رویانداوە، سەرەتا هەندێك لە گروپەکانی سەر بە ئیخوان جودابوونەوەو پاشانیش سەلەفییە جیهادییەکانیش لێی دابڕان.

**یەکەم: ئەو لقانەی پەیوەستبوون بە ئیخوان موسلمینەوە**

لێرەدا ئەو لقانەی پەیوەستبوون بە ئیخوانەوەو لە هەناوی بزوتنەوەدا هاتنەدەرێ بریتیبوون لە:

**1. بزوتنەوەی راپەڕین**

هەر لەو ساڵانەدا، کە بزوتنەوەی ئیسلامی دامەزرا، واتە لە ساڵی 1987، مەلا سدیق عەبدولعەزیزی برای مەلا عوسمان

ڕەوتێکی دەبردبەڕێوە بەناوی ڕاپەڕینی ئیسلامی، کە خۆیان بە ئیخوان موسلمین دەزانی. ئەم بزوتنەوەیە هەرچەند تا ئەندازەیەك بە ڕەوشی چەکداری و جیهاد لارییان نەبوو، وەلێ زۆرتر پشتیان بە بانگەوازی ئیسلامی دەبەست. ئەوان لە ساڵانی 1999 تا 2000 لەتەك بزوتنەوەی ئیسلامیدا بوونە یەك و یەکبوونی ئیسلامییان پێکەوەنا.

**2. یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان**

ساڵی 1994 ڕێکخراوێکی دیکەی ئیسلامی لەنێو بزوتنەوەدا جیا بوویەوەو خۆیان وەك یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ناساند.21 ئەوانیش سەر بە ڕەوتی ئیخوان موسلمین بوون، هێدی هێدی ئەم پارتە بوونە گەورەترین پارتی ئیسلامی لە کوردستاندا. ئەم پارتە لەژێر کاریگەری و هزری دامەزرێنەری ئیخوانی میسردا بوون، وەلێ لەبەر هەندێك ڕەوشی تایبەتی کوردستان زیاتر پەیوەستبون بە حزبی ئیسلامی عێراقییەوە، کە دیسانەوە ئەوانیش نوێنەرایەتی ئیخوانی میسربوون لە عێراقدا. ئەوان لە سەرەتاوە دەستیاندایە بانگەشە بۆ چاکسازی و بانگەوازی ئیسلامی و لەو میانەدا سێ دروشمی سەرەکیان بەرزکردەوە، کە بریتیبوون لە دروشمەکانی ئازادی، یەکسانی و برایەتی.

لە یەکەمین کۆنگرەی پارتەکەدا ساڵی 1994 سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدین وەك سکرتێری گشتی یەکگرتو دیاریکرا و هەڵیانبژارد.22 یەکگرتوی ئیسلامی لە ڕاگەیاندنی خۆیدا وەکو حیزب، پێچەوانەی ئەو نەزمە باوەی پارتە سیاسییەکانی دی پێکهاتەی سەربازی و چەکداریی لە نێو بونیادی حزبی

و میتۆدی کاری خۆیدا دایە دواوە. ئەم پارتە بە باوەڕبوون و پشتبەستن بە کاری خۆبەخشی و خزمەتگوزاری و نەزمی کلتوری و سیاسی خۆی هاوکات بە بونیادنانی مزگەوت و خەستەخانەو نەخشەی ئاوەدانکردنەوەی هەندێ لە ئاواییەکانی کوردستان توانی لەماوەیەکی کەمدا بنکەیەکی جەماوەری بۆخۆی مسۆگەربکات و بە پشتیوانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی سعودییە بەشێك لە چالاکییەکانی خۆی ئەنجامبدات.

یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی یەکگرتو لە بەدەستهێنانی بنکەیەکی جەماوەریی بەریندا دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدی کاری ئەم هێزە لە بەدەمەوەچوونی بێنەوایان و مناڵانی بێسەرپەرشت و ئەوانەی کە بابیان لەدەستدابوو، یەکگرتو بە بێ جیاوازی ئایدیاو بیرکردنەوەی خێزانەکان ئیدی عەلمانی بن یان ئیسلامی هاوکاری و دەستگیرۆیی ئەوانی لە قۆناغی جەنگی ناوخۆی پارتی و یەکێتیدا گرتبوویەئەستۆ23. سەرەڕای هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی سەرەوە یەکگرتو لە بواری سیاسیی و کلتوریشدا چالاکییەکانی خۆی برەوپێدا. رابەرانی پارتەکە پێیانوابوو، کە رەوشی هەرێم زیاتر پێویستی بە جەنگی سیاسی و دیموکراسییە. لەلای ئەوان دیموکراسی و هەڵبژاردن رێگەیەکبوون بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیی. لەبەرئەوە ئەوان باوەڕیان بەهیچ جۆرە نەزمێکی توندوتیژ نەبوو.24 لەروی کلتوریشەوە ئەم پارتە بە تێگەیشتن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی کوردستان هەستان بە پێکەوەنانی

چەندین ڕێکخراوی مەدەنی و لەو میانەدا کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی دامەزراندو هاوکات لەروی ڕۆژنامەگەریشەوە چەندین بڵاوکراوە و پێگەی تایبەتیان هەبوو. بۆ نمونە هەفتەنامەی یەکگرتو وەك هەفتەنامەیەکی فەرمی ئۆرگانی پارتەکە دەریدەچواند، کە شیکەرەوەی سیاسی و هەواڵی لەخۆگرتبوو.25

کۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی کوردستان هەڵدەستا بە دەرچواندنی گۆڤاری پەیامی ڕاستی، میتۆدێکی کلتوری و ڕۆشنبیری گرتبوویەبەر. هاوکات گۆڤاری هەژان وەك گۆڤارێکی وەرزیی بایەخی تەواوی دەدا بە مشتومڕە هزری و ڕۆشنبیرییەکان و شرۆڤەی زانیارییە ئاینییەکانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کوردستان دەکرد. بەشێوەیەکی گشتی کاری بڵاوکراوەو میدیاو ڕۆژنامەگەری یەکگرتو کاریدەکرد لەسەر نەزمی لێبوردەیی و ئاشتەوایی و گوتاری ناتوندوتیژیی لە کوردستاندا. ئەوان سەرنجیاندەدا لە ڕەوشی میدیایی کوردستان و هەوڵیاندەدا بۆشاییەکانی میدیای کوردی پڕبکەنەوە.26 هاوکات بەبەراورد بە پارتە ئیسلامییەکانی دیکە ئەم پارتە زێدەتر هەست و هەڵوێستی نەتەوایەتی لێوەشاوەتەوە. بۆ نمونە لەمیانی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، یەکگرتو هەڵوێستێکی پێچەوانەی ئیسلامگەراکانی دنیای ئیسلامی هەبوو. بۆ نمونە ئیخوان موسلمینی ئەردەن لەوبارەیەوە فەتوایان دژی هەموو ئەوانە دەرکرد، کە هەماهەنگیی لەتەك هێزە هاوپەیمانییەکان دەکەن. لەم بارەیەوە سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدینی سکرتێری گشتی یەکگرتو وتویەتی:

ڕێزی بۆچوونی زانایانی ئاینی دەگرین، وەلێ دەرکردنی فەتوا لەبارەی ئەو ڕوداوانەی کە لەخاکەکەماندا دەگوزەرێن لەپێش هەمووانەوە پەیوەستە بەخۆمانەوە. ڕەنگە دوری لە ژینگەی سیاسی وڵاتمانەوە و تێنەگەیشتن لە واقیعەکە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان فەتوایەکی دروستنەدەن.27

هاوکات یەکگرتو لەبارەی نەهێشتنی گرژییەکانی نێوان ئاین و نەتەوە دیبەیت و مشتومڕیی زۆری هێنابوویە ئاراوە. لەم بارەوە کەسێکی وەك ئەبوبەکر عەلی، کە یەکێکە لە رابەرەکانی ئەم پارتە لەبارەی نەتەوەگەراییەوە چەندین مشتومڕو کۆڕو نوسینی خستووەتەڕوو، کە لەناو توێژی نوسەرو بیرمەندانی کوردا بووەتە مایەی لەسەر وەستان. بۆیە تایبەتمەندییەکانی ئەم حزبە لەچەندین هەڵوێستدایە، کە لەتەواوی پارتەکانی دیکە جودایان دەکاتەوە.

سەلاحەدین موحەمەد بەهائەدین پاش ڕوخانی سەدام یەکێك بوو لەو پێنج ئەندامەی کورد، کە بوونە ئەندام لە ئەنجومەنی حوکمی عێراقیدا. هەروەها عەبدولرەحمان سدیق رابەرێکی دیکەی ئەم پارتە بوو وەك وەزیری ژینگە لە حکومەتی عێراقیدا بەشداربوو. هاوکات لە کۆمیتەی نوسینەوەی رەشنوسی دەستوردا، 25 ئەندام لەسەر ئاستی عێراق بەشداربوون، لەنێو 5 ئەندامە کوردەکەدا یەکێکیان سەر بە یەکگرتو بوو. هەربۆیە لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق هەمیشە ئەندامی هەبوون و لەهەرێمی کوردستانیشدا ئاستی چوارەمی پاش پارتی و یەکێتی و گۆڕانی گرتبوو. کەسێکی وەك نیك، ئەنجام ئاماژە بەم پارتە دەکات بە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ رەوتی ئیسلامی توندڕەو،

هەربۆیە دەکرێت فاکتەرێکی لەباربێت بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کوردستان.

**دووەم: لقەکانی پەیوەست بە سەلەفییە جیهادییەکانەوە**

بزوتنەوەی ئیسلامی لەدامەزراندنییەوە تاوەکو 1997 مەلا عوسمان عەبدولعەزیز رابەری گشتی بوو، پاش مردنی ئەو ئیدی عەلی عەبدولعەزیز بووبە رابەری گشتی. لەساڵانی 1999 تاوەکو 2000 لەتەك بزوتنەوەی راپەڕیندا دەبنە یەك و بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی پێکدەهێنن. ئەم پارتە لە 1994 تاوەکو 2001 هیچ جودابوونەوەیەکی فەرمی لەنێویدا روناداتا. لەو قۆناغەدا بزوتنەوەی ئیسلامی لەتەك پارتی و یەکێتیدا دوچاری هەم هەماهەنگی و هەمیش بەریەککەوتنی سەربازی هەبووە. بزوتنەوە جگە لە ململانێی سەربازی بەشداری لەنێو کابینەکانی حکومەتی کوردستاندا کردوە، هەمیشە وەزیرەکانی بەشداربوون.

دواجار لە کۆنگرەی تەوێڵەی 2001 بزوتنەوەی یەکبووندا بەهۆی زۆربوونی کێشە ناوخۆییەکانی ناو پارتەکە، ناکۆکییەکان گەیشتنە بنبەست و پارتەکە دابەشبوو بۆسەر ئەم هێزانەی خوارەوە:

بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە رابەرایەتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز، کۆمەڵی ئیسلامی بە رابەرایەتی عەلی باپیر، گروپی ئیسڵاحی مەلا کرێکار، هەندێك گروپی رادیکاڵی تری وەك تەوحید، حەماس، هێزی سۆران.

لە توێژینەوە لە رەوتە جودابووەکانی بزوتنەوەی ئیسلامیدا،

بەگوێرەی بۆچوونی نیك ئەنجام فاکتەرەکانی ئەو لێکهەڵوەشانەوەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ داخراوی سەرکردایەتی پارتەکەو نەبوونی رابەرێکی بەتواناو بەبڕست بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانداو نەتوانینی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حزب و زیادبوونی بۆچوون و دیدی جیاوازی ئایدیۆلۆژی لەناو حزبەکەدا. جیا لەهەموو ئەوانە رێکخستن و ئەندامانی حزبەکە دابەشببوون بەسەر رەوتی ئایدیۆلۆژی و باکگراوندو پێشینەی کاری سیاسی جیاجیادا، لەوانە بەشێکیان لەنێو ئیخوان موسلمین و بەشێکیشیان سەلەفی جیهادی ناو بازنەکانی جیهادی ئەفغان بوون و سەسامبوون بەنەزمی قاعیدەو هەندێکیشیان ئیسلامی فەندەمێتاڵ و بناژۆ بوون.28 بەمجۆرە لەپاشماوەکانی یەکبووندا دووپارتی سەرەکی مانەوە کە بریتیبوون لە کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان. لێرەدا پاش رونکردنەوەی رەوشی ئەنسارولئیسلام هەریەك لەو پارتانە تیشکیان دەخەینە سەر.

**1. ئەنسارولئیسلام**

وەك لەسەرەوە ئاماژەمانپێدا هەندێك گروپی گچکەترو بەرەی جیاوازی بۆچونی ئایدیۆلۆژی لەنێو بزوتنەوەی ئیسلامیدا وردە وردە جودا بوونەوە. ئەوان گروپی توندو بناژۆبوون و زیاتر تێڕوانینی رادیکاڵ و توندوتیژیی ئایدیۆلۆژییان هەبوو. ئە م گروپانە نەیاری هەر جۆرە هەماهەنگییەك بوون لەتەك پارتە سیکۆلارو لائیکە سیاسییەکاندا. ئەوان لە ساڵی 1997وە نەیاری بەشداری و هەماهەنگی بزوتنەوەی ئیسلامی بوون لە بەشداریی حکومەتە خۆجێییەکەی یەکێتیدا. ئەوان

باوەڕیان وابوو پێویستە لەتەك هەموو ئەوانەدا بجەنگن و لە گۆڕەپانەکەدا نەیانهێڵن. هاوکات ئەوان پێداگرییان لەسەر چەسپاندنی شەریعەت بوو بەتایبەتی لەو بەشەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی بزوتنەوەی ئیسلامیدا بوو.29

یەکەم گروپ ئەوانە بوون، کە پێشین بوون و دارای ئەزمونی جەنگی ئەفغانستان و جیهادی دەرەوە بوون، ئەوان لەژێر رابەرایەتی نەجمەدین فەرەج ناسراو بە فاتح کرێکاردا بوون. ئیدی پاش کۆنگرەی 2001 ئەم رەوتە جیهادییە جودابوونەوەو گروپی ئیسڵاحیان پێکهێنا. دواتر گروپی حەماس هەبوون، ئەوانیش لەژێر فەرماندەیی مەلا عومەر بازیانی و حەسەن سۆفیدا بوون. ئەوان وابەستەبوون بە روانگە سەلەفییەکانەوە. ئەم گروپەیش نەیاری بزوتنەوە بوون لە بەشداریکردن لە حکومەتە خۆجێیەکەی یەکێتیدا. هاوکات گروپی سێهەم بریتیبوون لە هێزێکی چەکداری بزوتنەوە بەناوی هێزی سۆران، ئەوان لەژێر فەرماندەیی ئەبو حەبیبەدا بوون و بەهێزترین هێزی نێو گروپەکانی دیکە بوون. لەنێو گروپەکەدا بەسەدان چەکدار هەبوون، لەناو ئەواندا عەرەبی نا عێراقی دەبینران کە پێشووتر لە ئەفغانستاندا ئەزمونی جەنگ و جیهادیان هەبوو. چوارەم گروپ نێودەبران بە گروپی تەوحید، ئەوان نزیکەی 40 بۆ 50 چەکدارێك هەبوون، زیاد لە گروپەکانی دیکە رادیکاڵ و بناژۆ بوون، ئەوان لە چیاکانی قەندیل هەڵکەوتوو لە نزیك سنوری حاجی ئۆمەرانی نزیك بە سنورەکانی ئێران جێگیر ببوون.30 وردە وردە ئەم گروپانە لێك نزیکبوونەوە، یەکەمجار تەوحیدو حەماس لە 2001دا نزیکبوونەوەو پێکەوە بەرەی یەکێتی ئیسلامییان پێکهێنا. پاش مانگێك هێزی سۆرانیش چووە

نێویانەوەو لە ناوچەکانی بیارەو تەوێڵەدا جێگیربوون. دواتر لە دەستپێکی سێپتەمبەری 2001دا بەرەی یەکێتی ئیسلامی خۆیان هەڵوەشاندەوەو پێکەوە جوندولئیسلامیان ڕاگەیاندو ئەبو عەبدوڵڵای شافعییان وەك ئەمیری خۆیان دیاریکرد.

ئیدی ئەم گروپە بەخێرایی جیهادیان دژی تەواوی پارتە سیکۆلارو لائیکەکانی کوردستان ڕاگەیاند و ڕوبەڕوی یەکێتی بوونەوە. دواتر لە دیسەمبەری هەمان ساڵدا گروپەکە لەتەك گروپی ئیسلاحی مەلا کرێکاردا یەکیانگرت و پێکەوە ئەنسارولئیسلامیان ڕاگەیاند. ئیدی لە ژێر ئەم ناوەدا درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا و تێکڕا مەلا کرێکاریان وەك ئەمیری خۆیان دیاریکرد.31 ناوەندی دەسەڵاتی ئەم گروپە لە ناوچەکانی تەوێڵەو بیارەی نزیك بە هەڵەبجەی سەر بەپارێزگای سلێمانی بوو، کە لە نزیك سنورەکانی ئێراندایە.32 هەروەك پێشوتر ئاماژەیپێدرا هەریەك لە جوندو ئەنسار چەندین ئەندامیان لەخۆگرتبوو، کە سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بوون.

گروپەکە زێدەتر لەژێر هەژمونی ئایدیا جیهادییەکانی وڵاتی سعودییەدا بوو. زیاتر پشتبەستوو بوون بە شرۆڤەی حەرفی تێکستەکانی قورئان و نەزم و نەریتی پێشینەکانی ئیسلامەوە. جوندولئیسلام ڕایگەیاندبوو ئەوان نیازیانە هەژمونی سیکۆلارەکان لە خاك و قەڵەمڕەوی ئیسلامیدا بوەستێنن و سنوریان بۆ دابنێن. ئامانجی گروپەکە فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە بوو، کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی وەك ئەرکێکی سەرەکی ڕەچاویاندەکرد. هاوکات جیهادیان دژ بە تەواوی عەلمانی و نەتەوەییەکان ڕاگەیاندبوو.33 هیومان

رایتس وۆچ لەمیانی سەردانی ناوچەکەدا لە دیسەمبەری 2002دا بەمجۆرەی خوارەوە رەوشی ناوچەکە دەخاتە پێشچاو:

لە 8ی سێپتەمبەری 2001دا، دروست هەفتەیەك پاش راگەیاندنی گروپەکە، جوندولئیسلام چەند رێوشوێنێکی بڵاوکردەوە: لەوانە داخستنی تەواوی کوچەو دوکانەکانی شار لەکاتی بانگداو ئامادەبوونی تەواوی خەڵکی لە مزگەوتەکاندا لەکاتی نوێژەکاندا، هەموو ئەمانە بەتۆپزی بەسەر خەڵکیدا جێبەجێدەکران. باڵاپۆشی ژنان و جلوبەرگی نەریتی وەك عەباو پەچە بۆ تەواوی خانمان. هێشتنەوەی ریش بەشێوەیەکی تۆپزی بۆ تەواوی پیاوان و هاوکات جوداکردنەوەی ژن و پیاوان لەیەکتریی و رێگریکردن لە کچان و خانمان بۆ ئەوەی بچنە بەرخوێندن و ئیشوکاری دەرێی ماڵ. نەهێشتنی وێنەی خانمان بە روپۆشی شتومەك و کەلوپەلەکانی نێو بازاڕەوە. هاوکات دەستگرتن بەسەر ئامێرە مۆسیقییەکان و قەدەغەی مۆسیقاو گۆرانی و ئامێرەکانی سەتەلایت و تەلەفزیۆن. جگە لەوەش جوندولئیسلام رایگەیاندبوو، سزاکانی ئیسلام بەسەر هەموو ئەوانەدا جێبەجێدەکات، کە تاوانی وەك زیناو خواردنەوەو دزی ئەنجامدەدەن، کە خۆیان دەبیننەوە لە رەجمکردنیان بەبەرد، یاخود لێدانی جەڵد.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە پاش ئەوەی جوندولئیسلام لە دیسەمبەری 2001 خۆی هەڵوەشاندەوەو ئەنسارولئیسلام پێکهات ئیدی لەلای خۆیانەوە بڕیاری ئاگربەستیان راگەیاند. پاشان دەستیاندایە دانوستان لەتەك یەکێتیدا و ئامانجیان بوو لە دانوستاندا بگەنە رێکەوتنێکی

سیاسی. بەڵام لەهەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی بەرهەم ساڵح لە ئەپرێلی 2002دا، کە ئەوکات سەرۆك وەزیرانی حکومەتە خۆجێیەکەی یەکێتی بوو، ئەو روداوە بووە هۆی هەڵپەساردنی دانوستانەکان. دواتر لەمانگی شەشی 2002دا هەوڵی دانوستانەکانی ئەنسارو یەکێتی زیاتر هەوڵێکی ئەنسار بوو بۆ خۆتەرخانکردن بۆ نانەوەی پشێوی و دەستوەشاندنی زێدەتر.34

هەرچەندە پاش دەستگیرکردنی مەلا کرێکار لە فڕۆکەخانەی تاران و پاشان رادەستکردنی بەهۆڵەندا لە 2002دا، ناوبراو نکوڵیکرد لە هەر پەیوەندیەکی بە رێکخراوی قاعیدەو سەدامەوە، هاوکات نکوڵیکرد لەوەی گروپەکەی سەرقاڵی بەهەمهێنانی گازی کیمیایی بێت لەناوچەکەدا، وەلێ کۆڵن پاوڵ لە مانگی 2ی 2003دا بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکانی وتبوو، کە ئەنسارولئیسلام رۆڵی بنچینەیی هەیە لە رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئوسامە بن لادنی رێکخراوی قاعیدە لەتەك رژێمی سەدام حوسەیندا. ئیدی پاش وتارەکەی کۆڵن پاوڵ بەخێرایی و بەفەرمی ئەمریکا ئەنساری وەك گروپێکی تیرۆریستی ناساند.35

پاش لێدانی گروپەکە لەلایەن ئەمریکاوە، لە ساڵی 2003دا هێزەکانی یەکێتی توانیان دەستبگرنەوە بەسەر ناوچەکەداو بەتەواوی هێزی گروپەکە لەهەرێمەکەدا تێکبشکێنن. ئیدی گروپەکە کەوتنە چالاکی نهێنی و پەرتوبڵاو و دەستیان لەتەك قاعیدەدا تێکەڵکردو هەندێك کاتیش لە کوردستاندا کاری تێرۆریستیان ئەنجامدەدا.

**2. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان**

پاش زیادبوونی ناکۆکییەکانی بزوتنەوەی یەکبوون لە دواین کۆنگرەدا، ئیدی لە 25ـ5ـ2001دا هەندێك لە ئەندامانی شورای بزوتنەوە راگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوەو تێیدا خۆیان وەك کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان راگەیاندو عەلی باپیریشیان وەك ئەمیری کۆمەڵەکە دیاریکرد. پاش چەند مانگێکی کەم، هەندێك لەو کەسانەی کە لەململانێکانی نێو بزوتنەوەدا بێلایەن بوون، چوونە پاڵ کۆمەڵی ئیسلامی، ئەوان سەردارەکەیان شێخ موحەمەد بەرزنجی بوو، ئیدی ئەو وەك رابەری رۆحی کۆمەڵەکە دەستنیشانکراو عەلی باپیریش لە پێگەکەی خۆیدا مایەوە. عەلی باپیر سەرکردەیەکی سەبازی نێو بزوتنەوە بوو، ئەو پاش ئەوەی لەکۆنگرەی یەکبووندا سەرکەوت، مەلا عەلی عەبدولعەزیز بە ئاکامەکانی کۆنگرە ملی نەدا، هاوکات پشێوی و رکابەری دێرینیش لەنێوان عەلی باپیرو خانەوادەی مەلا عەلیدا بوونی هەبوو، هەربۆیە عەلی باپیرو هاوەڵەکانی بڕیاری جودابوونەوەیان دا لە بزوتنەوە.36 پاش ئەوەی عێراق کەوتە ژێر دەستی بەریتانی و ئەمریکییەکانەوە، عەلی باپیرو سێ لە هاوەڵەکانی لەتەك پاسەوانەکانیان لە رێگەدا بۆ دانوستان لەتەك ئەمریکییەکان لە 2003/7/10 دەستگیرکران.

عەلی باپیر پاش مەرەخەسبوونی لە زیندان لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: لەتەك بەعسییەکاندا لە زیندانی کوپەردا بووم، تەنانەت سەدامیش لەوێندەر بوو. وەختێکیش

ئازادکرام، واژۆی ئەو نوسراوەم نەکرد کە منی وەك بەعسیی ناساندبوو، چوون من تەنها کەسێك بووم لە کوردستان برایەکی خۆم لەبەر ئەوەی بەعسی بوو کوشتبووم.37

ئەم پارتە لەروی هزرییەوە سەر بە قوتابخانەی وەهابییەکان بوو، وەلێ لەروی سیاسییەوە لەتەوەرەی ئێراندا خۆی دەبینیەوە.38 عەلی باپیرو گروپەکەی لە ئێستادا گروپێکی میانەڕەون و لە کێبەرکێی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا بەشداریدەکەن، وەلێ ئەو لەسەرەتادا باوەڕی بەدیموکراسی نەبوو، پێیوابوو دیموکراسی و ئیسلام دانویان پێکەوە ناکوڵێت و دیموکراتی سیستمێکی ناشەرعی و ناڕەوایە.39 کۆمەڵ پاش جەنگی عێراق چەکەکانی خۆی رادەستکرنەوەو رایانگەیاند، کە ئەوان لەتەك ئەو گروپانەدا هەماهەنگی ناکەن، کە نەیاری ئەمریکان وەکو ئەنسار. ئێستا بەشێوەیەکی رێپێدراو لە کوردستان بەتایبەت لە سلێمانی و رانیەدا مژوڵی چالاکی سیاسییە.40 هاوکات دارای چەند ئەندام پەرلەمان و نوێنەرێکە لە کوردستان و عێراقدا.41

**3. بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان**

بزوتنەوەی ئیسلامی پاش هەڵوەشانەوەی یەکبوون ئیدی گەڕایەوە سەرناوەکەی پێشوی و مەلا عەلی عەبدولعەزیز وەك رابەری گشتی مایەوە. ئەم هێزە لەپاش مەرگی مەلا عوسمان لەساڵی 1997دا رابەرەکەی و حزبەکە وەك حزبێك یان وەك چەترێك بۆ تەواوی جوڵانەوە ئیسلامییەکەی کوردستان نەمایەوە، مەلا عەلی نەیتوانی ئەو کارێزما رۆحییە بێت، کە هەموان لە سەهەندیدا ملبدەن. ئەو لەپاش یەکبوون بزوتنەوەکەی بزوتنەوەیەکی لاواز مابوویەوەو هەر

ئەویش هۆکاری جودابوونەوەکان بوو.42 پاش کەوتنی عێراق هێزەکانی ئەمریکا مەلا عەلی و 14 هاوەڵی دەستگیرکرد، وەلێ پاش ماوەیەك مانەو لە زینداندا تێکڕا ئازادکران. ناوبراو لەساڵی 2007دا کۆچی دوایی کرد، پاش ئەو مەلا سدیقی برای، کە پێشتر رابەری بزوتنەوەی راپەڕین بوو، بووە رابەری گشتی بزوتنەوەکە. بزوتنەوە لە زەمینەی سیاسی کوردستاندا رێپێدراوەو بەشداریی لەهەڵبژاردنەکاندا دەکات، وەلێ پارتێکی لاوازەو زیاتر لەدەڤەری هەڵەبجەو دەوروبەری تا ئەندازەیەك خەڵکی بەدەورەوەن. هاوکات پەیوەندییەکانیشی لەتەك ئێراندا جێگیرو باشن.

بەکورتی دابەشبوونی جوڵانەوەی ئیسلامی لەم دابەشکارییەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان دابەشدەبێت بەسەر گروپە وابەستە گچکەکانی شیعەی فەیلی و سوننەدا، هەروەها بەشێکی سەرەکیشی ئیخوان موسلمین و رادیکاڵەکانی نێو بزوتنەوەی ئیسلامین. بزوتنەوەیش لە مێژوی خۆیدا دابەشبووە بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەوانەی لێی جودابوونەتەوە لەتەك یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان.

### فاکتەرە سەرەکییەکان لە دەرکەوتنی بزوتنەوەدا

مێژوی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە، کە لە بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دیکە جودای دەکاتەوە. لە عێراقدا سێ رەوتی ئیسلامی کە شیعەو سوننەو کوردن بوونیان هەبوو، هەندێك کات وەك یەك

و هەندێك كاتیش جودا بوون، وەلێ ریشە سەرەكییەكانی جوڵانەوەی ئیسلامی لە كوردستان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم هۆكارانەی خوارەوە: داگیركاری بەریتانیا لە روانینی شیعەو هەڵوەشانەوەی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی لە روانینی سوننەدا هاوكات سەركوتی شیعەو لاوازییان لە بەشداری لە عێراقدا بەتایبەتی دوای راپەڕینی 1920 هەموو ئەوانە مایەی جوڵانەوەی ئیسلامیبوون لەناو شیعەو سوننەدا، وەلێ جوڵانەوەی ئیسلامی لە كوردستاندا جیا لەو زەمینەو هۆكارەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆكار: یەكەم جەنگ لەدژی حكومەتی ناوەندی بۆ نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی و چەسپاندنی یەكسانی، لەگەڵ رێگریكردن لە زیادبوونی تەوژمی عەلمانییەت و بوژانەوەی ئیسلام لە كوردستاندا. بەبەراورد بە كۆمەڵگەی شیعەو سوننە، ئیخوان موسلمین كاریگەری زۆری لەنێو جوڵانەوەی ئیسلامی كوردیدا هەبووە، چوون كۆمەڵگەی شیعەنشینی كورد لە كوردستان گچكەتربوو وەك لەوەی لە عێراقدا عەرەبی شیعە زۆرینەیە.

فەلسەفەی سەرەكی چالاكی پارتە ئیسلامییە سونییەكان و ئیسلامیزم لەم كاتەدا بریتییە لەگەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیی، كە لەسەر دەستی هێزە سیكۆلارەكان كۆتاییپێهاتوە. هەربۆیە جێبەجێكردنی یاساكانی ئیسلام ئامانج و بابەتی سەرەكی جوڵانەوە ئیسلامییەكانەو لەو میانەشدا جوڵانەوەی ئیسلامی كوردی هەمان دیدی دانەبڕاوی هەیە. دیارە چەند هۆكارێك وادەكات بزوتنەوە ئیسلامییەكان لە كوردستان

جیاوازی و تایبەتمەندییان هەبێت لە پارتە ئیسلامییەکانی تر لە عێراق، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەروی نەتەوەییەوە جیاوازن و هاوکات کوردەکان زیاتر بندەستی رژێمی ناوەندی بوون، مافی نەتەوەییان دەخوازێت جودا بن لە ئامانجدا، بەتایبەتی پاش کیمیابارانی هەڵەبجەو نەبوونی هاوسۆزی ئیخوانە سونییەکان، ئیدی رێگەی جوڵانەوەی ئیسلامی جودابوویەوەو تایبەتمەندی خۆی وەرگرت. هەروەها لە ساڵی 1991دا جوڵانەوەی ئیسلامی پێچەوانەی عێراق بواری بۆ رەخساو زەمینەی سیاسی لەبەردەمدا کرایەوە. هەروەها بەپێچەوانەی پارتە ئیسلامییەکانی عێراقەوە لە کوردستان ململانێی شیعەو سونەنییە، بەهۆی گەشەی دیموکراتی و رەوتی زاڵی سیکۆلارەوە زەمینە بۆ هەمووی رەخساوە، تێکڕا چەپ و راست وسیکۆلارو ئیسلامی لە کێبڕکێی سیاسیدا بن.

بەبۆچوونی زانایان فەلسەفەی جوڵانەوەی ئیسلامی کورتکراوەتەوە لە پێنج ئامانجدا، لەو پێنج ئامانجە زێدەتر هیچ نییە، ئەوانیش بریتین لە: پارێزگاری لە باوەڕ، ژیان و رۆح، پاراستنی نەوەو وەچەکان، پاراستنی سەرو ماڵ و ژیریی و دانایی مرۆڤ. لەسەر ئەو بنەمایەیش ئەو جوڵانەوانەو ئەو پارتانە بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و مافە نەتەوەییەکان پاساوی بوونی خۆیان دەهێننەوە. لەراستیدا جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان وەك چۆن لەژێر کاریگەری جوڵانەوەی دەرەوەی عێراق لەوانە سەلەفی و جیهادی و رادیکاڵەکان بوون بەو جۆرەیش خۆی لە جوڵانەوەی سونی و شیعەی عێراق دانەبڕاند. تایبەتمەندی

جوڵانەوەی کورد بەجۆرێك بوو، جیاوازبوو لە جوڵانەوەی ئیسلامی ئەو نەتەوانە، ئەوان کێشەی نەتەوەییان نەبوو، بەڵام ئیسلامییە سونییەکان خواستی یەکسانی و شوناسی نەتەوەییان هەبوو، دەیانخواست وەك نەتەوەکانی موسڵمانی تری دونیا مافی نەتەوەییان هەبێت. هەر ئەمە بوو وایکرد لەگەڵ جوڵانەوەی شیعەدا بەپێچەوانەی ئیسلامییەکانی تر نزیك بن. چوون لەروی سیاسییەوە ئامانجی هەردوولا دژایەتیکردنی رژێمی سەرکوتکاری بەعس بوو.

## بەکورتی

**لەم توێژینەوەیەدا سێ ئاڕاستەی جیاواز لەنێو رەوتی ئیسلامیی کوردیدا بەدیکرا:**

**یەکەم:** رەوتی ئاینی و نەتەوەیی، کە ئەمڕۆ لەناو یەکگرتوی ئیسلامیدا دەبینرێتەوە. ئەم پارتە پارتێکی میانەڕەوەو زیاتر لێبوردەیی هەیەو لەتەك دیموکراسی و کۆمەڵگەی مۆدێرندا دەساچێت. وەکو باسکرا ئەم پارتە باوەڕی بەخەباتی چەکداری نییەو نەبووە. شۆڕبوونەوەی ئەم پارتە بۆناو دامەزراوە مەدەنییەکان لەوانی دیکە زۆر زیاترەو نوێنەری راستەقینەی نەزمی ئیخوان موسلمینەو رابەرە بەراییەکانی وان لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەو تیۆرە بەراییەکانی ئیخواندا. ئەوان رێزی هێزو بیرکردنەوەی تری جیاوازی نێو کۆمەڵگە دەگرن. پێچەوانەی ئیسلامییەکانی

دیکە رایانگەیاندوە، کە خواستی دیموکراسییان هەیەو رۆڵیان لە دیموکراسی عێراقی پاش سەدامدا هەبوو. هەروەها بە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی دیکەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی داکۆکیدەکەن. هەروەها پێیان وایە دیموکراسی هیچ دژایەتییەکی قورئان و سوننەتی تێدا نییە.

**2. بناژۆ رادیکاڵە ئیسلامییەکان**

ئەم گروپانە دروست بە پێچەوانەی یەکگرتوی ئیسلامییەوە بروایان بە بەشداری سیاسی نییە لەتەك پارتە سیکۆلارەکان، دیموکراسی بە پێچەوانەی شەریعەت دەزانن. نمونەی ئەوان ئەنسارو گروپە رادیکاڵەکانەو زۆرجار بە لقی قاعیدە ناودەبرێن، ئەوان دروست حوکمێکی وەك تاڵیبانیان دەوێت و خۆیان بە سەلەفی و جیهادی دەناسێنن، لەپاش لێدانی رژێمی بەعس 2003 لە کوردستاندا بونیان نەماوە.

3. فەندەمێتاڵە ناوەندو ترادیشناڵەکان

ئەم رەوتانە وەك کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی وان، خۆیان لەنێوان ئەنسارو یەکگرتودا دەبیننەوە. ئەم رەوتانە سەرسامن بە ئیخوان و لێرەو لەوێیش بیری سەلەفیزم بەتایبەتی خەونی جیهاد لەسەریاندا زیندوە. ئەوان باوەڕیان بەجیهاد هەیەو لە ئەدەبیاتی حەسەن بەناو سەید قوتبدا نکوڵییان نییە، وەلێ هەلومەرجەکە وایکردوە سازاون لەتەك نەزمی سیاسی و دیموکراسیداو چالاکیدەکەن.

پەراوێزەکان:

1- (Khorramshad, 2005).

2- (Saifzadeh, 2001, 69).

3- (Nazimyan, 2003, 87).

4- (ibid., 91).

5- (ibid., 38).

6- (Kakei, 2013).

7- (Mardokhi, 2004).

8- (Jamal, 2004).

9- (Mardokhi, 2004).

10- (Jamal, 2004).

11- (ibid).

12- (Nazimyan, 2003, 269 - 75)

13- (Mardokhi, 2004).

14- (Nik Anjam, 2003).

15 (Kakei, 2013).

16- (Nik Anjam, 2003).

17- (Kakei, 2013).

18- (The report of HRW, 2002).

19- ئەزمونی سیاسیی ئەو دوو ڕەوتە، واتە بیرکردنەوەو کاری مەلا کرێکارو عەلی باپیر، ئەو زانیارییەی سەرەوە دوپاتناکاتەوە، چوون مەلا کرێکار کە سەر بە ڕەوگەی جیهادییەو بناژۆیەکی تەواو سونیگەرایە، بەدەگمەن ستایشی ئێرانی کردوەو دواتریش ئێران قۆڵبەستیکردو ڕادەستی خۆرئاوای کردەوە. وەلێ ئەوەی لەبارەی عەلی باپیرەوە وتراوە نزیکە لە ڕاستییەوە. عەلی باپی بەشێوەیەکی سیاسیی هەمیشە لەتەك ئێراندا سازو لەبار سیاسەتی کردوە. (وەرگێڕ).

20- (Kakei, 2013).

21- ئیخوانی کوردی بەپێچەوانەی ئیخوانی دونیاوە پابەندترن بەمیسرەوە، بەڵام لاوازتر نومایاندەبن، لەبەهاری عەرەبیدا بەپێچەوانەی هەمو لقەکانەوە، تەنها لە کوردستاندا کەساس و بێ زەوقییەك بە یەکگرتوی نوێنەری ئیخوانەوە دەبینرێت.

یەکگرتو ئێستایش ئەندامانی گۆشدەکرێن بە گوتارەکانی دکتۆر موحەمەد بەدیعی ئەمینداری گشتی و محەمەد مەهدی عاکفی رابەری پێشوی ئیخوان و ئیبراهیم مونیری میسری، کەدانیشتوی لوبنانەو وتەبێژی ئیخوانە لە ئەوروپاو دکتۆر راشید غەنوشی رابەری راپەڕینی ئیسلامی تونس. ئەم پابەندیەی یەکگرتو بەم بیرمەندانەوە پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبیە لەوانە وڵاتانی کەنداو و سعودیە، کە پابەندبوون بە ئیعازی ئیخوانەوە بوو، بە کارێکی نەشیاو لە ئەدای کاری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەوەشدا جموجوڵی ئیسلامیان بەهێزتر دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە تا ئێستاش بێجگە لە هاریکارییەکی دارایی نارون و پڕ لە تەم و موعەمما هیچ بەرژەوەندیەکی تر لە نێوان ئەم دڵدارییە سیاسییەی نێوان ئیخوان و یەکگرتودا نابینرێت. (وەرگێڕ).

22- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەماوەی راگەیاندنی خۆیدا، حەوت کۆنگرەی ئەنجامداوە، یەکەمین کۆنگرەی لە (1994/4/1)، کۆنگرەی دووەمی لە (1996/8/20)، کۆنگرەی سێیەمی لە (1999/9/3)، کۆنگرەی چوارەم لە(2005/4/30)، کۆنگرەی پێنجەمی لە (2008/8/1)، شەشەمیان لە (2012/5/1) دا بوو. سەرلەبەری کۆنگرەکانیش لەشاری هەولێر بەستراون و گردبوونەتەوە. یەکگرتوی ئیسلامی لە کۆنگرەی شەشەمدا وەك ئەوەی میدیای کوردیی بەگشتی و میدیای خۆیان، واتە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان بەتایبەتی پەخشیکرد، هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە روی رامیارییەوە پەیڕەو پرۆگرامەوە، دوا کۆنگرەیشی لە 2016دا بوو. (وەرگێڕ).

22- (Nik Anjam, 2003; Jamal, 2004).

23- (Nik Anjam, 2013).

24- (Yakgrtu weekly, 2014)

25- (Nik Anjam, 2003).

26- (Nik Anjam, 2003)

27- (Kakei, 2013).

28- (Mahmoudi, 2005).

29- (Mahmoudi, 2005; Kakei, 2013).

30- (The Report of HRW, 2002; Mardokhi, 2004).

31- (The Report of HRW, 2002).

32- (ibid.).

33- (ibid).

34- (Kurdish Islamic Movement, 2003).

35- (Nik Anjam, 2003).

36- (The news of release…, 2005).

37- (Kakei, 2013).

38- (Jamal, 2004).

39- (komall.org, 2005).

40- (komalnews.net, 2014).

41- (Nik Anjam, 2003).

References:

Jamal, Hiwa (November 29, 2004). An Islamic Political Current in Iraqi Kurdistan. Retrieved from http://The tharwa project-file://D:ج Docume~1جAdmin~1جLocals~1جTempجxkqw60tz.htm (last accessed 2005).

Kakei, Saed (2013) „The Islamic Movement of Kurdistan: From conflict to cooperation. Retrieved from http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc20133//state6950.htm (last accessed January 13, 2014).

Khorramshad, Mohammad Bagher (2005). The Booklet of 20th Century Islamic Movements, Tehran: Law and political Science college, Allameh Tabatabai Univercity.

Mahmoudi, Mohsin (26 February 2005). Ansar Al-Islam, a Terrorist Group or Follower of True Islam! Aso Weekly, N. 86.

Mardokhi, Ibrahim (23 august, 2004). In the Forum of „Islam, politics and secularism Rojhelat Weekly, first year, N. 14, pp. 89-.

Nazimyan, Reza (2003). The Contemporary Political Trends of Iraq, the cultural institute of Karaj: Ketab and Etrat.

Nik Anjam, Hiwa (2003). Kurdistan Islamic Union; the Kurdish Islam in difference discourse. Rwanga, forth year, N. 16, pp. 235-.

Saifzadeh, Hasan (2001). Iraq, Structures and Process of Political Trends, first edition, Tehran: Dayreh Sefid.

The report of Human Right Watch on Ansar al-Islam in Iraqi Kurdistan (2002). Retrieved from http://www.hrw.org/legacy/ backgrounder/ mena/ansarbk020503.htm (last accessed January 13, 2014).
General Information About KDP. Retrieved from http://www.kdp.se/?do܁what (last accessed January 14, 2014).
History: Patriotic Union of Kurdistan (PUK). Retrieved from http://www.pukpb.org/en/meju (last accessed January 14, 2014).
Yakgrtu weekly. Retrieved from http://www.yakgrtu.org/(last accessed January 15, 2014).
371 formal newspapers and magazine exist in Kurdistan region. Retrieved from http://www.chatrpress.com/(A(gDf05BJuzgEkAAAANzJkOTE2NTUtODMzMS00OWUyLTlhOTQtY2E4MGY3ZWYzNTYw0Du6HBosKTCg85lq_cX0GZSxTs1))/Detail.aspx?id849܁&LinkID3܁&AspxAutoDetectCookieSupport1܁(last accessed January 15, 2014).
Kurdish Islamic Movement (13 January, 2003). Media reports. Retrieved from http://news.bbc.co.uk file://A:Lislamic-L.htm (last accessed April 2005).
Komal, Political newspaper and the Organ of Kurdistan Jamaat-i-Islami Party (22001/6/). N. 1, 1. Retrieved from www.komall.org (last accessed April 2005).
The news of release of Mala Ali Bapir. Retrieved from http://www.komall.org (last accessed April 2005).
www.komall.org (last accessed, April 2005).
http://komalnews.net/ (last accessed January 17, 2014).
The News of arrest of the leader of Islamic Movement in Kurdistan. Retrieved from http://newssearch.bbc.co.uk/cgi-bin (last accessed April 2005).

# سەلەفیزم
# لە کوردستانی ئێران

نوسینی هاوژین بەغەلی

# بەشی یەکەم

## هەڵسەنگاندنی گشتی

**- خستنەڕووی پرسەکە**

پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی چەند وڵاتێکی گچکە و سەربەخۆ و دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار بەش بەسەر هەریەك لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا، بوونی کورد بە کەمینەیەکی نەتەوەیی لەناو ئەو وڵاتانەدا، ئیدی کوردەکان لەمەڕ مافەکانی خۆیان هەستیاربوون، هەربۆیە لەپێناو بە دەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان کەوتنە خۆیان.

لەهەمانکاتدا شکستی کاوەخۆی ئەو چوار وڵاتە لە رەوگەی پێشکەوتنەکانیانداو رەوش‌و رەونەقی ستەمکاریی دەسەڵاتداران، خەڵکی دوچاری قەیرانگەلێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کردوە و ئیدی کاربەدەستان لەوەدا سەرکەوتونەبوون، کە کوردان کەمەندکێشی سیاسەتەکانیان بکەن. هەربۆیە دامەزراندنی گروپ و تاقمی ئاینی و نائاینی بووە دەرکەوتەیەکی لەبار بۆئەوەی خۆیان لە بازنەی نەیارییەتی وڵاتەکانیان ببیننەوە. ئەم گروپانە بەردەوام خاوەن بنکەیەکی بەهێزو پتەو بوون لەنێوان خەڵك و بەشێکی گرنگترینی سەرچاوەی شوناس‌و سروشتی خەڵکی بوون.

هەموو ئەو وتارانەی لەسەروبەندی بوونی ئەم گروپانەدا وەك و ئەمڕۆ بوونیان هەبووە، بەسەر سێ بەش دابەشدەبن:

1. **گوتاری ناسیۆنالیستی:** ئەم گوتارە لە(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە کوردستانی ئێراندا خۆی دەبینێتەوە، کە ساڵی (1945) دامەزراو دواتر پارتەکە ناوی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، تاوەکو ئێستا (2010) لە سنورەکانی دەرەوەی ئێراندا مژوڵی چالاکین و ئەوان سیستمی فیدراڵی بۆ ئێران و برەوی دیموکراسی لە وڵاتدا بە تەنها چارەسەری ئاریشە هەنوکەییەکان دەزانن.

2. **وتاری سۆشیالیستی:** ئەم وتارە لە حزبی کۆمەڵە (1969)دا خۆی دەبینێتەوە، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی کۆمۆنیستی ئێران و تا ئێستا (1389) لە دەرەوەی وڵاتی ئێراندا سەرگەرمی چالاکییەکانیانن. ئەم گروپەش خاوەن

روانگەی کۆمۆنیستی و نێونەتەوەین، خوازیاری دادپەروەری کۆمەڵایەتیو جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، دورخستنەوەی ئاین لە دەستێوەردانی میری بەسەرچاوەی چارەسەری گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دەزانن.

**3. وتاری ئیسلامگەرایان:** ئەم وتارە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەحمەدی موفتی زادەوە پێشنیازکراو هاتەگۆڕێ، ئەویش بە چێکردنی چەندین قوتابخانەی ئاینی لە شارەکانی سنەو مەریوانەوە دەستپێیکردو دروست لە سەروبەندی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەرکەوتن. ئەم قوتابخانانە شێوەی زیاتریان لەخۆدا بەرجەستەکرد، بەتایبەت وەختێك لەچوارچێوەی دوو گروپی تایبەتمەندتر دەرکەوتن، ئەوانیش گروپەکانی مەکتەب قورئان و گروپی جەماعەتی دەعوەت و ئیسڵاحی ئێران یان هەر گروپی ئیخوانی موسلمینی ئێران بوون و ئیدی لەژێر ئەو ناوانەدا درێژەیان بەبوونی خۆیان دا. لە ئێستادا هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی تاڕادەیەك ئاشکرا بوونیان هەیە (هەرچەند لە روی یاساییەوە مۆڵەتییان نییە، بەڵام لەلایەن میرییەوە چاوپۆشی لە کارو چالاکی و بوونیان کراوە). هەموو ئەم تەرزە هزرییانە داکۆکی لە بنەماکانی ئیسلام و سەرچاوەکانی قورئان و سوننەت دەکەنەوە وەك سەرچاوەی سەرەکی یاساکان. لە سیمای هاوبەشی تەواوی ئەم گروپانەشدا رویەکی شێوە کوردایەتی و نەتەوەگەرایی دەخوێنرایەوە. بەڵام پاش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق و دروست لە دەستپێکی دەیەی نەوەدەکاندا وتارێکی تری خۆرئاواگەرا خزایە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە. ئەم گوتارە

تێیدا هەردوو پارتی کوردی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هۆکاری پەڕینەوەی بوون. هاوکات وتارێکی تری ئیسلامی بناژۆ و رادیکاڵ لە گروپێك بە ناوی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە رۆڵیگێڕا تا لە رۆژهەڵات بناسرێت، هەر ئەم گروپە دواتر بۆخۆی دابەشبوو بەسەر چەندین دەستەو تاقمی جیاجیادا. دیارە پاش ئەوەی هەردوو پارتی کوردیی لە باشوری کوردستان، پارتیو یەکێتی باڵادەست بوون، ئیدی وتاری خۆرئاواگەرایی بەشێوەیەکی بەربڵاو روی لە رۆژهەڵات کرد. لەگەڵ کرانەوەی سنورەکان بە روی یەکتریدا ئیدی لەباشوری کوردستانەوە کوردانی رۆژهەڵاتیش ئاشنابوون بە فلیمە هۆلیۆدی و بالۆدییەکان و چەندین جۆری خواردنەوەی کحولی و چەندەها شێوەی ژیانی ئەنتەرتاینمێنتی مۆدێرنە و کوردانی ئێران ئاشنابوون بە ستایلو نەزمی نوێی ژیانی خۆرئاوا. چوون هەردوو پارت پاش شکستی سەدام لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە 2003دا، ئیتر زیاتر بە روی خۆرئاوا و نەزمی خۆرئاواییان لە ژیانی سیاسی خۆیاندا رەنگیدایەوە. کوردستانی عێراق پاشان بووە ئارامترین ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیدی بووە ناوەندێك بۆ کاری کۆمپانیاکان و سەرمایەگوزارییەکی بەرینی تێدا خرایەگەڕ و لەروی ئابوریەوە شکۆمەیەکی خێرای بە خۆیەوە بینی. هاوکات بوونی حکومەتێکی کوردی زەمینەی رەخساند تا کوردانێکی نەیار بە حکومەتەکانیان ساڵانێکە لە ئەوروپا ژیان بەسەردەبەن، بگەڕێنەوە ناو ئەو حکومەتە کوردییە. ئیدی سەرمایەیەکی مرۆیش رویکردە ناوچەکەو هەولێر وەك پایتەختی ئەو هەرێمە

دیاریکراو بووە ناوەندێکی فەرهەنگیش بۆ تەواوی کوردان. ئەمە بووە هۆکارێك تا کوردانی ئێران بەشێك لە خەونەکانیان لەو ناوەندەوە سەرچاوەبگرێت و لەروی هزرییەوە هێزێکی نوێیان بەبەردابێتەوە. لەگەڵ ئەو وتارە خۆرئاواگەرییەدا وتارێکی دی سەردەکێشێتە ناو، کە ئەویش وتاری سەلەفیزمەو دیسان لە کوردستانی باشور دەپەڕێتەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات. دیارە لە پاش (11)ی سێپتەمبەری 2001 و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، رەوشێکی تری هزریی تەواو جیاواز لە گوتارەکانی رابردو سەردێنێتە نێو تاقمە هزرییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەو رەوتە بە رەوتی سەلەفی ناسراوە و بە هیچ جۆرێك توخنی تاقم و تەیارە نەتەوەییەکان ناکەوێت و بە دروستی خۆیان لە چوارچێوەی تاکێکی موسڵمان ئاشنادەکەن و دەناسێنن. هەر لەم چەند ساڵانەی دواییدا نەوارو کاسێتی لاوە کەم تەمەنەکان وەك بانگخواز، کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجەوە پەخش دەبوون لەناو کۆمەڵگەی کوردستانی رۆژهەڵات دەستاودەستیان پێدەکراو لەو نەوارانەدا بەسەختی هێرش دەکرایە سەر مەلا سونەتییە کلاسیکییەکان و ئەدەبیات و بەندایەتی و نەزمی ئایندارییان بە پڕ لەبیدعەو خورافیات لەکەدار دەکرا. ئیدی وردەوردە لە رۆژهەڵات، لەسەرەتاوە لە شارە سنورییەکانەوە و دواتر بۆ شارەکانی دی، لاوانی ریشدار و شەرواڵ کورت و کراس سپی و خانمانی باڵاپۆش و دەسکێش لە دەست دەردەکەون و دەبنە دیاردە. هەموو ئەوانە پێیاندەوترێت سەلەفی، چونکە باوەڕ و ئیمانیان

دروست وەك سەلەفییەكانی سعودییە وەهایە. ئیدی وردەوردە تایبەتمەندی و جیاوگی ئەوان لەتەك گروپە دینییەكانی تری وەك ئیخوان و مەكتەبیەكان و گروپی جەماعەت و دەعوەی ئیسلاح زیاتر دەردەكەوێت و خەڵكی بەسانایی جیایان دەكاتەوە. دیارە ئەوانیش دەستەیەك نین و لە دونیادا جۆرو سەبكی تایبەت بەخۆیان هەیە، دیارترینیان لەناو كوردا كە ئاشنابوون بە سەلەفییە جیهادی و سەلەفییە ناجیهادییەكان ناسراون. سەلەفییە جیهادییەكان لە تەواوی دونیادا پرسێكی كۆمەڵایەتی نین، بەڵكو لە ئێستادا بوونەتە پرسێكی سیاسی زەق و لە ئەدەبیاتی سیاسی دەسەڵاتدارانی جیهاندا بە تیرۆریست ناویان دەبرێت. ئەمانە زیاتر ئەوانەن بە بۆمب دانان و كردەوەی خۆكوژییەوە مژوڵن و لە كوردستانی عێراق بوونیان هەبووە، لە كوردانی رۆژهەڵاتیشدا كەسانێكیان هەیە لە كردەوە تێرۆریستییەكانی ئەفغانستان، عێراق و پاكستان بەشداربوون، لە زیندانەكانی هاوپەیمانان و تەنانەت گوانتانامۆو ئەبوغرێبیشدا بونیان هەیە. ئەمانە ئێستا مایەی دردۆنگی و دڵخوتخوتەی خەڵكین و نومایانی تاریكی و تەریكین. ئێستا لە كوردستاندا ئەم تاقمە سەرچاوەیەكی شوناسی كۆمەڵایەتین و لەسەر بنەمای باوەڕ و رێبازێكی تایبەت شوناسێكی جیایان بەخۆیانداوە و روئیایان بۆ دین و دونیا تایبەت و بناژۆیە. چۆن ئەم بیركردنەوە لە كۆمەڵگەی كوردستانی رۆژهەڵات شوێنی دەبێتەوە و چلۆن شوناسێكی لەم جۆرە لاوان كەمەندكێش دەكات. دەبێت بەوردی روەكانی ئەم پرسە بخرێنەڕوو و تاوتوێبكرێن.

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیجوری ئەوەدەکات، بۆچی لە ڕۆژهەڵاتدا سەلەفیزم بە ناونیشانی سەرچاوەیەکی شوناسی کۆمەڵایەتی بوونی هەیەو بڵاوبووەتەوە. لێرەدا پێویستە لەسەر شێوەو رەفتار و شوناسی سەلەفییەت بوەستین و روانگە و رەوگەی ئەوان شیبکەینەوە و تایبەتمەندییەکانی تاقمەکان شیکار بکەین و بۆ پرسەکان بیخەینەڕوو.

## پێویستی پرسەکە

سەلەفیەکان لەبەرامبەر پرسەکەدا دەڵێن: ئێمە موسڵمانین و ئەوان لەبەرامبەر پرسی نەتەوەیی و رەگەزی و ناوچەیی هیچ بەهایەکیان نییەو بە وتەی ئامار تیاس شوناسێکی بناژۆیان هەیە و خۆیان بەباڵاترو هەموو ئەوانی دی بە دوژمن و نەیار دەزانن.

ئەم شوناسە بناژۆییە سەلەفییەکانی لەبەرامبەر هەموو ئاینو مەزهەبەکانی دیدا، لەوانە مەسیح و جوەکاندا هێشتوەتەوەو لە ئێستادا کۆمەڵگەی موسڵمانی کورد لەوێندەر لەنێوان گوتاری بناژۆیی موسڵمانانی سەلەفی و گوتارێکی تری نوێگەرای خۆرئاوادا شەنوکەوی کۆمەڵگە و پرسی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن.

لەئێستا دا فۆڕمگرتنی نێوان ئەم دوو وتارە فاکتەری کێشمەکێش و سەرکێشان بەرەو توندوتیژیی دەبێت لە کۆمەڵگەدا، چونکە هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوان سەلەفیزم و خۆرئاواگەرادا نییەو پێکەوە کۆنابنەوە. ئەم رەوشە هۆکاری

تەواوی ڕەواجدانە بە تیۆری جەنگی شارستانییەتەکانی هانتنگتۆن، کە وەك دەستەواژەیەکی سیاسی فرەجار چەمك گەلی وەك جەنگی خاچییەکانیش بەکاردێت، کە دیارە لەپاش ڕوداوی (11)ی سێپتەمبەر بۆشی کوڕ بەکاریهێنا و دواتر لە ئەدەبیاتی سیاسی دنیادا جێگیر بوو. لێرەوە ئەمڕۆ لە نێوان ئەم دوو گوتارەدا ناکۆکی دژوار هەیە و سەلەفییەکان لە وڵاتانی خۆرئاوادا بیری توندوتیژی و خۆکوژی دەکەن و لەبەرامبەریشدا لە تەواوی وڵاتانی خۆرئاواشدا شەپۆلێکی ترس لە ئیسلامگەرایی هاتوەتە گۆڕێ. بۆ نمونە نەیارێتی لەچککردنی خانمان لە فەرەنسا و نەیارێتی بوونی منارەی مزگەوت لە سوید، کە لە میانی ریفراندۆمێکی جەماوەریدا راگەیەنرا، ئەوە لە کاتێکدایە کە لەتەواوی سویدا تەنیا 4 مزگەوت منارەیان هەیە. هاوکات سوکایەتی چەندینجارە بە پێغەمبەر و ئیسلام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك و تویتەر و لە نوسینەکانی وەك ڕۆمان و شانۆنامەکان، هەموو ئەمانە نومایانی ئەو ڕاستییەن، کە ڕوانگەیەکی توندوتیژ لە بەرامبەر موسڵمانان هەیە لە وڵاتانی خۆرئاوادا. نوێنەری ئەو موسڵمانانە بە سەلەفییەکان دەزانن. لێرەوە تێدەگەین تەسکبینی یەکتریی لەمەڕ شوناسی لە مێژینەی خۆیان، هۆکارە بۆ ئەوەی ڕوانگەیەکی توند لە مامەڵەکردن لەتەك یەکتریدا پێکبێت. دیارە ئەم بناژۆییە لەناو سەلەفییەکاندا بۆ خودی ئەو ناوچانەی تێیدان بووەتە سازدەری گرفتی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی. بۆ نمونە ئەوان لە کوردستاندا ڕوانگەیان وەهایە، سنورەکانی هەق و ناهەق فرە بەرونی

دەبینن، خۆیان بە هەق و هەموو ئەوانی تر بە کافر و گومڕاو ناهەق دەزانن. لەبەرئەوە کایەی گفتوگۆ لەنێوان سەلەفییەکان و ئەوانی دی نییە و ژینگەیەکی توندوتیژیان لەنێوان خۆیان و ئەوانی تردا بە دیهێناوە. ئەم شەپۆلی مەزهەبگەراییە لە دەسەڵاتی ئێراندا گرۆی توندوتیژی شیعەیشی بەرهەمهێناوە و نومایانی خۆیان لە نەیارییەتی دانانی پەیکەر لە شارەکان و بڕینەوەی ئەو درەختانەدا بینیوەتەوە، کە خەڵکی بە تەبەڕوکیان دەزانن.

**بۆچی سەلەفییەت بۆتە سەرچاوەی شوناسی کۆمەڵایەتی بەشێك لە کوردانی ئێران.**

تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی پەیوەست بە ناکۆکییە باوەڕی و هەستەوەری و ڕەفتارییەکانی سەلەفییەکان کامانەن؟

لەسەر بنەمای دابەشکاری شوناسی سێ لایەنەی ئەمانوێڵ کاستلز، سەلەفییەکان چ جۆرە شوناسێکیان هەیە؟

ئەگەر سەلەفیزم دارای شوناسی بەرگرییە، ئەوا ئەم شوناسە لەبەرامبەر کام گوتاری باوی کوردستانی ئێراندا خۆی بینیوەتەوە؟

**گروپە ئیسلامییەکان**

پێناسەی دیاریکراوی کۆمەڵناسان لەسەر ئەم گروپانە بەم شێوازو ڕوانینە خراوەتەڕوو: غەنوشی بە وەرگرتنی

له عەبدولئەمیر نەبەوی (2005) بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەمشێوەیە پێناسەدەکات: کۆمەڵە چالاکییەکن، کە بە پاڵنەریی ئیسلامییانە لەپێناو پیادەکردنی ئامانجەکانی ئیسلام و نوێسازیی ئیسلامی لەپێناو کۆنترۆڵ و خۆنومایانکردندا هاتونەتە پێش. زەمینەی کارو بانگخوازی ئیسلامیی زۆرن وەکو ئامۆژگاری، رێپیشاندان، پەروەردەوفێرکردن، بەندایەتی، پەرستن، دامەزراندنی دامەزراوە تەندروستی و فەرهەنگییەکان و خزمەتگوزراییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

هەموو ئەم گروپانەی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمانپێداون ئەوانەن لە سەدەی بیستەمەوە بەنیازی چاکسازی کۆمەڵایەتی خۆیان ناساندوەو بە گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت هاتونەتە پێشەوە.

**سەلەفیزم**

سەلەفیزم دەکرێت وەك رەوتێکی هزری بیهێنینە بەرباس، بە درێژایی مێژو سایەی بەسەر هزرو هێزی بیرکردنەوەی موسڵمانانەوە هەبووە. بۆ نمونە وەهابییەکان، کە تاقمی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابن، ئەم رەوشە سەلەفییەیان لە خوێندنەوەی خۆیاندا بەرجەستەکرد. ئەوان لە کۆتاییەکانی سەدەی دوازدەهەم و دەستپێکی سەدەی سیازدەهەمی کۆچی، وەك ریفۆرمخوازی ئاینی هاتنەپێشێ. لە سەرەتاوە لە سعودییەوە دەستیان بە

ریفۆرمخوازی خۆیانکرد و لە دەروازەی بیروباوەڕی خەڵکییەوە هاتنە ژورێ، ئەوان پێیانوابوو باوەڕی خەڵکی پێچراوە لە گومڕایی و بیدعە و لادان. لە راستیدا ئەوانەی بە وەهابی دەناسرێن، دەکرێت بەشێکبن لەو رەوگەیەی پێیان دەڵێین سەلەفیگەرا. دیارە وەهابییەکان بۆخۆیان نەیاری ناولێنانی وەهابیین و خۆیان بە شوێنکەوتەی سەلەفی ساڵح و پێشین دەزانن. لەبەرئەوە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی سەلەفی کۆکن.

البوطی (1988) لە روی زمانەوانیەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی سەلەفی بەمجۆرە دەناسێنێت. گەر مەبەست لە سەلەف بە واتای زمانەوانی بێت ئەوا واتایەکی زەمەنی دەدات بە دەستەوە چوون بۆ هەرزەمانێك زەمانەکەی پێشخۆی بۆی بە دروست دەزانرێت. چونکە هەموو کاتێك پێشینی کاتەکەی خۆیەتی. هەربۆیە مانای زاراوەی سەلەفیزم بەمجۆرە دەخاتەڕوو: واتای جێگیری ئەو دەستەواژەیە بریتییە لە 3 سەدەی پێشینی ئومەتی ئیسلامی و دەستپێکی سەردەمی موحەمەد (د.خ) دەستپێدەکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر کە بوخاری و موسلیم لە ئیبن مەسعودەوە هاوردویانەو دەڵێت: باشترین خەڵکی ئەم سەدەیەی منن، پاشان کەسانێك لەپاش ئێمە و دواتر کەسانێك دوای ئەوان دێن، پاشتر کەسانێك دێن گەواهی هەریەکەیان سوێندەکانیان و سوێندی هەریەکەیان گەواهییەکەیان دەداتە دواوە. (هەمان: 9)

عەبدولعەزیز سیلی واتای زمانەوانی سەلەفییەت بەمجۆرە شرۆڤەدەکات: دەستەواژەی سەلەف یان پێشین لە کۆمەڵەکانی پێشوەوە سەرچاوەی گرتوەو بەپشتبەستن بەم ئایەتەی قورئان بۆچوونی خۆی خستوەتە روو: «فَجَعَلْنَاهُمْ سَلَفاً وَمَثَلاً لِلآخِرِينَ».

لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە ئەوانمان کردۆتە پێشینەیەکی خراپ تاببنە پەند بۆ ئەوانەی پاش ئەوان هاتون. سەلەف بە زەمەی سین‌و لامیش خوێنراوەتەوە، بە بۆچوونی زەجاج کۆی سەلیف بووە و بەواتای کۆمەڵەکانی پێشو هاتوە. هەروەها دەڵێت ئومەتەکانی پێشو یانی خەڵکانی رابردو، یان پێشینان، بەواتای باوکان‌و مەزنەکان هاتوە، بەڵام لە روانگەی چەمکە ئاینییەکانەوە پێشین بەواتای سەرچاوەی پەیڕەویی دێت هەروەك چۆن شافعی‌و مالکی و ئەبو حەنیفە و ئبن حەمبەل بە پێشینی ئێمە دەناسرێن. بەهەمانشێوەش سەحابە و تابعینیش بریتین لە پێشینانی ئەو پێشەوایانەی مەزهەبەکانی سوننە.

لەسەر بنەمای پێناسەی دەقە ئاینییەکان، سەلەفی بە کەسانێك دەوترێت، کە چاولێکەری لە پیاوانی مەزنی رابردوی خۆیان دەکەن. ئەو پیاوانەی کە لە کاروباری ئاینیدا وەکو مەرجەع تەماشادەکرێن‌و پشتیان پێدەبەسترێت. لە دەقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرینەی ئەوانە بە بونیادگەرا دەناسرێن. دیارە پێناسەی بۆ بونیادگەرایی و گەیشتن بە پێناسەیەکی جێگیر کارێکی دژوارە کاستلز (2009) لە بونیادگەرایی ئاینیدا دوو تایبەتمەندی بەرچاو هەیە:

1. ڕێکخستنی کردار و ڕەفتاری خودو کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یاسا گەلێکی هەڵهێنجراو لە خوداوە، لەسەر ئەم بنەمایەش شوناسێك دێتەئاراوە.

2. شرۆڤەی ئەم یاسا گەلە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەهێزدا. لەسەر بنەمای ئەم شوناسانە دەتوانرێت سەلەفییەت بە ڕەوگەیەکی بونیادگەرایی ناوزەدبکرێت، بەڵام ئەم پێناسەی بونیادگەراییە زۆر گشتگیرە و زۆرێك لە ڕەوتە ئاینییەکانی دنیای مۆدێرن دەگرێتەوە و بەمەش تێکەڵەیەك لەنێوان سەلەفیزم و گروپەکانی دی دروستدەبێت و تایبەتمەندییان ناهێڵێت.

**گروپە ئاینییە کاراکان لە کوردستان**

دەتوانین پۆلێنی گروپە ئاینییەکان لە کوردستان بکەین بە سێ بەشی سەرەکییەوە:

1. گروپە ئاینییە سونەتییەکان: زیاتر داکۆکییان لەسەر بەندایەتی ئیسلام و شەریعەتی نەبەوی دەکردەوەو دوربوون لە هەموو بەندوباوێکی سیاسیی، ئەوان زیاتر پەیوەستبوون بە بان گەشەی تاکەکەسی و ریفۆرمی کەسی و چاککردنی تاکەکان، لەوانە دەروێشەکان و کۆمەڵەی بانگەواز دوو نمونەی بەرجەستەن لە کوردستاندا.

2. ئەم گروپە خۆیان بە کۆمەڵەیەك ناودەبەن، بەڵام زیاتر وەك حزبەکان دەردەکەون و دەرکەوتنیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پاش ڕاپەرینی گەلانی ئێران و زیاتر

داکۆکیکاری بەشدارین لە کاری سیاسیدا. ئەمانە خواستیانە لە بەشداری سیاسیدا بەشداری لە پەرلەمان بکەن و دەسەڵات بەدەستبهێنن و زیاتر بە ئیسلامی سیاسی دەناسرێن. لەوانە لە کوردستاندا بریتین لە مەکتەب قورئانی کوردستان و جەماعەتی دەعوە و ئیسلاحی ئێران.

3. بریتین لە گروپی بونیادگەرای نوێ. ئەمانە داکۆکی لە گەڕانەوە بۆ ئیسلامی سەرەتا و پێشین دەکەن. ئەمانە تەواوی حکومەتەکان بە ناهەق دەزانن و هیچ مامەڵەیەك لە تەکیان ناکەن و زیاتر بانگهێشتی تاکەکان دەکەن و لە پاپەندبوون بە دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە زۆر سەختگیرن. ئەم سەلەفیانە لە کوردستاندا بەشێوەی سەلەفی جیهادی و ناجیهادی کارو چالاکی خۆیان ئەنجامدەدەن.

لەناو هەموو ئەو گروپە ئاینییانەی کوردستانی ئێران، کە باسمانکردن تەنیا گروپی مەکتەبی قورئان، گروپی هەڵهێنجراوی ناو کۆمەڵگەیە و بیرێکی هێنراو نییە و ئەوان دی تەواویان سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی کوردستانەوە هێنراوە، بەڵام مەکتەب قورئان کوردستانییە و زۆرینەی ئەندامەکانیان کوردن. هاوکات گروپەکانی تر خواستەکانیان کوردستانی نییە و زیاتر بریتین لە لقی گروپە مەزنەکانی تری دنیای ئیسلامی. هاوکات تەواوی گروپەکان بەدەر لە سەلەفییەکان، لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و چالاکی ئاینیدا خواستی بەشداری ژنان دەکەن. بۆ نمونە چالاکی ژنان لە نێو گروپەکانی مەکتەب قورئانو جەماعەتی دەعوەو ئیسلاح زۆر بەرچاو و فراوانە.

### تەسەوف

لە کوردستاندا شێخەکانی هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی چالاکی ئەنجامدەدەن. ئەمانە لە روی بیروباوەڕەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە و زیاتر وەك گروپ کارەکانیان دەکەنو دێرینترین گروپی ئاینی کوردستانن. ئەمانە رەوگەیەکی ئاینینو مژوڵی ئاداب و رەفتاری مەزهەبین و کەمتر لە گروپەکانی دی سەرو کڵاویان لەتەك سیاسەتدا هەیە. دیارە لە کوردستان ژمارەی گروپ قادری زیاترن و ئەوان دەرکی هەقیقەتو روناکی رۆحو گەیشتن بە هەق لە قیلو قالو گوێڕایەڵیدا دەبیننەوەو پێیانوایە چێژی جەستە، هۆکاری شادومانی رۆحە. زکری دەروێشەکانی قادری بە دوو جۆرە، جۆرێکیان بە دانیشتنەوەیە پێیدەوترێت تەهلیلە. جۆرەکەی تریشیان بە پێوەیە و پێیدەوترێت (هرەز)، لەیەکەمیاندا بەشێوەی ئەڵقەیی گرددەبنەوە و شێخ یاخود خەلیفە سەروکاری زیکرەکە دەکات. لە دووەمیشیاندا بە وەستانەوە بازنە دروستدەکەن و خەلیفە، یان شێخ لەناوەندا بەڕێوەی دەبات. ئەم زیکرکردنە هاوڕایە لەتەك دەفو تەپڵ و شمشاڵ. شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە دامەزرێنەری ئەم رێبازە دادەنرێت و سەرداری ئەوانیش لە کوردستان بریتییە لە شێخ عەبدولکەریم. ئەو لە کەرکوكماڵئاوایی لە ژیان کردوە و ئێستاش موحەمەدی کوڕی شوێنگرەوەی باوکیەتی لە رێبازەکەیدا. پایەداری نەقشبەندییەکانیش شێخ بەهادین موحەمەد نەقشبەندییە. لە کوردستانیش مەولانا خالدی

شارەزوری ڕەوگەکەی برەوپێداوەو لە عێراق و تورکیا و سوریاش شوێنکەوتەی بەرین‌و بەرفراوانی زۆرە.

جیاوازی ئەم دوو تەریقەتە لە شێوەی بەندایەتیاندایە. قادرییەکان وێردەکانیان بە دەنگی بەرز ئەنجامدەدەن، چونکە بڕوایانوایە پێشەوا عەلی کوری ئەبو تاڵیبیش بەوجۆرە وێردەکانی بەجێگەیاندون، بەڵام نەقشبەندییەکان بەپشتبەستن بە وتەیەکی ئیمامی شافعی پێیانوایە دەبێت وێردەکانیان بە هێواشی ئەنجامبدەن. وێردەکانی هەردوو ڕەوگەکە لەشوێنێك، پێیدەگوترێت تەکیەو بەئامادەبوونی خەلیفەکەیان ئەنجامدەدرێن‌و لە دەوری یەکتر گرد دەبنەوە. خەلیفە بەرزترین پلەی نێوان ئەوانە کە دەکرێت ژن یان پیاو بێت. دەروێشەکان پرچیان دەهێڵنەوەو جلوبەرگی درێژوو چییە دەدەن بەسەر شانیانداو ژنانیش لەچکی درێژی سپی دەکەنە سەریان‌و لەوانی دی خۆیان جیادەکەنەوە.

## مەکتەب قورئان

ئەم گروپە لەلایەن پیاوێك بەناوی ئەحمەدی موفتی زادە دادەمەزرێت. ناوبراو لە دایکبووی پارێزگای سنەیەو لە دەستپێکی حەفتاکانەوە مەکتەبی قورئانی لە سنە دامەزراندوە. لەو مەکتەبانەدا بە پەروەردەی تاکەکەسی دەستپێبکات و برەو بە مەکتەبەکان بدات لەزۆرێك لە شارو شارۆچکە کوردییەکاندا. لەسەروبەندی شۆڕی گەلانی ئێراندا قوتابی‌و شوێنکەوتوانی ئەم مەکتەبە ئاینیانە تێکەڵ بەکاری سیاسی بوون و دژ بە شای ئێران کەوتنە چالاکی‌و

وردەوردە مەکتەبەکانی گروپەکە شێوەی گروپێکی ئاینیو سیاسییان لەخۆدا بەرجەستەکرد. پاش ئەوەی لە پاش شۆڕش کوردستان جۆرێك نائارامی بینیو زۆرێك لە پارتە کوردییەکان دەستیاندایە چەك، ئەم گروپە خوازیاری گفتوگۆی ئاشتیانەبوو لەتەك دەسەڵاتدارانی شۆڕشدا لە قوم و تاران. هاوکات لەتەك گروپە مارکسییەکان بە تایبەتی کۆمەڵە بەسەختی نەیارییەتییان بۆ یەکتر راگەیاند، ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرت، کە ئەمان گروپێکی ئاینیو ئەوانیش گروپێك بوون کە خۆیان بە مارکسی ناوزەدکردبوو. پاش ئەوەی ئەحمەدی موفتی زادە ساڵی 1993 کۆچی دوایی دەکات، گروپەکە لەلایەن شورایەکەوە بەڕێوەدەبرێت. هاوکات پاش کۆچی موفتی زادە، گروپەکە کەمتر نەخشی سیاسی دەبینێت و زیاتر بووە گروپێکی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێراندا. هاوکات زیاتر چالاکییەکانیان چڕبوویەوە لە کۆمەکی بێ نەوایانو هەژارانو لابردنی هەندێك دابونەریتی دەست و پێگیر وەك دیاریبردن بۆ بوك و زاوا و منداڵی تازە لە دایکبوو، هاوکات بۆنە زیادەکانیان لابرد، لەوانە یادکردنەوەی مردو، هەموو ئەوانەیان بە بیدعەو هێنراو دەزانین. هاوکات هەموو ئەو سەردانانەیان دەدایە دواوە، کە رۆژانی پێنجشەمان بۆ سەر گۆڕستانی کەسە نزیکەکان دەکران و دواتریش نکۆڵییان لە یادی سێزدە بەدەرکرد و بە پێویستیان نەدەزانی. ئەوان ئەندامەکانیان لەنێوان خۆیاندا فرە پەیوەستنو گەر کەسێکیان پێویستییەکی هەبێت بە هانایەوە دەچن، هاوکات

لە روی شێوەیشەوە ئەندامەکانیان وەك موفتی زادە ریشیان پاك دەتاشن‌و هاوکات بەرسمێڵیان ناکەن‌و زۆرجاران لیباسی کوردی دەپۆشن. هاوکات خانمەکانیشیان لەچك دەدەن بەسەریاندا، کە بە گیرەیەك لەسەرەوەڕا دەیبەستن، لەگەڵ ئەوەشدا لەچکی گوڵدار دەدەن بەسەریانداو بەسانایی لە خانمانی دەرەوەی گروپەکە جیادەبنەوە. ئەمان باشترین پەیوەندییان لەتەك گروپی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح هەیە و لەتەك گروپەکانی دیکەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆیان نییە. هاوکات لەتەك سەلەفییەکاندا زۆرترین تەنگژەیان لەبەرامبەر پرسی تەکفیرکردن هەیە. چونکە موفتی زادە پێیوابوو سانانییە سنورەکانی هەق‌و باتڵ لەم سەردەمەدا جیابکەنەوە و ئامرازی پێویست بۆ رێنوێنی خەڵکان نییە، هەربۆیە ناکرێت بە هەوانتە تۆمەتی تەکفیر بەسەر کەسێکدا بدرێت. دیارە سەلەفییەکان توندترین گروپی ئایینین لە کوردستان ئەم بۆچوونەی موفتی زادە دەدەنە دواوە و تەنانەت بەشێکیان تەکفیری خودی موفتی زادەیان کردوە. هەر ئەمەیش وایکردوە، ئەمانە جارجار گیرۆدەی قسەو هەندێك کاتیش گیرۆدەی فیزیکیی یەکتردەبنەوە.

ئەم گروپانە لە دامەزراندنیانەوە تاوەکو ئێستا دوچاری دابەشبوون هاتونەتەوەو لەوانە ناسری سوبحانی ئەوەڵجار لێیان جیابووەتەوە و لەم چەند ساڵەی دوایشدا حوسەینی ئەمیری بە هۆی کەمتر تاقمەوبوونی لە ئەحمەدی موفتی زادە بە خۆی و پێرەوانییەوە لە لقی سەرەکی جیابوونەوە.

## کۆمەڵەی بانگەوازو ئیسڵاحی ئێران

دەکرێت کۆمەڵەی بانگەوازو ئیسڵاحی ئێران بە لقێکی ئیخوان موسلمینی جیهانی بناسێنین، هەرچەند کە بۆخۆیان هەوڵدەدەن لە ئیخوان خۆیان سەربەخۆ نیشانبدەن. دامەزراندنی ئەم گروپە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ جیابوونەوەی ناسری سوبحانی لە مەکتەب قورئان، بەڵام بۆچوون هەیە، کە لقی ئیخوان موسلمین لە کوردستانی ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردانی چەند کوردێکی ئێرانی بۆ کوردستانی عێراق، پاش گەڕانەوەیان لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لقی کۆمەڵەکە لە ساڵی 1979دا دەبەنە کوردستان. ئیبراهیم مەردۆخی دامەزرێنەری ئەم لقەیە لە کوردستانی ئێران، مەردۆخی خەڵکی مەریوانە و بۆخۆی دەڵێت پاش چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەند بەرپرسێکی ئیخوانی لە عێراق ئیدی بیری کۆمەڵەکە لە زەینمان گەڵاڵە بوو، هەروەها پێیوایە گروپەکە بەکاریگەری چەند کەسێکیان، کە تێکەڵ بە ئیخوانەکانی باشوری کوردستان ببوون، لەساڵی 1977 دامەزراوە. ناسری سوبحانی دیارترین و کاریگەرترین رێبەری هزریی کۆمەڵەی بانگەوازو ئیسلاحی ئێرانە و تەواوی نوسین و کاسێتەکانی، کە لەپاش خۆی بەجێماون، لە ئێستادا بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی پەروەردەو فێرکردنی ئەندامانی گروپەکە.

سوبحانی جیایی ئاینو سیاسەت ناداتە دواوەو پێیوایە دەبێت پایەکانی سیستمی ئیسلامی لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکاندا گوێڕایەڵ بن. لە گرنگترین کتێبەکانی سیستمی سیاسی ئیسلامو

مافەکانی ژنانو تەوحیدو بەندایەتی یاخود پەرستن، وەکو باسکرا ئەوانە بەهێزترین سەرچاوەی هزریین لە ئێستەدا، کە گروپەکە لە کۆرسە پەروەردەییەکانیاندا سودیان لێوەردەگرێت. لەپاش ناسری سوبحانی عەبدولڕەحمان پیرانی بە ناونیشانی سکرتێری گشتی ئەم گروپە درێژە بە چالاکییەکانی خۆی دەدات. گروپەکە شورایەکی هەیەو هەر 4 ساڵ جارێك لەلایەن ئەندامەکانییەوە دیاریدەکرێن و ئەوانیش رێبەر دەستنیشاندەکەن، کە تا ئێستا بۆ دوو خول عەبدولڕەحمان پیرانیان دیاریکردوەتەوە. ئێستا گروپەکە لە زۆرترینی شارە سونەنشینەکانی ئێران و شارە گەورەکاندا کارو چالاکی هەیەو بەبەراورد بە مەکتەب قورئان چالاکیو جەماوەریان زیاترە. هەروەها لەکاروباری سیاسیشدا چالاکنو جارجار نوێنەرەکانی خۆیان دەتوانن بۆ پەرلەمان هەڵبژێرنو دەیاننێرنە پەرلەمانی ئێران. هەر لەم ساڵەی دواییدا هەوڵیاندا بەناونیشانی پارتێکی سیاسی ئیسلامی مۆڵەتی یاسایی وەربگرن، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامێکی ئەوتۆیان پێنەدراوەتەوە، دیارە ئەوان حەسەن بەنا بە رابەری هزری خۆیان دەزاننو بۆ پەروەردە سود لە پەیامەکانی دەبینن. ژنانی گروپەکە بەتەواوی باڵاپۆشنو بەتەنها دەستو دەموچاویان دیارەو پیاوەکانیشیان ریشیان دەهێڵنەوە. دیارە بێجگە لە سنوریان بۆ باڵاپۆشی ئافرەتان زۆر پەیوەست نین بە رێوشوێنو دیاریکردنی شکڵی تایبەت بە خۆیان وەك گروپەکانی دی. ئەوان خانمانیان فرەجار ئەندامانی شورایان لە هەندێك لە شارەکاندا لە پیاوەکانیان زیاترە و ئەمەش نومایانی چالاکیو ئامادەیی ژنانە لەو رێکخراوەدا.

## کۆمەڵەی بانگەواز

کۆمەڵەی بانگەواز وەك گروپەکانی مەکتەب قورئانو کۆمەڵەی بانگەوازو ئیسڵاح رویەکی رێکخراوەیی ئەوتۆو دیاریکراویان نییە. جەماوەری ئەم گروپە زێدەتر لە باشوری ئێراندا بوونی هەیەو لایەنگرانیشیان لە کوردستاندا کەوتونەتە شارەکانی ورمێ و ماکۆو بە گشتی لەناو کوردە شکاکەکاندا بەرچاودەکەون. ئەمانە بیرێکی هێنراون لە پاکستانەوەو رێبەرەکەیان مەولانا موحەمەد مەولانا ئەلیاسەو لەوێوە خزاوەتە نێو ئێرانو کوردستانەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم رەوتە خۆی دەبینێتەوە لە پەروەردەکردنی تاکەکان لەسەربنەمای پرەنسیپە ئیسلامییەکان. لەسەرەتاوە ئەلیاس چەندین قوتابخانەی تایبەت بەو هزرو بۆچونانە لە میواتی شوێنی نیشتەجێبوونی کردەوەو پاشان ئەم قوتابخانانەی لە ناوچەکانی تر هێنانە گۆڕێ. بیری مەولانا ئەلیاس بەوە جیادەکرێتەوە، کە شاراوەیەو پەیڕەوانی بە هەموو شێوەیەك لە توندوتیژی و رەقرەفتاری بە دور دەگرێت. شەش بنچینەی سەرەکی باوەڕ لەلای کۆمەڵەی بانگەواز دەربڕی راستییەکن لەوانە:

1. قسەی چاك شەهادەت بەوەی خودا تەنهایەو موحەمەد نێردراوی خودایە 2. نوێژ 3. زانستو وێرد 4. رێزگرتنی موسڵمانان 5. نیاز پاکی 6. تەرخانکردنی کات لەپێناو بانگەوازدا. ئەوان هەندێك لە نەزمی تایبەت بە خۆیان هەیە لەوانە دورکەوتنەوە لەسیاسەتو وەرزشکردن وەك تواناسازی و وەك هەنگاوێك پێش وابەستەبوون

به بانگەوازەوە هاوکات دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیو تەکنەلۆژیا بەشێوەی پەڕگیرو دور لە پێویستیو چەندین ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆیان. هاوکات دورکەوتنەوە لە دەمەدەمێو سەرئێشەی کێشەهێنی نێوان ڕەوتە ئیسلامییەکانی دیکە. ئەمانە لە کوردستانیش شێوەو سیمای تایبەتیان هەیەو پیاوانیان جلی سپی وەك دزداشەی عەرەبان دەپۆشنو سمێڵیان دەتاشن، بەڵام لەتاشینی ریشیان خۆیان دەبوێرن. ژنانیشیان بەتەوای باڵاپۆشنو تەنێ ڕومەتو دەستەکانیان بە دەرەوەیە.

**ئاشنایی تەواو بە سەلەفیزم لە کوردستانی ئێران**

بیری سەلەفیزم ئەگەرچی مێژویەکی دورودرێژی لەنیو موسڵماناندا هەیە. بەتایبەت لەناو موسڵمانانی سوننە مەزهەبدا، بەڵام تیۆریزەکردنی ئەم بیرەو پەیوەستکردنی بە گروپێکی دیاریکراوەوە مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەم چەند دەیەی دوایی، کە لە دنیای مۆدێرنی ئەوڕۆشدا بوونی هەیە. بەتایبەتیش لە کوردستانی ئێران ئەم بیرە نەناسراوەو مێژوەکەی ئێجگار نوێیە. هەربۆیە هێنانی ئەم هزرو گروپە بۆنێو زەمینەی لێکۆڵینەوە بە پشتبەستن بووە بە خاوەن بۆچوونەکانی ئەم هزرەو دیداری تایبەت بە شوێنکەوتوانیو ڕوداوەکانی پەیوەست بەبوونی ئەوان لەناوچەکەدا. لەئاکامدا سەرەتا دەستپێکی هاتنە ناوەوەی ئەم بۆچوونە سەلەفییە بۆ ناو کوردانی کوردستانی ئێران دەخەینەڕوو..

لە کوردستانی ئێراندا تا سەرەتاکانی دەیەی هەشتا تەنها گروپێکی ئاینی چەکدار لەناو کوردا بوونی هەبوو، ئەوانیش ناسرابوون بە بزوتنەوەی تەوحیدی ئەهلی سوننەت. ئەم گروپە پێکهاتبوون لە 1 تا 5 کەس لە پیاوانی ئاینی کوردەکانی کوردستانی ئێران‌و لە ژێر رێبەرایەتیکردنی مەلا عەبدولکەریمی تەوحیدیدا بوون، بەڵام سنوردارو کەم بوون‌و لەناو جەماوەری کوردی ئێراندا نەناسران‌و پوکانەوە. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین رەوتی سەلەفی تایبەت بە کوردانی ئێران بوونی هەیە. بەڵکو ئەوەی هەیە رەوتێکی سەلەفییەو بەکاریگەری کوردانی عێراق لەوێندەرێش چێبوون. لە نێو کوردانی عێراقدا بزوتنەوەی ئیسلامی، کە رەوتێکی سەلەفی جیهادی نەیاری بەعس بوو لە کۆتایی هەشتاکانەوە پەنای بۆ کوردستانی ئێران هێنابوو. ئەم رەوتە کاریگەری خۆی لەناو کوردە موسڵمانەکانی ئێران بەجێهێشت. پاش راپەرینی کوردو هێرشی یەکەمجاری ئەمەریکا بۆ سەر عێراق‌و دروستبوونی فەزای ئازدی خودموختاری لە کوردستانی باشور، ئیدی چالاکییەکانی بزوتنەوە لە دزەکردنی کاسێت و نەوارو وتارەکانیان لەناو کوردستانی ئێران کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر دوو تێروانینی سەلەفیزم لەناو کوردانی ئێراندا هەبوو. هەتا ئەوکاتەیش سەلەفیزم نەبووە رەوتێك لەناو کوردانی ئێراندا، بەڵام پاش شکستی سەدام‌و هێرشی ئەمەریکا بۆ ئازادی عێراق لە 2003دا ئیدی گروپێکی سەلەفی

توندڕەو بەناوی ئەنسارولئیسلام پاش ئەوەی دەکەونەبەر هێرشی ئەمەریکاو لەگەڵ کوردە سیکۆلارەکانی باشور تێکدەگیرێن، ئەوانە لەو سەروبەندەدا قوتاری خاکی ئێران دەبن، لەوێندەر کوردانی سنور پاش بینینی ئەوانە بە زامداریو هەڵهاتویی و بەشوناسی ئەوەی بەر زەبری ئەمەریکا کەوتون و نەیاری خۆرئاوان، میوانداری دەکرێنو بەشێکیان کوردەکان پەنایان دەدەن، ئەمە دەبێتە فاکتەرێك تا خەڵکی ئەوێ کەم تا زۆر ئەم هزرو بۆچوونە سەلەفییە جیهادییە بناسن. لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین مانەوەی ئەو هەڵهاتوانەی دەستی ئەمەریکاو پارتە لائیکەکانی باشوری کوردستانو مانەوەیان لە کوردستای ئێران بەپەڕاگەندەیی کاریگەرییان لەسەر ئاشنایی هزرو بۆچونو سەلەفیزمی جیهادی لەسەر چەندین کوردی رۆژهەڵات دانا.

**پەرتەوازەیی جوگرافیو رێژەی سەلەفییەکان لە سێ پارێزگای کوردستان، ئازەربایجانی غەربیو کرماشان**

ئەم رەوشەی سەلەفییەکان لە سێ پارێزگای کوردنشینی کوردستانو ئازەربایجانی غەربیو کرماشاندا ئێجگار پەرشوبڵاوە. ئەوان باوەڕی تەواویان بە کۆچ هەیە وەك پرەنسیپێکی دینی بۆیە بە بچوکترین هەستی نا ئارامی لە شوێنێکەوە کۆچدەکەن بۆ شوێنێکی دیکە. لەبەرئەوە ناتوانین ناوچەیەکی دیاریکراو بە شوێن پێگەی دیاریکراوی ئەوان دیاریبکەین. سەلەفییەکان لەسەرەتادا لە دوو شاری کوردنشینی سەرسنورەکانەوە دەستیاندایە چالاکی و خۆیان

دەرخست، ئەوانیش شارەکانی مەریوانو سەرپێڵو زەهاو بوون. مەریوان لە شارەکانی سەر بە پارێزگای سنەو سەرپێڵیش سەربە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتن، بەڵام لە ئێستادا لە سنەو کرماشانو مهابادو سەقزو بانەدا بوونیان هەیە. لەم دواییانەشدا هەندێك لە ناوچەکانی هەورامانو پاوە ببووە شوێنی ئامادەیی‌و گردبوونەوەی زیاتری سەلەفییەکان. هاوکات ئاواییەکانی و ڕای سەربە پاوەو بیاشوشی سەر بە جوانڕۆ دوو ئاوایین، کە زۆرینەی خەڵکەکەیان سەلەفین‌و سەلەفییەکانی دیکە بە زۆری هاموشۆی ئەو دوو ئاواییە دەکەن. سەلەفییەکان لەبەرئەوەی پەڕاگەندەن‌و زیاتر بە شاراوەیی کارو چالاکی دەکەن و تایبەتمەندی سەلەفییەکانیش لە جیهاندا وایە، کە زۆر خۆیان پەنهان دەکەن، ئاسان نییە ژمارەی دروستیان بزانرێت. بەگوێرەی یەکێك لەو دیدارانەی کە لەبارەی ژمارەیانەوە ئاماژەیداوە دەکرێت لە کوردستانی ئێراندا زیاتر لە 2000 ئەندامی کارایان هەبێت، هەڵبەتە ئەندامانی ئاساییان زێدەترە لەو ڕێژەیە.

**کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی سەلەفییەکان**

زۆرینەی سەلەفییەکان کەسانێکی کەم دەرامەت‌و زیاتر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. زێدەتریش لە ئاواییەکاندا دەژین‌و کاری وەك نانەوایی‌و قەسابی‌و وەستای دیوار دەکەن. هاوکات مەلای مزگەوت‌و مامۆستاو فەرمانبەری میریش بەر دیدە دەکەون. ئەگەرچی لەوەختی دیدارەکاندا ئاماژە بەناو گەلێکی وەك ئەندازیارو پلەی باڵا دەکرا، بەڵام بەگشتی سەلەفییەکان ئاوایینشین‌و دێهاتییەکانن.

## بونیادو چۆنییەتی ڕێکخراوبوونی سەلەفییەکان

سەلەفییە جیهادییەکان جیا لە سەلەفییە ناجیهادییەکان زیاتر ئاڵۆزو پەنهانو ڕێکخراوترن. ناجیهادییەکان زیاتر مژوڵن بە کاروبارو باوەڕی عەقیدەییەوە. ئەوانە خەڵکی کەمەندکێش دەکەن بۆ عەقیدەو دنیابینی خۆیانو بۆ ئەم کارەیش جیهاد بە پێویستی نازانن. لەم کارەشیاندا نیازیان بە دروستکردنی حزبو ڕێکخستن نییەو هاوکات نایانەوێت ئەو ڕێکخراوانە کاربکەن. زیاتر لە کۆرسە پەروەردەییەکانی مزگەوتدا ئاشنادەبن بەیەكو پەیوەندی کۆمەڵایەتی چێدەکەن و زیاد لەوە قوڵ نابنەوە، بەڵام سەلەفییە جیهادییەکان ئاشنان بە قاعیدەو زیاتر وەك لقێکی ئەنسارولئیسلام دیاردەکەون. دیارە قاعیدە لەبەرامبەر هەموو ڕژێمەکانی دونیا نەیارەو ئاتاجی بە ڕێکخستنێكو تۆڕێکی فراوانە، لەم میانەدا سەلەفییە جیهادییەکانی کوردستانی ئێرانیش خۆیان دەبیننەوەو ڕێکخراوانە کارو چالاکی ژێربەژێر ئەنجامدەدەن. دیارە سەلەفییە جیهادییەکان لەسەر ئاستی دنیا، ئەوانەی نیازیان بە ڕێکخراو و ڕێکخستنە بۆ سێ دەستە دابەشدەبن.

1. کەسانی باڵا، کە بە فەرمی ناسراونو ناویان هەیەو ئەندازیاری کردە جیهادییەکانن، ئەوانە بە ڕێژە فرە کەمنو نزیکەی 2000 کەس دەبن لەسەر ئاستی دونیا.

2. کەسانێك لە جیهادانو جیهاد دەکەن، ئەوان یان نایانەوێ یاخود هێشتا نەبوونەتە کەسانی فەرمی لەناو گروپەکانیاندا.

3. لایەنگران، کە لە روی هزرییەوە باوەڕیان بە جیهاد هەیەو هاوسۆزی ئەم گروپانەن.

لە ئێستادا لە کوردستانی ئێران دەستەی دووەم و سێیەم هەم بوونیان هەیە، بەڵام ناکرێت بڵێین سەلەفی لە دەستەی یەکەم هەیە یاخود نییە. سەلەفییەکان بڕوایان وایە لە هەرشوێنێکی ئەم جیهانە گەر سێ موسڵمان پێکەوەبن، ئەوا دەتوانن خۆیان رێکبخەن‌و ئەمیر دیاریبکەن‌و جیهاد دژ بە دەسەڵاتداری ئەوێ رابگەیەنن. لەم بارەیەوە فەرمودەیەکی پێغەمبەر هەیە دەڵێت: «لە هەر شوێنێك سێ موسڵمان هەبوو ئەوا دەبێت یەکێکیان بکەنە ئەمیری خۆیان». کەواتە لەم جیهانەدا لە هەرشوێنێك سێ موسڵمان هەبوو دەتوانن ئەمارەتێك دروستبکەن‌و ئەمیر هەڵبژێرن‌و روبەڕوی کوفرو کافران ببنەوە. لای ئەوان ئیمارەت بەواتای گروپێکە نەك ناوچەیەکی تایبەت. ئیمارەت گروپێکەو پەیوەست نییە بەناوچەیەکی تایبەتەوەو لەهەر شوێنێکی سەرزەوی دەتوانێت جیهادی خۆی بکات‌و بۆیبچێت. لەبەرئەوە چ لەسەر ئاستی سەلەفییەکانی دونیاو چ لەسەر ئاستی سەلەفییەکانی کوردستانی ئێران ئێمە ناتوانین روبەڕوی گروپێکی دیاریکراو بینەوە، کە پەیوەستبن بە شوێنێکی دیاریکراوەوە. لەروانگەی سەلەفییەکاندا روانگەیەکی تیۆری بۆ کافربوون دیارینەکراوەو هەر گروپێك لە هەرشوێنێك کافر بەشێوەی روئیای خۆی شرۆڤە دەکات. ئەوانەی کە جیهادیان دژ دەکرێت سێ جۆرن.

1. کافرەکان، دیارینەکراوە کێن‌و هەر ئیمارەتێك بە هزری خۆی پێشنیازی جۆری کافربوون دیاریدەکات.

2. هاوبەشدانەران، دیسانەوە ئەمانەیش بەپێی عەقیدەی خۆیان دیاریدەکەن کێ هاوبەشدانەرە.

3.یاخیبووان، ئەوانەی دژ بە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان رادەپەڕن‌و شۆڕش دەکەن. لە دیدارێکدا بۆ ئەم توێژینەوەیە سێ نمونە هێنرایەوە، بۆ نمونە یاخیبوونی موعاویە بەرامبەر عەلی کوری ئەبو تالیب. لێرەدا سەلەفییەکان بڕوایان وایە هەر گروپێکیان ئیمارەتی خۆی هەیەو هەر ئیمارەتێکیش دارای دوو رابەر یان ئەمیری هەیە، ئەمیرێکیان سەربازییەو ئەمیرێکیش ئەمیریی دادوەرییە. یەکەمیان کاروباری جەنگ رێکدەخات‌و دووەمیان فەرمانی شەرعی دەردەکات. لەروانگەی سەلەفییەکانەوە ئەمیر نابێت ژن بێت‌و نابێت ئەزمونی کەمبێت‌و دەبێت سەردەمێك کاری جیهادی کردبێت‌و نابێت کەسی تەوبەکاربێت واتە پێشتر لە تاوانەوە گلابێت. دەکرێت بڵێین تاکی سەلەفییەکان لە دەوری کەسێك یان ئەمیرێك گردنەبوونەتەوە، بەڵکو ئەوان لە دەوری ئایدیۆلۆژیایەك گردبوونەتەوە. چوون بە بڕوای ئەوان بچوکترین لادان لە شەرع لەلایەن کەسێکی وەك مەلا عومەری تالیبان یان ئوسامە بن لادن، بەبێ فەرمانی هیچ کەس تەنها بزانرێت لادانە لە قورئان‌و سوننەت ئەوا پێویستە لێی دەربچیت. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمیر زۆر باڵا دەست نییەو بە بچوکترین پاساو گروپەکان دەتوانن لێی جیا ببنەوە.

**تایبەتمەندییە روکەشەکان**

**کە سەلەفییەکان لەوانی دی جیادەکاتەوە**

سەلەفییەکان هەندێك رەفتاریان هەیە بەسانایی لەوانی دی جیادەبنەوە، بۆ نمونە لەم ناوچەدا، کە زۆرینە موسڵمانی سوننین لەکاتی نوێژدا دەستیان لەسەر ناوکیان دەگرن، بەڵام سەلەفییەکان دەستیان لەسەروترەوە دەگرنو لەکاتی خوێندنی شایەتوماندا لە نوێژەکاندا پەنجەی شەهادەتیان تەکان پێدەدەن. ئەوان تایبەتمەندی تریان ئەوەیە کە ناچنە سەربازیو لە نوێژی بەیانیشدا خوێندنی قنوت بە بیدعە دەزانن. هاوکات هەندێکیان گەر گۆشتێك بە دەستی خۆیان سەر نەبڕابێت نایخۆن. پیاوانیان شەرواڵی کورتی سەروی قولە پێیانو ریشدارو سمێڵکورتن. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سەلەفییەکان ئامادەنەبوون بەرونتر تایبەتمەندی خۆیان بڵێن چونکە جۆرێك فشاری سیاسییان لەسەر بوو. هاوکات ژنانیشیان بەتەواوی ماسکدارن و باڵاپۆشن. سەبارەت بە پۆشە ئاینییەکان دیارە سوننییەکان وەك شیعەکان نین و کەمتر بۆنەی ئاینییان هەیە. سەلەفییەکان بۆنەیان زۆر کەمەو تەنها لە کاتی نوێژی هەینیدا گردەبنەوە و زیاتر بۆ مزگەوتێك دەچن، کە مەلای مزگەوتەکە سەلەفی بێت. ئەوان وەك سۆفییەکان نین، کە رێورەسمی زۆریان هەیەو زیاتر ئاشنا دەبن بەیەکتری، بەڵام سەلەفییەکان زیاتر لە وتاری هەینیدا گردەبنەوە. بۆنمونە لە ئاواییەکی نزیك جوانڕۆ لە رۆژی هەینیدا دەبینرا چۆن سەلەفییەکان بەتاو رودەکەنە ئەوێ، یاخود دەوترا ئاواییەك هەیە لە بۆکان سەلەفییەکان لەوێ کۆدەبنەوە. جگەلەوە مەگەر سەلەفییەکان لە رێورەسمی ناونانی منداڵو لەدایکبوون

بچنە میوانی یەکتری‌و جگەلە خۆیان کەسی تر بانگناکەن، یاخود پێکەوەدەچن بۆ شاخەوانی‌و وەرزش، سەلەفییە جیهادییەکانیش بۆ خۆڕاهێنان لە مەشقی سەربازی دەچنە ناوچەکانی دەرەوەی شارو بە پەنهانی کاری خۆیان دەکەن..

## چۆن پەیوەندی بە خەڵکییەوە دەکەن

سەلەفییەکان لە ئاواییەکاندا زیاتر بە کۆڕسە پەروەردەییەکانی ناو مزگەوت یاخود وتاری عەسرانە، کە مەلاکانیان دەیدەن، کاریگەری خۆیان دادەنێن، بەڵام لەشارەکاندا بە شێوەی تر خەڵکی کەمەندکێش دەکەن، ئەویش بە فرۆشتن یان دابەشکردنیناملیکەو سیدی‌و نەوارەکانیان لەپێش دەرگای مزگەوتەکاندا، بەڵام سەلەفییە جیهادییەکان پەنهانتر کاردەکەن‌و لەروی مەزاجییەوە زیاتر بوونیان هەیە، ئەوان زیاتر لەرێی ئینتەرنێتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان ڤیدیۆ و چالاکییەکانیان پەخشدەکەن و هەستی خەڵکی بەتاوانەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا لەبەرامبەر خەڵکی دەوروژێنن‌و ڤیدیۆی زیندانیانی گوانتانامۆو ئەبو غرێب بڵاودەکەنەوە.

## رەوشی ژنانی سەلەفی

ژنانی سەلەفی زیاتر هاوسەرو دایك‌و کچانی سەلەفییەکانن. ئەوانیش وردەوردە دێنە سەر دینی پیاوەکان. لەناو سەلەفییەکاندا وەك مەکتەب قورئانییەکان نین، بەتەنیا ژنێکەوە داناساکن، بەڵکو ئەوان لەناویاندا دووژن و سێ ژنیش زۆر بەرچاودەکەون. سەلەفییەکان بۆیە زیاتر لە چەند

هاوسەریان هەیە، چونکە کاتێك یەکێکیان دەمرێت یان لەکارێکی خۆکوژیدا دەفەوتێت، ئیدی نایانەوێت خێزانەکەی بۆ هاوسەرگیری بچێتە دەرەوەی بازنەی خۆیان. هەربۆیە لە هەر گروپێکدا، کە ژنانیان زیاتر بن ئیدی دیاردەی فرەژنی لەوێدا زیاترەو ئەوان بەم کارە هەم پەرتەوازە نابن هەم ژیانیش بۆ ژنە مێرد کوژراوەکان بەرجەستەدەکەنەوە. دیارە ژنانێکی سەلەفی هەن لە عێراقو ئەفغان، کە بۆ خۆیان بەشداربن لە کاری خۆکوژی دان، بەڵام تا ئێستا لەناو سەلەفییەکانی کوردستانی ئێران ژن نەنێردراوەتە بەر کاری خۆکوژی.

## رەوشی فیکری سەلەفییەکان

تاوەکو ئێستا کەسێکی رابەری هزریی سەلەفییەکانی کوردستانی ئێران بەرجەستە نەبووە. بەڵام عەبدولکەریم عەلەوی لەناوچەی بۆکان و حەمید عالی، کە لاوێکی شاری مەریوانە و ئێستا لەهەندەران ژیان بەسەردەبات، دوو لەو بانگخوازو رۆحانیانەن، کە زیاتر سەلەفییەکانی ئێران گوێیان بۆدەگرن و سی دیو نەوارەکانیان بڵاودەکەنەوە.

دیارە سەلەفییەکان لەژێر کاریگەریی جیهادییەکانی کوردستانی عێراقیش دان، بەتایبەت کەسەکانی ناو ئەنسارو سوننە. بۆنمونە وەختێك کەسێکی ئەنسار بەناوی عەبدولحەمید هاتبووە ناوچەی پاوە لەوێ پەیڕەوی زۆربوون‌و تەنانەت چەند کەسێکیشی بۆ کاری جیهادی ناردەبەر جەنگ‌و رەوانەی فەلوجەی کردن، کە ئەودەم قاعیدەو گروپە سەلەفییە جیهادییەکان لە جەنگدابوون دژ بە ئەمەریکا.

ئەمانە وەك حەمید عالیو عەلەوی چاویان لێدەکراو گەنجان کاریگەر دەبوون پێیان. کەسێکی وەك حەمدی عالی پێشتر ئەندامی دەعوەو ئیسلاحی ئێران بووەو زیاتر لەناو گروپی ئیسلامیدا ناسراوبوو. هاوکات ئەم سەلەفیانەی کوردستانی ئێران کاریگەرن بە سەلەفییە جیهانییەکان و زیاتر چاو لە نوسین، وتار و فتوای جیهادییەکان دەکەن و بەسەرنجەوە لێیاندەڕوانن، بۆنمونە لە گۆڤاری بەیاندا زیاتر ئایدیای سەلەفیزمیان دەستدەکەوێت، هاوکات کەسانی وەك ئەبو قەتادەی فەلەستینیو ئەبوو موحەمەدی مەقدیسیو شازلیو ئەبو بەسیرو عوسەیمین بەتەواوی کاریگەری خۆیان لەسەر جەوانانی سەلەفی هەیە لە ئێران، هەروەها سەلەفییەکان وەك هەموو سەلەفییەکانی دونیا کاریگەرن بەڕابەرانی فیکری رابردویانو کەسانێکی وەك ئبن تەیمییە لە بواری یەکتاپەرستی، ئەسما، سیفاتو جیهادا بە پێشەنگی خۆیان دەزانن.

# بەشی دووەم

## دەرکەوتنی سەلەفیزم
## لەناو کوردانی ئێراندا

بەکەمگرتنی هۆیەکانی دەرکەوتنی سەلەفیزم لەسەر ئاستی جیهانداو تەماشاکردنی وەك واقیعێکی سیاسیی، مایەی چاوپۆشیی‌و سڕینەوەی هۆیە کۆمەڵناسییەکانی سەلەفیزمەو فەرامۆشکردنی پرسیی سەلەفیزمە لەسەر ئاستێکی قوڵو وردتردا. زۆرێك لەو باوەڕەدان سەلەفیزم داهێنراوی ئەمریکاییەکانە لە ڕۆژهەڵاتداو گەرەکیانە وەك بەربەستێك لەبەرامبەر کۆمۆنیزمدا قوتیبکەنەوە. لە

ساڵی(1988)زدا نەخشی سەرمایەداریی ئەمەریکا بە جۆرێك هاتەدەست، کە ژمارەیەك لە عەرەبەکانی یەکخستو ڕێکیخستن تاوەکو لە روئیای کۆتایی مێژو و بەسەرکەوتنی بلۆکی خۆرئاواو شکستی کۆمۆنیزم هەنگاوێك نزیکتربێتەوە. لێرەوە قاعیدەی جیهاد ناوی ئەو بارەگا سەربازییە بوو، کە پارتیزانە عەرەبەکان لەوێندەر مەشقو راهێنانیان پێدەکرا. کە دواتر هەموو ئەوانەی لەو بنکەیەوە مەشقیان پێکرابوو بوونە هەوێنی دروستبوونی ڕێکخراوی قاعیدە. (روانگەی ئێران، 1389: 64). بەڵام ئایا ئەگەر جەنگی نێوان ئەفغانستانو شورەوی روینەدایە، ئەوا ئەورۆ ئێمە روبەرو دەبووین لەگەڵ دیاردەیەك بەناوی سەلەفیزم؟. دیارە ئەمە راستییەکە، گەر چی فاکتەرگەلێك بەناوی سەرهەڵدانی سەلەفیزم لە گۆڕێدا هەبوون، وەلێ نەیان دەتوانی ببنە فاکتەری سەرهەڵدانی ئەم رەوتە. چوون لەسەرانسەری دونیادا گروپگەلی جۆراوجۆر لە زەمینەی جیاو لە بیرکردنەوەی پەرتپەرتدا بوونیان هەبوو. بۆنمونە کۆمەڵەی کۆچو تەکفیر لە میسردا دژ بە سیاسەتی دژ بە ئاینی جەمال عەبدول ناسر دروستببوون، هەروەك چۆن لە کوردستانی عێراقدا بزوتنەوەی ئیسلامی دژ بە حزبی بەعس بوونی خۆی راگەیاندبوو.

لەلایەکی ترەوە ئوسامە بن لادن لە سەردەمی جەنگی ئەفغانستاندا بەرەو ئەفغانستان رۆیشتبوو. ئەوێ دەم ئەو رەخنەگەلێکی توندی روبەڕوی پاشانشینی سعودییە کردەوەو دژ بوو بە وابەستەیی وڵاتەکەی بەنەزمی سیاسیی ئەمریکاوە.

ئەوەبوو روەو ئەفغانستان رۆی، لەو دەمەدا ئیسلامیزمەکەی ئەو وابەستەیی بە ئەمریکاوە دەدایە دواوە. کەواتە ئەگەر دەرکەوتنی سەلەفیزم تەنها وابەستە کەین بە هۆکاری سیاسییەوە ئەوا دیسانەوە ناتوانین هۆکارە ناوبراوەکان بە تەنها هۆکاری دەرکەوتنی سەلەفیزم بهێنینە بەرباس.

هەربۆیە خوێندنەوەی سەردەم‌و شکڵگیریی دروستبوونی رەوتە سەلەفییەکان لە کوردستانی عێراقداو پاشان لە ئێراندا، بەشێوەیەکی وردتر ئەم بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە. ئەو بۆچوونەی کە بیەوێت سەلەفیزم تەنێ وابەستە بکات بە جەنگی ئەفغانستان‌و شورەوییەوەو پێی وابێت ئەمریکا لەپشت دروستبوونیانەوە بووە بۆ لاوازکردنی بلۆکی کۆمۆنیزم‌و رۆژهەڵات لە ناوچەکەدا. بەڵکو سەلەفیزم دەرهاویشتەی هۆکارگەلێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتییە، کە لەناوچەکەدا زەمینەسازییان بۆ کراوە. ئەو هۆکارانە ململانێی ئەفغانستان‌و شورەوی بە بەشێك لە جێبەجێکردنی ململانێی نێوان کۆمۆنیزم‌و ئیسلام دەزانێت لە بەرامبەر خۆرئاواو دونیای سەرمایەداریدا. بۆنمونە گەر تەماشای سەرهەڵدانی شێوە بیرکردنەوەی سەلەفیزم لە کوردستانی عێراق‌و پاشان ئێرانیش بکەین دەبینین دروستبوونیان هیچ وابەستە نەبوو بە جەنگی دژ بەشورەوییەوە، بەڵام کاریگەریی ئەو جەنگە لە دروستبوونیاندا هەبوو. هاوکات بوونی ئەوان دروست دژ بوو بە بوونی رژێمی سیکۆلارو ناسیۆنالیستی بەعسەوە. ئەوان کە لەژێر ناوی بزوتنەوەی ئیسلامیدا لە 1987دا

دروستدەبن تەنها ئامانجیان نەیارییەتی حزبی بەعسەو هیچ ئەجێندایەکیان بۆ جەنگ لە دژی شورەوی نییە. ئەم رەوتە سەلەفییەی لە کوردستانی عێراقەوە پەنایان بۆ خاکی ئێران برد، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوەوە ئیدی کاریگەری خۆیان خزاندە زیهنییەتی کوردانی ئێرانەوە، پاشان بە دوبارە پەنابردنیان بۆ ئێران بەتایبەت پاش هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەریان لە 2003دا، ئیدی نەخشو نواڕینی خۆیان لەسەر بیرکردنەوەی کوردانی ئێراندا مایەوە. دیارە بیرکردنەوەی سەلەفیزمی ناجیهادیش هاوڕا لەتەك سەلەفیزمی جیهادی لەناو کوردانی ئێراندا دەستیپێکردبوو، بەڵام دروستبوونی ئەو بیرکردنەوەیە وابەستە نەبوو بە بیری سەلەفیزمی جیهادییەوە. سەلەفییە ناجیهادییەکان دروست مێژویەکی دیاریکراوییان لەبەردەستدا نییە، کە بڵێین لەو روداوەوە دەستیان بە کارو چالاکی کردوە. شوێنکەوتوانی ئەم بیرکردنەوە سەلەفییە نا جیهادییە بریتین لە مەلاو ئاخوندێك کە لە شوێنە چەپەكو دورەدەستەکانی کوردستانی ئێرانەوەو بە کاریگەریی ئەندێشەی سەلەفییەکانی عەرەبستان خەریکی رونکردنەوەی بیرو بۆچوونە تایبەتەکانی خۆیانن. بەڵام سەلەفییە جیهادییەکانی کوردستانی ئێران ریشەو رابردوی خۆیان پەیوەستدەکەن بە سەلەفییە جیهادییەکانی کوردستانی عێراقەوە. لەهەمووی گرنگتر شرۆڤەی ئەو زەمینەسازییە دەکەین، کە رەوتی سەلەفیزمی لە کوردستانی ئێراندا وەك شوناسنامەیەك خستوەتەڕوو.

## سەلەفیزم وەك شوناسنامەیەك

جنگینز شوناسی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە دەناسێنێت: ئەم دەربڕینە لەکاتێکدایە کە تاکەکانو گروپەکان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆیاندا لە تاکەکانو گروپەکانی دی جودا دەکاتەوە، بەجۆرێك راستەوخۆ تایبەتمەندی شکڵو شێوەو رەفتاری تاکەکان دەناسرێتەوەو وەك شوناسێکی لێدێت(جنکینز،1381: 7). لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە دەکرێت بڵێین: سەلەفییەکان دارای شوناسی هاوبەشی پەیوەست بە خۆیانن. تەنانەت ئەوان لەکاتی دیدارو لێدوانەکاندا خۆیان وەك سەلەفیی دەناسێننو واتای تایبەتو پێناسەی تایبەتی بوونی خۆیان بە ئاشکرا دەکەن، کە جودایە لە تایبەتمەندی هەر تاکێکی تری کۆمەڵگەکە.

سەلەفییەکان لە کاتی ئاخاوتنو خۆ ناساندندا خۆیان جودا دەکەنەوە لە هەموو موسڵمانانو لە بواری یەکتاپەرستیو بیروباوەڕی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی توند پێداگریی دەکەنو کەس وەك خۆیان نابینن. ئەوان لە بواری پابەندبوون بە قورئانو سوننەتەوە خۆیان بە رەسەنترین دەزاننو تەنانەت خۆیان وابەستە بە هیچ مەزهەبو رێچکانێك ناکەنو لەتەك هیچ نەزمێکی حزبایەتیدا دانویان پێکەوە ناکوڵێتو ئیمانیان بە پارتایەتی نییە. تەنانەت شێوازی بەندایەتیو جۆری هەڵسوکەوتو خواردنو هاموشۆیان تایبەتمەندی ئەوتۆی لەتەك موسڵمانانی تردا هەیە. لەم روانگەیەوە سەلەفییەکان هەمیشە ئەوانی تریان لە جیهانبینیندا هەیە تەواوی ئەوانەی

وەك خۆیان نین بە گومڕاو سەرلێشێواو دەزانن. سەلەفییەکان بە رەفتاری بەندایەتیو رەفتاری رۆژانەو جۆری بیرکردنەوەدا خۆیان لەتەواوی ئەوانی دی جوداکردوەتەوەو ئەمەیش وردەوردە بووەتە شوناسێکی کۆمەڵایەتی بۆیان. جنگینز پێی وایە شوناس وەختێك بەرجەستە دەبێت، کە تاکەکان واتاو دەستەواژەی تایبەت بۆخۆیان بتاشن. لەم روەوە شوناسی سەلەفییەت لە کۆمەڵگەدا بووەتە شوناسێکی کۆمەڵایەتیو تایبەتمەندیو جیهانبینی تایبەت بە خۆیان داتاشیوە.

**سەلەفیزم وەك شوناسێکی بەرگریکارانە**

تەکفیر یەکێکە لە چەمکەکانی ناو هزری ئیسلامیی، بەواتای دەرکردنی بریارو حوکمی کافرکردن یان کافربوونی تاکێکە. وەلێ ئەم چەمکە لە دنیابینی سەلەفیزمدا شوێنو جێگەیەکی بەرجەستەی پێدراوە. ئەوان یەکێك لە ئەرکانەکانی باوەڕ بە یەکتاپەرستی، کە بەشێکی ئوسوڵی بنەماکانی ئاینە، لەوەدا دەبیننەوە، کە نومایانی خۆبەریکردن لە هاوبەشیدانان بۆ خوا بکرێت. لەلایەکی تروە لەم باوەڕەدا تاکی موسڵمان نەتەنها بۆخۆی دەبێت دوربێت لە رەفتاری هاوبەشیدانان بۆ خوا، بەڵکو دەبێت قەڵسیو بێزاری خۆیشی لەهەمبەر ئەوانەی هاوبەشی دادەنێن بۆ خوا نیشانبداتو هەڵوێستوەرگرتنی لەهەمبەر هاوبەشدانەران وابەستەیە بە بەهێزی ئیمانیانەوە. هاوکات دەبێت لەوانەی کە هاوبەشی دادەنێن بۆ خوا خۆیان بەدوربگرنو

لەفەلسەفەیاندا واهاتوە کە ئەوانەی کافرو هاوبەشدانەرن بناسرێن، دروست ئەم فەلسەفەیەش رەهەندی تەکفیرکردن لەناو رەوتی سەلەفیزمدا زیندو رادەگرێت. لەم روانگەیەوە سەلەفیزم زوبەزو جیاکارییەك لە کۆمەڵگەدا دروستدەکات، کە بازنەی هەقو باتڵ دەستنیشاندەکاتو تا بازنەی باتڵ زیاد بێت ئەوا شوناسی سەلەفیزم بۆ کۆمەڵگە شوناسێکە کۆمەڵگە بە باتڵ ناودەباتو بە کۆمەڵگەیەکی تاریكو جاهل دەستنیشاندەکات.

لەئاکامی چەندین پەیجوریو دیداری تایبەت لەسەر ئەو رەوشە ئەو ئاکامگیرییە دەستکەوتوە، کە پرسی تەکفیر لەناو سەلەفییەکاندا پرسێکی بەها پێدراوە. بەشێوەیەك لەناو گروپو ئایدیا ئیسلامگەراکانی تردا بەو ئاستە پرسی تەکفیر بواری بۆ نەکراوەتەوە. پرسی تەکفیر لەناو سەلەفییەکاندا بەشێوەیەکە کە تەواوی خەڵکی لەسەر رێبازی باتڵو نەزانی دەستنیشاندەکەنو بۆخۆیان لەسەر رێبازی ساڵحانو راستەقینەی ئیسلامن. لەمڕووەوە دەکرێت بوترێت کە سەلەفییەکان رەوتێکی نەیارو پڕ پرتەو بۆڵەن لەبەرامبەر تەواوی خەڵکیداو بۆخۆیان بە هەڵبژاردەی رێبازی راستەقینە دادەنێن. هەر ئەو نەزمی نەیارییەتییە وایکردوە ئەوانە وەك رەوتێك دەرکەون، هەربۆیە ئەوان هەمیشە لە زەمینەی واقیعدا وەك نەیارێکی هەموو ئەو شتانە دەردەکەون، کە بونیان هەیەو تەواوی رەهەندەکانی ژیانیش دەبەستن بەشەرعەوەو بە رویەکی مۆنو دژەوە دەڕواننە دەوروبەر،

دنیابینییان وابەستەیە بەرەوتەکەیانەوەو لەدەرەوەی خۆیاندا بە دەرچوو لەبازنەی شەرعو ئیسلامەتی لەقەڵەمدەدەن. چەمکێکی تر کە روی ناکۆکی ئەم رەوتە نیشاندەدات، بریتیە لە گەڕانەوە بۆ رابردو، ئەم پرسە لە ئەندێشەی ئیسلامگەرایانو ئیسلامییەکاندا شتێکی نۆرماڵە. چوون زۆرێك لە موسڵمانان دەستپێکی سەرهەڵدانی ئیسلام بە قۆناغێکی زێڕین نێو دەبەنو شانازیی بە بوونی قۆناغێکی دەگمەنی لەو جۆرەوە دەکەن. ئەوان گەڕانەوە بۆ قورئانو سوننەت بە دەستکەوتی هیدایەتو مۆرکی ئەندێشەی ئیسلامیی دادەنێن. بەڵام لەناو سەلەفییەکاندا ئەم پرسە ئێجگار بەرچاو و بایەخپێدراوە. سەلەفییەکان هەرجۆرە تێگەیشتنێکی کەسیو روانگەیەکی زانایانی سەردەم دەدەنە دواوەو پێیان وایە تەنها پرسێکی پەسەندکراو لە رەوشی ئاینداریيو بڕیاری رۆژانەی ژیاندا پەیوەستە بەزانایانی سەلەفەوە. لەلای سەلەفییەکان تەنها پێوەری هەقیقەت بریتییە لە فەرمودەکانی پێغەمبەرو سەدو بیستو شەش هەزار هاوەڵەکەی سەردەمی. لەلای ئەوان تێگەیشتنو فەرمودەو رەفتاری پێغەمبەرو هاوەڵان باشترین جۆری کردارەکیو تیۆری ئیسلامەو هەرجۆرە دەستێوەردانو وتنو کردەیەکی تر لە دەرەوەی ئەوان مایەی پەسەندکردن نییەو بەدەرەوەی بازنەی ئاینداریی لێکدەدەنەوە. بەم شێوەیە لەلای سەلەفییەکان جۆرە ئارەزوو و خویەکی تەواو بۆ گەڕانەوە بۆ رابردو بوونی هەیەو هەرجۆرە سازشو رەخنەو وتەیەکیش لەسەر ئەو بڕیارە بەتوندی دەدرێتە دواوە. هەر ئەم

هۆکارەیشە کە وایکردوە ئەوان لەبەرامبەر هەر جۆرە پرسێکی رۆژدا راستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ دواوەو رابردو بکەنە پەناگەی ئایدیۆلۆژییانو لەتەك واقیعی ئەمڕۆدا توشی بەریەککەوتنی توند ببنەوە. بەم پێیە کۆمەڵگەی نمونەیی لە نەخشو نواڕینی واندا پێگەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو پێوەرەکانی دیاریکراون. ئەم روانگە سەلەفیانە لە ئەندێشەی ئەهلی سوننەتدا شوێنێکی ئەوتۆی نییەو ئەهلی سونەت زیاتر واقیعبینانە دەجوڵێنەوە، هەر ئەمەیش وایکردوە کە بەدرێژایی مێژوی ئیسلامی ئەهلی سوننەت زۆرترین حاکمو دەسەڵاتداریی دونیای ئیسلامیان کردوە. لەبەرامبەردا بەردەوام بیرکردنەوەی سەلەفییەت لە دنیای ئیسلامدا بوونی هەبووەو بە گەڕانەوە بۆ رابردو خوازیاری بەدەستهێنانی ئایندەیەکی لەو جۆرەن، کە لە ئایدیایاندا بوونی هەیە. بەمانایەکی تر سەلەفییەکان لەکاتێکدا پرەنسیپی ئەوان پەنابردنە بۆ رابردو ئەو مانایە دەدا بەدەستەوە ئەوان لوتەلان لە واقیعو لەو واقیعە هەڵدێن کە بەردەوام بونیان هەبووە. لەم روەوە دەگەینە ئاکامێك، کە سەلەفییەت بریتیە لە بەرگریی، هەمیشە رۆحێکی بەرگریکارانەی هەیە لەبەرامبەر بە واقیع. هەربۆیە دەبینین سەلەفییەت لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستاندا بەتەواوی ناکۆكو ناتەبایە لەگەڵ تەواوی ئەو گوتارانەی، بوونیان هەیەو لەواقیعدا رەنگدانەوەیان هەیە. لە قۆناغێکدا سەلەفیزم لە دنیای ئیسلامدا سەریهەڵداوە، واتە لە سەدەکانی شەشەمو حەوتەمی کۆچیدا، دروست لەسەردەمی پێشەوای سەلەفییەکان (ئیبن تەیمییە) دا. هاوکات لەسەدەکانی

دوازدەو سیازدەی کۆچیداو دروست لەسەردەمی (موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب)و لەسەردەمی ئێستاشدا. لە هەر سێ قۆناغەکەی سەرهەڵدانی سەلەفییەتدا یاخود نوێبوونەوەی بیری سەلەفییەتدا رەوشی موسڵمانان لە بارودۆخێکدا بوو روبەڕوی چەندین قەیرانو قەمتی مەترسیدار ببوونەوە. لەسەردەمی (ئیبن تەیمییە)دا موسڵمانان روبەڕوی شاڵاوی مەغۆلەکان ببوونەوە بۆسەر جیهانی ئیسلامیی. بەشێوەیەك تواناو هێزی شارستانییەتی ئیسلامی روبەڕوی مەترسی جدیی ببوویەوە. هاوکات لەسەردەمی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابدا جیهانی ئیسلامی دیسانەوە روبەڕوی شاڵاوی ئیمپریالیزم ببوویەوەو بەتەواوی گەلانی موسڵمان کەوتبوونە بەر شاڵاوی بندەستی ئیستیعمارو ژیارەکەیان پەرتو پەراگەندە ببوو. سەرمایەداریی تەحقیری دنیای ئیسلامی دەکردو ژیاری ئیسلامی ببوو بە کۆیلەو بندەستی سەرمایەداریی. بە ئێستایشەوە لە هەرسێ قۆناغەکەدا دنیای ئیسلام نیازی بە بزوتنەوەی بەرگرییو نەیارییەتی بوو، نیازی بە خۆداچوونەوە دەبوو ببێت بە دەستپێکی بزوتنەوە ئیسلامییەکان، ئەمە وایکرد سەلەفییەت زەمینەی بۆ بڕەخسێتو کەڵك لە لاوازی سیستەمو نەزمی ئیسلامگەرایی وەربگرێتو وەك نەیارێکی سیستەمی باوی ئیسلامگەرایی ببوژێتەوە. یەکێکی دی لە نیشانەکانی شوناسی بەرگریکارانەی سەلەفییەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە کەوتوونەتە بەر سوکایەتیو لۆمەو تەنزی نەیارانیان. کاستلز(1384)، پێیوایە کەسانێك، کە دارای بەرگریکارانەن

لەلایەن کەسانی بەدەسەڵاتەوە دیوێکی نەنگینو سوك تەماشادەکرێن. ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهاد سەلەفییەکان بە تیرۆریستو رادیکاڵ ناودەبرێن. ئەمڕۆ دەستەواژەکانی تیرۆریستیو رادیکاڵی بوونەتە دەستەواژەگەلێك بۆ شوناسی ئیسلامگەرایانی سەلەفیو رادیکال ناودەبرێنو بەدیوێکی نەنگیندا ئاماژەیان پێدەدەن. ئەم رەوشە بە جۆرێکە سەلەفییەکان بەردەوام گەرەکیانە ئەم ناتۆرەی تێرۆریستو رادیکاڵبوونە لەسەر خۆیان لابەنو خۆیانی لێ بێبەریبکەن. مەلا کرێکار دووان لە وتارەکانی کە کاتژمێرێك دەبن لەبارەی توندڕەوییەوەیە، ئەو دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو، توندڕەوی ناتۆرەیەکە خۆرئاواییەکان لەوانیان ناوە. ئەوەیش لەپێناو سوککردنو بە نەنگ تەماشاکردنی موسڵمانانە، دیارە ئەوەیش پێچەوانەی واقیعە.

کرێکار دەڵێت: ئێمە لەسەرزەمینی خۆماندا بەرگریدەکەینو لەبەرامبەر ئەوانە وەستاوین، سەرزەمینمان داگیرکردوە. ئێمە دژیان دەجەنگین، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەو هەڵوێستەمان دەڵێن تێرۆر. ئەوە هیچ لۆژیکێکی تێدانییە، ئێمە پەیڕەوی قورئانو دەستوری خۆمانین، بەڵام ئەوان پێمان دەڵێن رادیکاڵو چەقبەستو (کرێکار، بی تا). ئەو سەلەفیانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دیداریان لەتەکدا کراوە لەم بارەیەوە زۆر پێداگرییان کردوە، کە ئەوان توندڕەو نینو ئەوەی لەسەری سورن بەتەواوی لۆژیکییەو شیاوی ئەوەیە بەرگریی لێبکەن. هەربۆیە نابێت ناتۆرەی تێرۆریستییان لێبنرێت.

## ئەو گوتارانەی لە کوردستانی ئێراندا بوونیان هەیە

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ئەم شوناسە لەبەرامبەر چ گوتارێکدا ئاڕاستەدەکرێت. بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم پرسە پێویستە پەیجوری تەواوی گوتارە باوەکانی کوردستانی ئێران بین.

### یەکەم: گوتاری حکومەتی ناوەندیی

بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی پێشین، سەلەفییەت لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا گوتارێکی دیاریکراوی نییە. هەروەك چۆن لە عێراقدا سەلەفییەت لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا شێوەی خۆی گرتبوو. بەڵام بەرگرییەکی لەو جۆرە هەرگیز لەناو سەلەفییەکانی ئێراندا، کە بەرامبەر بێت بە حکومەتی ناوەندی هیچ ریشەو بنەمایەکی نییە. تاوەکو ئێستا هیچ جەنگێکی چەکداریی لەنێوان سەلەفییەکانو حکومەتی ناوەندیدا لە کوردستانی ئێران روینەداوە. خودی سەلەفییەکان ئەوە ناشارنەوە، کە باوەڕیان بە جیهاد لە رەوشێکی وەك ئەمڕۆکەی ئێراندا نییەو هیچ زەمینەیەکیان بۆی نەڕەخساندوە. وەلێ دەبینرێت لە ناوچەی سیستانو بەلوجستانو چەند ناوچەیەکی تری سوننینشینی ئێراندا ئەم زەمینەیە کە بەرامەی چەکداریی نێوان سەلەفییەکانو ئێران بێت هاتوەتە ئاراوەو رویداوە. لەوێندەر گروپێکی جیهادیی سەلەفیی بەناوی (جوندوڵڵا) کە لەژێر رێبەرایەتی عەبدوملەلیك ریگەیدابوون، کەوتبوونە جەنگێکی

چەکدارییەوە لەتەك حکومەتی ناوەندیدا. بۆچی لەنێوان ئەم گروپە جیادییە سەلەفییانەدا جیاوازی هەیە، بۆچی لەو دوو ناوچە جیاوازەی سونەی عەرەبو کوردا سەلەفییەکان گوتاریان جیایە، ئەوە پەیوەستە بە جۆری تایبەتمەندیی سەلەفییەکانەوە.

دیارە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(1979) گوتاری مەزهەبی تەشەیوع بەتەواوی زاڵ بوو. ئەم گوتارە بە تێپەڕبوونی کات توانی شوێنی خۆیو کاریگەریی خۆی لەناو خەڵکی ئێراندا بسەپێنێتو ببێتە دیارترین گوتاری سیاسی کارا. تەنانەت کاریگەریەکانی ئەم گوتارە مەزهەبیە سنورەکانی ئێرانی ترازاندو لەناو دنیای ئیسلامیدا کاریگەریی ئەوتۆی دانا. وەلێ ئەم گوتارە لەناوچە سوننیەکاندا روبەڕوی دژ وەستانەوە بوویەوە. یەکێك لەو ناوچانەی کە مەزهەبی تەشەیوع ئاسان نەبوو شوێنی بێتەوە بریتیبوو لە ناوچەی سوننەنشینی ئێران، کە ناوچەی سیستانو بەلوجستان بوو. لەناو بلوجەکاندا مەزهەب فاکتەرێکی گرنگی شوناسو پێناسەی خەڵکییە. هەربۆیە کاردانەوەی ئەو سەپاندنی مەزهەبییە، خۆی لە گروپێکی جیهادی بەناوی گروپی چەکداریی (جوندوڵڵا) بینییەوە. وەلێ لە کوردستاندا ئەم رەوشە چەکدارییە نەهاتە ئاراوە، فاکتەری ئەوەیش تواناو هێزی دەسەڵاتداران نەبوو، بەڵکو خەڵکی کوردستان کەمترین کاریگەریی گوتاری شیعەیان لەسەر بوو. کوردەکان کە بەسەر گروپگەلێکدا دابەشببوون، لە دەستپێکی شۆڕشدا وەك نەتەوەیەك روبەڕوی جەنگێکی ناوخۆیی بوونەوە

لەتەك میریدا. ئەم جەنگە كە لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی كوردو حكومەتی ناوەندیدا سەریهەڵدا. لەو جەنگانەدا زۆرێك لە هەردوولا كوژرانو بوویە مایەی ئەوەی هەستی هەمدڵیو نزیكی لەنێوان حكومەتی ناوەندیو كوردەكاندا لەباربرێت. هەربۆیە گوتاری حكومەتی ناوەندی كەمترین كاریگەریی خۆی لەنێوان كوردەكاندا بەتایبەت كوردە سونییەكاندا دانا. لەبەرئەوە ناتوانرێت بوترێت گوتاری حكومەتی ناوەندی لەناو كورداندا شوێنی بووەتەوە یاخود شتێكی خوازراو یان پێشنیازكراو بووە. بە دەربڕینێكی تر سەرەڕای ئەوەی لەنێوان كوردو میریدا پەیوەندییەكی دۆستانەو سەرراستانە نەهاتەدی، هاوكات هەستی دژە شیعەیی نەهاتە بوون. تەنێ لەچەند شارۆچكەیەكی سەربەكرماشان نەبێت كە خەڵكەكەی زیاتر وابەستەن بە دینداربیەوە. دیارە هۆكاری ئەوەیش كە نەیارییەكە ئاینی نەبووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پارتە كوردییەكان لەو دەمەدا پارتی سیكۆلارو چەپگەرا بوون. ئەم پارتانە ساڵانێك بوو لە خەباتدا بوون دژ بە رژێمی شای ئێرانو زۆرێكیان لە زینداندا رزیبوونو پیرببوونو چەندەهایان لەو پێناوەدا، كە پرسی نەتەوایەتی بوو خۆیان كردبوویە قوربانی. لەبەرئەوە پارتە كوردییەكان لەناو كوردا پێگەو پێناوێكی بەهێزو بەكاریان هەبوو. وەلێ پارتە ئاینییە كوردییەكان لەپاش شۆڕشدا هاتنە بوونو تەنێ لەسنورێكی جوگرافی بەرتەسكدا نومایان ببوون. هاوكات لەبواری كردەیشدا زۆر پارێزگارو سنوردار دەجوڵانەوە. لەبەرئەوە لەبنچینەوە مەزهەب لەلای نەتەوەی كورد

پرسێکی بەرباس نەبوو. پارتە سیکۆلارەکان نە تەنها مەزهەبی شیعە بەڵکو تەواوی ئاینییان خستبووە ژێر پرسیارەوە. پارتە کوردییەکان خوازیاری جودایی دینو دەوڵەت بوونو خەڵکیش تەواوی کێشەکانی خۆیان لە ئەستۆی ئەو سیاسەتە ئاینییەدا دەبینییەوە، هەربۆیە هەر لەدەستپێکەوە جۆرێك لە پشتکردن لە باوەڕە ئاینییەکە بەشێوەیەکی گشتی سەریهەڵدابوو.

زۆرترینی خەڵکی جۆرێك لە دیموکراسیو سیکۆلاریبوون روی لێنابوونو خوازیاری نەزمێکی لەو جۆرە بوون لە زەمینەی دەوڵەتداریدا (مک داوال، 1381: 49).

لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت ئەوەی لەناو خەڵکی کوردا بایەخداربوو نەگوتاری حکومەتی ناوەندیو نە گوتارێکی دژە شیعەیی بوو، بەڵکو گوتارێکی دژە ئاینی بوو، لەم روەوە ئەوەی سەلەفییەکان بەگوێرەی خۆیان هەستیان پێکردبوو گوتاری دەسەڵاتداران نەبوو. لەروی کردەیشەوە دەبینرا، کە ئەو گوتارە لەناو خەڵکیدا شوێنی نەبوو.

سەلەفییەکانیش لەو روەوە هەستیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام لەلایەکەوە ناتوانرێت هەستی دژە شیعەیی سەلەفییەکانیش لەپێشچاو نەگیرێت. پێشتر سەلەفییەکان لە زۆرێك لە شوێنەکاندا لەبەرامبەر شیعەکاندا دەستەواژەی رافیزەیان بەکاردەهێنا، لەروی باوەڕو ئیمانەوە پێیان وابوو، ناکرێت رافیزەکان بە موسڵمانێکی دروست تەماشابکرێن. لەبەرئەوە پێشیان وابوو حکومەتێك لەدەستی رافیزەکاندا بێت، ئەوا حکومەتێکی نا ئیسلامییە. لە کۆی هەموو

ئەمانەدا دەکرێت بوترێت، سەلەفییەکان هەستی هاودڵیو دۆستایەتییان لەتەك میریدا نییە. هاوکات یاسا سەپێنراوەکانی سەر خەڵکیو دەوڵەت بەتێکڕا بەیاسای ناشەرعیو ئیسلامی دەزانن. وەلێ ئەم شوناسی سەلەفییەتە لەبەرامبەر گوتاری حکومەتی ناوەندیدا فرە لاوازو بێ کاریگەرەو هەستیاری ئەوتۆی پیشاننەداوە هەروەك چۆن حکومەتیش لەبەرامبەر ئەم شوناسەدا هیچ کاردانەوەو هەستیارییەکی ئەوتۆی نەخستوەتەڕوو.

**دووەم: گوتاری تەسەوفو گروپە ئیسلامگەراکان**

بوونی پارتو گروپە ئیسلامییەکان لەناوچە کوردنشینەکاندا دەکرێت بە فاکتەری بەرفراوانبوونی گوتارێکی تایبەت دابنرێت. ئەم گروپانە دەکرێت بەسەر دوو دەستەدا دابەشیانبکەین، گروپێکیان کە لەسەردەمانێکی دوری رابردوەوە بوونیان هەیەو گروپی تەریقەتو تەسوفن. گروپەکەی دی پارتە ئیسلامییەکانن، کە لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە سەریانهەڵداوەو بە ئیسلامگەراکان ناوزەد دەکرێن.

تەسەوف لەنێوان زۆرێك لە خەڵکی سوننەی ئێراندا پەیڕەوانێکیان هەیە. وەلێ نەیانتوانیوە بەمەرجەعێکی هزری بەهێزو زاڵی زۆرینەی خەڵکی سوننە خۆیان بناسێننو شوێنیان هەبێت. بەڵکو وەك گروپێکی ئاینی جیاواز لە باوەڕی زۆرینەی ئێران بەدورەدەستی ماونەتەوە. لەگەڵئەوەشدا لە شکڵگیریی ئەندێشە ئاینییەکەی ناوچەکەدا بێکاریگەریی نەماوەتەوە.

سەلەفیزم بەسەختی ناکۆکو پێچەوانەی هزرو بیری سۆفیزمە. سۆفییەکان بەپێچەوانەی یەکتاپەرستیو تەوحید دەناسێننو بە بیدعەچییەکانی نێو ئاینییان ناودەبەن. لەهەمانکاتدا پێگەو پێناوی تەسوف هێندە بەهێز نەبووە تاوەکو سەلەفیزم لەبەرامبەر تەسەوفو لەکاردانەوەی هەژمونی ئەواندا سەرهەڵبدات. رەنگە تەسەوف فاکتەرێکی خێرا سەرهەڵدانی سەلەفیزم بێت. سەلەفییەت دروستە لە ماوەیەکی کورتدا توانی بڕوای خورافیاتو گومڕایی بداتە پاڵ هەموو ئەوانەی دەچنە سەر گۆڕەکانو وابەستە دەبن بە شێخو ئەربابەکانیان، ئەوان بڕوای سەلەفیزمیان بڵاوکردەوەو بەخێرایی لەروی تەسەوفدا وەستان، وایان لە خەڵکی گەیاند هەموو ئەو بەندو باوەی رێبازە سۆفییەکان زیادەو بێکەڵك و خورافیاتە. لەم روەوە سەلەفیەکان بونە خاوەن لۆژیكو شوێنی خۆیان کردەوە، ئەوە لەکاتێکدابوو بەرینبوونی کاریگەریی مۆدێرنەو عەقڵانییەت لەگۆڕێدابوو، بەمەشەوە تەسەوف لەبەرامبەر ئەو گوتارو گومانەی سەلەفییەکان دەستەوەسان نەمایەوە.

دیارە لەنێوان پارتو رێکخراو و ئیسلامگەراکاندا هەمیشە نزیکییەك بەدیدەکرێت لەتەك سەلەفییەکاندا. هەموو ئەو رێکخراو و پارتە ئیسلامییانەی لە ئێراندا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران 1979 دروستبوون، وەك پارتە سیکۆلارو چەپەکانی کورد نەچوونە نێو جەنگی چەکدارییەوە لەگەڵ ناوەندو میریداو هەروا لەناو خاکی ئێراندا ماونەتەوە.

ئەوان زیاتر هێزی میانڕەو بوون لەتەك میریدا. ئەمە فاكتەرێك بوو تا لەناو كوردا شوێنیان كەمتر بێت، چونكە كوردەكان هێشتا خرۆشی شۆڕشیان لە بڕوادا ماوەو هەرجۆرە مامەڵەیەك لەتەك میریدا بە خیانەتو غەیانبوون بە پرسی كورد لێكدەدەنەوە. هەربۆیە ئەم ڕەوتی سیاسەتكردنە لە نێو پارتو ڕێكخراوە ئیسلامییەكاندا هۆیەك بوو تا نەتوانن وەك پارتە نا ئاینییەكان لەناو كوردا شوێنی خۆیان بكەنەوە. هاوكات مادام كێشەكانی خەڵكی كوردستان لەژێر سەری حكومەتێكی مەزهەبیدا بوو، ئەمە وایكردبوو كە لەلای كورد هیچ بەدەمەوەچونێك بۆ بانگەشەیەكی ئاینی نەیاریی حكومەت بەسانایی شوێنی نەبێتەوە. زۆرترینی لایەنگرو ئەندامانی مەكتەب قورئان لەپاش كۆچی دوایی ڕێبەرەكەیان (ئەحمەدی موفتی زادە) بەتەواوی لەسەر شانۆی سیاسی ئێراندا پاشەكشەیانكردو كەناریانگرت. هاوكات كۆمەڵەی ئیسلاحو بانگەوازی ئێرانیش لەپاش ڕێبەری ئایدیۆلۆژی خۆیان (ناسری سوبحانی) زێدەتر شێوەیەكی پارێزگارانەیان لەخۆدا بەرجەستەكرد تا بتوانن لەناو ماجەرا سیاسییەكانی ئێراندا شوێنیان بێتەوەو یاساغنەكرێن. هەربۆیە ئەو ڕەوشە پارێزگاریانە لەتەك خواستە سەرسەختەكانی خەڵكی ناوچەكە لە حكومەتی ناوەندی پێكنەدەهاتەوەو نەیدەتوانی خەڵكی یاخود باری سەرنجی جەماوەری كورد بۆخۆیان ڕابكێشنو ڕازییان بكەن. ڕەنگدانەوەی ئەم بەدەمەوەچونەیش لاوازیو نەتوانینی ئەم هێزانە بوو تا بتوانن نوێنەرانی خۆیان بنێرنە

پەرلەمان. هاوکات ئەم هێزە ئاینییە کوردییانە دارای هیچ جۆرە رۆژنامەو بڵاوکراوە یاخود کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نینو تەنێ لەرێگەی چەند وێب سایتێکی ئینتەرنێتییەوە ئەندێشەو پەیامەکانی خۆیان پەخشدەکەن، دیارە ئەمەش لە ئاستێکدا نییە تا هۆشیاری خەڵکی لەسەر جوڵانەوەو پەیامو بانگەوازەکانیان کەمەندکێش بکەن. لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین کە ئیسلامگەراکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دارای پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینو بەهێز نینو شوێنیان ئێجگار لاوازە. هاوکات ئیسلامگەراکان لەهیچ رەوشێکدا بەشێوەیەکی بەرچاو روبەڕوی سەلەفیزم یان یەکتریی نەبوونەتەوە، هەرچەند ئەم پارتە ئیسلامیانە دارای جەماوەرێکی دیاریکراوی خۆشیانن، سەلەفییەکان لە ئاستیاندا حسابێکی ئەوتۆ نەك هەر ناکەن بەڵکو بەشێك لە رێبەرانی سەلەفیزم لە کوردستانی ئێراندا بۆ خۆیان پێشتر ئەندامو کادێری ئیخوان موسلمین بوونو لەناو ئەو پارتە ئیسلامگەرایانەدا بوون. بۆنمونە (حەمید عالی) یەکێك لە رێبەرانی سەلەفیزم لە کوردستانی ئێران پێشوتر ئەندامێکی پارتی کۆمەڵەی بانگەوازو ئیسڵاحی ئێران بووە. هاوکات رێبەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراق، پێشوتر ئەندامی ئیخوان موسلمینی عێراق بوون. هاوکات ئەو سەلەفیانەیش کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دیداریان لەتەکدا کراوە، ئەوانیش پارتە ئیسلامگەراکان بە برا و دۆستی خۆیان ناودەبەن. تەنانەت کەمتر لەروی بیروباوەڕیشەوە لەتەك ئیسلامگەراکان ناکۆك بوون. رەخنەکانیان زێدەتر

لەروی ستراتیژی کاری ئیسلامگەراکان بوو، پێیان وابوو تەنها سەلەفییەکان دەتوانن ئیسلام وەك خۆی بە پوختی بەرەو پێشەوە بەرێ. سەلەفییەکان نایشارنەوە کە ئەندێشەی ئیسلامگەراکان ناکۆكو پێچەوانەیە لەتەك ئەندێشەی ئەواندا. لەم روانگەیەوە سەلەفییەکان، پرۆژەی ئیسلامگەراکان ناسڕنەوە، بەڵکو خۆیان بە بەدیلی ئیسلامگەراکان دەزانن و پێیان وایە پرۆژەی ئەوان شکستخواردوەو پێویستە سەلەفیزم بێتە بەدیلی گروپە ئیسلامییەکان.

**سێهەم: گوتاری پارتە نا ئاینییەکانی کورد**

گوتارێکی دیکە هەیە شیاوی لێکۆڵینەوەیە، ئەویش گوتاری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردە لە دەرەوەی سنورەکانی ئێراندا. لە سەرەتاکانی شۆڕشدا پارتگەلێکی زۆر لە کوردستاندا چالاك بوون. کە گرنگترینیان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە بوون. ئەندێشەی حزبی دیموکرات بە دوو چەمکی دیموکراتی و ناسیۆنالیزم دەکرێت پێناسەبکەین و بیناسێنین. هاوکات ئەوەی کە ئەندێشەی کۆمەڵەی پێدەناسرێتەوە بریتییە لە چەمکەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزم و سۆشیالیزم.

ئەم دوو پارتە ساڵەهای پێش شۆڕش بریتی بوون لە دوو پارتی خەباتکاری گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دژ بە حکومەتی ناوەندیی. ئەم پارتانە لە دەستپێکی شۆڕشدا لەناو خەڵکی کوردستاندا پێگەو پێناوی خۆیان هەبوو، بەڵام هەر لە

دەستپێکی شۆڕشدا وردە وردە پێگەی جەماوەرییان دای لە کزیو نەیانتوانی خۆیانبگرن، بەڵام فاکتەری سەرەکی لەم پاشەکشەیەدا بریتیبوو لە ململانێی ناوخۆی ئەم دوو حزبە لەتەك یەکتریدا. حزبی دیموکرات خۆی بەنوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانی، وەلێ کۆمەڵە ملی بۆ ئەم بانگەشەیەی دیموکرات نەدەدا. ئەم ناکۆکیانە مایەی دەرگیرییو کێشمەکێشو جەنگی ناوخۆیی لێکەوتەوەو چەندەها کەس لەنێوان هەردوولادا بە کوشتن چوون. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە سازشو پێکەوەییان تەنها لەکاتێکدا بوو هێرشەکانی حکومەتی ناوەندیی بۆ سەریان بەردەوام دەبوو. حزبی دیموکرات بە وازهێنان لە بەرەی بەرگری میللی، کە هاوپەیمانییەتییەك بوو لەنێوان تەواوی هێزە کوردییەکانی دژ بە میریی، ناکۆکی خستە ناو ریزەکانی ناوخۆی خۆیەوەو چەند ئەندامێکی باڵای حزبەکە جودابوونەوەو جیاییو لێکترازان پارتەکەی گرتەوە. کۆمەڵەیش بەهۆی رادیکاڵبوونی لەبەرامبەر بە هەرجۆرە دانوستانو سازشێك لەتەك حکومەتی ناوەندیو حزبی دیموکراتدا، بەتایبەتی نەسازانی لەتەك حزبی دیموکراتدا بەهۆی سوننەتگەرایی حزبەکەوە هێشتا لەناو جەماوەری کوردا پێناوێکی بەهێزی هەبوو. ئەمە بووە هۆکارێك کە لەناو خەڵکی کوردستاندا کاریگەرییو تەرەفداریی روو لە کەمی بکات. لەلایەکی ترەوە رێبەرانی کۆمەڵە زێدەتر رۆشنبیرانو زانکۆییەکان پێکیهێنابوون نەك چینە دێهاتیو هەژارنشینەکان، ئەوە لەکاتێکیشدا بوو ئەوان بەردەوام

بۆرجواكانیان بەكەم دەزانیو سوكایەتییان پێدەكردنو خۆیان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد، كە نوێنەری چینەكانی ئاواییو دێهاتەكانن (ئەوە بەكاریگەریی ئایدیۆلۆژی كۆمۆنیزمی چین) ی بوو. هەربۆیە ئەم گرفتانە كەمو زۆر پێگەی جەماوەری كۆمەڵەی لاوازو بەرتەسككردەوە. كاتێك كۆمەڵە لەساڵی 1990 دوبارە پەیجوری شوناسی نەتەوەییو كوردبوونی خۆی ببوو، لەو گروپانە لاوازترو گچكەتربوو، كە لە ساڵی 1982 لەتەكیاندا هاوپەیمانییەتی پێكهێنابوو(مک داوال، 1381: 6گ). بەمجۆرە ئەم دوو پارتە بەتەواوی بنكەی جەماوەرییو شوێنی خۆیان لە كوردستانی ئێراندا لەدەستدا. ئیدی ئەم دوو پارتە نەك هەر ئاڕاستەی ئەندێشەو خواستی خەڵكییان نەدەكرد بەڵكو ئەوان خۆیان دەگونجان لەتەك بیركردنەوەو ئەندێشەی خەڵكیداو لەپاش ساڵەهای ساڵ لەخەباتی چەكداریی لە كۆتایی نەوەدەكاندا هیچ جموجوڵو چالاكییەكیان نەماو دەستیان لە چەكو چۆڵو خەباتی چەكداری كشاندەوە. یەكێك لە نمونەكانی كاریگەریی خەڵك لەسەر حزبەكان لە بواری پرسی خود موختاریدا بەدیاركەوت. خەڵكی كورد هەرچی لەساڵانی شۆڕش زێدەتر تێدەپەڕی، ئەوا پێداگرییان لەسەر پرسی خودموختاری كەمتر دەبوویەوە. دیارە ئەمەیش بەمانای لەنێوچوونی نارەزایەتییەكان نەبوو لەبەرامبەر میریدا. بەڵكو كوردەكان رەخنەو نارەزایەتییان لەبەرامبەر شۆڕشو حكومەتی ناوەندیدا لە چوارچێوەو نەزمێكی تردا دەخستەڕوو. كوردەكان پێیان باش بوو خواستو

خولیاو داواکانی خۆیان لەچوارچێوەی بەدەنگەوەچوونی هەڵبژاردنەکانو دەنگدان بە ریفۆرمخوازەکان دەرببڕن. لە راستیدا رەخنەو گلەییو نارەزایی کورد لە نێو نەزمی هەڵبژاردنەکاندا بەتەوای رەنگی دابوویەوە. بۆنمونە لە ساڵی 1984دا کوردستان تەنها ئوستانێك بوو، بەدەنگنەدان بە دوبارە کاندیدبوونەوەی هاشمی رەفسەنجانی لە خولی دووەمی سەرۆك کۆماریدا نەخشی خۆی نیشاندا. هاوکات بە هەڵکشانی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا لەپاش شۆڕشو لە خولی حەوتەمدا (79% بە گوێرەی ماڵپەڕی ئوستانی کوردستان) بەمشێوەیە بۆ حکومەتیان سەلماند، دەتوانن هاوکێشەی سیاسی وڵات بگۆڕن، ئەوە لەکاتێکدا بوو لقەکانی کۆمەڵەو دیموکرات لە وڵاتدا نەیاری بەشداری خەڵك بوون لە هەڵبژاردنەکاندا. کاریگەریی بیرکردنەوەی خەڵك وایکرد خەڵك پێش حزبەکانیان بکەون. ئەمە وایکرد حزبەکان پاشەکشە بکەن لە دروشمەکانی پێشوتریان. بۆنمونە حزبی دیموکرات، کە دروشمی سەرەتای دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان بوو، وایکرد بەفەرمی ئەو دروشمە لە ساڵی 2004دا بگۆڕن بۆ ئێرانی فیدڕاڵو دیموکرات.

واتە دەستەواژەی کوردستانیان لابردو بابەتەکەیان لە خودموختارییەوە گۆڕی بۆ فیدڕاڵی. ئەمەیش بە پاساوی ئەوە بوو بۆ مافی تەواوی نەتەوەکانی تر پێداگریی بکەنو تەنها کوردەکان لە ناوەندی خواستەکانی خۆیاندا نەکەنە بڕیار. دیارە ئەم کاریگەرییە تەنێ لە لایەنێکەوە نەبوو بەڵکو

پارتە کوردییەکانیش ڕۆڵیان بینی لە هاندانی خەڵکی کورد لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا، بۆ نمونە لە هاوینی 2008 و هاوکات مانگرتنی سەراسەریی (2010) دا. لەهەردوو مانگرتن‌و خۆپیشاندانەکاندا کوردەکان لەسەر داوای پارتەکانی کۆمەڵەو دیموکرات لەسەر ئاستێکی بەرین بەشدارییان کرد. بەکورتی دەکرێت بوترێت ئەگەرچی پارتە کوردییەکان دەتوانن تا رادەیەکی سنوردار شەقامی کورد لە ئێراندا بجوڵێنن، وەلێ هێشتا ناتوانین بڵێین کە خەڵکی کوردستان ئەوان بە ڕێبەرانی هزری‌و سەرداری خەباتی سیاسی خۆیان دەزانن. لە ئاکامدا دەردەکەوێت کە ئەندێشەی پارتە کوردییەکان لە کوردستانی ئێراندا نە تەنها وەك جاران زاڵ‌و بەرچاو نییە بەڵکو بەتەواوی پاشەکشەیکردوەو شوێنی خۆیان لەدەستداوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین سەلەفییەکانی کوردستان کەمتر لەبارەی پارتە کوردییەکانەوە هەستیارن، تەنانەت لەدیدارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەتەك سەلەفییەکان زۆر بەکەمی ئاماژەیان بە پارتە کوردییەکان دەداو تەنانەت لەپارتە ئیسلامییەکان کەمتر تیشکیان دەختەسەر پارتە سیکۆلارەکان. ئەمەیش ئاماژەیە بەوەی سەلەفییەکان هەست بە ترس‌و بیمێك لەهەمبەر پارتە سیکۆلارە کوردییەکان ناکەن‌و تەوژمی ئەوان بە زاڵ‌و زێدە جێگەی باس نازانن. کەواتە شوناسی سەلەفییەت ناتوانێت لەبەرامبەر گوتاری چەپ‌و حزبی دیموکراتدا لە کوردستان شێوەیەك نیشانبدات‌و ئاڕاستەیەکی هەبێت. ئەگەرچی لەروی دنیابینی‌و بیروباوەڕەوە سەلەفییەکان بەتەواوی

خۆیان بەنەیارو دژ بە پارتە چەپو سیکۆلارەکان دەزانن‌و هەموو رەوگەو رێبازەکان تەکفیردەکەن. بەڵام سەلەفییەکان هەموو ئەو پارتانە بە نوێنەرانی ئەو ئەندێشەیە نازانن کە ئەوانی لەبەرامبەردا دروستبوون.

**چوارەم: گوتاری باوی خۆرئاوا لە کوردستانی عێراق**

هەموو ئەو ئەندێشانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوەکراوە هەمویان ریشەیان لە خاکی کوردستاندا هەیە، یاخود بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت بوترێت لەلایەن پارت‌و گروپگەلێکەوە سەریانهەڵداوە، کە لە کوردستانێدا چێبوون. وەلێ کوردستانی ئێران هاوتای کوردستانی عێراق هەڵکەوتوە. کوردستانی عێراق شوێنێکە ئەندێشە جیهانییەکان زوتر تێیدا دەردەکەون‌و لەبارەی ئەزمونی تێکۆشان‌و نەیارییەتیش لەتەك حکومەتە ناوەندییەکاندا زەنگینترو کاراتربووە. هاوکات عێراقیش وەك ئێران دارای دەوڵەتێکی بەهێزو سەنتەرگیر نەبووەو تەنانەت ماوەیەکی فرە بەسەر سەربەخۆبوونیدا تێنەپەڕیوەو رابردوی عێراق لەپاش سەرەونخونبوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە دەستپێدەکات. هەربۆیە کوردەکانی لەوەدا سەرکەوتووبوون، کە خەبات‌و نەیارییەتی خۆیان گورجتر دەستپێبکەن‌و بەهێزو گڕوتینێکی زێدەترەوە لەبەرامبەر حکومەتە ناوەندییەکان راوەستن. کوردەکان پاش سەربەخۆبوونی عێراق بێجگە لەماوەیەکی کەم ئیدی لێنەوین‌و هەمیشە لەبەشێکی ناوچەی کوردستاندا نیمچە فەرمانڕەوایەك بوون. لەم روەوە

خەباتی کوردەکانی عێراق وەك پێشەنگێك وەهابووە بۆ کوردەکانی ئێران. هاوکات کوردەکانی عێراق بە فاکتەری هاو مەزهەبیبوونیان لەتەك سوننەی عەرەبدا زێدەترو زوتر کەوتنە ژێر کاریگەریی ئیسلامی سیاسییەوەو بەتایبەتی ئاشنابوون بە ئەندێشە ئاینیەکان کە لەمیسرەوە سەرچاوەیان گرتبوو. لەم رووەوە کوردەکانی ئێران لە روی ئایدیای ئاینییو سیاسییەوە کەوتنە ژێر کاریگەریی گروپەکانی کوردستانی عێراقەوە. دیارە ئەو کاریگەریانە تاکاتێك کە سنوری نێوان دوو وڵات واز نەبووبوو فرە سنوردارو لاواز بوو. دیارە هەر لەکاتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لەتەك ئێراندا کەوتنە کێشمەکێشو ئاڵۆزییەوە. ئاڵۆزییەکان درێژکراوەی ململانێی نێوان عوسمانیو ئێرانییەکان بوون زێدەتر وابەستەبوون بە دیاریکردنی سنورەکانی نێوان دوو وڵاتەوە. دیارە بوونی کوردەکان وەك بەشێك لە پێکهاتەی دانیشتوانی هەردولا و هاوکات نەیاریەتیو یاخیبوونی هەمیشەییان لەبەرامبەر حکومەتە ناوەندییەکانیان بووە فاکتەرێك تاوەك کارتێکی فشار کەڵك لە کوردانی یەکتربینن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. بۆنمونە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی عێراق بواریان بۆ کرابوویەوە تا لەخاکی ئێرانەوە خۆیان رێکبخەنو دژ بە بەغداد دەستبدەنە خەباتو پارتیزانی، لەبەرامبەریشدا کوردەکانی ئێران لەلایەن رژێمەکانی عێراقەوە (هەڵبەتە لەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا) هەماهەنگی دەکرانو پەنادرابوون تا دژ بە تاران بکەونە خەباتو یاخبوونەوە. لەم

ڕووەوە کوردەکانی عێراقو پەنادانیان لە کوردستانی ئێرانداو مانەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ فاکتەرێك بوو تا کاریگەرییان لەسەر کوردەکانی ئێران بەجێبهێڵن. دیارە زێدەتر ئەم کاریگەرییانە لەسەر تاکەکەس دروستدەبوون، ئەوانەی بواری تێکەڵبوونو هاموشۆی شۆڕشگێڕە کوردەکانیان هەبوو. بۆنمونە کردە نەیارو شۆڕشگێڕ و ئەندامەکانی پارتە سیاسییەکان.

وەلێ لەپاش کۆتایهاتنی جەنگی ئێرانو عێراقو دروست لە دەستپێکی نەوەدەکانی سەدەی رابردودا، حکومەتی عێراق چەند جارێك هێرشیکردە سەر کوردستانی عێراق، ئەو دەم تارادەیەك هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی‌و لێکدابڕانی لە حکومەتی عێراقی راگەیاندبوو. لەکاتی هێرشەکاندا حکومەتی ئێران لەلای خۆیەوە بڕیاریدا سنورەکانی خۆی لەبەرامبەر کوردەکانی عێراقدا وازبکات. رەوشی ئاوارەکانی کوردستانی عێراقو بارودۆخی دژوارو ناهەمواریان وایکرد بەتەواوی سۆزو ویژدانی کوردەکانی ئێران راچڵەکێنن، کوردانی ئێران زۆرێك لە ئاوارەکانیان بۆ چەندین مانگ داڵدەداو ببونە پەناگە بۆیانو دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ دەکردن. تا بەڵکو بە هێوربوونەوەی رەوشەکە بتوانن بۆ زێدو خاکی خۆیان بگەڕێنەوە. ئیدی ئەم تێکەڵبونو ئاشناییە کاریگەریی ئەوتۆی لەنێوان یەکتریدا دروستکردو ئیدی هەرگیز نەدەتوانرا وەك جاران سنورەکان بەڕوی یەکتریدا دابخەن. هاوکات رۆژ لەدوای رۆژ هاموشۆو گەشتو مانەوەو سەردان لەنێوان هەردوولادا

پتر و ساناتر دەبێت. ئیدی لە دەرهاویشتەی ئەم تێکەڵبوون‌و کرانەوەی سنورانەدا کاریگەرییە هزرییەکانیش دەرکەوتن، ئەمە لەکاتێکدایە هەرێمی کوردستانی عێراق لەژێر دەسەڵاتی دوو پارتی باڵادەست پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پارتی)و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان(یەکێتی) دا بوو. ئەم دوو پارتە توانیبوویان ئەندێشەو هزری خۆیان بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبکەنەوە، تەواوی کوردستان وابەستە ببوون بە گوتاری ئەم دوو پارتەوە. ئەم دوو پارتە بە کۆمەکی ئەمریکاو هاوپەیمانی ئەمریکا دەژمێردران‌و لەو رویەشەوە توانیبوویان بەسەر دامودەزگاو هێزی حزبی بەعسدا زاڵبن‌و سەرکەون. هاوکات ئەم پارتانە زێدەتر لەژێر کاریگەریی نەزمی خۆرئاوادا بوون. هەربۆیە هیچ کات لە کوردستانی عێراق پارتە چەپەکان نەیانتوانی شوێن‌و پێگەی بەرینیان هەبێت. تەنها لە دەیەکانی شەست‌و حەفتاکاندا چەپەکان لەسەر ئاستی گەلانی عێراق توانیبوویان شوێنیان بێتەوەو دیاردەیەکی باوبوون. وەلێ لە کوردستاندا چەپەکان نەیانتوانی خۆبگرن‌و خەڵکی کورد تەنێ لەپشت سەری دوو پارتی سیکۆلارو دیموکراتدا بوونی خۆیان‌و پرسی نەتەوەیی خۆیان دەبینییەوە. لەلایەکی ترەوە خەڵکی کوردستانی عێراق زۆر زیاتر لە کوردەکانی ئێران وابەستەبوون بە خۆرئاواوەو زیاتر لەپەیوەندیدا بوون لەتەك وڵاتانی خۆرئاوادا. دیارە ئەوەیش فاکتەری نەبوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێزو هاوکات بوونی ئازادی لە بواری چاپەمەنی‌و میدیاو رۆژنامەی

کوردیی‌و خوێندن بەزمانی کوردی‌و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی‌و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەموو ئەو هۆکارانە فاکتەری کرانەوەی کوردی عێراق بون بەروی خۆرئاواو کاریگەریی نەزم‌و هزری خۆرئاوادا.

ئەم کاریگەرییانە لەپاش روخانی رژێمی بەعس زێدەتر بوو، کوردەکان زیاتر بەروی وڵاتانی خۆرئاوادا کرانەوە. لەهەمانکاتدا ئێران لەرەوشێکدا بوو بەهۆی گرفتە ئابورییەکانەوە دەستوپەنجەی نەرمدەکردو هاوکات بەهۆی پرسی ناوەکییەوە چەندین بڕیارو رێککەوتنی نێونەتەوەیی لە دژیدا دەرکرابوون. هاوکات ئاستی بێکاری‌و هەژاری لە ئاستێکی بەرزابوو، دروست لەم کاتەدا کوردەکانی عێراق لە قۆناغی شکۆفەیەکی خێرادابوون. لە هەرێمی کوردستاندا بیناکاری‌و شەقامی نوێ‌و شارۆچکەو گوندی مۆدێرن‌و دروستکردنی بازاڕی هاوچەرخ‌و خواردەمەنی سەردەمیانەو پۆشاکی نوێ‌و هەمەجۆر فاکتەرێك بوو تا سەرنجی گەشتیارو خەڵکی ئێران بۆ لای خۆیان رابکێشن. هاوکات زانکۆکانی کوردستانی عێراق لە سلێمانی‌و هەولێرداو کرانەوەیان بەروی پرۆگرامی نوێ‌و خوێندن بە زمانی ئینگلیزیی و پەیوەندی بەزانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپاوە دیسانەوە فاکتەرێك بوو تا خوێندکارو دەرچوانی کوردستانی ئێران روبکەنە هەرێم‌و ئاشنابن بەو ژینگە نوێیە، هاوکار ئەوانەیش، کە نەهاتبوون لەرێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کەم تا زۆر کاریگەریی رەوشی هەرێمیان لەسەر دروستبوو.

هەردوو حزبی باڵادەست کەناڵی ئاسمانی کوردیی تایبەت بەخۆیان دانا، زۆرترین کاریگەرییان لەناو کوردانی ئێراندا بەجێهێشت. هاوکات تارادەیەك ژینگەی ئازادی کوردستانی عێراق فاکتەری گەڕانەوەی رۆشنفکرو خوێنەوارەکانی کوردبوو له ئەوروپاوە، لەتەك ئەواندا له کوردستانی سوریاو تورکیاو ئێرانیشەوە کوردە روناکبیرەکان هاتنە کوردستانی عێراقو مژوڵی کاری خۆیان بوون. ئەو ئازادییە رێژەییە ژینگەیەکی لەباری رەخساند بۆ هەموویانو فاکتەری گەشەکردنی هزرو هۆشو ئەندێشە جیاوازەکان بوو. هەموو ئەوانە بوونە هێزێکی مرۆیی گرنگو یارمەتی پێشکەوتنی هەرێمەکەیان دا. هاوکات بڵاوکراوەکانو گۆڤارەکانی وەك رامانو سەردەمو ئایندەو رۆشنگەریی شوێنی خۆیان داناو له تەواوی کوردستانی ئێراندا ئەو بڵاوکراوەو گۆڤارانە کەم تازۆر بەشێوەی ئاشکراو نهێنی وەشاندەکرانو کاریگەریی مەزنیان بەجێدەهێشت. هەموو ئەو گۆڤارانە ناسراوتربوون لەو بڵاوکراوانەی، له کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی سنوردارو پچڕپچڕ دەردەچوون. دیارە هەموو ئەو بڵاوکراوانە بەجۆرێك لەجۆرەکان پشتیوانییان له گوتاری دەسەڵات دەکرد له کوردستانی عێراقدا. بۆ نمونە گۆڤاری (رامان)، کە دەزگای ئاراس دەریدەچواند سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانو سەردەم و رۆشنگەریش سەربەدەزگای سەردەم بوون، کە لەلایەن شێرکۆ بێکەسەوە بەڕێوە دەبرا، ئەو شاعیری ناسراو و بەناوبانگبوو، کە بۆ ماوەی 4 ساڵ وەزیری رۆشنبیریی

کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ناوبراو لەسەر ئەندێشەکانی روبەڕوی هەرەشەو کوشتن ببوویەوە لەلایەن سەلەفییەکانەوە. هاوکات گۆڤاری ئایندەیش لەلایەن رۆشنبیرانی سیکۆلاری سەربەخۆی کوردەوە دەردەچوێنرا. لەبەرامبەر ئەم شەپۆلی نوسینانەدا ناکرێت بڵێین کاریگەریی گوتاریی پارتە باوەکانی هەرێم لە کوردستانی ئێران نەبووەو نابێت چاوپۆشیی لە کاریگەرییە هزرییەکانی ئەزمونی هەرێم بکرێت لە کوردستانی ئێراندا. کەواتە لە کوردستانی عێراقدا گوتاری باڵادەست بریتییە لە گوتاری پارتە سیکۆلارەکان، کە دوو حزب نوێنەرایەتیی نەدەکرد، هەڵبەتە ئەمە ئاماژەنییە بۆ نەبوونی رۆڵی تەواوی حزبەکانی دی. لە هەرێمی کوردستاندا یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بوونیان هەیە، هاوکات حزبی شیوعیو بەم دواییانەیش بزوتنەوەی گۆڕان هاتوەتە پێشێ. هەموو ئەوانە لە کێبەرکێی سیاسیدان لەتەك پارتیو یەکێتیدا، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کۆی 58 کورسی، پارتیو یەکێتی توانیان 43 کورسیو بزوتنەوەی گۆڕان 8 کورسیو یەکگرتووی ئیسلامی 4 کورسیو کۆمەڵی ئیسلامی 3 کورسییان بەدەستهێنا. ئەگەر چی لە دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕانەوە لە دەنگەکانی پارتیو یەکێتی کەمکراوەتەوە، وەلێ هێشتا دەتوانین بڵێین، گوتاری باوی هەرێمی کوردستان لە جڵەوی پارتیو یەکێتیدایە. لە دیدارەکاندا لەتەك سەلەفییەکانی کوردستانی ئێران لەمەڕ بۆچونیان لەبارەی کوردستان،

ئەوان بەبێ ئاماژەدان بە پارتەکانی کۆمەڵەو دیموکراتو بە ئاماژەدان بەناوی جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی دەیانوت بەشێوەیەکی تەواو نەیاری بۆچوونو بڕوای ئەو پارتو کەسانەن سەبارەت بە کوردستان. لەلای سەلەفییەکان جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیو خۆرئاوا وەك سەرچاوەی دوژمنیان ناویان دەبردنو بەهیچ جۆرێك نەیاری خۆیان لەهەمبەریان نەدەشاردەوە. سەلەفیو ئیسلامگەرایانو نەیارییان بە پارتیو یەکێتیو گوتاری باوی وان، لە روانگەی ئێمەوە ئەوەبوو، مادام سەلەفییەکانی ئێران ریشەیان لەسەلەفیو ئیسلامگەرایانی کوردی عێراقەوەیە بۆیە دژن بە پارتیو یەکێتی، چوون بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان عێراق لە دەستپێکی نەوەدەکانەوە کەوتە جەنگێکی خوێناوی لەتەك یەکێتیدا. بەڵام ئەو نەیارییە هەمیشەیی نەبوو بەڵکو توانیان ئاگربەستو رێککەوتن رابگەیەننو ئاشتبنەوە. بەڵام سەلەفییەکانی ئێران هەرهەموو پارتە سیکۆلارەکانی باشور بەنەیار دەزانن. لە کاتێکدا بزوتنەوەی ئیسلامی لە دەستپێکدا پەیوەندییەکانی لەتەك مام جەلالدا قوڵترو پتەوتربوون تا ئەو پەیوەندییانەی لەتەك گروپەکانی سەر بە ئیخوان موسلمینی عێراق هەیانبوو. بەتایبەتی سەلەفییەکانی ئێران پاش دروستبوونی ئەنسارولئیسلام ئیدی زیاتر نەیارییان لەتەك پارتیو یەکێتی نەدەشاردەوەو بەتوندی دژ بە ئەزمونی هەرێم بڕوای خۆیان دەردەبڕی. تەنانەت گەیشتینە باوەڕێك ئەوە تەنها سەلەفییە جیهادییەکان نین دژن بە پارتیو یەکێتی

بەڵکو تەواوی سەلەفییەکانی ئێران بە جیهادیو ناجیهادییەوە بە دیوێکی نەشیاودا باسو خواسیان لەبارەی جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیو پارتە سیکۆلارەکانی هەرێمی کوردستان دەکرد. هەرچەندە جەنگی نێوان ئەنسارولئیسلامو دواتر ئەنساروسوننە لەتەك پارتە باڵادەستەکانی هەرێم رۆڵی بینیوە لەو روانگە دوژمنییەی سەلەفییەکاندا، بەڵام ئەمە نابێتە تەنها بەڵگەیەك لەسەر روانگەی نەفرەتئامێزی سەلەفییەکان. وەلێ گوتاری سەلەفیزم لەو روانگەیەوە دژو نەیارە، کە هاتنی هەیمەنەی پارتە باڵدەستەکانی هەرێم بە رەنگو رویەکی خۆرئاوایانەوە بە فاکتەری نەزانیو سەرلێشێواوی کۆمەڵگەی کوردی ئێران دەزانن، ئەوان گوتارو شوناسیان جیاوازەو پێیانوایە یەکێتیو پارتی داوی وڵاتانی تاغوتو دژە باوەڕو ئاینن. لەم بارەوە مەلا کرێکار دەڵێت: ئەمریکاو ئیسرائیل پەیوەندی ئاشکرایان بە پارتیو یەکێتییەوە هەیەو لەو سۆنگەیەوە هەوڵی سەرکوتی رابوونی ئیسلامی دەکەن، ئەگەرچی ئەوانە خۆیان لەو بابەتە بێخەبەر نیشاندەدەن (کرێکار،2010).

دیارە گوتاری خۆرئاواگەرایی لەرێگەی کوردستانی عێراقەوە زوتر ئاودیوی کوردستانی ئێران بوو، واتە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردودا، وەلێ سەلەفیزم دێرترو دروست لە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لە 2003دا خزایە سنورەکانی کوردستانی ئێرانەوە. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە گوتاری پێشوتر بەشێوەیەکی بەرین بڵاوببوویەوەو شوێنی

خۆی گرتبوو. وەلێ رەوتی سەلەفیزم خزایە نێو کوردستانی ئێرانەوەو دەستیکرد بە تەنینەوە، هەرچەند نەیتوانی تەواوی ئەرکانو ئەجێندای خۆی برەوپێبداتو پێگەی گوتاری یەکەم لەقبکات. لێرەدا دەکرێت بەسانایی بەسەر بوونی ئەم دوو گوتارەدا تێنەپەڕین. گوتاری یەکەم رەواجی داوەتە چەمکەکانی ئازادی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو زیاتر لەناو بەرامەیەکی سەرمایەدارییەوە هەڵتۆقیون. ئایا سەلەفیزم لەئاستی ئەم چەمکانەدا دەستەوەستان بووە، ئایاسەلەفیزم توانیوییەتی دڕبدات بەم چەمکانەو وەك بەرگرییەکی شوناسیی لە کۆمەڵگەی کوردیی ئێراندا راستبێتەوە؟ هەموو ئەم پرسیارانە شیاوی لەسەر وەستانو لێکۆڵینەوەی تەواون لە بوارەکەدا.

## ئەگەری روبەڕوبوونەوەی سەلەفیزم لەگەڵ دیموکراتیدا

سەلەفیزم هەرجۆرە حاکمییەتێکی بێجگە لە خودا بە کوفرو گومڕایی دەزانێتو هەموو جۆرە گوێڕایەڵییەکیش بە گوێڕایەڵی تاقوتو کوفر لێکدەداتەوە، دیموکراسیش لەویادا کە بەواتای حوکمی خەڵك بۆ خەڵك راڤەدەکرێتە بەتوندی دەیداتە دواوەو دەیسڕێتەوە. لە کۆمەڵگەی نمونەیی سەلەفیزمدا دیموکراسی بەتەواوی مانا دەدرێتە دواوەو تەنها ئەوانە لەبازنەی خۆیاندا دەبیننەوە، کە جێبەجێکەری دەستوری خوداوەندن. ئەوان نە تەنها کەسێك لەناو رەوشی

دیموکراسیدایە دەدەنە دواوە بەڵکو ئەو کەسانەی کە بڕواشیان بەدیموکراسییە لەبازنەکە دەکەنە دەرێ. دیارە ئەم خواستەی سەلەفیزم لەناو خەڵکیدا شوێنی نییەن چوون یەکەم هێزێکی سیاسی، خۆشەویسترین‌و خەباتگێڕترینیانە حزبی دیموکراتی ئێران بوو، کە دروشمی سەرەکی دیموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، ئەم حزبە لەناو خەڵکدا ریشەی هەبوو، دارای گوتارێکی نەتەوەیی‌و جەماوەریی بوون لەسەرو بەندی شۆڕشدا ئەم هێزە لەناو بەرەی میللیدا ئەم خواستەی دوپاتکردەوەو ئەوەڵ داواکاری ئەم پارتە بەرپابوونی حکومەتێکی نا دیکتاتۆریی بوو. حزبی دیموکرات ئەوەی خستەڕوو، خەڵکی ئێمە خوازیاری دوو ئامانجی بنچینەیین، کە لەپێناویاندا دەجەنگن. ئەوانیش بەرابەری‌و ئازادییە سیاسییەکانن لە ئێراندا، هاوکات وەدەرنانی دیکتاتۆری‌و شوێنگرەوەیەتی بە رژێمێکی ئینسانی، هاوکات پێویستە تەواوی گەلان لە ئێرانی فیدراڵیدا یان خودموختاریدا بناسرێن(داوال،1381: 49).

لەم ساڵانەی دوایدا خەڵکی کوردستانی ئێران بە گرتنەبەری رێوشوێنی جیاواز دەربڕی خواستەکانی خۆیان بوون، ئەوان بە پەنابردنە بەر ریفۆرمخوازان‌و هەندێك کات بەگرتنەبەری خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و دروستکردنی ئەنجومەنە جیاوازەکان‌و گروپی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی یاسادا هاتونەتە پێشەوە. بەمشێوەیە تا رادەیەکی باش رۆڵیان بینیوە لەبەرەو پێشبردنی بەرامەی

دیموکراسی له وڵاتدا. وەلێ کوردەکان لەدەرەوەی گەلانو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەبوون، بە هۆکاری ئەوەی دیموکراسی بووەتە یەکێك لەبەها بێ چەندو چوونەکانی خەونو خەیاڵی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەهەمانکاتدا هەرگیز خەڵکی رۆژهەڵات نە لەروی کۆمەڵایەتییەوەو نە لە روی سیاسییەوە نەیانتوانیوە لە زەمینەکانی ئەزمونی دیموکراسیدا سەرکەوتوو بن. خەڵکی کوردستانیش بە فاکتەری سروشتی حکومەتی ناوەندی لە مامەڵە لەتەك دیموکراسیداو هاوکات بە هۆکاری رەوشی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خۆیان نەیانتوانیوە لە هیچ نەزمێکی دیموکراسیدا بەهرەمەند بن. دەکرێت بڵێین تاوەکو ئێستا دیموکراسی خوازی لە پێشکەوتندایە وەلێ کۆمەڵگە لە گەیشتن بە دیموکراسی لە پەرێزدایەو بەجێماوە.

کوردستانی عێراقیش لەم هاوکێشەیە بەدەرنییە. هەرێمی کوردستان بە تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ئەزمونی دەسەڵاتدارێتی پارتیو یەکێتیدا. هێشتا نەیانتوانیوە حکومەتێکی دیموکراسی سەرکەوتویان هەبێت. خەڵکی کوردستان هێشتا لەبەردەم قەمتەکانی سانسۆرو گەندەڵیو بەرتیلو بەرتەسککردنەوەی ئازادی سیاسییدان. رۆژنامەنوسان لەبەردەم مەترسی دەربڕینی ئازادان، مەرگی گوماناوی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان تەنێ لەبەر نوسینی وتارێکی رەخنە ئامێز لە دەسەڵاتدارێتی پارتی دیموکراتی کوردستان. نومایانی نەبوونی ئازادی دەربڕینو بڵاوکراوەیە.

کەواتە دەکرێت بڵێین لەپێناو بە دیموکراتکردنی کۆمەڵگەی کوردستاندا هێشتا ڕێگەیەکی دورودرێژیان لەبەردەمدایە.

کاروان ئاکرێیی یەکێك لە رۆژنامەنوسانی کوردستانی عێراق پێی وایە، دیموکراسی لە ئەوروپا هەڵهێنجراوی کۆمەڵگەیەو دارای پێشینەیەکی قوڵە، وەلێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەوانە کوردستان داری ئەو پێشینە قوڵە نییە لە نەزمی دیموکراسیدا. ئەو دەڵێ: بەراستی لە رۆژهەڵاتو بەتایبەت لە کوردستان پێشینەی دیموکراسیمان نییە، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەوروپادا دەگوزەرێت. هەروەها دارای نەزمی ئابوریو کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی رۆشنبیریی نین وەك ئەوەی لە ئەوروپادا هەیە، تاوەکو بتوانین لەبەرامبەر لاوازی ئەزمونی دیموکراسیدا خۆڕاگربین (ئاکرێیی، 2009 :8).

تەنانەت تاوەکو ئەوڕۆیش لە کوردستاندا هەندێك لە پیادەکردنی دیموکراسیدا وان لە گومانو ڕاڕاییدا، ئەوان پێیان وایە دیموکراسی ئەندێشەی خۆرئاوایە، بەڵام ئایا ئەوە بەو مانایە دێت کە ئێمە ناتوانین جێبەجێکەری دیموکراسیی بین؟.

سەرۆ قادر کە خۆی وەك بەرپرسێکی حکومەتیو کەسێکی چالاکی سیاسیی ناساند، ئەو پێی وابوو کە تەنانەت حکومەت لە کوردستاندا وا لەپێش خەڵکییەوەو خەڵکی هێشتا ئامادەییان بۆ پێشوازی لە گۆڕانکارییە نوێیەکان نییە. ئەو دەڵێ: دەمەوێ سەرنجی ئێوە بۆ ئەوە رابکێشم، حکومەتی کوردستان تەنها حکومەتێکی هەڵبژێردراوە لە رۆژهەڵاتدا، لەنەزمی یاساو دەستوری مۆدێرنیدا وا لەپێش بیرکردنەوەی

خەڵکییەوە، ئەوە بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە دروستە، لەکاتێکدا گەلانی دەوروبەرمان پێشکەوتوترن لەو یاساو ڕێسایانەی جڵەوی فەرمانرەواییان دەکەن. ئەوان لە خەبات‌و کۆششدان تا حکومەت‌و پەرلەمان ناچاربکەن بەندێك لەیاساکەیاندا زیادبکەن تاوەکو تێیدا کەمێك زیاتر رەچاوی مافی مرۆڤ‌و دادپەروەری‌و دیموکراسیی بکرێت. وەلێ لێرە دەبێت حکومەت هەوڵێکی زۆر بدات تاوا لەخەڵك بکات بنەمایەکی نوێ‌و بەندێکی نوێی یاسایی شوێن بکاتەوەو هەڵای کۆمەڵایەتی لەسەر دروستنەبێت(قادر، 2008: 63-62).

به کورتی دیموکراسی تاوەکو ئێستاش نە لە کوردستانی عێراق‌و نە لە کوردستانی ئێراندا نەیتوانیوە لەناو ئەندێشەی خەڵکیدا ببێتە شتێکی باوو جێگیرو بەتەواوی پەسەندبکرێت. بەڵکو دیموکراسی وەك بەهایەك ماوەتەوەو نەبووەتە کەلتور. لەبەر ئەو هۆکارەیە سەلەفییەکان راستەوخۆ نەکەوتونەتە وێزەی دیموکراسی. هەربۆیە لەئەمڕۆدا گوتاری سەلەفیزم روبەروی دیموکراسی نەبووەتەوە، چوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا دیموکراسی پەیڕەوناکرێت، هەربۆیە لەبەرامبەر دیموکراسیدا هەستیاریی پیشاندان کەمەو تەنها هێرشەکانیان رویەکی هزرییان هەیە، ئەوانەیش رەخنە لە دیموکراسی دەگرن، نمونەی وڵاتانی ئەوروپا دەهێننەوەن، چونکە دڵنیان ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەگوزەرێت دیموکراسی نییە.

## ئەگەری روبەڕوبوونەوەی سەلەفییەت لەگەڵ ئازادیدا

پرسی سەرەکی سەلەفیزم ئازادی نییە، بەڵکو پرسێکی ئاسایشییە. کۆمەڵگەی نمونەیی سەلەفییەکان کۆمەڵگەیەکە ئاسایش بەرقەرار بێت، پێویستە ژنو پیاو لە ئارامیدابنو تەنانەت دەوڵەتی ئیسلامی لەسەریەتی ئاسایشی ناموسڵمانەکانیش بگرێتەئەستۆ. بەڵام لەبەرامبەر پەنادانی ناموسڵمان پێویستە سەرانەو جزیە بدەن. بەڵام ناموسڵمان مافی نییە بەشێوەیەکی ئاشکرا بانگەشە بۆ تقوسو پەرستشەکانی خۆی بکات. دروست لێرەدایە سەلەفیزم لەبەرامبەر ئارامیو ئاسایشدا بەڵێ دەکاتو لەبەرامبەر ئازادیدا تارادەیەکی زۆر سنوردادەنێت. هەربۆیە هیچ کام لەسەلەفییەکان لەماوەی دیدارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبارەی کۆمەڵگەی نمونەیی، هیچ ئاماژەیەکیان بۆ ئازادی نەدەدا. هەڵبەتە ئازادیشیان نەدەدایە دواوەو تاڕادەیەك دەکرێت بوترێت، ئازادی لەلای وانیش بەهادارە، وەلێ ئێجگار سنوردارو تایبەتمەندە. لەلای کوردانی ناسەلەفی ئازادی دارای بایەخێکی زیاترەو بەهادارترە. دابینکردنی ئازادی بۆ هاوڵاتیان لە چوارچێوەی یاسادا، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە. حزبە پێشینو سیاسییەکانی کوردستانیش لە خواستەکانیاندا بەتەواوی بانگەشەی ئازادی رەنگی دابوویەوە. بۆ نمونە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەمین بەیاننامەیدا بە یادی دامەزراندنییەوە لە کۆی هەشت خاڵ، لە دووانیدا باسی لە ئازادی سیاسیی کردبوو.

1. خەڵکی کوردی ئێران پێویستە لە ئازادیو خۆبەڕێوەبەریدا بەهرەمەند بێتو لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێرانیشدا دارای خودموختاریی بێت.

2. دەمانەوێت هەموو نەتەوەکانی ئێران هەلو زەمینەی چالاکی ئازادانەیان هەبێت تا بتوانن کامەرانیو ئارامی کۆمەڵگەی خۆیان دەستەبەر بکەن (مولودی، 1381: 167).

ئەمە لەرەوشێکدایە لە پەیوەستیی بە ئاسایشەوە تەنها ئاماژەیەکی لاوەکی بە ئاسایشی ئابوری دراوە. ئەم خواستانە لە دەستپێکی شۆڕشدا، جارێکی دیکە لە یاداشتەکانی بەرەی بەرگریی میللی کوردیدا لەتەك حکومەتی ناوەندیدا جەختیان لەبارەوە کرایەوە. بۆنمونە ئاماژە درابوو: خەڵکی کورد لەپێناو دوو ئامانجی سەرەکیدا دەجەنگن. ئەویش وەدەرنانی دیکاتۆرییو شوێنگرتنەوەی بە رژێمێکی ئینسانیی، کە پابەندبێت بە ئازادییە سیاسییەکانی ئێرانەوەو لەناو ئێرانی ئازادو فیدراڵ یان خودمختاردا تەواوی نەتەوەکان بەهرەمەند بن لە ئازادییە سیاسییەکان (داوال،1381: 49). بەڵام خودی ئەم حزبانە بە ئازادی ئەندێشەو هزری سیاسیی پابەندنەبوونو بۆخۆیان لەبەرامبەر فرەییو ئازادیی یەکتریدا تاقەتو توانایان نەبوو. دواجار ئەو یەکتر نەخوێندنەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی ناوخۆییو دژوار لەتەك یەکتریدا. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵە کەلەسنوری سنەدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو، چاویی بە بوونی مەکتەب قورئان، کە لەوسنورەدا بوونیان هەبوو، بەرایی نەدا. ئەم جەنگەی نێوان کۆمەڵەو مەکتەب

قورئان نومایانی نەبوونی ئازادی سیاسیو بیروباوەڕبوو، کە لە ستراتیژیی ئەو پارتو گروپانەدا پەلیکێشابوو. لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەرچی ئازادیش وەك دیموکراسیی تەنها وەك ئەرزشو بەهایەك تەماشا دەکرا. هاوکات میریش ژینگەی ئازادیو دیموکراسی بوار پێنەدەداو خەڵکیش لەتەك ئازادیدا لوتەلابوون. هەربۆیە دەبینرێت تەوژمی سەلەفییەت یەکانگیر نەبوویەوە لەتەك شتێکدا، کەناوی ئازادی بێتو بوونی هەبێت، کەواتە سەلەفییەکان هەستیارییان لەبەرامبەر پرسی ئازادیدا ئەزمون نەکرد.

### ئەگەری روبەڕوبوونەوەی سەلەفیزم لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا

ناسیۆنالیزم ئەگەرچی وەك نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم فاکتەری راپەڕینو شۆڕشەکان نییە. بەڵام لەم روەوە کوردەکان وان لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیەدا. کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتن لە جیهاندا. لەبارەی فاکتەرەکانی ئەم رەوشەوە پێشنیازو روانگەگەلێکی تیۆری فرە خراونەتەڕوو. هەندێك هۆکارەکەی بۆ پارچە پارچەبوونی ئەم میللەتە دەگەڕێننەوە بەسەر نەتەوەبەهێزو باڵادەستەکانی هەرێمەکەدا. وەلێ هەر هۆیەك بێت لە وەختی دامەزراندنی حکومەت بۆ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتەوە تاوەکو ئێستا هەرگیز کوردەکان لەپێناو دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەستیان لە خەباتو تێکۆشان نەکێشاوەتەوەو خاڵی هاوبەشی تەواوی ئاڵۆزییەکان

روبەڕوی دەسەڵاتدارانی ناکورد بووەتەوە، لەبەرئەوە رویەکی ناسیۆنالیستی هەمیشە لەناو یاخیبوون‌و ململانێکاندا ئامادەیی هەبووە. کریس کۆچێرا یەکەم راپەڕینی نەتەوەیی کوردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی میر بەدرخانی میری بۆتان (1844) ز. میربەدرخان لە سەرەتاوە سەرکەوتودەبێت‌و لە ساڵانی (1844 بۆ 1846)ز دەتوانێت لەبەشێك لە خاکی کوردستانی بندەستی عوسمانیدا فەرمانرەوایی بکات. بەمشێوەیە کریس کۆچێرا میر بەدرخان بە بابی ناسیۆنالیزمی کوردیی دەزانێت(کوچێرا، 1381). ئیتر لەوێ بەدواوە راپەڕیینەکانی کورد رویەکی ناسیۆنالیستیان تێدا زیندوبوو، تەنانەت لەناو پارتەکانیشدا ناسیۆنالیزم بۆتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموویان. هیچ حزب‌و رێکخراو و گروپێك لە کوردستاندا ناتوانێت خۆی لەم پرسە بدزێتەوەو فەرامۆشیبکات. هاوکات ناتوانێت لەبارەی چارەنوسی کوردان پرس‌و جۆی نەبێت، کە تا چ رادەیەك هەست‌و هێمای کوردبوون لەپێشچاودەگرێت. تەنانەت پارتێکی ئەنتەرناسیۆنالی وەك کۆمەڵە کە دارای باوەڕێکی مارکسییە، لەبەرامبەر ترسی لەدەستدانی پێگەو بنکەی جەماوەریی لە ساڵی 1990وەو دیسان بە پێداگریکردن لە باوەڕەکانی لەسەر شوناسی کوردبوون‌و کوردایەتی ساڵی 2000 توانی لقێکی جیا بەناوی سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (کۆمەڵە) دروستبکات. لێرەوە دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزم دیارترین خاڵی پەیوەندیی‌و داکۆکیکردنی پارتەکانی کوردستانەو هیچ کام لەوانە

ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات. لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە سەلەفییەکانیش لەم هاوکێشەیەدا شوێنیان دەبێتەوە، دیارە ئەوان لە ستراتیژیی ئەندێشەی خۆیاندا شوێنێکیان بۆ ناسیۆنالیزم نییەو تەنانەت ناسیۆنالیزم بە پێچەوانەی شەرعی ئیسلامو بیروباوەڕی خۆیان لێکدەدەنەوە. زۆرێك لەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەلەفییەکی جیهادیی ناتوانێت هەستی ناسیۆنالیستیشی لەهەمانکاتدا هەبێت. بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەداو لە وتوێژە لەتەك سەلەفییەکاندا بەدەستهاتوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە پێچەوانەی ئەم روانگەیە دروستە، چوون زۆرێك لەوان هەستێکی نزیكو وابەستەیان بە کوردستانەوە هەبوو. یەکێك لەوانە، کە ساڵانێکی فرە لەتەك ئەنسارولئیسلام و لەناو موسڵمانانی زۆرێك لەوڵاتان روبەڕوی ئەمریکییەکانو هاوپەیمانان بوویەوە، ئەو بەشانازییەوە دەیوت دوکانەکەی بەناوی کوردیی ناوناوەو لەتەواوی ئەو دوکانەیدا ناوێکی فارسی نابینین. ئەوان هەستی خۆیان لەبارەی کوردو کوردستان لە چوارچێوەیەکی ئاینییەوە دەخەنەروو، پێیان وایە کوردەکان بندەستی ستەمو زۆرنو لەسەر هەر موسڵمانێکی ئەرکە بۆ روبەروبوونەوەی ستەمکار بەرگریبکات. هەندێکیش پێیان وابوو، دەبێت بانگەوازەکەیان لە کوردستانەوە دەستپێبکەن چونکە دڵیان بۆ هاوڵاتیانی خۆیان زیاتر لە نەتەوەکانی دی دەسوتێت. مەلا کرێکار رێبەری پێشو و دامەزرێنەری ئەنسارولئیسلام، ئەدیبێکی بەتوانایەو شیعرە نیشتمانپەروەرییەکانی لەناو خەڵکیدا

ناسراون، ئەو لەدیداریکیدا لەتەك ماڵپەڕی ئیسلام ئۆنلایندا ئەوەی نەشاردەوە، کە پێویستە سەربەخۆیی بۆ کوردەکان دەستەبەربێتو لەبندەستی نەتەوەکانی دی قوتاریان بێت. ئەو دەیوت: من بۆ تەواوی خەڵکی عێراق ڕێزو وەفاداریم هەیە، بەڵام بۆ بتێك بەناوی عێراقی نوێوە، کە ئینگلیز لەناوچەکەدا قوتیکردوەتەوە، هیچ ئەرزشێك دانانێمو عێراق بە فەرمی ناناسێنم. چی تێدایە گەر کوردستان سەربەخۆبێت، مەگەر دراوسێکانی کوردستان هەموویان سەربەخۆ نین. ئایار لەروی شەرعو ئاینەوە هیچ ئیرادێك هەیە، کورد نەتەوەی سەربەخۆی هەبێت؟ بۆچی نابێت کوردەکان چوارچێوەیەکی سیاسیو قەوارەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان هەبێت. هاوکات لە یەکەمین بەندی کۆی بەیاننامە دە خاڵییەکەی ساڵی 1987ی بزوتنەوەی ئیسلامیدا ئامانجەکانی بزوتنەوە رونکرابوویەوە، کە پێویستی مافی کوردەکانی لە وڵاتی عێراقدا ئاماژە پێدابوو. لەوێدا ئاماژەدرابوو، کە کوردیش وەك میلەتانی دنیا پێویستە ژیانێکی ئازادی هەبێتو لەچوارچێوەی ستەمی بەعسو سەدام قوتاربێت (سیوەیلی، 2009: 172).

بەمجۆرە ئەگەرچی سەلەفییەکان خۆیان وابەستەناکەن بەنەتەوەو سەرزەمینێکی دیاریکراوەوەن، بەڵام هەستی ناسیۆنالیستی ناراستەوخۆ تێیاندا رویداوە، هەرچەند لەبەرامبەر کوردستانیشدا نەیانتوانیوە خۆیان رازیبکەن، لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین سەلەفیزم لەتەك ناسیۆنالیزمدا دوچاری بەریەککەوتن بوونەتەوە.

# بەشی سێیەم

## سەرچاوەکانی ئەنسارو سوننەو رەنگدانەوەیان لەنێو سەلەفییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا

سەلەفییەت وەك پێڕێکی نێو موسڵمانان، بە پاساوی ریفۆرمخوازیی لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا هاتنە نێو مێژوی رەوگە مەزهەبییەکانی ئیسلامەوە. ئەوان دەستەیەك بوون لە پەیڕەوانی پێشەوا حەمبەل کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا سەریانهەڵداو وتەو دنیابینی خۆیان دەبردەوە

سەر پێشەوا ئەحمەدی حەمبەلی. لەگەڵ ئەوەیشدا لەو سەردەمەدا رەوتێکی دیکە هەبوون، خۆیان پێوەستدەکرد بە سەلەفییەتەوە، ئەوان ئەشاعرە بوون، لەو دەمەدا بگرەو بەردەی فرە لەنێوانیاندا هەبوو، هەریەك بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەخۆیان سەلەفی ساڵحن‌و بانگەشەکەیان لەوەدا خۆی دەبینییەوە، کە لەسەر هەقن‌و رەوایەتی بنچینەکانی ئەوان لە دنیابینی ئیسلامی پێشینەوەیە.

هاوکات سەلەفییەکانی سەر بە رەوتی حەمبەلی نەیاری سەرسەختی موعتەزیلەیش بوون، چوون موعتەزیلە بیروباوەڕی ئیسلامییان لە سۆنگەی لۆژیك‌و فەلسەفەوە دەخوێندەوەو کاریگەریی فەلسەفەی یۆنانییان لەسەربوو، وەلێ سەلەفییەکان پێیان وابوو دەبێت بیروباوەڕی ئیسلامیی دروست وەك ئەوەبێت، کە هاوەڵانی دەوری پێغەمبەر لێی حاڵی ببوون. ئەوان بەدەر لە هاوەڵان‌و تابعین بڕوایان بە هیچ بەڵگەو لۆژیکێکی دیکە نەبوو، واتە بەدەر لە قورئان‌و سوننەت هیچ وێنایەکی دیکەی عەقیدەیان لا پەسەند نەبوو، نەیاری هەر هەوڵێکیش بوون، کە لە دەرەوەی قورئان‌و سوننەتدا بیربکاتەوە. (عەلی ئەسغەر فەقی، 1366: 21-20). ئیدی لە سەدەی چواری کۆچییەوە ئەمشێوە بیرکردنەوە هاتوەتە نێو گرۆی موسڵمانانەوە، دەتوانیین بڵێین تاوەکو ئەمڕۆ هیچ نەزمێکی سوننی مەزهەب شك نابەین بەجۆرێك لە جۆرەکان شوێنی بیرکردنەوەی سەلەفییەت لەسەر ئەدەبیات‌و ئارمانجەکانییەوە دیارنەبێت. تەنانەت دەکرێت

بڵێین، بیرکردنەوەی شێوە سەلەفییانە لەنێو بەشێك لە بیرمەندو زانایانی نێو مەزهەبی شیعەیشدا نومایان دەبێت. لەنێو مێژوی ئیسلامییدا و لە چوار قۆناغی دیاریکراودا جوڵانەوەی سەلەفییەت نوێبووەتەوەو خۆی لە بەرگو پێناوی جودا دا ناساندوە. بۆنموونە بۆ دووەمجار لە پاش پێشەوا ئەحمەدی حەمبەل، لەسەر دەستی ئیبن تەیمییەو شاگردەکانی دیسانەوە سەلەفییەت بەدیاردەکەوێتەوە، ئیبن تەیمییە لە سەدەکانی شەشەمو حەوتەمی کۆچیدا سەرهەڵدەداتو بیروبۆچوونەکانی دەخاتەڕوو. دەکرێت بڵێین، ئیبن تەیمییە یەکەمینو کاریگەرترین پیاوی نێو ئەم نەزمی بیرو ئەندێشە سەلەفییەیە. لە قۆناغی دوای ئیبن تەیمییەیشدا موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب (1115-1206هـ) سەرهەڵدەداتو رێنیسانسێك لەهەمبەر بیری سەلەفییەتدا دێنێتە پێشێ، ئەو یەکەم کەسە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی زەمینە لەبەردەم بیری سەلەفییەتدا واڵادەکات. لەپاش ئەو قۆناغەیش لە سەدەی سیازدەی کۆچیدا لەسەر دەستی ریفۆمخوازەکانی دنیای ئیسلام، کە خۆیان لە جەمسەرە هزرییەکانی وەك جەمالەدین ئەفغانیو موحەمەد عەبدە[1] و رەشید رەزا دەبینییەوە هاتنە پێشەوەو وەك دەنگی نێو دنیای خەفەکراو و وەك رەمزی بێداری جیهانی ئیسلامی تیۆرو بۆچوونەکانی خۆیان خستەڕوو. پاشانیش لە دەیەکانی پەنجاو شەستەکانی زاییندا بیرکردنەوەی سەلەفییانە گیانی کرایەوە بەبەرداو سەرەتا لەمیسرو دواتر لە زۆربەی زۆری

دنیای ئیسلامییدا شوێنی دانا، بەتایبەتی لە پاش جەنگی ئەفغانییەکان لەتەك شورەویدا ئیدی سەلەفییەت بوویە رەوتێکی بناژۆ و رادیکاڵو لەدونیای ئیسلامییدا شوێنی خۆی کردەوە. پەیڕەوانی سەلەفییەت زێدەتر واژۆی بیرکردنەوەی سەید قوتبیان لەسەرەو لە روانینی ئەوەوە بۆ دونیا دەڕوانن، وەلێ بەگوێرەی کاتو شوێنو نەزمی بەرژەوەندییەکانیان لەبەرگو رەنگی جودا جودادا دەردەکەون.

ناسر عەلی یار، ئاڵوگۆڕەکانی نێو سەلەفییەت لە بەراییەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەم شکڵە ئاماژە پێدەدات: قۆناغی یەکەم ، قۆناغی تیۆریی بووەو لەسەر دەستی ئیبن تەیمییە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا رەگیداکوتاوە. قۆناغی دوای ئەویش لەلایەن موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی بیری سەلەفییەت ژانی بوونی بەخۆوە بینیوە، وەلێ لە ناوچەیەکی لۆکاڵو دیاریکراوی دنیای ئیسلامیدا، کە ناوچەی حیجاز بووە بەدەرکەوتووەو مۆرکێکی جیهانی بەخۆوە نەبینیوە. ئەم قۆناغەیش لەنێوەندی سەدەی دوازدەو بەرایی سەدەی سیازدەدا شکڵی گرتوە. قۆناغی سێهەمیش لەلایەن شێخو نەوەکانی خانەوادەی سعودییەوە پشتیوانیلێکراو بووە قوتابخانەیەکی بەهێزی بیروباوەڕو لەوێوە کەمەندکێشی هزری سوننەگەرای کرد لەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا. لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەدواوە ئیدی بەکاوەخۆ گۆڕینی رەوتی سەلەفییەت بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕیی هاتە کایەوە، لە دەستپێکی سەدەی پازدەهەمی

کۆچیدا ئیدی له زۆرێك له وڵاتانی دونیای ئیسلامیدا وەك گروپی سەلەفی جیهادیو سیاسیی هاتنە پێشەوە، کە لە میسرو زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبیو ئەفغانو پاکستانو کشمیرو وڵاتانی ئیسلامی نێو حەوزەی شورەویدا پەلیانکێشا. (عەلی یار، 1383).

### سەرنجێك لەسەر پێشینەی ئەنسار و سوننەی کوردستانی عێراق

لەسەر بنەمای هەموو ئەو دیدارانەی سازدراونو بۆچوونی خەڵکی ناوچەکە ئەوەی لە کوردستانی ئێراندا وەك سەلەفییەتی جیهادی دەناسرێت، دروست بەشێکن یاخود لقێکی ئەنسارو سوننەی کوردستانی عێراقن. لەوێ ژمارەی ئەو سەلەفییە جیهادییانە فرە کاراترو بەهێزترن لەو سەلەفییانەی بە سەلەفی نا جیهادی ناسراون، بۆ رونترکردنەوە ئەم پرسی وابەستەبوونەی سەلەفییەتی جیهادی لەنێو رۆژهەڵاتو باشوری کوردستاندا پێویستە ئاورێك لە پێشینەی ئەنسارو سوننە بدەینەوە. دەرکەوتنی یەکەمین گروپی جیهادی سەلەفیی لە کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1987. لەو ساڵەدا و پاش خۆپیشاندانی خەڵکی شاری هەڵەبجە دژ بە رژێمی بەعس لە 13ی مارسی 1987 دا. هەندێك لە زانایانی ئاینی هەڵەبجەو دەوروبەری لەتەك خەڵکی شوێنکەوتوی ئەو مەلایانە بڕیاری جێهێشتنی شارەکەیان داو رویان کردە سنورەکانی ئەودیوو و لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا گیرسانەوە. دیارە لەگەڵ ئەوان

چەند کەسایەتییەکی بەرجەستەو هەندێك لە ئەندامانی ئیخوان موسلمین کۆچیانکردو پێکەوە بەگەیشتنیان بۆ ئێران لە رێککەوتی 1987/5/24دا بەناوی کۆمەڵەی زانایانی کۆچەریی یەکەم بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو تێیدا بانگی جیهادو خەباتی چەکدارییان دژ بە رژێمی بەعس راگەیاند. (سیوەیلی، 2009: 171). ئەوان بەتەواوی لەژێر کایگەری تیۆرە چەکداییەکانی کەسێکی وەك عەبدوڵلا عەزامدا بوون[2] .

بەمشێوەیە یەکەمین بزوتنەوەی جیهادی لە کوردستان بە رێبەرایەتی کەسێك بەناوی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز[3] شێوەی خۆی گرت. ئەمانە کە ئیتر خۆیان لە ئیخوان جودا دەکردەوە ناوی خۆیان نا بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی.[4] ئەوان لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیاندا لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە 1987/6/25دا پڕۆژەیەکیان بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرزکردەوە، پڕۆژەکەیان بریتیبوون لە:

1. گەلی کورد نەهامەتیو بەدبەختی زۆری لەسایەی رژێمی بەعسدا چەشتوەو مافی خۆیەتی وەك تەواوی نەتەوەکانی جیهان بەشێوەیەکی ئازادانە ژیان بکات.

2. رابەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی لەتەواوی کاروباری سیاسیو چەکداریی خۆیاندا سەربەخۆنو ئاتاجیان بە رابەرایەتیکردنی کەسانی دیکە نییەو تەنها لە بواری کۆمەكو هاوکاری بواری ئیداریدا دەکرێت پەنا بۆ دەرەوەی خۆیان بەرن.

3. بودجەی ساڵانە تەرخانبکرێت بۆ رابەری بزوتنەوە، کە هێندە بێت کاروبارەکانی بزوتنەوەکە راپەڕێنێت.

4. پێویستە بزوتنەوە لە پەیوەندیکردن بە تەواوی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامی ئازاد بێت.

5. خواستی پڕچەککردنی بزوتنەوە لە ئاستێکدا بێت پێویستییەکانی بزوتنەوە پڕبکاتەوە.

6. سەرپەرستی خانەوادەی شەهیدان بەجۆرێك بێت شایستەی خانەوادەی شەهیدێك بێت.

7. ژیانی موجاهیدانو خانەوادەی شەهیدان راپەڕێنرێتو پێویستە پێش هاتنی سەرما و سۆڵی زستان هەموو ئەو کارانە ئەنجامدرابن.

8. دانانی ئێستگەیەکی رادیۆیی پەیوەست بە بزوتنەوە، کە تەواوی کارە پێویستەکانی بۆ دابینبکرێت.

9. رێگەدان بەتەواوی موسڵمانانی جیهان، کە لە سەرانسەری جیهانەوە پێوەستبن بە بزوتنەوەوە.

10. رێگەبدەن بزوتنەوەی ئیسلامی لە هەر شوێنێکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بیەوێت بنکەو بارەگای خۆی دابمەزرێنێت. (سیوەیلی، 2009: 172).

بەمجۆرە بزوتنەوە بوویە پەناگەی خەڵکی باوەڕداری کورد، ئەوانەی کە لەتاو ستەمو زوڵمی رژێمی بەعس هەڵهاتبوون بۆ دیوی ئێران. ئەمە وایکرد بزوتنەوەکە شانەی چەکداری دروستبکاتو بیاننێرێتەوە بۆ جەنگی دژ بە بەعسو بتوانێت تا ئەندازەیەك سەرکەوتوبێت، ئیدی بە بەرفراوانبوونی ناوی خۆی نا بزوتنەوەی ئیسلامی[5].

پەیوەست بە پێکهاتەو چێبوونی ئەم بزوتنەوەیە سیوەیلی بەگواستنەوە لە عەلی باپیری یەکێك لەرابەرانی بەرایی ئەم بزوتنەوەیە هێناویەتی: موسڵمانان لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر نادادی رژێمی بەعسی کافرو لەبەرامبەر زوڵمو هەڕەشەکاندا هەڵهاتنو کۆچیانکردو لەژێر ناوی بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیدا گیرسانەوەو دواتریش لەئاکامی دەستبردن بۆ پڕۆژەی جیهادو فراوانبوونی بازنەی بزوتنەوەکە ئیدی ناوەکەی گۆڕا بۆ بزوتنەوە[6]. وەلێ لەبەرئەوەی بزوتنەوەکە لەپڕێکدا هەڵتۆقیو هاتە ناو خەباتی چەکدارییەوە، هاوکات بازنەو پێناوە هزرییەکانی بەربڵاوبوون، نەیتوانی رێکخستنێکی تۆکمەو تەیارو پەیوەستی هەبێت. بەو هۆیەوە زۆر بەخێراییش دوچاری لەتبوونو لێکهەڵوەشانەوەی باڵەکانی هات. بزوتنەوەکە لە دروستبوونییەوە لەسەر پایەیەکی تۆکمەو بەهێزی حزبی دروستنەبوو. وەلێ هەلومەرجی ئەوکاتو دڕندەیی رژێمی بەعسو خەباتە چەکدارییەکەی لەو قۆناغەدا وایکرد کاریگەریی ئەوتۆی بەسەر نەخشی رابوونە ئیسلامییەکەوە هەبێت(هەمان: 175). سەرەتاو لە ساڵی 1988، دروست ساڵێك پاش دروستبوونی بزوتنەوەکە گروپێك بەرابەرایەتی عەلی باپیر یەکەم هۆشداری جیابوونەوەیان دایە رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی. دواتر لە ساڵی 1991دا دیسانەوە عەلی باپیر خۆیان وەك رەوتێك بەناوی کۆمەڵەی راوێژی یەکگرتو لەنێو بزوتنەوەدا خۆیان

راگەیاندو سەرلەبەری رەوشی بزوتنەوەیان دایە بەر رەخنە. هەڵبەتە ئەوانە وەك گروپێکی ئۆپۆزسیۆن وەهابوون لەنێو بزوتنەوەدا، کە خوازیاری ریفۆرم‌و چاکسازی بوون نەك بەواتای جودابوونەوە لە بزوتنەوەی ئیسلامی (هەمان: 180). دیارە ئەم گروپە ئیسلامییە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەتەك ئیخوانییەکانی ناو بزوتنەوە نەبوو چوون لە بیرو باوەڕی ئیخوانەکاندا باوەڕ بە چەکداریی‌و جیهاد نەبوو، وەلێ لەتەك پارتە سیکۆلارو نەتەوەییەکاندا ئەوانیش لە خەباتی چەکداریدابوون دژ بەڕژێمی بەعس پەیوەندییان ئاساییبوو. لە دروستبوونی بزوتنەوەوە پەیوەندییان بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە کردو هاوکات پەیوەندییان لەتەك پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حزبی سۆشیالیستی کوردستاندا دۆستانەو ئاشتییانە بوو. (سیوەیلی، 2009 :205). ساڵی 1991 بە دەسەڵاتگەیشتنی کوردەکان لە سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك‌و وەدەرنانی بەعسییەکان لەو ناوچانەدا، ئیدی هەردو پارتی سیکۆلار یەکێتی بە رابەرایەتی مام جەلال‌و پارتیش بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بوونە دەسەڵاتداریی یەکەمی ناوچەکەو وردەوردە ناکۆکی لە نێوانیاندا چێبوو، بەتایبەتیش ناکۆکیی لەتەك بزوتنەوەی ئیسلامیدا رەگی داکوتا. ناسر عەلییار لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا لە ناونیشانی بابەتێکا بەناوی سەلەفییەت‌و پەرتەوازەبوونی پەیوەندییەکان لەتەك پارتە باڵادەستەکاندا لە پاش جەنگی

کەنداو بەمشێوەیە شیکاری رەوشەکەی کردوە: یەکەمین دەرکەوتنی کرێکار بەناوی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە لە هەولێر بەمشێوەیە بوو، ئەو کاتێك گروپە کوردییەکان لەتەك بەغدادا لە دانوستاندا بوون، دژی ئەوان دوا و هاوکات جۆرێك لە هەڕەشەو هێرشی کردە سەر پارتە سیکۆلارەکانی کورد. وردەوردە بەهاری پەیوەندییان بەسەرچوو، ئیدی درزو کەلەبەری گەورە لەنێوان پارتە سیکۆلارەکانو بزوتنەوەی ئیسلامی سەریکێشایە نێوانیانو بەئەندازەیەك بزوتنەوە ئەوانی بە کافرو بێباوەڕ نیشاندەدا. پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی زۆرتر زۆریان بەسەر گومرگو بنکەکانی باجدا نەدەشکاو زیاتر دەسەڵات لای پارتیو یەکێتی بوو، ناکۆکییەکان بەجۆرێك بوو، کە پارتە کوردییەکان بواری ئەم هێزە تازە نەفەسەیان نەدەدا، ناچار کار گەیشتە جەنگو روبەڕوبوونەوەو لە ساڵی 1993دا لە جەنگێکدا، کە بە جەنگی کەلار ناسراوە، بزوتنەوەی ئیسلامیو یەکێتی روبەڕوی یەکتر بوونەوە. (عەلیار،1389). هاوکات لەهەمانساڵدا جەنگی نێوان پارتیو یەکێتیش دروستبوو، ئەوە زەمینەیەك بوو بۆ بەهێزبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی.چوون بزوتنەوە لەگەڵ لقێکی ئیخواندا یەکی گرتو بەهێزتربوون بەڵام پاش مەرگی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز ئیدی ئەم رەوتە دوچاری پەرتبوون هاتو بوو بەسێ بەشی سەرەکییەوە[7]. لەپاش 2001 بزوتنەوە بوو بە سێ بەشەوە، بەشی سەرەکی بە رابەرایەتی عەلی

عەبدولعەزیزو ئەو بەشەی لێی جودابوویەوە بەرابەرایەتی عەلی باپیر کۆمەڵی ئیسلامی لێپێکهات‌و بەشێکی دیکەیان جوندولئیسلامی لێپێکهات بەرابەرایەتی مەلا کرێکار[8]. ئەمڕۆ کۆمەڵی ئیسلامی هێڵێکی میانە ڕەوانەی هەیەو وابەستەیە بە سیاسەتی هەرێمی کوردستانەوەو بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان دەکات. هاوکات جوندولئیسلام ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ ئەنسارولئیسلام‌و لەگەڵ هێرشی سەر عێراقدا ئەوان روبەڕوی پارتە کوردییەکان‌و ئەمەریکا دەبنەوەو ئیدی دەکشێن بەرەو ناوچەکانی عێراق‌و لەوێ دەبنە ئەنساروسوننە، بەگوێرەی سەرچاوەکان زۆرترینی تەقینەوەو کردە خۆکوژییەکان لەئەستۆی ئەواندایەو ئەوان سەرچاوەی گەلێ لەپشێوییەکان‌و دواتریش لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیدا خۆیان دیتۆتەوەو زیاتر ڕەوگەیەکی توندو بناژۆیان گرتوەتەبەر. لەم دابەشکارییەی خوارێدا بەوردی دەستپێکی سەلەفییەتی جیهادی تا ئەمڕۆ خراوەتەڕوو:

1. **بزوتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی ساڵی 1987**
2. **بزوتنەوەی ئیسلامی لەکودستانی عێراق ساڵی 1987**
3. **کۆمەڵی ئیسلامی بەڕابەرایەتی عەلی باپیر ساڵی 2001**
4. **ئەنسارولئیسلام بە ئەمیرایەتی فاتیح کرێکار**[9]
5. **ئەنسارولسوننە**
6. **دەوڵەتی ئیسلامی ساڵی 2010**

## رابەرانی بیری سەلەفییەکان

سەلەفییەکان لەئێستادا بەهۆی نەمانی سەرنجی وردو قوڵو هاوکات چێبوونی بازنەو رەوتی لێکجودایان دارای مەرجەعو کەسایەتییەکی دیاریکراو نینو لێکدابڕاو و لێکجودان. بەڵام دەتوانین بڵێین ئەوان زێدەتر وابەستەن بەچەند بیرمەندو زانایەکی پێشینەوە، کەتەواویان لە وابەستەبوون پێیانەوە کۆكو بێکێشەن. هەموو ئەوانەی سەلەفییە جیهادییەکان لەسەریان کۆکن بریتین لە ئیبن تەیمییە، موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابو سەید قوتب، دیارە سەلەفییە نا جیهادییەکان وابەستەنین بە سەید قوتبەوە.

## ئیبن تەیمییە

ئیبن تەیمیە ناوی تەواوی ئەبو عەباسی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولحەلیمە، کە ناسراوە بە ئیبن تەیمییە، ئەو لە ساڵی 661 کۆچیدا لە حرانی سەر بە شام لە دایکبووەو لە ساڵی 728 کۆچی لە زیندانی ئەرتی دیمەشقدا کۆچی دوایی کردوە. ناوبراو لە وەختێکدا ژیا کە موسڵمانان تواناو هێزی خۆیان لەدەست دابوو. جیهانی ئیسلامی بەدەست هێرشی دڕندانەی مەغۆلەکانەوە دەیناڵاند. بەشێکی جیهانی ئیسلامی لەدەستی مەغۆلەکانو بەشەکەی دیکەی لەبەردەم هێرشو مەترسییەکانی مەغۆلدا بوون. لەبەرئەوە ئیبن تەیمییە لەرەوشێکی نەیار بە بارودۆخەکە دەژیاو لەو میانەیشدا جیهادی بەتەنها چەك زانیوە بۆ روبەڕوبوونەوەی کافران.

ئەو وەکو زانایانی دی جیهادی لەو رەوشەدا بە فەرزی عەین زانیوەو هاوکات هۆکاری شکستی موسڵمانانی پەیوەستکردوە بە تێوەگلانی بیروباوەڕی ئیسلامی بە ئەندێشەی خورافیاتو بیدعەو شتانێکی پڕوپوچ، هەربۆیە گەڕانەوە بۆ سەلەفی ساڵحی بە هۆکاری هێزو بزوتنەوەی جیهانی ئیسلامی زانیوەو پێداگریی لەسەر کردونەتەوە. ناوبراو بەتەواوی فەتواو تیۆرو نوسینەکانی دژبوون بە بیدعەو باوەڕە گومڕاکان کە تێکەڵ بە ئیسلام بوون، لەو پێناوەیشدا چەندینجار روبەڕوی زیندانو ئەشکەنجە بووەتەوەو تادواجار هەر لە زیندانداماڵئاوایی لە ژیان دەکات. ئیبن تەیمیە دژی هەموو جۆرە فەلسەفەو لێکدانەوەیەکی لۆژیکیو بۆچونێکی بیرمەندان بووەو پێی وابووە لەسەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵاندا شتانێکی لەو جۆرە شیاوی باس نەبوونو هەمیشە لەسەرئەوە پێداگریی دەکرد، کە پێویستە موسڵمانان تەنهاو تەنها پشت بە قورئانو سوننەت ببەستنو بەسەرچاوەی کاروباری رۆژانەیان بگەڕێنەوە بۆ دابونەریتو رەفتاری هاوەڵانو پێغەمبەرو دەقەکانی قورئان. ئیبن تەیمییە بەتەواوی لەگەڵ دەقەکانی قورئاندا بوو، ئەو پێی وابو دەقەکانی قورئان چۆنن شرۆڤەی تر وەرناگرن، پێی وابوو تایبەتمەندی خودا چۆن باسکراوە دروست بەو جۆرەیە، چاو و دەستو هەموو وێناکانی ترن بەڵام دوپاتیدەکردەوە ناکرێت ئەوانە بەدەستو چاوی مرۆڤ بچوێنرێن، هاوکات هەمیشە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە موسڵمانان لە بەهەشتێدا دەتوانن خودا ببینن. ئیبن تەیمییە لەو زانا

بەناوبانگانەی جیهان‌و مێژوی ئیسلامییە، پێیوابووە خوداوەند لە بەهەشتدا دەتوانرێت ببینرێت، هاوکات کەسێك بووە لە رەگەوە دژبووە بەهەموو جۆرەکانی فەلسەفەو لەومیانەدا هزری موسڵمانانی وابەستە بە شێوەی ترسناکی بناژۆیی کردوەتەوە. ناوبراو لەبارەی بوونی خوداوە بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیەو لەو بارەوە بەڵگەی تۆکمەی خستوەتەڕوو (دی نانی، 1379). ئیبن تەیمییە لەبواری هاوەڵدانان بۆ خودا فرەتوندو فرەسنوراوی روانیوییەتە ئەو بوارەو بچوکترین ئاماژەو وتەو وێنای لەو چوارچێوەیەدا شوێنکردوەتەوە، ناوبراو هاوارکردن بە جگە لەخودای بە هاوەڵدانان بۆ خودا زانیوە، لەوانە هاوارکردن بەپیاوچاکان‌و پێغەمبەران‌و تەنانەت وتی ئەی موحەمەدو نوێژکردن لەپەنای گۆڕو مەزاری پیاوچاکان هەموو ئەوانەی لەچوارچێوەی هاوەڵدانان بۆ خودا شوێنکردوەتەوە. ئەو لەبواری یەکتاپەرستیدا توندبووەو پێیوابووە هیچ ناوەندێك لەنێوان خوداو بەندەکەیدا نییەو کەس ناتوانێت ببێتە شەفاعەتخوازی کەسی دیکە. (فقیهی، 1366: 42). ئیبنولقەییم قوتابی‌و هاوبۆچوونی هەرە نێزیکی ئیبن تەیمییە دەڵێت: سوێندخواردن بە غەیری خودا لە گوناهە گەورەکانە، پێغەمبەر فەرمویەتی هەرکەسێك جگە لەخوا سوێند بخوات، ئەوە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە، لەبەر ئەوە سوێند خواردن بەدەر لە خودا لە گوناهە گەورەکان دەژمێردرێت (فقیهی، 1366:92).

بەکورتی دەتوانین بڵێین لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی

ئیبن تەیمییە، کە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر سەلەفییەکان بەجێهێشتووە بریتییە لە: گەڕانەوە بۆ قورئانو سوننەتو شرۆڤەی دەقەکانی ئەوان لەسەر بنەمای روکەشی ئایەتو بەڵگەکان. هەروەها گەڕانەوە بۆ سەلەفی ساڵحو دورکەوتنەوە لە بیدعەو داهێنانەکان، دورکەوتنەوە لە گومڕاییو ئەو شتە بێمانایانەی کە لەتەمەی سەنگینیان داوەتە بنەماکانی یەکتاپەرستیو باوەڕی موسڵمانان، هاوکات دورکەوتنەوە لەفەلسەفەو رەوانبێژی و زانستی کەلام. لەهەمووی گرنگتر پێداگریی لەسەر جیهادو جەنگان دژ بەبێ باوەڕو کافران.

## موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب

موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب ساڵی 1115ی کۆچی لە شاری عەیینەی سەر بە نەجد هاتوەتە دونیاوە، کە هەڵکەوتو لە عەرەبستانی ئەمڕۆدایە. هاوکات لەساڵی 1206 کۆچیش ماڵئاوایی لە ژیان کردوە. پەیڕەوانی ئەو خۆیان بە شوێنکەوتەی پێشینانو سەلەفی ساڵح دەزانن. وەلێ ئەوانەی دەرەوەی خۆیان بەهەڵە پێیان دەڵێن وەهابییەکان. وەهاب کە دەکاتە بابی ناوبراو پیاوێکی بیرمەندو قازی شاری عەیینەی سەر بە نەجد بوو. ئەو بەتەواوی بە بیروبۆچوونی کوڕەکەی ناکۆكو ناتەبا بوو. هەر لەبەرئەوەیشە، کە پەیڕەوانی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب پێیان وایە بانگکردنی وان بە وەهابی هەڵەیەو دروست نییە. وەلێ ئەوە بەتەواوی رۆشنە سەلەفییەکان بەتەواوی رەنگدانەوەیان بەسەر ژیانو بیرو

بۆچوونو تەرزی ژیانی ئەوانەوە جێهێشتوە. چوون ئەوان ژینگەیەکیان رەخساند، کە سەلەفییەت تێیدا وەك ئاگری ژێر کا جارێکی تر بڵسەیدایەوە. موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابیش وەك ئیبن تەیمییە پێیوابوو پێویستە موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ سەر بەندو باوەکانی رابردو و وابەستەبنەوە بە سەلەفی ساڵحەوە. حافز وەهبە دەیوت: زانایانی نەجد، مەبەست پێی زانایانی وەهابییە، بەجۆرێك بە رابردو پەیوەستن، بەتایبەت لە بواری ئایندا، پێیان وایە لەبیروباوەڕی قورئانو سوننەتدا هەموو ئەوەی، کە هاتووە هیچ تەئویلو راڤەیەك هەڵناگرێت (فقیهی،1366: 183). هەندێك موحەمەد بە ریفۆرمخوازێکی ئاینی دەناسێنن، چوون ئەویش وەك ئیبن تەیمییە دژ بە هەموو بەها پڕوپوچو بیدعەو هێنراوەکانی نێو ئاین جەنگاو لەو روەوە هیچ جوداییەکی لەتەك ئیبن تەیمییەدا نەبوو. تەنانەت وەهابییەکان زێدەتر مکوڕو وابەستەبوون بە بیروباوەڕو راستییەکانی پێشینی ئیسلامەوە. لەمبارەیەوە ئالوسی دەڵێت: مەزهەبی وەهابییەکان لە ئسوڵی ئایندا دروست هەمان مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەتەو رەوگەی ئەوان هەمان رەوگەی پێغەمبەرو هاوەڵانو تابعینو سەلەفی ساڵحە. ئەوان لەروی مەزهەبەوە شوێنکەوتەی ئەحمەدی حەمبەلن، وەلێ لەهەمبەر هیچکام لە 4 مەزهەبەکە نکوڵییان نییە. تەنها لەبەرامبە مەزهەبەکانی شیعەو زەیدییەدا خۆیان بەدوردەگرنو قسانی جدییان هەیە. ئەوان باوەڕیان وەهایە، مرۆڤ وابەستەی تەواوە بەخوداوەو

تەواوی خێرو شەڕ و هەموو پرسەکانی دیکەی باوەڕ لەوانە سزاو پاداشت لەدەستی خودادایە. هاوکات پێیان وایە لە دوارۆژدا باوەڕداران دارای بینینی خوداوەندن. (همان: 179).

وەهابییەکان پێشەواکەیان بە وابەستە بە مەزهەبی حەمبەلی دەناسێنن، وەلێ بۆخۆیان وەك دەستەیەك دەناسێنن، بەبێ ئەوەی بیانەوێت هەڵگری مەزهەبێکی نوێبن، خۆیان بە فرە مەزهەب نێو زەد دەکەن.

بەگشتی سەلەفییەکانی ئەم سەردەمە زیاتر لە روی کردارییەوە وان لەژێر کاریگەریی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە. چوون ئەندێشەکانی موحەمەدی عەبدولوەهاب دروست لەسەر رەوگەی ئەندێشەو بیرکردنەوەکانی ئیبن تەیمییە لایان نەدابوو.

## سەید قوتب

سەید قوتب لە ئاوایی موشەی سەر بە ئسیوتی میسر لە ساڵی 1906 هاتوەتە دونیاوە. ئەو لەبەراییدا نوسەرێکی سیکۆلار بوو، زێدەتر لە کایەی ئەدەبیدا دەینوسیی. لە ساڵانی 1948 بۆ 1950 نێردرایە ئەمەریکا تاوەکو لەبارەی سیستمی پەروەردەیی ئەوێ ئاشنابێتو لەو بارەیەوە کۆڵینەوە بکات. ئەمەریکا بووە خاڵی وەرچەرخانی ئەو و کۆمەڵگەی ئەمریکی و رەوشی ناهەمواری ئەخلاقی ئەوێ تەکانیان دایەبەر ئەو تا لە رەوگەی سیکۆلاریەت لابداتو زیاتر پەیوەستبێت بە ئاینو باوەڕە مەزهەبییەکانەوە. ئیدی لە میسردا پەیوەست دەبێت

بە ئیخوانەوەو بەرە بەرە دەبێتە باڵاترین ڕێبەری ئەو ڕەوتە. لەسەر هەڵوێستو نوسینەکانی دژ بە بەرپرسانی دونیای ئیسلام چەندینجار سزادەدرێتو توندی بەندیخانەکان دەکرێت تا دواجار لەیەکێك لە زیندانەکانی جەمال عەبدولناسردا و لە ساڵی 1966 لەداریدەدەن.

دیارە سەید قوتب وەك سەلەفییەك ناناسرێت، ئەو وەك ئیخوانێك دەناسرێت کە پێڕێکی شلڕەوترو نەرمترن لە سەلەفییەکان. بەڵام سەلەفییە جیهادییەکان بەتەواوی وابەستەن بە تیۆرو نوسینەکانی سەید قوتبەوە، ئەوان لەبارەی خۆرئاواگەریو ڕەخنەکانی سەید قوتب بۆ سەر حاکمانی جیهانی ئیسلامیو ڕوانگەکانی سەید بۆ جیهاد بەتەواوی لەژێر کاریگەریی سەید دان. هەرچەند سەید قوتب نوسەرێکی فرە بەتواناو پڕ بەرهەم بوو، وەلێ دووان لە بەرهەمەکانی لەوانە تەفسیری فی ضلال و مەشخەڵی ڕێ ( المعالم فی الطریق) دووان لەو بەرهەمانەن کە زیاترین کاریگەرییان لەسەر سەلەفییە جیهادییەکان جێهێشتوە. سەید هەردوو بەرهەمەکەی لە زینداندا نوسیوە، هەربۆیە زمانی توندی نوسینو هزری بناژۆیو دنیابینی نائومێدو تاریکی ئەو بۆ ژیان لەژێر کاریگەریی تاڵو ترشییو ئەشکەنجەو گرێ دەرونییەکانی زینداندا نوسیوە.

دیارە سێ چەمکی بنچینەیی لە نوسینەکانی سەیددا جەختیان لەبارەوە کراوەتەوە کە بریتین لە جاهلییەت، حکومەت، بەندایەتی. ئەو جاهلییەت وابەستەناکات بە

جاهلییەتی پێش ئیسلامەوەو بەڵکو واتای جاهلی وابەستە دەکات بە جاهلییەتی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکانو نا ئیسلامییەکانەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی دەچێتە ئەمەریکا ئیدی لە تیۆری جاهلییەتدا پێیوادەبێت کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لێوانلێوە لە جاهلییەتو هیچ مانایەك بۆ پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی ناهێڵێتەوە. سەید قوتب پێیوایە ئەمڕۆ ئێمە لە جاهیلییەتێکی دروست وەك جاهلییەتی سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلامو بگرە تاریکتردا خۆمان دەبینینەوە. ئەو دەڵێت ئەمڕۆ دەوروبەرمان هەمووی لەنەزانیدایە، سەرچاوەکانی وتەو رەفتارو تەقالیدو فەرهەنگمان هەمووی لە نەزانییەوە سەرچاوەدەگرێت. یاساو رێساکانمان نوقمی نەزانین. تەنانەت ئەوانەی وادەزانن ئەندێشەو فەلسەفەو فەرهەنگی ئیسلامیو رێساو رەوگەی ئیسلامی درێژە پێدەدەن سەرلەبەریان وان لە نەزانیدا (مرادی، 1386).

پەرتوکی مەشخەڵی رێ دەرخەری پەیوەستی نێوان بەندایەتیو فەرمانبەردارییە. واتە عبودییەتو حاکمییەت. لەروانگەی سەید قوتبەوە حاکمییەت تەنها لە خوا دەوەشێتەوەو هیچ فەرمانبەردارییەك جگە لەخودا مایەی پەسەندیو شیاوی دەسەڵاتدارێتی نییە. ئەو لەو تیۆرو باوەڕەدا بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەبو عەلای مەودودیدا بوو، کە پێی وابوو لەبەرامبەر فەرمانبەرداریی مرۆڤدا فەرمانبەرداری خودا هەڵدەبژێرێتو هیچ هێزو دەسەڵاتێك بێجگە لە دەسەڵاتی خوداو حاکمییەتی

خودا بوونی نییەو ئەوانەی ئەو قەوانە لێدەدەن دروست کەوتونەتە نێو گێژاوی هاوەڵدانان بۆ خوداو لە پرسی یەکتاپەستیدا گرفتیان هەیە (مرادی، 1386). مەودودی وەکو یەکێك لە مامۆستا هزرییەکانی سەید قوتب لە کتێبەکەیدا بەناوی چوار دەستەواژەکەی قورئان(المصطلحات الاربعه فی القرآن) ئاماژە بە چوار دەستەواژە دەدات لەوانە خوداو پەروەردگارو بەندەکانو ئاین. ئەم پەرتوکە لە نێو زۆرێك لە گروپە ئاینیەکان وەك سەرچاوەیەکی پەروەردەیی ئامادەیی هەیەو دەوترێتەوە. سەید قوتب بەتەواوی لەژێر کایگەریی چەمکی بەندایەتی دایە، کە مەودودی باسی لێوە دەکات. سەید لە راڤەی ئەوەدا پێیوایە هەر بەندایەتییەك بێجگە لەخوداو هەر شوێنکەوتنێك بێجگە لە شوێنکەوتنی پەیامی خوداو هەر پەیامێك بێجگە لەپەیامی ئەو دروست وەك هاوەڵبڕیاردانانە بۆ خودا. بەهەمانشێوە، کە باسکراوە سەید بۆخۆی دارای بیرکردنەوەی سەلەفییانە نەبووە. بەڵام بەشێوەیەکی راستەوخۆ بووەتە سەرچاوەیەکی رۆحیو رەوگەیەکی بەهاری بۆ تەواوی سەلەفییە جیهادییەکان. سوزنگر لە کتێبەکەیدا بەناوی ئەندێشە سیاسییەکانی سەید قوتب کاریگەرییەکانی سەید قوتب لەسەر سەلەفییە جیهادییەکان لەچەند روانگەیەکەوە دەخاتەڕوو:

1. تیۆری سیاسی سەید قوتب کاریگەرییەکی تەواوی

بەسەر ئایدیۆلۆژیای نوێی سەلەفییە جیهادییەکانەوە هەبوو.

2. سەید قوتب وەك پێشینەکانی ئیخوان موسلمین بووە داینەمۆی دروستبوونی ڕەوت‌و پارتی نوێی دیکەی ئیسلامی، کە مۆدێلی وان بناژۆو توندڕەوتربوون.

3.ژیان‌و شێوەی بەرهەڵستکاری سەید قوتب‌و لەداردانی ئەو بووە سەرەتایەك تا نەوەی نوێ شوێن پێی ئەو هەڵبگرن لە نەیارییەتی دەوڵەت‌و دەسەڵاتەکانی دواتردا. (سوزنگر، 1383: 42-41).

## سەرچاوە هزرییەکانی سەلەفییەت

موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب جگە لەچەند نوسینێکی پەتوبڵاو پەرتوکێکی دیاریکراو و بەناوبانگی ئەو تۆی لەپاش خۆی بەجێنەهێشتوە. بەڵام دووان لە کتێبەکانی میتۆدی سونەتی نەبەوی (مناهج سنة النبوية)ی ئبن تەیمییەو مەشخەڵی ڕێی سەید قوتب ئەگەچی تەنها سەچاوەی هزری سەلەفییەکان نین وەلێ دەتوانین بڵێین لە کاریگەرترین‌و دیارترین ئەو سەچاوە هزریانەن، کە لەسەر سەلەفییەکان پانتاییەکی فرەی کاریگەرییان جێهێشتوە.

## مناهج سنة النبوية

پەرتوکی «منهاج السنة النبويه فى نقض كلام الشيعه و القدريه» یەکێکە لەبەرهەمەکانی ئبن تەیمییە کە لە وەڵامی پەتوکی (مناهج الكرامة)ی داناوی حەسەنی

کوڕی یوسفی کوڕی عەلی موتەهەری حلی کەناسراوە بە عەلامە حلی نوسیویەتی. ئەو لە زاناترین پیاوانی شیعەیەو قوتابی خواجە نەسرەدینی توسییە، کە یەکێك بووە لە وەزیرەکانی هۆلاکۆ خانی مەغۆل. حلی لە کتێبەکەیدا ئاتاجی موسڵمانان بە خەلافەت دەداتە دواوەو زێدەتر وابەستەیە بە تیۆری ئیمامەتی شیعەوە. لەوەڵامدا ئیبن تەیمییە پێویستییەکانی خەلافەت‌و بەرگری لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەخاتەڕوو. ئیبن تەیمیە لە کتێبەکەیدا بە کێشەکانی (ئەسما و سیفات) کە یەکێك لە گرفتە کەلامییەکانی نێوان ئەشاعرەو موعتەزیلەیە ئاوڕدەداتەوە. ئەو وابەستەیی رواڵەتی ئایەتی قورئان‌و حەدیس لەتەك عەقڵدا رێکدەخات‌و غیابی هەر جۆرە تەئویلێك دوپاتدەکاتەوە. ئیبن تەیمییە لەتەرەفدانی سەرسەختی سەلماندنی سیفاتە. هاوکات لەگەڵ واتای روکەشی قورئان‌و فەرمودەکانی پەیامبەردایە. ئەو نەیارانی خۆی بەوە تۆمەتباردەکات بە سیفاتی کەمالی خوداوەند نکوڵیدەکەن. خودا بە زاناو بەتواناو نەمر نازانن. هاوکات لەبوارەکانی قەدەرو ماهییەتی خوداوەندو شوێن‌و جێگەو هاوکات چۆنییەتی بینینی خوداو پرسەکانی جەبرو ئیختیار بەتەواوی بەرپەرچی حلی داوەتەوەو بۆچونەکانی خۆی خستوەتەڕوو (زرباب خوبی، 1389).

**کتێبی معالم فی الطریق**

مەشخەڵی ڕێ یاخود ئاماژەو ڕێنوێنییەکانی ڕێگە لەساڵی 1964 لەلایەن سەید قوتبەوە نوسراوە. سەید قوتب لێرەدا تەواوی تیۆرەکانی خۆی لە مەیدانی ئاین‌و سیاسەتدا خستوەتەڕوو، ئەم پەرتوکە زۆرترین نەخشی کاریگەریی بەسەر جیهانبینی بناژۆی سەلەفییەکانەوە جێهێشتوە. ئەو لەم کتێبەدا پەیوەستی حاکمییەت‌و عبودییەتی لێکداوەتەوەو پەرژاوەتە سەر پێوەستەگییەکانی نێوانیان. ئەو پێیوایە لە ئەمڕۆدا تەواوی کۆمەڵگاکان لە نەزانیدا ژیان تەیدەکەن. ئەو ئیسلام لەبەرامبەر نەزانیدا دەخاتەڕوو، پێی وایە لە ئیسلامدا بونێکی دەرەکیی نییە. پێیوایە تەواوی حکومەتەکان سنوری خوداو فەرمانڕەوایی خودایان پێشێلکردوە. ئەو پێی وایە هەندێك بۆخۆیان رۆڵی خودا دەبینن‌و هەندێکیش بەناوی خوداوە فەرمانبەرداریی ساختەو ساحرانەی خۆیان دەکەن. سەید پێی وایە ئەوا تەنها لە ئیسلامدایە خودا بۆخۆی فەرمانبەرداری بەندەکانە. هەربۆیە زەمینەی ڕەخساندنی جیهادو بانگی جیهاد بۆ ئەوەیە کە موسڵمانان بەندایەتی خۆیان بۆ حاکمییەتی خودا دوپاتبکەنەوەو نەبنە بەندەو بەردەی هیچ کام لە حاکمانی ئەمڕۆ. هەروەها پێیوایە لەسەر ئەم بنەمایە ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا هەندێك لەموسڵمانان عەزمیان جەزم کردوە بۆ ئەوەی هەستنە سەرپێ‌و حاکمییەتی خودا بۆ گرۆی موسڵمانان بگەڕێننەوە.

ئەم تەرزی بیرو بۆچوونە لە کوردستانیشدا وەکو بەشێك لەو وڵاتانەی، کە دانیشتوانەکەی زۆرینە موسڵمانن هاتوەتە ئاراوە، بە هۆکاری ئەوەی سەرەداوەکانی پەروەردە لە ئێراندا زێدەتر پەلکێشی لایەنی مەزهەبی دەکرێن‌و نەتەوەی کوردیش بە هۆکاری مەزهەبی‌و نەتەوەیی دەچەوسێنەوە، هەربۆیە لەکاردانەوەی تیۆرەکانی شیعە لەپەروەردەدا دەبینین زەمینەیەك بۆ ئەهلی سوننە رەخساوە تاوەکو زێدەتر بیر لە کاردانەوەیەکی سونییانە دژ بە شیعە بکەنەوە. کاراترین کاردانەوە لەو ئاستانەدا پەنابردنی لاوانی رۆژهەڵاتی کودستانە بۆ تیۆرە سونییەکان، کە زۆرترینیان سەلەفییەتی جیهادی بەسەریدا زاڵە. لە ئاستانەی رەوش‌و ململانێکانی ئەمڕۆدا حکومەتی ئێران بەتەواوی هەستی بە بوونی جوڵانەوەیەکی سەلەفی جیهادی کردوە لەنێو کوردانی رۆژهەڵاتدا. هەربۆیە بەوردی کاردانەوەکانی خۆی لەهەمبەر ئەو جوڵانەوەیە هێناوەتەئاراوە. ئەم نەزمە بەجۆرێکە کاریگەریی تەواوی سەلەفییەکان وەختە لەبەشێك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتدا دەبێتە دیاردەیەك‌و بەدیوێکی تردا بناژۆیی دەداتە کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەدا.

لێرەدا نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم پێڕە لەسەر پرسی ژنان‌و جیهانبینی ئەوان بۆ ژن دەخەینە پێشچاو.

## روانگەی سەلەفیزم لەهەمبەر پرسی ژن

لەم بارەیەوە چەند دانراو و پەرتوکێکیان خستوەتەڕوو لەوانە پێگەی ژن لە ئیسلام، ئەرکەکانی ژن و مێرد، ئامادەیی ژنان لە کۆمەڵگەدا. لەم میانەدا سەلەفییەکان لەسەر چەند مۆدیلێکی ژنانە کۆکنو لەسەر هەندێکیش نەیارو دژن. لەسەر ئەوە کۆکن لە ئیسلامدا هیچ جۆرە دەرگیرییو توندوتیژییەکی نادادپەروەرانە نابێت لەتەك ژناندا هەبێتو ژنان پێگەیان بەرزە. هەندێکیش لەوانە گروپە ئاینیەکان پێیان وایە لە کۆمەڵگەدا زوڵم لە ژنان دەکرێت. بەشێك لەسەلەفییەکان پێیان وایە ژن وەك ئاڵتون وایەو پیاو وەك مس کەواتە دەبێت ئاگاداری ئاڵتون بین. ژنان هەندێك لە گروپە ئاینییەکان لایان وایە ژن بە بەراوردی خۆرئاوا تەماشادەکرێت لە خۆرئاوای دێریندا ژنان دیلبوون، ئەوان دەڵێن نابێت بە بەندو باوی حیجاب ژنان دیلبکرێنو ژن پێگەیان بەرزە لە کۆمەڵگەدا. لەلایەکی ترەوە سەلەفییەکان ژنانو پرسی ئەوان لە ئەولەوییەتی کاریان دادەنێن. پێیان وایە ژنان بەرپرسایەتی تایبەتیان هەیە، لە کۆمەڵگەدا کارەکان جیان، هەندێکیان لە ئەستۆی پیاواندانو هەندێکیش لە ئەستۆی ژناندان. سەلەفییەکان بەرپرسایەتی ژن لە خستنەوەی نەوەو پەروەردەو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پیاودا دەبیننەوە. لەبەرئەوە دەڵێنماڵداریو پەروەردەی مناڵ و بەدەستهێنانی دڵی پیاو لە کاری بنچینەیی ژناندایە. تەنانەت ئەو ئەرکانە بەهۆکارێك دادەنێن، کە ژنان باڵاترن لە پیاوان. چوون دەڵێن

ژنان توانایەکیان هەیە، کە پیاوان نیانە، ئەوان دەتوانن نەوە بخەنەوە. هاوکات دەڵێن ژنان زیاتر لەپیاوان کایگەرن بە ئیسلام. لە ئیسلامدا جیاوازی نێوان خەڵکی پەیوەست نییە بە ڕێزو شکۆو کەرامەتەوە، بەڵکو کێ بە تەقواترە ئەوە لەپێشترە. تاوەکو ئێستا سەلەفییەکان لەسەر پرسی ژنان کۆکن.

وەلێ لەهەندێك پرسی ترداو بەتایبەتی لەسەر ئەو پەرتوکەی باسی ئامادەیی ژن دەکات لە کۆمەڵگەدا سەلەفییە ناجیهادییەکان بەتەواوی نەیارنو لەگەڵ ئەوەدا نین، کە شتێك لەئیسلامدا بوونی هەبێت بەناوی ئامادەیی ژن لە کۆمەڵگەدا. تەنانەت یەکێك لەسەلەفیە دیارەکان دەڵێت لەگەڵ سەرقاڵبوونو کاری ژناندا نیمو لەسەردەمی پێغەمبەردا کاری ژنان دیاریکراو بوو. یەکێکی تر لەوان دەڵێت ژنان هیچ پێویست نییە لە کۆمەڵگەدا کار بکەن. بەڵکو ماڵداریو پەروەردەی مناڵ و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هاوسەر لە ئەرکی سەرەکی ژنانە. هەروەها یەکێك لە سەلەفییە جیهادییەکانیش دروست وەك ئەوانەی لای جەماعەو ناجیهادین هەمان بۆچوونی هەیەو دەڵێت: ڕێگەدان بە ژنان مناڵ بخەنەوە هۆکارێکە بۆ تەندروستبوونی ژنانو ڕێگردەبێت لەوەی، کە ژنان بچنە ناو کۆمەڵگەو ببنە سەرچاوەی خراپەکارییو فەساد لەناو کۆمەڵگەدا. بەڵام زیاتر سەلەفییە جیهادییەکان کۆتو بەندی بەردەم ژنانیان بۆچوونیان بۆ نێو کۆمەڵگە هەڵگرتوە بەمەرجێك ڕەچاوی دابونەریتو ئسوڵی ئیسلامیی بن. یەکێکی دیکەیان دەیوت:

بۆخۆم کچەکەم دەنێرمە نێو کۆمەڵگە، ژنان دەبێت بچنە دەرەوەو کایەبکەنو دەبێت لەبوای ئابوریدا لەسەر پێیانی خۆیان راوەستن. ئەو دەیوت: ئامادەیی ژن لە کۆمەڵگەدا رێی لێنەگیراوە، تەنها مەگەر کۆمەڵگەکە کۆمەڵگەیەکی فەسادو خراپبێت. لەدیدی سەلەفییە کوردەکانی رۆژهەڵاتدا رەچاوکردنی ئیسلامی بەم واتایانەی خوارێ دێت:

1. رەچاوکردنی ئادابی ئیسلامیی ژن دەتوانێت بچێتە دەرەوە، بەڵام بە رەچاوکردنی باڵاپۆشیو کۆنەبوونەوەی تەنها لەتەك نامەحرەمدا. تەنانەت ژنان دەتوانن ببنە فەقێو زانای ئیسلامی و لە زانستەکاندا شارەزابن.

2. بەدەستهێنانی چەند کارێکی دیایکراو لە کۆمەڵگەدا لەلایەن ژنانەوە. ژنان چەند کارێکی دیاریکراو دەبێت بکەن، ئەوکارانەی لەگەڵ توانای ئەوان یەکبگرێتەوە واتە کاری ژنانە بێتو کاری سەختی وەك کاری میکانیکیو هتد نەکەن. هاوکات نابێت لە شوێنێکدا کاربکەن، کە پیاوی تێدابێت. هەندێك لە سەلەفییەکان کاری مامۆستاییو پزیشکی بەباشترین کاری ناو کۆمەڵگە دەزانن بۆ ژنان. مافی فێربوونیان هەیە، بەتایبەتی بۆ کارانێك کە لەگەڵیان سازگار بێت. ئەوان باشترین کارێك بۆیان وانەبێژیو پزیشکییە. یەکێك لە ژنانی سەلەفییە جیهادییەکان دەیوت: ژنان دەتوانن ببنە پزیشك وەلێ لە بیمارستانێك ژن نەبێت یاخود دەتوانن ببنە مامۆستا، بەڵام لە قوتابخانەیەك کە تایبەت بێت بە کچانو ژنان. ئەو دەیوت ژن نابێت ببێتە فەرمانبەر لەشوێنێکدا بێت

کە پیاوی تێدابێت. تەنانەت ئەو پێیوابوو ئامادەیی ژن لەنێو کۆمەڵگەدا دەستکیسەو پلانەکانی خۆرئاوایە بۆ تێکدانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. دروست بەم دەستەواژەیە دەڵێت: ئامادەیی ژن لە کۆمەڵگەدا نەخشەی خۆرئاوایە، ئەگەر واقیعبین بین دەزانین، کە ئیسلام رێگەی لە ژن نەگوتوە بەڵکو لەهەمبەر ژناندا ئەرزشو بەهای داناوە. لەوەڵامی پرسیارێکدا لە سەلەفییەکی کوردی ناجیهادی کرابوو، ئایا دروستە ژنان بچنە زانکۆکانەوە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتبووی: بەڵێ. دیسان پرسیارکرابوو، ئەی ئەگەر بۆخۆت کچت هەبێت دەینێریتە زانکۆ؟ ئەویش وتبووی من گەر کچێکم هەبێت بە پەروەردەی ئیسلامیو بەباڵاپۆشیی رایدەهێنمو دواتر دەهێڵم هاوسەرگیریی بکاتو بچێتە ماڵی خۆی، من کچم هەبێت نایینێرمە زانکۆ. من بۆ خۆیشم تاوەکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایم خوێندوە.

هەروەها یەکێکی دیکە لە سەلەفییە ناجیهادییە کوردەکان لەبارەی تێکەڵی ژن و پیاوان یاخود کوڕو کچ لە زانکۆکاندا دەڵێت: تێکەڵی ژنان و پیاوان لە زانکۆکان دروست نییەو ئەوان توشی تاوانو خراپەکاریی دەبن. ژنی باش بۆخۆی زانکۆیەکە، ئەو ژنە هاوەڵە کچەکانی یاخود داوسێکانی بانگێشت دەکات بەچاکەو رێگەیان لێدەگرێت لەتاوان و خراپەکاریی. هاوکات لەبارەی پەیوەندی ژن و پیاو یاخود ژن و مێرد بۆچونی یەکێکی تر بەهێنانەوەی فەرمایشتێکی پێغەمبەر بوو، کە دەفەرموێ ئەگەر دروستبووایە ژنان بۆ

کەسێکی دیکەی غەیری خودا سوجدەیان ببردایە ئەوا دەبوو بۆ پیاوەکانیان سوجدەبەرن. ئەوان دەبێت لەهەموو شتێکدا گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن و لەفەرمانیان دەرنەچن. ئەو کەسایەتییە سەلەفییە پێی وابوو، کە ژنان عەقڵیان نوقسانەو ئەوان هێندەی بیرکردنەوەی لاوازی خۆیان دەزانن و لەسەر پیاوان پێویستە جڵەوگیرییان بکەن و شەرعیش هەر بەو جۆرەمان پێدەڵێت.

یەکێکی تریان بە ئاماژە بە ئایەتەکانی قورئان وابەستەیی ژنانی بە هاوسەرەکانیان دوپاتکردوەو دەیوت خودا فەرمویەتی (الرجال القوامون علی النساء) لەو سۆنگەیەوە پێیوابوو، کە ژنان دەبێت لە ژێر رکێفی پیاودا بن‌و بەهیچ جۆرێك لەفەرمانی وان دەنەچن و ئەگەر وتیان مەچنە دەرەوە نابێت بچنە دەرەوە و ئەگەر هاتوو لەسەر گرفتێکیش تێکگیران پێویستە سەرەتا پێکەوە قسە بکەن و چارەسەریی بکەن. یەکێکی تریان پێی وابوو کە ژنان ناتوانن بڕیاری لۆژیکی‌و عەقڵانە لەمەڕ پرسەکاندا بدەن. ئەوان پێیان وایە هەمیشە کچان پێویستە لەتەك باوکیاندا راوێژ بکەن، چونکە پیاوان بڕیاری عاقڵانەو دروستدەدەن، بۆنمونە گەر کچێك لەلای دایکی خۆی داواکاری هەبێت ئەوا بۆ ئەوەی دڵی کچەکەی نەشکێت لۆژیکی بیرناکاتەوەو هەموو لایەنی باش‌و خراپی شتەکان نابینێت. لەمیانی هەموو ئەو چاوپێکەوتن و دیدارانەی نێو کوردە سەلەفییەکان لە رۆژهەڵاتدا گەیشتینە ئاکامێك، کە دوو دەستە لە بۆچوون

لەهەمبەر چوون و نەچوونە دەرەوەی ژنان بۆ نێو کۆمەڵگەدا بونی هەیە. دەستەی یەکەمی بۆچوونەکان سەلەفییە جیهادییەکانن، ئەوانەی کە توندڕەو و بناژۆن و ئەوانەیشیان، کە نەختێکی میانڕەوبوون، ئەوان بە سنورداری بەوە رازین، کە ژنان بچنە نێو کۆمەڵگەو بەشداربن. وەلێ سەلەفییە ناجیهادییەکان چ ئەوانەی سوننەتین و چ ئەوانەیش نا سوننەتیین، بەهیچ جۆرێك رازی بەوە نەبوون، کە ژنان بچنە نێو کۆمەڵگەو تەنهاو تەنها وابەستەیی ژنان دەگەڕێننەوە بۆ منداڵخستنەوەو پەروەردەی منداڵ و ماڵداریی‌و رەزامەندی دڵی هاوسەرەکانیان. لێرەدا بوونی ئەم بۆچوونانە لە کۆمەڵگەی کوردی نێو رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییان هەیەو شوێنی خۆیان وەك دیاردەیەکی لاوازکردوەتەوەو لەم ساڵانەی دوایدا لە رێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و ماڵپەڕو مزگەوتەکان و کاسێتەکانەوە توانیویانە شوێنی خۆیان بگرن.

## پەراوێزەکان:

1- شێخ موحەمەد عەبدە حسێن خەیروڵا لەدایکبووی میسرەو بانگخوازێکی ئیسلامی بووەو رویکردۆتە پاریس، لەوێ لەگەڵ جەمالەدین ئەفغانی گۆڤاری عروە الوثقی دەرکردوە. ناوبراو چەندین زانا لەسەردەستی پێگەیشتوون‌و کە بیروبۆچونیان هەوێنی دروستبوونی پارتە ئیسلامییەکانن. (شخصيات مصريه: الامام محمد عبده
(http://www.faroukmisr.net/mohamed_abdu.htm

2- عەبدوڵا عەزام ساڵی 1941 لە شاری جنینی فەلەستین لە دایکبووە، ئەو سەر بەئیخوان موسلمین بوو، بەداهێنەری تیۆری خەباتی چەکداری ئیسلامی دادەنرێت‌و بە رەمزی جیهادی ئەفغانی دادەنرێت دژ بەشورەوی، ئەو چەندین بەرهەمی هەیە کە بنەمان بۆ ئیسلامییە جیهادییەکان‌و ساڵی 1989 لە پیشاوری پاکستان، ماشێنەکەی دەتەقێننەو دەکوژرێت.( الموسوعه تاريخيه: رائد «الجهاد الافغانى» .. عبد الله يوسف عزام 1941م/ http://www.ikhwanwiki.com/index.php?title).

3- عوسمان عەبدولعەزیز موحەمەد لە خانەوادەیەکی ئاینی‌و مەلازادە لە ساڵی 1922ز لەگوندی پریس سەر بەقەزای هەڵەبجە لە دایکبووە، لەلای بابی‌و مەلا ساڵحی گەورە مۆڵەتی مەلایی وەرگرتوەو خاوەنی تەفسیری قورئانی پیرۆزەو ساڵی 1987 بزوتنەوەی ئیسلامی دروستدەکات‌و لە ساڵی 1999 لەدیمەشق کۆچی دوایی دەکات.(عەبدوڵا مەلا ئەحمەد: مامۆستا مەلا عەلی عەبدولعەزیز، تەمەنێك خزمەت لە بزاڤی ئیسلامیدا، چ1، چاپخانەی کور دستان، سلێمانی،2008 ، ل38 41-).

4- لەشکری ئیسلامی کوردستان یەکەم رێکخستنی ئیسلامی چەکدارە لە کوردستاندا و ساڵی 1980دروستدەبێت، ئەم پارتە بە هاوکاری ئێران دروستدەبێت‌و کەسی یەکەمی پارتەکە عەباس شەبەکە. کە ناسرابوو بە ئوسامە، ناوبراو لە لیبیاو سوریاوە پەیوەندیدەکات

بەسەرانی شۆڕشی ئێرانییەوە. ئەم پارتەبوونە گرفت بۆ یەکێتیو دواجار ناکۆکییەکانیان بووە مایەی جەنگو زۆربەی سەرکردەکانیان گیرانو پارتەکە بەرەو پوکانەوەچوو (ئیدریس سیوەیلی: س، پ، ل 158،165؛د. سۆزان کەریم: س،پ،ل28).

5- دیارە لە یەکەمین کۆنگرەیانەوە لە شاری سنە 1987 بزوتنەوەکە ناوینرا بزوتنەوەی ئیسلامی، هەربۆیە ناوەکانی دی وەك پەیوەندی ئیسلامی مێژویان دەگەڕایەوە بۆ پێش 1987، وەلێ هێزی چەکدارو رێکخستنی سیاسی کارا نەبوونو بازنەی کەسایەتییەکانی ناویان فرەبەرتەسك بوون. لێرەدا نوسەر بەهەڵەداچووەو هەرگیز بزوتنەوەی ئیسلامی درێژەپێدەری ئەو رەوتانەی پێش خۆی نەبووەو بەڵکو لە هەیەجانێکی جەماوەریو گربوونەوەی مەلاکانی هەڵەبجەو بەشێك لە ئیخوانەکان وەك رێکخستنێکی شاراوە لەناویاندا ناوی خۆیان نا بزوتنەوەی ئیسلامی، بەڵام گروپە گچکەکانی دی بە ئیخوانیشەوە لەنێو بزوتنەوەدا شوێنیان بوویەوە، تەنانەت لە پاش راپەڕین زۆربەیان جودابوونەوە، لەوانە راپەڕینی ئیسلامی، یەکگرتوی ئیسلامی، پەیوەندی ئیسلامیو هەندێکیشیان لەنێو بزوتنەوەدا توانەوە. واتە بزوتنەوەی ئیسلامی درێژکراوەی کەس نەبوو، بەڵکو چەترێك بوو کە کۆماری ئیسلامی زەمینەی بۆ رەخساند، ئەوان یەك رێکخستنو یەك شێوە بیرکردنەوەی دیاریکراویان تێدانەبوو، بەڵکو لە سەلەفی جیهادییەوە تێیاندا بوو تاوەکو ئیخوانی شلڕەو تا سۆفیو دەروێش، وەکو رابەری بزوتنەوە زۆرجار دەیوت بزوتنەوە ماڵی هەموو کوردێکی موسڵمان بوو، هەربۆیە لە پاش راپەڕینو بەتایبەتی پاش روخانی سەدام، ئیدی هەموو ئەو رەوتە هزریو رەگە سیاسیانە جودا بوونەوەو لەوێیشەوە جوندو ئەنسارو گروپە بناژۆکان سەریاندەرهێنا.

6- دیارە ئەم بۆچوونەی مامۆستا عەلی باپیر بۆچوونێکی

سیاسییە، چون ئەو نەیاری رابەرانی بزوتنەوەو مێژوی بزوتنەوەیەو دەیەوێت ئەوان نەبنە داینەمۆی دامەزراندنی بزوتنەوەی ئیسلامی، پاش جودابوونەوەی لە دەستپێکی دووهەزارداو راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی، دەیەوێت شانازی رابوونە ئیسلامییەکەو دەستپێکی خاڵی رەوگە چەکدارییەکە لە خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە دابڕێت، ئەگینا ئەوە روونە، کە بزوتنەوەی ئیسلامی درێژکراوەی هیچ رەوتێك نەبوو، بەڵکو رەوتەکانی تر لەناو بزوتنەوەدا توانەوەو تەنانەت کەسیش ناوی پەیوەندی ئیسلامی نەبیستبوو. ئەو سۆنگی عەلی باپیریش لەو کاتەوە نومایان بوو، کە پاش ئەوەی ویستیان ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ رەوتەکەی خۆیان بێتو سەرکەوتوو نەبوون، ئیدی کەوتنە هەوڵی بچووککردنەوەی ناوی بزوتنەوەی ئیسلامی.

7- نوسەر لەرووی مێژوییەوە کەوتوەتە هەڵەوە. لەراستیدا بەجەنگ لەتەك یەکێتیدا بزوتنەوە بەهێزنەبوو، بەڵکو لە مەیدانی سیاسی هەرێمدا کرایە دەرەوەو لە ئێراندا گیرسانەوە، پاشان رەوتی ئیخوان نەهاتە ناویەوە بەڵکو خەتی یەكو دووی ئیخوان لێی جودا بوونەوەو یەکگرتوی ئیسلامیو راپەڕینی ئیسلامی مۆڵەتیان وەرگرتو لەنەوەدەکاندا وەك دوو پارتی سیاسی کەوتنەکار، دەتوانیین بڵێین ئەوان بەهێزبوون نەك بزوتنەوە. هاوکات لەپاش مەرگی شێخ عوسمان بزوتنەوە پەرت نەبوو، بەڵکو لەگەڵ راپەڕینی ئیسلامیدا یەکیانگرت، بەڵام لەپاش مەرگی شێخ عەلی عەبدول عەزیز ئەو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییە لێك هەڵوەشایەوە.

8- مەلا کرێکار نەبووە رابەری جوندولئیسلام، بەڵکو بۆخۆی دارای رەوتێکی سەربەخۆبوو بەناوی رەوتی ئیسلاح، ئەوان لەتەك جوندولئیسلام یەکیانگرتو ئەنسارولئیسلامیان پێکهێناو کرێکار بوو بە ئەمیریان.

9- ئەنسارولئیسلام (پشتیوانانی ئیسلام) بزوتنەوەیەکی چەکداریی جوداخوازی کوردیی ئیسلامییە، هەوڵدەدات لە عێراقەوە دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێت. ئەم ڕێکخستنە یەکەمجار لەلایەن مەلاکرێکار، کە ناسراوە بە نەجمەدین ئەحمەد فەرەج لە سێپتەمبەری 2001دا دایمەزراند. دیارە ئەم ڕێکخستنە بە پشتیوانیو دەستگیرۆیی لۆجستیکیو دارایی قاعیدەو ئوسامە بن لادن دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە دژی پارتە کوردییەکان لە ناوچەی هەورامان جەنگی ڕاگەیاندو دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، بوونە ئەنسارو سوننەو دواتر لەناو گروپە جیهادییەکانی دژ بە ئەمریکا لە عێراقدا توانەوە.

(Kathryn Gregory : Ansar al-Islam (Iraq, Islamists/ Kurdish Separatists), Ansar al-Sunnah/ http://www.cfr.org/ iraq/ansar-al-islam-iraq-islamistskurdish-separatists-ansar-al-sunnah.

## سەرچاوەکان:


- احمدی، بابك(1385): معمای مدرنیته، تهران، نشرمرکز
- استربرگ، ک.جي. (1384)، روشهای تحقیق کیفی در علوم اجتماعی، ترجمەی ا- پور احمد و ع- شماعی، یزد: دانشگاه یزد.
- استرواس، آنسلم و جولیت کوربین(1387): اصول روش تحقیق کیفی، ترجمەی بیوک محمدی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی
- برگر، پیترال و توماس لوکمان(1375): ساخت اجتماعی واقعیت (رسالەای در جامعه شناسی شناخت)، ترجمەی فریبرز مجیدی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی
- بیل گیلهام، بیل(1385): مصاحبه پژوهشی،ترجمەی محمود عبدالله زاده، تهران: دفتر پژوهشهای فرهنگی
- تامسون،کنت و دیگران(1387): دین و ساختار اجتماعی، ترجمەی علی بهرام پور و حسن محدثی، تهران: نشرکویر
- ترنر، برایان(1380): وبر و اسلام، ترجمەی حسین بستان وهمکاران، تهران: پژوهشکده حوزه و دانشگاه
- توکلی، محمد رئوف(1378): تاریخ تصوف در کردستان: چاپ اول، تهران: بی جا
- جنکینز،ریچارد(1381): هویت اجتماعی، ترجمەی تورج یاراحمدی، تهران: نشر شیراز
- حریری، نجلا(1385): اصول و روش های پژوهش کیفی، تهران: دانشگاه آزاد اسلامی-واحدعلوم تحقیقات
- داوال، مک(1381): عوامل داخلی و خارجی تضعیف ناسیونالیسم در ایران، ترجمەی کاوه دستوره، مجله رافه، شماره سوم، بهار 1381

• دینانی، غلا محسین ابراهیم(1379): ماجرای فکر فلسفی در جهان اسلام، تهران: طرح نو
• رشید، احمد (1383): طالبان، ترجمه‌ی گیلدا ایروانلو، تهران: انتشارات هوای رضا
• روآ، اولیویه(1387): اسلام جهانی شده، ترجمه‌ی حسن فرشتیان، قم: مؤسسه بوستان کتاب
• روآ، اولیویه(1378): تجربه اسلام سیاسی، ترجمه‌ی محسن مدیر شانه چی و حسین مطیعی امین، تهران: انتشارات بین المللی الهدی
• زرباب خوبی، عباس(1389): ابن تیمیه، تقی الدین، سایت مرکز دایره المعارف بزرگ اسلامی،تاریخ دسترسی: 1389/6، http://www.cgie.org.ir/shavad.asp?id=123&avaid=1008
• سوزنگر، سیروس (روح الله) (1383): اندیشه های سیاسی سید قطب، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی
• عبداللهي ، محمد ( 1380): جامعه شناسی بحران هویت، نامه پژوهش شماره 2 و 3
• علوی، علی(1368): آداب خانقاه قادریه در کردستان، دانشگاه تهران: دانشکده الهیات، پایان نامه کارشناسی ارشد
• علیار، ناصر(1383): سلفیه در روزگار ما، سایت سلفیه، تاریخ دسترسی: ttp://selefiye.persiangig.com 89/5
• علیخانی، علی اکبر(1383)، مبانی نظری هویت و بحران هویت، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات اجتماعی جهاد دانشگاهی
• فقیهی، علی اصغر(1366): وهابیون، تهران: انتشارات صبا
• فلیک، اووه(1388): درآمدی بر تحقیق کیفی، ترجمه‌ی هادی جلیلی، تهران: نشر نی
• کاستلز،ایمانول(1384): عصر اطلاعات: اقتصاد،جامعه و فرهنگ، جلد دوم، ترجمه‌ی حسن چاوشیان، تهران: طرح نو

• کوچرا، کریس(1381): سرآغاز جنبش ناسیونالیسم کردی، ترجمەی عزیز .م، مجله رافه، شماره سوم، بهار1381
• گیدنز،آنتونی(1387): تجدد و تشخص: جامعه و هویت شخصی در عصر جدید، ترجمەی ناصر موفقیان، تهران: نشرنی
• مارسدن، پیتر(1379): طالبان، ترجمەی کاظم فیروزمند، تهران: نشر مرکز
• مرادی، مجید(1386): تقریر گفتمان سید قطب، سایت آفتاب، تاریخ دسترسی: 1389/2 http://www.aftab.ir/articles/religion/religion/ c7c1195055733p1.php
• مقدسی، ابومحمد(بی تا): ملت ابراهیم، ترجمەی عبدالرحمن مجاهد، وبلاگ عقیده و جهاد، تاریخ دسترسی: 4/ 1389 : http://maqdesi. wordpress.com
• مصطفی حلیمه، عبدالمنعم(ابوبصیر)(بی تا): مسائل مربوط به اتمام حجت وعذر به جهل، وبلاگ عقیده و جهاد، تاریخ دسترسی: 1389/4 http://maqdesi.wordpress.co
• مولودی، عبدالعزیز(1381): تحلیل جامعه شناختی-سیاسی حزب دیموکرات کردستان ایران، مجله رافه، شماره سوم، بهار1381
• واخ، یواخیم(1387): جامعه شناسی دین، ترجمەی جمشید آزادگان، تهران: انتشارات سمت
• وبر، ماکس(1382): دین،قدرت،جامعه، ترجمەی احمد تدین، تهران: انتشارات هرمس
• وبر، ماکس(1382): اخلاق پروتستان و روح سرمایه داری، ترجمەی عبدالکریم رشیدیان و پریسا منوچهری کاشانی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی
• ویلسون، برایان و جیمی کرسول(1386): جنبش های نوین دینی، ترجمەی محمد قلی پور، تهران: نشر مرندیز

• هوشمند، احسان(1389): انتخابات اخیر عراق، چشم انداز ایران، شماره 62، تیر و مرداد 1389

• نبوی، عبدالامیر(1384): ظهور و دگرگونی جریانهای اسلامگرا: مروری بر رویکردها و نظریه ها، دوفصلنامه دانش سیاسی، شماره دوم- پاییز و زمستان 1384

• یافته های پیمایش ارزش ها و نگرش های ایرانیان در شهر سنندج(پاییز 1380)، وازرت فرهنگ و ارشاد اسلامی، دفتر طرح های ملی

منابع کردی

• ئاكريی، كاروان(2009): ديموكراسی له كوردستاندا، سليمانی: روناكبيری

• حه مه سه عيد، كامه ران(2003): فه نده مينتاليزم، سليمانی: چاپ خانه ی ره نج

• سيوه يلی، ئيدريس(2009): رەوتی ئيسلامی له باشوری كوردستان (1946-1991)، هەولير: بی جی

• فرج، نجم الدين(كريكار)(2009): اسلام گرايان كردستان، ترجمەی جميل جوانرودی، سايت ايران پنل، تاريخ دسترسی: 2010/1/26: www.iranpanel.com

• قادر، سەرو(2008): واقعی كوردستان و كردەوەی چاكسازی، دهوک: چاپخانەی خانی

• مەردوخی، ئيبراهيم(1385): دەور و مێژوی رەوته ئيسلاميەكانی كوردستان، گوڤاری زريبار، ژمارەی62-61 پاييزی 1385

منابع عربی

• البوطی، محمد سعيد رمضان، (1988): السلفيه، مرحله زمنيه مبارک لا مذهب الاسلاميه، دمشق: دار الفكر.

# گوتاری ئیسلامگەرای کوردیی
# لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا
# مەکتەب قورئان بەنمونە

توێژەران:

1.جەمال خەسرەوی، وانەبێژ لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی پەیامی نوور، ئێران

2. حوسەین ئاغاپوور، سکوڵی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی ئۆکلاند، نیوزلاند

3.لوقمان حەمید موراد، مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی پەیامی نوو ، ئێران

مەکتەب قورئان یاخود خوێندنگەی قورئان، دێرینترین ئایدیۆلۆژیای سیاسیی ئیسلامی سوننەیە لە کوردستانی ئێراندا. مەکتەب قورئان لەمیانی 40 ساڵی هەبوونیدا، بەناوگەلێك گۆڕانی گوتارو گریمانەی هزریدا تێپەڕیوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە گەلاڵەی گوتاری مەکتەب قورئانە لەسایەی پێشکەوتنیدا لەناو بوارێکی بەرینتری بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا شیدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدا، کە زۆرترینی ئەو گۆڕانکارییانەی گوتاری مەکتەب قورئان لە کاردانەوەی بەرەوپێشچوونە دیاریکراوەکاندا پەیوەستن بە هزری باوی ئیسلامی ئێرانو میتۆدی گۆڕانکارییەکانی حکومەتی ناوەندییەوە لەهەمبەر کوردستاندا. ئەم لێکۆڵینەوەیە زەمینەی رونکردنەوەیەکی وێنایی لەهەمبەر گوتاری مەکتەب قورئاندا نومایان دەکات. هاوکات رەوگەی گۆڕینی گوتاری مەکتەبەکە لەمیانی ئەو ساڵانەداو گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە فاکتەرە دەرەکییە هەمەچەشنەکان تاوتوێدەکات. بەتایبەتی لەبواری ئاڵوگۆڕە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێراندا. توێژینەوەو خوێندنەوەی کارە کۆمەڵایەتییەکانی گوتاری مەکتەب قورئان لە سۆنگەی گوتاری باوی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، پەیوەندیی دیالەکتیکی لەنێوان دوو دیاردەدا نیشاندەدات. لەڕاستیدا وەك ئاکامێکی ئامادەییو بەرینیی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە لەمیتۆدی حکومەتی ناوەندیدا لایداوەو وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بەرین سەریهەڵداوەو زەمینەیەکی لەباری رەخساندوە بۆ شیکردنەوەی گوتاریی پراکتیکیی مەکتەب قورئان.

## پێشەکی

زۆرێك لە بیرمەندانی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، پێشبینییانکردبوو، کە بایەخی ئاین لەناو کۆمەڵگە پیشەسازیی‌و مۆدێرنەکاندا کەمبووەتەوە. هەرچەند کە سێ رووداویی تەوەرەیی، لەوانە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979، کەوتنی دیواری بەرلین لە ساڵی 1989، هێرشی سەر دوو تاوەرەکە لە ساڵی 2001دا، هەموو ئەو رووداوانە شتانێکی شۆکئامێزبوون‌و بەتەواوی زانستی کۆمەڵایەتی خۆرئاوا تیاماو شکستیهێنا لەبەرامبەر پێشهاتێکدا، کە نازانێت چ دەقەومێت. هەر لەم بارەیەوە بێرگەر مەرگی تیۆری سیکۆلاریزەیشنی راگەیاند، ئیدی لەلای ئەو مۆدێرنێتەی سێکولار شتێکە کە هەرگیز رونادات. لەم سۆنگەیەوە جارێکی دیکە ئاین هاتۆتە ناو فەرهەنگ‌و هزرو مشتومڕەکانی مرۆڤایەتییەوە، ئەم گەڕنەوەیەی ئاین، گەڕانەوەیەکی سیاسییە. لەم بارەیەوە تۆفت‌و هاوکارەکانی لەوباوەڕەدان کە کاریگەیی نێونەتەوەیی ئاین لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە لە هەڵکشان‌و برەودایە. پڕۆسەی بە مۆدێرنەکردن‌و سیکۆلاریزەیشنی کۆمەڵگەی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەندی سەدەی نۆزدەیەم، لەوکاتەدا کۆمەڵگە لەژێر تین‌و تاوی ئاڵوگۆڕی دامەزراوە ئاینییەکان‌و پێکهاتە سیاسییەکاندا دەیناڵاند. دواتر رەزا شا بەگرتنەبەری چاودێریی توندوتۆڵ‌و کۆت‌وبەندی بێئەندازە بەسەر خوێندنگە ئاینییەکاندا رێوشوێنێکی نوێی هێنایەگۆڕێ. ئەم هەلومەرجە بە شێوەیەك بوو، کە سەرپێچی مێزەرو پۆشاکی پیاوانی ئاینی یاساغکراو گەلێ

کۆت و بەندی توند و سەختگیر لەبەردەم ژیانی پیاوانی ئاینیدا قوتکرایەوە. هاوکات موحەمەد رەزا شایش هەمان رەوگەی بابی لە زنجیرەیەك گۆڕانکاریی بونیادیدا گرتەبەرو هەموو ئەو هەوڵانەیش بۆخۆی بە ناوی (شۆڕشی سپی) ناوی دەبردن. ئەم پرۆسەی نوێسازی و بە مۆدێرنەکردنەی خۆرئاواگەراییە بەشێوەیەك بوو، کە تەنانەت لەبەرامبەر گروپە ئیسلامییە کلاسیکییەکانیشدا هیچ نەرمیو لێبوردەییەك نەنوێنرا. نەزمی مەزهەبی و رەوگەی ترادیشناڵ و نەریتخوازی ئیسلامیش لەڕوی تیۆری و لۆژیکییەوە هێند بەهێزو بزاوت نەبوو، لەبەرئەوە نەیدەتوانی لەبەردەم تەوژمی بەرنامە سپۆنسەرکراوەکەی میریدا خۆی رابگرێت. وەلێ هەر لەشەستەکانەوە سەرلەنوێ تەوژمی ئیسلامی لەلایەن عەلی شەیعەتی گەورە بیرمەندی مەزهەبی و شۆڕشوانی ئاینیی شیعەوە گورڕێك بە شرۆڤەو رێنیسانسیی ئیسلامگەراییەوە هێنرایەوە، ئەو تەقەڵای ئەوەی دەکرد کە ئیسلامی ترادیشناڵو کۆنسەرڤاتیڤی کۆمەڵگە بگۆڕێت بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی. لەم سەروبەندەدا ئیسلامیزم (ئیسلامی سیاسی) لە شەستەکانەوە لەلایەن ئەحمەدی موفتی زادە لە کودستانی ئێراندا هێنرایە ئاراوە، دیارە ئەمەیش شانبەشانی دەرکەوتنی گوتاریی سیاسیی شیعە بوو لە ئێراندا. پێش ئەو کاتە ئیسلام لە فۆڕمێکی نەریتخوازو کۆنسەرڤاتیڤدا بوونی هەبووەو ئەمەیش لەتەك ناسیۆنالیزمی کودیدا ئاوێتە ببوو. لە شەستەکاندا ئیسلامی سیاسیی لە ئێراندا سەریهەڵدا. لەوکاتەدا زۆربەی کوردان

ئەوانەی مژوڵی دابونەریتە ئیسلامخوازییەکە بوون، لە هەمبەر ئاشنابوون بە شوناسی ئیتنۆ نەتەوەیی خۆیاندا خامۆشکرابوون، بۆیە بەڕوی ئیسلامیی سیاسی مەکتەب قورئاندا دەرویان لێکرابوویەوە. لەراستیدا ئەمەیش پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیڤ و نەیاربوو لەبەرامبەر هەردوو ناسیۆنالیزمی کوردیی و رەوگەی ئیسلامی نەریتخوازو کۆنسەرڤاتیڤدا لە کوردستان. لە شۆڕشی ئێرانی 1979دا هێندەی تر بۆشایی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و ئیسلامیزمی کوردیی قوڵبوویەوە.

بەمشێوەیە مەکتەب قورئان لە کاتێکدا، کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە پەرێزدابوو، بایەخی زێدەتری لە قۆناغی شۆڕشی ئیسلامیدا بەدەستهێنا. هەرچەندە زاڵی ناسیۆنالیزمی کوردیو گرژی و پشێوییەکانی نێوان ئەحمەدی موفتی زادەو حکومەتی ناوەندیی ئێران رێگربوون لەوەی، کە مەکتەب قورئان بتوانێت رۆڵێکی کارا لە بەجێگەیاندنی ئەجێندای ئیسلامی سیاسیدا ببینێت. هاوکات هەورازو نشێوی ناسیۆنالیزمی کوردیی و ناکۆکییەکانی لەتەك گوتاری ناوەندگەرای ئێرانییدا دیسان کاریگەریی کردبووە سەر گوتاریی مەکتەب قورئان. بۆیە رونکردنەوەی واتایی ئەم گوتارەو گۆڕانکارییەکانی لە بوارێکی بەرینتری پێشکەوتنە سیاسییو سۆسیۆ کولتورییەکانی هەردوو ئێران و کوردستاندا لێکدەدرێنەوە و شرۆڤە دەکرێن. زیاد لەوەیش ئەزمونی گوتاری مەکتەب قورئان و رۆڵی کارێزمایی رێبەرەکەی لە فاکتەرە دەرەکیو بونیادییەکەی ژینگەی چێبوونی مەکتەب قورئاندا رەچاودەکرێن. هەرچەندە ئامانجی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ نیشاندان و شرۆڤەی گۆڕانکارییەکانی ئەو گوتارانەیە، کە لەناو مەکتەب قورئاندا رویانداوە. هاوکات پەرەسەندنی قوتابخانەی ئیسلامی سیاسیی لە زەمینەیەکی بەرینتری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەڵدەسەنگێنێت.

دیارە ئەمەیش بەهۆی راستییەکەوەیە، کە چێبوونی گوتاری مەکتەب قورئان لە بەراییدا وابەستەنەبوو بە ئیسلامگەرایی ئێران و ناسیۆنالیزمی کوردییەوە. هاوکات گوتاری مەکتەب قورئان وابەستەبوو بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کۆماریی ئیسلامییەوە لە ساڵی 1979دا. چوون بڵاوبوونەوەو تەنینەوەی گوتاری کۆمار یارمەتیدەربوو تا گوتاری ئاینی لە کوردستانیشدا پێشبکەوێت. مەکتەب قورئان کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی دانا و پراکتیکیی ئەوان بەنەزمێکی پێچەوانە لەتەواوی قۆناغە مێژوییە جیاوازەکاندا بووە هۆی ئاڵوگۆڕە سۆسیۆ کولتورییە جیاوازەکانی ئەمڕۆ لە کوردستاندا. گێڕانەوەی راستییەکانی کۆمەڵگە بەگوێرەی راڤەو لێکدانەوەی ئیسلامییان بۆ جیهان ئاکامی دەرهاویشتەیەکی سیاسییو کۆمەڵایەتی دیاریکراوی بوو بۆ کوردستانی ئێران، لەهەمووی گرنگتر رەوگەی ئەوان دوچاری پێکدادانی کردن لەتەك ناسیۆنالیزمی کوردیدا. بەمشێوەیە بە لەپێشچاوگرتنی گوتاری مەکتەب قورئان، ئەوان لە رێبازی خۆیاندا لەناو تیۆرو پراکتیکی کاریاندا فۆمێکی دیاریکراویان بۆ داتاشراو کاریگەریی نزیك و دوریان لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی و تەنانەت لەسەر کۆمەڵگەی سوننی کوردستانی ئێرانیش جێهێشتوە.

### میتۆلۆجی

### گوتاری ئیسلامیی لەچواچێوەی شیکاری گوتاردا

شیکاری گوتار بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی دیاردەی کۆمەڵایەتیی‌و پەیوەندییەکانیانە پێکەوە، هەروەها رێگەیەکە، کە تێیدا کۆمەڵگە دەگۆڕدرێت. بەگوێرەی دیدی هەریەك لە لاکلائو موفە(1985) تا ئەندازیەك تەواوی دیاردە سۆسیۆ سیاسییەکان لە چواچێوەی گوتاردان. لەراستیدا بوار و گۆڕەپانی گوتار تەنها بۆ سودی کۆمەڵایەتی زمان دیاریی ناکرێت. بەڵکو لەبری ئەوە گوتار رۆڵی زەمینەیەك دەبینێت، کە تێیدا تاکەکان راڤەو تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە ژینگەی جیهانی دەوروبەریاندا بەدەستدەهێنن. لەم میتۆدەدا، نەتەنها زمان دەتوانێت رەوگەو واتایەکی دیایکراو بدات بەدەستەوە، بەڵکو لە گوتاردا هەڵسوکەوت‌و باوەڕی کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی بابەتەکان وێناکێشراون‌و مانایان پێدراوە. لە چوارچێوەی بواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە گوتارییەکاندا، شیکردنەوەی گوتاری رەخنەیی، زەمینەی تێگەیشتنی باشتر لەهەمبەر کۆمەڵگەو گروپەکان فەراهەمدەهێنرێت، ئەوەیش لەڕێگەی سەرنجدانی چڕتر لەسەر پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان پراکتیکی گوتارو پراکتیکی کۆمەڵایەتی دیکە بە ئامانجی تێگەیشتن‌و گەیشتن بە هۆکارو کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریەکانی گوتار. لێرەوە لێکۆڵەر باشتر دەتوانێت دەرهاویشتەی دروست و رەوانتر لەهەمبەر توێژینەوەکەیدا هەڵبهنجێنێت.

لەراستیدا گوتار جۆرێکە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی، کە جیهانی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەری لەخۆیدا بەرجەستەدەکات و لە رێگەی پراکتیکی کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە شێوەو چێبوونی نومایان دەکرێت. بۆیە بوارەکانی گوتار شانبەشانی کایەکانی دیکەی پراکتیکە کۆمەڵایەتییەکان پێشبینییەکانی خۆی لەهەمبەر شرۆڤەی جیهانو دەوروبەر بونیاددەنێت.

لەگەڵ ئەوەی، کە ئامانجی ئەم چوارچێوە تیۆرییە بۆ بەرهەمهێنانی میتۆدێکی تەواوکارە تا بوار بڕەخسێنێت بۆ توێژینەوە لەگۆڕانکارییەکانی گوتار لە ناو ئایدیۆلۆژیای مەکتەب قورئاندا، دیارە ئەمەیش بە هەماهەنگیی‌و بەلەپێشچاوگرتنی هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەبێت، کە تەواویان پەیوەستن بە زەمینەی کوردستانی ئێرانەوە، یاخود ئەو پانتاییەی، کە گروپەکە تێیدا شوێنی خۆی گرتوە. هەرچەند کە شیکارو شرۆڤەو پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕەکانی گوتاری مەکتەب قورئان ئاتاجی دەبێت بە میتۆدی مێژویی، دیارە ئەوەش بۆ ئەوەیە تا بە شێوەیەکی رەوان بتوانێت پەیوەندی نێوان لایەنی گوتارو لایەنی نا لۆژیکیی و بێ گوتاری گروپەکە رونبکاتەوە. هەربۆیە توێژینەوەی هەنوکەیی گوتاری مەزهەبگەرای مەکتەب قورئان، لە رێگەی میتۆدی ئیسنۆگرافییەوە بە باشترین شێوە ئەنجامدەدرێت. ئەمەیش ئاتاجی لێکۆڵەر بە قوڵبوونەوەی زێدەتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی گروپەکە دەخوازێت، کە لێرەدا بریتییە لە بابەتی توێژینەوەکە.

بەسەربردنی نزیکەی 12 مانگ (لە سێپتەمبەری 2009 تا سێبتەمبەری 2010) لەناو جەرگەی ئەم گوتارە مەزهەبییەدا، هەموو ئەوەی بەخشییە لێکۆڵەرەکان، کە لە رەنگدانەوەی ژیانی پەیوەست بە جیهانبینیو روانگەی مەکتەب قورئان ئاشنابن. دیارە میتۆدە دیارەکانی گردکردنەوەی داتاو زانیاری بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت: بەشداریکردن لەسەرنجو مشتومڕەکان، گفتوگۆ و وتوێژ لەتەك کەسانی دیار و بەنێوبانگی ناو بزوتنەوەکە و تۆمارکردنی راگەیەنراو و زانیاری ئەندامانو شیکردنەوەو شرۆڤەی نوسراوەکانی دیکەیان. هاوکات دەقە بینراو و وتراوەکانی پەیوەست بە گوتاری تەڤگەرەکەیش کەڵکیان لێوەرگیراوە. هاوکات هەموو ئەو رۆژنامانەی بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە سودیان لێبینراوە، دروست رۆژنامەکانی سەروبەندی شۆڕشی 1979ی ئێرانن. زۆرترینی سەرچاوە فارسی و کوردییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتین لەو بڵاوکراوەو راگەیەندراوانەی یاخود رۆژنامە وەشانکراوەکانی پێش و پاشی شۆڕشی گەلانی ئێران.

ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بەبایەخترو بەهادارتر دەکات ئەوەیە، کە پێش ئەم توێژینەوەیەو تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی قوڵ و ئەکادیمی لەسەر مەکتەب قورئان و ئیسلامی سیاسیی لە کوردستانی ئێراندا نەکراوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە چڕبوونەوەی لەسەر پێشکەوتن و گەشەی گوتاری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت بە یەکەمین هەوڵ لە هەمبەر توێژینەوە لە گەڵاڵەبوون و پێشکەوتنی مەکتەب

قورئان و ئیسلامی سیاسیی لە کوردستانی ئێراندا. تا ئەو شوێنەیش، کە نوسەرانی ئەم توێژینەوەیە پێی دەزانن، ئەمە یەکەمین هەوڵی توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئیسلامی سیاسی و مەکتەب قورئان کە بە زمانی ئینگلیزی نوسرابێت.

نەخشەڕێی ڕەوشی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەبەرامبەر مەزهەب و ئاینەکان لە کوردستانی ئێراندا مانای شوناسی نەتەوەیی کوردیی دەکرێت وەك کولتوری هاوبەش‌و زەمین و زمان و زنجیرە بەهاو مۆراڵێك و خواستەسیاسییەکانی ئایندە بخرێتەڕوو. بەمپێیە گروپە کوردییەکان لە هەریەك لە گروپە عەرەبی و فارسی و تورکییەکان جودادەکرێنەوە و تەنانەت ئەم ڕەوشە لە هەندێك زەمینەی تایبەتدا هەست و سۆزی ئایدیۆلۆژی و ئاینییشیان دەگرێتەوە. هەوەك چۆن کریس کۆچێرا ئاماژە بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەکات لە سێ قۆناغدا، ئەوانیش قۆناغی دەرەبەگایەتی و قۆناغی ئاینی و قۆناغی سیاسیین. لەو سەردەمانەدا بۆ هەر قۆناغێك چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە ڕێبەرایەتی ڕەوش و بزوتنەوەکەی کەوتووەتە ئەستۆ. لەهەموو ئەو قۆناغانەدا جیاکەرەوەترین خاڵێکی هاوبەش بریتیبووە لە پرسی نەتەوایەتی کوردان. زۆربەی کات ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستان لەپێناو یەکخستنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو، تاوەکو جیاوگ‌و جیاوازی شوناسی نەتەوەیی بداتە تەواوی کوردان. کورد لەوباوەڕەدایە، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان یاخود بەدەستهێنانی مافە

نەتەوەیی و ئیتنییەکانی لە چوارچێوەی فۆڕمە جیاوازەکانی مافی چارەی خۆنۆسیندا وەك فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی، هەموو ئەوانە لەمافە بنچینەییەکانی ئەوانن، ئەوان پێیانوایە لەمیانی پرۆسەی چێبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مافی نەتەوەیی کورد بندەستکراوەو پێشێلی بوونیان کراوە.

ئاڕاستەی سیاسیی شوناسی نەتەوەیی کورد هەڵهێنجراوە لەپەیوەندییەکانی لەتەك کاردانەوەکانی چێبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئێراندا. دیارە لە ئێستادا ئەوە پێویست بە گوتن ناکات کە ئامانجەکانی ئەم گوتارە لە یەکخستنی کوردانی چوارپارچەدا (ئێران، تورکیا، ئێراق و سوریا) تەنێ هەستێکی سۆز ئامێزە. وەلێ ئاماژەی چارەنوسسازو گرنگی ئەم گوتارە جۆرێکە لە ناسیۆنالیزم، کە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر دەرکەوتنی یەکێتی و یەکبوونی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی حکومەتێکی خۆبەرێوەبەری کوردیی لە ناو قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتانەدا، کە کوردستانیان لەخۆگرتوە. ناسۆنالیزمی کوردیی نەك تەنها لەڕوی سیاسییەوە وەك دیاردەیەکی بەرچاو و دیار پەیجور دەکرا، بەڵکو لە زەمینەی هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردیدا، ناسیۆنالیزمی کوردی دیاردەیەکی بەرچاو و هەنوکەیی بوو، بۆ نمونە لەبوارەکانی ئەدەب و هونەر و هۆنراوەی کوردیدا. لە کوردستانی ئێراندا بەڕێوەچوونی کردارەکی نەتەوەگەرای کوردیی ئامانجی بوو سنورێك بۆ هەڵکشانی شوناسی ئێرانیانەو فارسییانە دابنێت، ئەوان خواستی

ئەوەیان بوو کۆمەڵگەیەکی بێوێنەو دەگمەن بۆ کوردانی ژێر ڕکێفی ئێران چێبکەن. لە ڕاستیدا گوتاری نەتەوەیی کوردیی چوارچێوەیەکی واتادارو لۆژیکی دەخوازێت، تا کوردانی ئێران لە شوناسی ئیسلامی و ئێرانی لێکدابڕێت. چوون ئەوان وایان وێناکردوە کە بەبێ چوارچێوەیەکی لەو جۆرە ئەستەمە بتوانن ببنە دارای حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆ. چوون شوناسی کوردی بەگشتی بە ئیتنی کوردیی پێناسەکراوەو هەمیشە سەرنجەکانیان لەسەر شوناسی ئیتن‌و کلتوریی کوردی چڕبووەتەوە.

لە ڕاستیدا هەژمونی ناسیۆنالیزم لە کوردستان فرە بەهێز بوو، بە ئەندازەیەك کە ئامادەیی درێژخایەنی گێڕانەوە ئاین و مەزهەبییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، نەیانتوانی ببنە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد.

لە لای تاکەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا، کوردبوون بەواتای شوناسی کوردی دێت و ئەم شوناسە لە پێشی پێشەوەی هەموو ڕەگەزە شوناسییەکانی دیکەوە دێت. بەواتایەکی دی، نەتەوەی کورد ناسێنراوە بە شێوە ژیانی و شوناس و هەبوونی نەتەوەیەك بەناوی کوردەوە.

بۆ نمونە لەمیانی کۆماری کوردستان لە مهاباد (1945 1946) و تاڕادەیەك لە تەواوی ڕاپەڕینە کوردییەکاندا، کەسایەتی و پیاوە ئاینییەکان ڕۆڵی هەرە بەرچاویان بینیوە لە وروژاندنی هۆش و هەستی ئیتنۆ نەتەوەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. لەڕاستیدا گوتاری نەتەوایەتی کوردیی بەڕاشکاوی دژ بە ئاینی

ئیسلام له كوردستاندا هه‌ڵنه‌سوڕاوه‌، به‌پێچه‌وانه‌وه‌ هه‌وڵیداوه‌ ئاینی ئیسلام وه‌ك ئامرازێكی خۆماڵی‌و هه‌وێنێكی شۆڕشگێڕی ئاوێته‌ی بزوتنه‌وه‌كه‌ی بكات و له‌پێناو ئه‌جێنداكانی خۆیدا بیتوێنێته‌وه‌. له‌ ناوه‌رۆكی ئه‌م میتۆده‌وه‌ ئه‌وه‌ رۆشنه‌ كه‌ ئیسلام هێزو نه‌ریتێكی دینامیكییه‌و ده‌كرێت بۆ خزمه‌تی ناسیۆنالیزمی كوردیی به‌كاربهێنرێت. ته‌نانه‌ت گرنگی یاخود له‌پێشه‌وه‌یی كورد بوون به‌سه‌ر موسڵمان بووندا، دواجار ئه‌وه‌ ده‌خاته‌ڕوو، ئاین به‌ شێوه‌یه‌ك وێناكراوه‌، كه‌ پردێكه‌ یاخود رایه‌ڵه‌یه‌كی وابه‌سته‌یه‌ به‌ناسیۆنالیزمی كوردییه‌وه‌. هه‌رچه‌ند كۆمه‌ڵگه‌ی كوردیی خۆی ده‌بینێته‌وه‌ له‌ خه‌ڵكێك به‌ باكگراوندگه‌لێكی كۆمه‌ڵایه‌تی و مه‌زهه‌بی هه‌مه‌چه‌شنه‌وه‌، وه‌لێ هێشتا ناسیۆنالیزمی كوردیی به‌ یه‌ك ره‌گه‌زیی ئیتنی داده‌نرێت، كه‌ فاكته‌ری یه‌كلاكه‌ره‌وه‌ی شوناسی كۆمه‌ڵایه‌تی تاكه‌كانی ته‌واوی جیاوازییه‌ ئاینییه‌كان فه‌رامۆشده‌كات. بۆ نمونه‌ ته‌واوی پارێزگاكانی ئیلام و كرماشاندا (به‌شێوه‌یه‌كی گشتی دانیشتوانه‌كانیان شیعه‌ مه‌زهه‌بن) له‌ناو سنوره‌كانی كوردستانی گه‌وره‌دان له‌سه‌ر نه‌خشه‌دا، ئه‌وه‌ نیشانه‌گوزاری ئه‌و راستییه‌یه‌ كه‌ ئاینه‌ جیاوازه‌كان له‌ناو بۆته‌ی یاخود سنوری ناسیۆنالیزمی كوردیدان.

پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران دێرینترین پارتی سیاسی رێكخراوه‌، كه‌ عه‌وداڵی خواسته‌ ناسیۆنالیستییه‌كانی كورده‌ له‌ كوردستانی ئێران. هاوكات ناسیۆنالیزمی كوردی له‌لایه‌ن ئه‌م پارته‌وه‌ نوێنه‌رایه‌تی ده‌كرێت، دیاره‌ ژینگه‌ی

سیاسی کوردستانی ئێران هەندێ گروپی دیکەی لە خۆگرتبوو، کە بەرچاوترینیان کۆمەڵە بوو، کۆمەڵە گروپێکی ماوی و مارکسیی و لینینییە. خاڵی جێ سەرنج لەهەمبەر کۆمەڵە لەوەدایە پیاوێکی مەزهەبیو نەتەوەگەرای کورد بەناوی شێخ عیزەدینی حوسەینی ساڵانێکی زۆر لەمیانو پاشان دوابەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979دا سەرکردەیەکی دیارو بەرچاوی ئەو گروپە چەپگەرایە بوو.

## پێشینەو لەدایکبوونی ئیسلامی سیاسیی مەکتەب قورئان

کایەی سیاسیی ئیسلام لە کوردستانی ئێراندا، بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر لەلایەن دامەزرێنەری مەکتەب قورئان (ئەحمەدی موفتی زادە)وە قۆزراوەتەوە. ناوبراو بەهۆی هاوسۆزیی لەئەندازە بەدەری بۆ گروپە ئیسلامگەراکانی شیعە لە ئێراندا، بەیەکێك لە یەکەمینی ئەوکەسانە دانرا، کە لەبەرامبەر پراکتیکی مەزهەبی نەریتخوازو کلاسیکی کوردەواری و ناسیۆنالیزمی کوردیدا بۆخۆی بووەتە تەرەفێك. خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی 5ی مانگی شەشی 1963 لە ئێراندا کاریگەرییەکی ئێجگار مەزنی لەسەر هزرو بیرکردنەوەی ئەو جێهێشت. پێشینەی ئاینی موفتی زادەو چالاکییە نەتەوەییەکانی پێشوتری هۆکاری پێگەی گرنگی ئەو بوون لەناو کەسایەتییە سیاسی و ئاینییەکانی کوردا لەو قۆناغەدا. موفتی زادە کۆنتاکتی بەهێزی لەتەك گروپو سەرکردە

شیعییەکاندا هەبوو، هاوکات کاریگەریو هەماهەنگی لەتەك بزاڤە ئیسلامییەکانی ناو ئێراندا چێکردبوو. بەشداریی لە چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبوو لە تاراندا‌و بەباشی ئاگای لە کێشەو گرفتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو لە تەواوی ئێراندا. هەربۆیە بۆ یەکەمجار ئەم ئەزمونو کاریگەرییە یارمەتیدەری بوو تا دەستبداتە دیالۆگ و پرسی گوتارێك لەسەر ئیسلامیزم لە کوردستانی ئێراندا.

بەگوێرەی موفتی زادە (1979) هەردوو سەرگوزەشتەی گرفتی کوردان و خستنەڕووی وەڵامەکان تا ئەوکاتە شاراوەبوون. لەبەرئەوە ئەو هات پرس و جۆکانی روبەڕو خواستە نەتەوەگەراییەکەی کورد کردەوە. لەسەر بنەمای گوتاری ئیسلامیگەرای موفتی زادە دەبوو هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان و زەمینەی کوردایەتی ئەوکات سەرلەنوێ بناسرێنەوەو شرۆڤەبکرێنەوە. لەگەڵ پاڵنەری جوڵێنەری بزاوتە ئیسلامییەکەی شیعەو تەنگژە بەرچاوەکانی نێوان مەکتەب قورئان و ناسیۆنالیزمی کوردیی، ئیدی دوبارە ناساندنەوەی هەموو ئەو چەمکانە نەخشەیان بۆ دارێژرا تاوەکو بەتەواوی ئاڕاستەی تێگەیشتن و تێڕامانی مەزهەب و ئیسلام بکەنەوە.

دابڕانی نێوان گروپە نەتەوەییەکانی کورد لەشەستەکاندا هاوکات بوو لەتەك پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان گوتاری ئاینی لە کوردستان و ئیسلامیزم لە سەرانسەری کیشوەری ئێراندا. دیارە ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەناو

بواره کۆمەڵایەتییە نوێیەکەدا گەیشتبووە ئاستێکی ئێجگار لاواز، بە تایبەتی لە بەشەکانی باشوری ئێراندا، کە زۆرترینی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە کوردانی شیعە مەزهەب پێکدەهاتن. دیارە تاوەکو شەستەکان روناکبیرە ئاینییەکان ئەوانەی لەبەشداریی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوون، لە خزمەتی پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بوون.

ئەوان ئیسلامییان بەکاردەهێنا لەپێناو ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردیدا. تا ئەوکات بەهۆی لاوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەشەستەکاندا، پاڵنەرگەلێکی مەزنتر لەگۆڕێدابوون بۆ خستنەڕووی شوناسێك، کە زیاتر روانگەیەکی ئاینیانەو کراوەی بەڕوی جیهانبینی کۆمەڵگەدا دەکردەوە. ئەوان سەرنجەکانی خۆیان لەسەر ئیسلام چڕکردەوەو سەرزەنشتی پیاوانی ئاینی ترادیشناڵ و سوننەتییان دەکرد لە کۆمەڵگەی کوردیدا و دژبوون بەو بەها پڕوپووچ و خورافییانەی کە بەتایبەتی لەناو سۆفیزمی کوردیدا رەگیان داکوتابوو، واتە روناکبیریی ئاینی کوردیی بە دنیابینییەکی ئاینی مۆدێرنەوە بەکاوەخۆ هاتنە ناو دنیای کۆمەڵگەی کوردییەوەو روبەڕوی چەمکە نەتەوەییە باوەکانو نەزمە ئاینییە نەریتخوازەکە بوونەوە.

دیارە لەروی مێژوییەوە کوردستان ببووە شوێنێکی دڵپەسەند بۆ چەند رەوگەیەکی تەسەوف، لەوانە مەزهەب و رێبازەکانی نەقشبەندی و قادریی بەتەواوی شوێنی خۆیان گرتبوو. ئەم رێبازە تەسەوفییانە لە خۆیاندا جۆرێك لە سەربەخۆیی و دورەپەرێزییان لە حکومەتی ناوەندی

بەدەستهێنابوو، ئەوان زۆر بەسانایی بڕستی ئەوەیان تێدابوو، کە ململانێ هۆزییەکان ئاڕاستەبکەن. لە کاتێکدا سۆفیزم ڕەوگەیەکی پایەدارو چەسپاوبوو لە ڕوانینی خەڵکیدا، هەندێك لە هۆزەکانیش خۆیان وەك گروپە سۆفییەکان دەناساند. پاش جەنگی دووەمی جیهانی و پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردیی، ئیدی ئەم گروپە ئاینییو ئەم ڕەوگە سۆفیگەرییانەی ناو کۆمەڵگەی کوردی بەکاوەخۆ درانە بەر ڕەخنەو گازاندەی توندو بە ڕەوگەو ڕێبازی پڕوپوچو ئەفساناوی دەهاتنە ئاماژەپێکردن. هەندێك لایانوابوو گوتاریی سۆفیگەریی خەڵکی بەرەو تەمەڵی و بێباکی ئاڕاستەدەکەن، ئەوان پێیانوابوو گەورەو سەردارەکانی ئەو ڕەوگانە بەناوی ئاین و خوداوە بۆخۆیان بوونەتە دارای سەروەتو سامانی زەبەڵاح و زەنگین بوون. هاوکات پێیانوابوو ئەم ڕێبازانە بایسی دواکەوتنو ڕەزالەتی کۆمەڵگەی کوردین لە کوردستاندا. هاوکات هەموو ئەو هەماهەنگیو دەستتێکەڵکردنەی کە لەنێوان سۆفییەکان و حکومەتەکانی ئێراندا هەستپێدەکرا، بووە هۆی شەپۆلێکی ڕەخنەو تۆمەتبارکردنیان بە تێوەگلانیان لەتەك میریدا. دیارە میریی هەڵدەستا بە پڕچەککردنیان و دژ بەو سیستمی باوەڕو پێناوە ڕاستیکردبوونەوە، زیاد لەوەیش هۆزەکانیش کەمەندکێش دەکران و دەچوونە ریزەکانیانەوە. هەربۆیە ڕەخنەو ڕوشاندنەکانی ئەوان کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پێکهاتن و گەڵاڵەبوونی ئیسلامیزم هەبوو لە کوردستاندا. دەربڕین و ڕاگەیەنراوە بەهێزەکانی موفتی

زادە لەمیانی دەرکەوتنیداو پاشان گەشەو پێشکەوتنی چالاکییەکانی مەکتەب قورئان بەکاوەخۆ سەریکێشا بۆ زاڵبوونی ئیسلامیزم بەسەر گوتاری مەزهەبی و ترادیشناڵی پێشوی رەوگە تەسەوفییەکان. هاوکات بەگوێرەی ئەجێندای مەکتەب قورئان، ئیسلام دارای ماناو میراتێکی جیاوازترە لەو واتاو وێردە کلاسیکییەی کە پێشوتر کراوە. لەلای کەتەبییەکان ئیسلام وەك قوتابخانەیەکی ئابوری و سۆسیۆلۆجی و سیاسی راڤەدەکرێت. بەشێوەیەکی سەرەکی گوتاری ئەوان لەسەر سروشتی مرۆڤی موسڵمان چڕدەبێتەوە، بە تایبەتی کاتێك کە ئیسلام لەبارەی گەشەو پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانەوە دەدوێت. لێرەدا چەمکەکانی وەك نەتەوایەتی و سەربەخۆیی پەراوێزدەخرێن و دوردەخرێنەوە. لە دنیابینی و گوتاری موفتی زادەدا کێشەکانی کورد، هەر ئەو کێشانە بوون کە تەواوی جیهانی ئیسلامی پێیانەوە دەتلایەوە. موفتی زادە پرسی کوردانی لە ژێر سایەو سەهەندی بەرینتردا دەبینی، پێیوابوو دۆزی کورد لەچوارچێوەیەکی لۆکاڵدا چارەنابێت و ئەوە ساباتی ئیسلامە، کە چارەی دۆزی کوردانی لەخۆ گرتوە. دیارە ئەوەیش بەپێچەوانەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردییەوەبوو، کە سەرنجی خۆی لەسەر مافی چارەی خۆنوسیندا چڕکردبوویەوە. مەکتەب قورئان روانگەی بۆ شۆڕش وەك پەهلەوییەکان نەبوو، جودا لە پەهلەوییەکان هەوڵیدەدا لەتەك حکومەتی ناوەندیدا نزیکتربێتەوەو سازش لەتەك میریدا بکات.

بەم پێیە گوتاری مەکتەب قورئان کوردی وەك شتێکی تری جیاواز لە پەهلەوی و حکومەتی ناوەندی ئێران نەدەناساند. ئەوان کوردیان وەك کورد نەدەناساند و جودای بکەنەوە لەوانی دیکە، لێرەوە دژبوو بەهەرگوتارێکی ناسیۆنالیستی و لەبەرامبەردا ڕەوایەتیدەدا بەگوتاری ئیسلامگەرایانەی ئیسلامی سیاسیی. ڕەخنەکانی موفتی زادە لە ئیسلامی ترادیشناڵ و نەریتخواز لەژێر کاریگەریی خەم و خولیای عەلی شەریعەتیدا بوون، ئەو گەرەکی بوو ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بنوێنێت و لە زانیاری و ماریفە پەڕاگەندەو پەرتەکانەوە بیکاتە ڕێکخراوێکی سیستماتیکی. شەریعەتی تانەی لە تەوژمی سیکۆلارگەرا دەگرت لە زەمینەی ئاینیدا و شیعەی عەلەوی و سوننەی نەبەوی بەسەر سوننەی ئومەوی و شیعەی سەفەویدا پەسەنددەکرد. موفتی زادەیش بەهەمان شێوەی شەریعەتی ئیسلامی وەك ئایدۆلۆژیایەکی بنەڕەتی دەناساندو پێیوابوو ئەم ئایدیایە پەیجوری یەکخست و گۆڕینی جیهانە. لەسەر بنەمای ئەم لۆژیکە ئاینییەدا، پرسی کوردان گەرەك بوو لەرێگەی پرسێکی گشتی مرۆڤایەتییەوەو لەمیانی وەختی گۆڕاندا وەڵامبدرێتەوە. بە وردبوونەوە لە چەمکی مرۆڤایەتی، مەکتەب قورئان هۆیەکانی بوونی گوتارێکی لەم چەشنەی لەپێناو جیهانێکی یەکگرتودا دەبینییەوە، کە ئایدیایەکی هەژمونگەر بتوانێت پاوانی هەموو بیرکردنەوەکانی دیکە بکات. هەربۆیە ئەوان دەوڵەتێکی جیهانییان دەخواست. هەربۆیە ئامانجی بنەڕەتی چەند سیمینارێکی مەکتەب قورئان لەشارە کوردییەکاندا بریتیبوو لە چڕکردنەوەی باری سەرنجی خەڵکی لەسەر یاسا گشتییەکانی قورئان و بێبەهاکردن و سوککردنی پرۆژەی ناسیۆنالیستی کوردیی.

## مەکتەب قورئان لە ڕۆژانی بەرایی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا 1979

ئایدیۆلۆژیای پەهلەوییەکان و رژێمەکەی موحەمەد ڕەزا شا لەحەفتاکاندا کەوتە ناو گێژاو و گێرمەو کێشەی ڕەوایەتیپێدانەوە و لە کۆتایدا لەساڵی 1979 لە بێخیان دەرهێنا. هەلومەرجی نوێ و دەرهاویشتەکانی شۆڕشی 1979 زەمینەی ڕەخساند تا هەموو ئەو وردە ئایدیاو گوتارانەی لەسەروبەندی فەرمانبەرداری پەهلەوییەکاندا لە کوردستاندا سەرکوتکرابوون دەربکەونەوەو لە چوارچێوەی پارت و ڕێکخراوی سیاسییدا بێنەوە ناو گۆڕەپانەکە. هەموو ئەو گوتارانەی لە کوردستاندا لە کتێبێکیدا بوون و گەرەکیان بوو هێزو و هەژمونیان بسەپێنن بریتیبوون لە ناسیۆنالیستەکان، مارکسیی و ئیسلامگەراکان. گوتاری شۆڕشی ئیسلامی زەمینەیەکی لەباری بۆ هەموو ئەو باوەڕانە ڕەخساندبوو، لەو میانەیشدا مەکتەب قورئان (ئیسلامی) و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ناسیۆنالیست) و کۆمەڵەی چریکی فیدائی (مارکس لینین)ی شوێنی خۆیان کردەوە. ئەوان بڕیاریاندا لە زەمینەی سیاسی کوردستاندا درێژە بە نیازو نواڕینی سیاسییان بدەن. بەسەرنجدان لە هەژمونی گوتاری شۆڕشگێڕی ئەوکاتە هەریەك لەو هێزانە دروشمی لابردن و کۆتاییهێنان بە ستەم و بندەستی کوردانی بەرزکردەوە. گوتاری ناسیۆنالیست و مارکسی و ئیسلامییەکانی کورد بە ئاماژە بە چوارچێوەی ژینگەی خەون و خەیاڵەکانیان لەناو گوتاری شۆڕشدا.

1. ماركسییەكان داكۆكییان دەكرد لە: دادوەری كۆمەڵایەتی و ئابوری، ئابوری سۆشیالیستی، بەرابەری چینەكان، چاكسازی لە زەویوزاردا.

2. ناسیۆنالیستی كورد داكۆكیدەكرد لە: دیموكراسی، یەكسانی، ئۆتۆنۆمی كورد، مافە ئێتنۆ نەتەوەییەكانی كورد، دژایەتی ئیمپریالیزم.

3. ئیسلامگەراكانیش داكۆكییاندەكرد لە: بەهاكانی مەكتەب قورئان كە یەكێتی ئیسلامی و حكومەتی ئیسلامیی و دژایەتی ئیمپریالیزم بوو.

لێرەدا لابردنی كۆتوبەندەكانی سەركورد خۆی لەم خاڵە هاوبەشانەی هەرسێ تەڤگەرەكەدا دەبینییەوە، كە مەكتەب قورئان پێیوابوو لە یەكێتی ئیسلامی و حكومەتی ئیسلامی و دژایەتی ئیمپریالیزمدایە. ماركسییەكانیش لە یەكسانی كۆمەڵایەتی و ئابوری و دژایەتی ئیمپریالیزم و نەمانی چینایەتییدا دەبینییەوە. ناسیۆنالیستە كوردەكانیش مافی كوردیان لە دیموكراسی و دژایەتی ئیمپریالیزم و ئۆتۆنۆمیدا دەبینییەوە.

درێژەی گوتاری مەكتەب قورئان لەمیانی بەرایی پێكدادانەكاندا لە هەوڵی دامەزرانی چوارچێوەیەك بوو بۆ شۆڕشێكی ئیسلامیو نوسینەوەی دەستورێكی بنچینەیی نوێ. ئیدی رەوگەو ئاراستە دژ بە یەكەكانی سێ گوتارەكە لەمیانی شۆڕشدا زیاتر نومایان بوون. دیارە ئەوە راستییەك بوو كە ئەستەم بوو هەموو گوتارەكان وەك نمونەیەكی باڵا لەناو

چوارچێوەی سیستمێكی سیاسی و دەستورێكی بنچینەیی نوێدا بەرجەستەبن. پاش ئەوەی شۆڕش رویدا ئیدی لە هەندێك لە شارە كوردییەكاندا بنكە سەربازییەكانی میریی لە لایەن كوردەكانەوە لە چەك داماڵران و چەككران. بۆ نمونە لە مەهابادو سنەدا پارتە كوردییە سیاسییەكان دەستیانگرت بەسەر باڵەخانە حكومییەكاندا.

دیارە ئەم رەوشە گوڕێكی نوێی دایەوە بە بەر شوناسی ئیتنۆ نەتەوەییدا. ئیدی بەتەواوی كودستان ئازادكراو نەزمێكی شێوە سەربەخۆ لەو ناوچەیەی ئێراندا پێكەوەنرا. لە دەرهاویشتەی ئەوەدا، روداوەكان و سەرهەڵدانەكانی كوردستان بوونە گرنگترین سەرئێشەو نیگەرانی بۆ حكومەتە كاربەڕێكەرەكەی مەهدی بازرگان. هەربۆیە لە 1979/2/17دا حكومەتەكەی مەهدی بازرگان، بە مەبەستی دانوستان وەفدێكی بە سەرپەرشتی داریوش فروهەر ناردە لای پارتە كوردییەكان بۆ مهاباد. نوێنەرانی كورد لەسەر بنەمای خواستەكانیان بۆ ئۆتۆنۆمی پێشنیارێكی هەشت بڕگەییان دایە وەفدەكە.

لە راستیدا ئۆتۆنۆمی لەنەخشەڕێی تەواوی پارتە نا ئیسلامییە كوردییەكاندا هەبوو. لەم كاتەدا مەكتەب قورئان تانەی دا لە هەشت خاڵەكەو رایگەیاند، كە هیچ ئاماژەیەكییان بۆ ئاینی ئیسلام تێدا نییە. موفتی زادە بۆخۆی تیشكی خستە سەرخاڵەكان و ئەوەی خستەڕوو، كە خواستەكان هیچ بەرامەیەكی ئیسلامییان پێوە دیارنەبووە. هەربۆیە ئەم سەرزەنشت و هۆشیارییەی مەكتەب قورئان یەكەم تەنگژەی

ئایدیۆلۆژی لە کوردستانی ئێران لە نێوان ئیسلامییەکان لەلایەك و مارکسی و نەتەوەییەکان لەلایەکیترەوە نیشاندا. لە شاری مەزهەبیی قومدا وتارەکەی موفتی زادە، کە دوابەدوای وتارەکەی ئیمام خومەینی پێشکەشیکرد. دروست لێکتێگەیشتن و رێککەوتنێکی لەنێوان مەکتەب قورئان و شۆڕشی ئیسلامیدا نیشاندا و هاوکات بووە هۆی تەنگەژەی زێدەتر لەتەك گروپە مارکسی و نەتەوەییەکاندا لە کوردستاندا. لەخوارەوەدا رونکراوەتەوە، کە چۆن مەکتەب قورئان مژولّی دەرکەوتنی گوتارەکانی بووە لەو قۆناغانەدا، بۆنمونە هەولّدان بۆ نەهێشتنی ستەم و زۆری سەر کوردان و نادادگریی نێوان چینەکان و نادادگەری و ستەمی ئاینی و نەیارێتی ئیمپریالیزم. هەموو ئەوانەیش لە نیازی مەکتەب قورئاندا پەیوەستکرابوون بەو شۆڕشە ئیسلامییەوە تا بڕستی ئیسلام لەهەمبەر چارەسەری کێشە کولتوری و نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکاندا زیاتر بسەلمێنن. ئەمەیش بە ئاشکرا بۆ پەراوێزخستنی گوتاری هێزە نا ئیسلامییەکان بوو لە کوردستان. موفتی زادە بە قولّی باوەڕی بە شۆڕش و توانای چارەسەریی گرفتەکانی هەبوو، لەوبارەیەوە دوپاتیدەکردەوە، کە لە ناخی دلّییەوە شۆڕش دەپارێزێت و درێژە بە هەنگاوەکانی دەدات.

چەمکی شۆڕش لە گوتارەکانی ئەودا بەو واتایە دەهات، کە پشتیوانی دەکرد لە حکومەتی دوای شۆڕش و بە شەوق و شورەوە پێیوابوو، حکومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئیسلام و سەروەریی ئیسلام دادەمەزرێت.

دیارە کە ئەجێندای شۆڕشی ئیسلامیش خۆی لەم خواستانەی خوارێدا دەبینییەوە: یەکسانی چینەکان، یەکێتی ئیسلامیی، نەهێشتنی نادادگەریی ئاینیی، دژایەتی ئیمپریالیزم، نەهێشتنی نابەرابەریی نەتەوایەتیی. هەموو ئەوانە گوتاری مەکتەب قورئان بوون، کە لەبەرایی پێکدادانەکانی کوردو حکومەتی ناوەندیی ئێراندا خرابوونەڕوو.

لێرەدا دەردەکەوێت گوتاری مەکتەب قورئان فرەتر نەیارێتی ناسیۆنالیستە کوردەکان و مارکسییەکانی لە هەگبەدابوو. دوابەدوای شۆڕش و لە میانی راپەڕینەکانی کوردا، بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێکی سێ بڕگەیی فاکتەرەکانی رامیاریی و ئەجێندای بوونی خۆیانی خستەڕوو، کە لە بەامبەر سەرکوتی نەتەوەیی، چینەکان و پەراوێزخستنی ئایندا خۆی دەبینییەوە. هاوکات هەڵوێستی خۆیشی بەدرێژیی لەسەر پرسەکانی یەکێتی شیعەو سوننە، ئابوری ئیسلامی، ئیمپریالیزم، ئۆتۆنۆمی ئیسلامی سیاسی بنچینەیی شرۆڤە کردبوو.

بایکۆتی ریفراندۆم بۆ حکومەتێکی کۆماریی ئیسلامیی لەلایەن تێکڕای پارتە نەتەوەیی و مارکسییەکانی کوردەوەو راگەیاندنی جەنگێکی بەرفراوان لەلایەن ئیمام خومەینییەوە دژ بە کورد لە 1980/5/21دا، بوە هۆی تەگەرەی بەردەم دانوستانەکانی نێوان کوردو حکومەت. لێرەوە ناکۆکییەکانی نێوان کوردو حکومەتی ناوەندی زیاتر تەنرانەوە. لەکاتێکدا کە پارتە کوردییەکان ریفراندۆمیان بایکۆتکرد، دیارە ئەوەیش بەهۆی تەمومژاوی کۆمارە ئیسلامییە نوێیەکەو نیگەرانی و

دڕدۆنگی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو لەهەمبەر ئۆتۆنۆمی کوردستاندا. هەر لەو کاتەدا موفتی زادە لەتارانەوەو لە ڕێگەی پەیامێکی رادیۆییەوە، داوای لە کورد کرد، کە بچن بەپیر ریفراندۆمەوە لە 1979/4/1.

ئەم بابەتە پشێوی نێوان موفتی زادە لەلایەك و پارتە نەتەوەیی و مارکسییەکانی کوردیی لەلایەکی ترەوە زیاتر ئاگر تێبەردا. ئەو ڕەوشە سەریکێشا بۆ ئاستێك، کە نەتەوەیی و مارکسییەکان بە ئەندامانی مەکتەب قورئانیان دەگوت بەکرێگیراو، یان بەغەیان و جاش نێویان دەبردن. لەبەرامبەردا گوتاری مەکتەب قورئان بەکاوەخۆ دەیپەرژایە سەر ڕەوشی ناسیۆنالیست و مارکسییەکانی کوردو زێدەتر روی دەمی لە پرۆژە دەرەکییەکان و ئیمپریالیزم بوو. مەکتەب قورئان لە بگرەو بەردەو ململانێی گوتارەکاندا توانی بە پەراوێزخستنی گوتاری نەیارەکانی بەهرەمەندبێت و لە ئاستی پرسی ئیمپریالیزمدا چەکێکی کارای پێبوو بۆ خۆدزینەوە لە ململانێ ناوخۆییەکان. مەکتەب قورئان لە بەرامبەر هەموو ئەوانی تردا پێناسەی خۆی بە ناوەندێکی دژە ئیمپریالیزم ڕاڤە کردبوو. چوون لە پێناسەی ئەودا دژە ئیمپریالیزم بریتیبوو لە: ئابوری ئیسلامیی، حکومەتی ئیسلامیی، یەکێتی ئیسلامی، دەستوری قورئانی. لەم ڕوانگە دژە ئیمپریالیستەی مەکتەب قورئانیشدا دیسانەوە نەیارێتی لە تەك ناسیۆنالیست و مارکسییە کوردەکاندا پتر دەبوو.

لەو قۆناغەدا نەیارێتی ئیمپریالیزم بەتەواوی جەختی لەبارەوە دەکرایەوەو ببووە سەنگی مەحەکی تەواوی خواست و

خولیاكانی مەكتەب قورئان. هاوكات موفتی زادەیش لەهەمبەر شكستی شۆڕش لە بەدەمەوەچوونی خواستە سیاسییەكانی كوردا نیگەران ببوو. دواجار هەر ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی كە كوردەكان روبكەنە پارتە نائیسلامییەكانی كورد.

بەمشێوەیە لەو قۆناغەدا دەركەوتنی ئاماژەگەلی وەك ئابوری ئیسلامی و ئۆتۆنۆمی ئیسلامی لەناو گوتاری مەكتەب قورئاندا، نومایانی جیاوازی و ئاڕاستە جیایی مەكتەب قورئان بوو لەتەك ناسیۆنالیست و چەپەكانی كوردا. موفتی زادە لەمیانی خستنەڕوی یەكسانی و بەرابەریی ئیسلامیی و ئۆتۆنۆمی ئیسلامیدا، لەهەوڵی ئەوەدابوو راڤەی جۆرێكی جیاوازی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بكات لە كوردستان، كە پێشەنگی دەداتە پرەنسیپەكانی ئیسلام بەسەر ئیتنۆ نەتەوایەتیی كوردیدا.

موفتی زادە بانگهێشتی تەواوی پارتەكانی كرد بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسێكدا لەبارەی وتویێژو مشتومڕ لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی ئێران، ئەم كۆنفرانسە لە شاری سنەدا گرێدرا، وەلێ كۆنفرانسەكە لەلایەن پارتە كوردییەكانەوە بایكۆتكراو ئیدی نوێنەرەكانیان نەیانتوانی بەشداربن تێیدا. لەئاكامی كۆنفرانسەكەیشدا مەكتەب قورئان راگەیەنراوێكی 13 برگەیی لەبارەی ئۆتۆنۆمی كوردستانەوە بڵاوكردەوە، ئەم راگەیەنراوە بووە هۆكاری زێدەتر گرژبوونی گوتاری هەریەك لە ئیسلامییەكان لەلایەك و ماركسی و نەتەوەییەكانی كود لەلایەكی ترەوە. هەرچەندە لەم راگەیەنراوەدا نەهێشتنی

سەرکوتی ئاینیی هاوتاکرابوو بە نەهێشتنی سەرکوتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە راگەیەنراوە هەشت خاڵییەکەی پارتە سیکۆلارەکان هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئاین لەخۆدا شوێن نەکردبوویەوە. لەچوارچێوەی گوتاری مارکسیی و نەتەوەگەراکانی کوردا وێنای ئۆتۆنۆمی کوردستان وەك دیاردەیەکی دیموکراسیی لە ئێراندا چاوی لێکرابوو. ئەمەش بەتەواوی لەوێنای مەکتەب قورئان جیاوازبوو کە ئۆتۆنۆمی ئیسلامی لەچوارچێوەی زەمینەیەکی ئیسلامی و حکومەتێکی ئیسلامیدا دەبینی، لەبەرئەوە هیچ پێشەنگییەکی بۆ رەوایەتی دیموکراسیی لەو چوارچێوەیەدا نەدەبینییەوە. شانبەشانی رودانی تەنگژەو پشێوییەکان لەنێوان نەتەوەگەراکان و مەکتەب قورئاندا لە چارەکی یەکەمی 1978دا، ئیدی موفتیزادە چەندین دانوستانی یەك لەدوایەکیی لەتەك رێبەرانی شۆڕشدا ئەنجامدا. لەم بارەیەوە موفتی زادە وتبووی: لەبەر ترسیی لە لاوازبوونی حکومەتی شۆڕشگێڕان و سەرلەنوێ گەڕانەوەی ئیمپریالیزم، رەخنەکانی ئاڕاستەی شۆڕش نەکرد.

پاش پێشنیازکردن و خستنەڕووی رەشنوسی دەستوری بنچینەیی لەلایەن حکومەتی ئێرانییەوە، لەوێدا لە بڕگەی سیازدەهەمدا شیعەی جەعفەری وەك تەنها سەرچاوەی ئاینی و یاسایی ئێران ئاماژەپێکرابوو لەڕوی پرەنسیپ و زانیاریە فیقهییەکانییەوە، ئیدی لێرە بەدواوە رەخنەو تانەی موفتی زادە دژ بە رێبەرانی شۆڕش دەستیپێکرد.

**مەکتەب قورئان زیاتر جودا دەبێتەوە لە ناوەند**

شکستی حکومەتی ناوەندیی لە چارەسەرو ناساندنی خواستەکانی کوردا بووە هۆی گەشەی گروپە سیکۆلارو لەهەمان کاتدا پوکانەوەی مەکتەب قورئان لە کوردستاندا. سێ مانگ جەنگ و پێکدادان لەنێوان کوردو حکومەتی نوێی ئیسلامیدا لە کوردستان، بووە مایەی بڵاوبوونەوەی رەشبینی و بێمتمانەیی لەهەمبەر مەزهەبی شیعەو حکومەتی ئێرانیدا دەرهەق بە هەرێمە کوردییەکان بەتایبەتی لە ناوچەی کوردنشینە سونییەکانی کوردستانی ئێراندا.

لەم رەوشەداو لەوتارێکی موفتی زادەدا بەتەواوی هەموو قسەکانی خۆی کرد، ناوبراو لەپاش ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکانی لەتەك گروپە کوردییەکاندا شاری سنەی جێهێشت، هێشتا کوردستان لەناو شەڕو شۆڕو پشێویدا بوو، کوردستان لەپاشاگەردانیدا دەیناڵاند. جەنگ لە کوردستان لەهەرکاتێکی پێشو زیاتر برەوی سەندبوو. بەمشێوەیەو هەر چەند مانگێك پاش شۆڕش و دەستپێکردنی وتوێژ لەهەمبەر دەستوری وڵات، ئیدی بەکاوەخۆ گوتارو بەڵێنەکانی سەردەمی شۆڕش لە کوردستان شۆرانەوە. وردەوردە ئەو ئاڕاستەیە بەهێز بوو کە کوردەکان لەناوەندی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتدا دوربخەنەوە. ئەم ئاژاوانە لەپاش شەش مانگی دوای شۆڕشدا رێگەی خۆشکرد بۆ چێبوونی بۆشایی زێدەتر لەنێوان گوتاری ئیسلامییەکان و نەتەوەیی و مارکسییەکاندا لە کوردستان.

لەم کاتەدا موفتی زادە پێویستی خۆی لەتەك ناوەندا بەهۆی هەیمەنەو تاکڕەویی وانەوە لە کوردستاندا هەڵپەساردو پەیوەندییەکانی پچڕاند. موفتی زادە لە میانی

ڕەخنە توندەکانی دژ بە حکومەت و ڕێبەرەکانی شۆڕش، ناکۆکییەکی بەرینتری لەبەرامبەر حکومەتدا سازاند. لەراستیدا لەو ڕۆژانەدا و لەژێرکاریگەریی گوتارە دژ بەیەکەکان لە کوردستاندا، کوردایەتی وەك وەستانەوە بەڕوی کارو کردەوەی حکومەت و میریی شرۆڤە دەکرا. وەلێ هەرچەند مەکتەب قورئان کۆتایی بە هەماهەنگیی هێنا لەتەك حکومەتدا، وەلێ لەلایەن خەڵکییەوە ئەندامەکانی بە جاش و دژ بە کوردو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد تانەیان لێدەدرا.

دیارە لەم قۆناغەدا گوتاری مەکتەب قورئان جەختی تەواوی لەسەر نەهێشتنی سەرکوتی سوننە دەکردەوە لە ئێراندا. لەم قۆناغەدا حکومەت لەبەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی کوردستان بەتەواوی قەڵس ببوو، چوون گوتاری مەکتەب قورئان جەختی لەبەرامبەر مافی سوننە دەکردەوە دژ بە حکومەتی شیعەی ناوەندیی. بەمشێوەیە مەکتەب قورئان بە پێچەوانەی مانگەکانی بەرایی پاش شۆڕشەوە، دەستیدابوویە گەڵاڵەی گوتارێك، کە بەتەواوی ناکۆکییەکانی لەتەك میریدا بەرینترو بەرفراوانتر دەبوون.

هەربۆیە نومایانی ناکۆکییەکانی مەکتەب قورئان لەتەك حکومەتی ناوەندیدا بریتیبوو لەم خاڵانە: نەهێشتنی ستەمی سەر مەزهەبی سوننە، کە لەم سۆنگەیەوە کاری بۆ دەکرا: ڕاهێنانی ئەندامانی مەکتەبییەکان، پێکەوەنانی ئەنجومەنی سوننە، پەیوەندیی لەتەك سیکۆلارە مەزهەب سوننییەکان. هەماهەنگی ناکۆکییەکان و ئاڕاستەی دژوارییەکان بۆ حکومەتی ناوندیی لەناو مەکتەب قورئاندا.

**پاش ئازادبوونی موفتی زادە لە زیندانی ئێراندا**

پاش دورخستنەوەو دابڕانی تەواوەتی مارکسی و ئازادیخوازو سیکۆلارەکانو تەواوی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە لەسەرانسەری ئێراندا لە لایەن حکومەتی ئیسلامی نوێ لە هەشتاکاندا، نەتەوەیی و مارکسییەکانی کورد روبەڕوی زیندان و کوشتن بوونەوە، لە مانگی هەشتی 1980دا موفتی زادە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانی کراو کەوتە ژێر ئەشکەنجەو ئازارێکی بێئەندازەوە. بەگوێرەی گێڕانەوەی شوێنکەوتوەکانی ئەو بەچاوی بەستراوەوە لە ڕاڕەوی زینداندا رایانکێشاوەو بەتەواوی جەستەو پێکهاتەی لاشەی روبەڕوی لاوازی و دەرد بوویەوە. هەربەهۆی ئەو ئەشکەنجەو ئازارەوە پاش ئازادبوونی لەزیندان هەر دەتلایەوەو ئیدی دوای ئازادبوونی شەش مانگ ژیاو لە مانگی 2ی 1993دا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. سەردانی موفتی زادە بۆ زیندان و پاشان ئازادبوونی جاری یەکەمی لە زیندان ئەویان کردە سەرکردەیەکی کاریزما و پێگەو پێناوی مەکتەب قورئانیان زێدەتر چەسپاند. ئازادبوونی ئەو وەك سەرکردەیەکی کارێزما پاش دە ساڵ لە زیندان و ئەشکەنجە، ئەویان کردە خۆشەویست و رێبەرێکی خەمخۆری خەڵك. ئەزمون و دەربڕین و زمانی ئاخاوتنی بۆ شوێنکەوتوانی ئەویان کردبووە نمونەکی بەرجەستەو پێناوی رێکخستنی گروپەکەی زیاتر چەسپاندبوو. دەکرێت بڵێین گوتاری مەکتەب قورئان

لە ئازادبوونی موفتیزادەوە تاوەکو مردنی بەم شێوەیە بوو یاخود موفتی زادە داکۆکیدەکرد لەسەر: پێشەنگیی لە بەخۆدا چوونەوەدا، پێویستیی لە ئامادەکردن و راهێنانی پیاوی خاوێن و پاکژ، وتنەوەی وانەکانی موفتی زادە لە کۆرسەکانی مەکتەبدا، دورەپەرێزی لە سیاسەت، هەژمونی ژینگەو کەشێکی هەستئامێز، هۆشداریی دڵ و دەرون و هێشتنەوەی دڵەکان بە خاوێنی. لەگەڵ ئەوەیشدا ئامادەیی کارێزمایی ئەم سەرکردەیە درێژەی نەکێشا. پاش مردنی موفتیزادە گوتارێکی دیکەی مەکتەب قورئان گەڵاڵەکرا، کە خۆی دەبینییەوە لە دیدگاکانی موفتی زادەو ناکۆکیی لەتەك ناوەنداو پلانەکانی حکومەت دژ بە مەکتەب قورئان.

باوەڕی موفتی زادەو ئامادەییە بەردەوامەکانی لەخەون و هزری شوێنکەوتوانی و پەیوەستی بە شوێنکەوتوەکانییەوە، ئەوەی بۆ شوێنکەوتوانی دوپاتکردەوە، کە دروستە موفتی زادە بە لاشە لەناویان نەماوە، بەڵام بە هزرو رێچکەکانی هێشتا پەیوەستە بە ئەندامەکانییەوە و رۆڵی کارێزمایی خۆی لەدەستنەداوە. ئەوانەی بوونە شوێنگرەوەی موفتی زادە خۆیان بە پارێزەری نهێنی موفتی زادە دادەناو پێیانوابوو درێژەپێدەری رەوگەی موفتی زادەن. چەمکەکانی وەك مەحرەمانەو سەرپەرست لە ئەنجومەنی مەکتەب قورئاندا، تێکڕا بەکاریاندەهێنان بۆ وێنایەك کە کاریگەرییان هەبوو لە داڕشتنەوەی گوتاری مەکتەب قورئاندا لە نەوەدەکاندا.

هەموو ئەوانە بۆ ئەوەبوو، کە گرنگی کارێزماتیکی ڕۆڵی جێگرەوەکانی موفتی زادە کاریگەرتر بێت. ئەم نەزمە بەشێوەیەك بوو کە ئامادەیی موفتی زادە لەناو ئەندامانددا بەشێوەی خەون بینینەوە حسابی بۆ دەکراو شرۆڤەی پەیام و ئامۆژگاریی و وابەستەییان بەو کەسایەتییەوە نەدەپچڕاند. بوونی ئەم ڕەگەزو وێنایانە ئاماژەیەکبوون، کە لە غیابی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، گوتاری مەکتەب قورئان لە شێوەگرتنێکی تایبەت بەخۆیدا بوو، هاوکات لەکارلێك لەتەك حکومەتی ناوەندیشدا نەیارو دژ بوو. بەواتایەکی تر ئاڕاستەی جیاوازییەکانی مەکتەب قورئان لە غیابی ناسیۆنالیزمی کوردیدا گەشەیانکرد. ئەوان پێداگرییان دەکرد لەسەر چەمکەکانی ناکارایی سیاسی، ڕەخنەگرتن لە ئازادی سیاسی، هاوکات داکۆکیکردن لە پوچی چالاکی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی. هاوکات شوێنکەوتوانی موفتی زادە لە لایەکەوە مشتومڕەکان و وتوێژیان لە برەودابوو، بەتایبەتی لەبارەی ڕێگەی رزگاریی، ڕۆڵی ڕێپیشاندەر، ئەشکەنجەی موفتیزادە لەزینداندا. لەلایەکی ترەوە کاریان لەسەر میتۆدێکی کارلێکراو دەکرد، وەلێ بەئاڕاستەیەکی دەرەوەی میتۆدی حکومەتی ناوەندیی ئێران.

بە گشتی دەتوانین گوتاری مەکتەب قورئان لە ساڵی 1995 بەدواوە بەمشێوەیە بووە: پارێزەری رازو نهێنیی کاری بریتیبوو لە: ڕاهێنانی ئەندامانی مەکتەب قورئان، ڕونکردنەوەو

شرۆڤەی وتارو وتەکانی موفتی زادە، پەیوەندیکردن بە موفتی زادەوە لە خەونەکاندا، خۆدزینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستی ئامۆژگارو چاودێریی لە سیستمی بەخۆداچوونەوەو خۆپاککردنەوەی رۆحی، قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی، باسکردن و شرۆڤەی ئازارو ئەشکەنجەی موفتی زادە لە زینداندا، پلانەکانی حکومەت. دیارە لەگەڵ بوونی پرسیار لەسەر سونەبوون لە هەشتاکانی ئێراندا، بەڵام مەکتەب قورئان بەپێچەوانەی شوناسی شیعەگەرای حکومەتی ناوەندی ئێرانییەوە، شوێن و شوناسی خۆی پاراست. هەربۆیە لەپاش مردنی موفتی زادەو بوونی هەژمون و باڵایی ناکۆك و لاڕێ لەناو مەکتەب قورئاندا، هێشتا ئەم هێزە نەیاری هەماهەنگیی بوو لەتەك حکومەتی ناوەندیی ئێراندا. لەبەرئەوە لەئێستادا شوناسی ئەندامانی مەکتەب قورئان نەك هەر دژە بە پارتە نەتەوەیی و مارکسییەکانی کورد، بەڵکو دژن بە هەر هێزو پارت و گروپێك کە نیازی هاوکاری و هەماهەنگییان هەبێت لەتەك حکومەتی ناوەندیی ئێراندا. گوتارەکانی ئەم دواییەیان پلان و گێرەشێوێنی حکومەت دژ بە مەکتەب قورئان شیکاری لەسەر دەکرێت، کە پێشتر لەم بارەیەوە شتێك باس نەدەکرا. تەنانەت ئەوان گریمانەکانیان وەك سیستمێك داڕشتووە، والێکدەدەنەوە تەنانەت گروپە ئیسلامییەکانی دیکە بەکرێگیراوی دەوڵەتو پڕۆژەی ناوەندن، چوون ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان، کە مەکتەب قورئان ناچاربکەن پەیوەندی لەتەك ناوەندا چێبکات.

لەکۆتایی نەوەدەکاندا، سەرۆکایەتی موحەمەد خاتەمی و قۆناغی ریفراندۆم، زەمینەی هێواشبوونەوەی گوتارە ناکۆکەکانی مەکتەب قورئانی لەتەك میریدا هێنایە پێشەوە. لەو ساڵانەدا بەشدارییەکی باڵاتری کوردان لە کاروباری سۆسیۆ سیاسی کوردستانی ئێراندا بەراورد بە ساڵانی پێشوی سەردەمی شۆڕش 1979 دەبینرا. بەشداریی کورد لە پێکهاتەی ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، سیاسیی وڵاتدا، نەتەنها بێمتمانەیی لەهەمبەر کوردان بڵاونەکردەوە، بەڵکو پاڵنەری زەمینەیەکی لەباربوو لە پشتیوانی میتۆدی هەماهەنگی لەتەك حکومەتی ناوەندیدا. لەرەوشێکی لەم جۆرەدا گوتارەکانی مەکتەب قوئان خۆبەخۆ دوچاری پوکانەوە دەبوون. چوون بوژانەوەی زەمینەی سۆسیۆپۆلەتیك لەکودستان و ئێران، دروست شتانێك دێنەگۆڕێ، کە لەنیاز و نواڕینی مەکتەب قورئاندا شاراونەتەوە، کەچی لە ئێراندا لەدەرکەوتن و گەش و نمادان. هەربۆیە لێرەوە گوتاری مەکتەب قورئان گۆڕانی بەسەردێت و بەمشێوەیە شرۆڤەی هەلومەرجەکە دەکەن. ئیدی لەساڵی 1997 بەدواوە ئەوان پێیانوایە قورئان و سونەت: رێنومایییەکانی موفتی زادە، پەیوەندیی لەتەك گروپە ئیسلامییەکانی تردا، پێویستیی چالاکیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. بەکارهێنانی روانگەی توێژەرە مەزنەکانی ئیسلام، چاودێری قەدەغەکاریی و پەنهانکایی.

گوتارەکان زێدەتر ئاوێتەی قورئان و سوننەت دەبوون، ئیدی ئەوە واتای دەدایە هەموو نەزمی گروپەکە، کە خۆی دەبینییەوە لە کەسایەتی موفتی زادە، تیۆری زانایانی ئیسلام، چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە ئەندامانی گروپ، هەوڵیاندا دیسانەوە شرۆڤەی چەمکەکانی پارێزەری نهێنی و سەرپەرستی ئەنجومەن بکەنەوەو بایەخێکی زێدەتر بە قورئانو سوننەت بدەن. ئەوانە کە ئەوبۆچوونەیان هەبوو کەمینەبوون، زۆرینەی مەکتەب قورئان بەپێچەوانەی مەکتەب قورئان پێیانوابوو شاراوەیی و بەخۆداچوونەوەو گۆشەگیریی بریتین لە پلانەکانی حکومەتی ناوەندی ئێران دژ بە مەکتەب قورئان. ئەوان پێیانوابوو ڕۆڵی کاریزمایی پارێزەری نهێنی یان سەرپەرستی ئەنجومەنی مەکتەب قورئان وەك هۆکارێك وەهایە بۆ تەغزیەکردنی خەڵکی دژ بە گەندەڵی کە لەناو قورئاندا هاندەدرێتو ئەمەش بە پیلانی حکومەت بەڕێوەدەچێت. ناواقعیی پلانی ریفۆڕمیستەکانی ئێران و شکستی ئەو بەڵێنانەی بە کوردستان درابوون، زیاتر تۆوی بێ متمانەیی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و کوردا چاند. هەر ئەمەیش هۆکارێك بوو کە بەشداری کورد لە هەشتەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا بەڕادەی 59% کەمیکرد.

قۆناغێکی دیکە لەناوەندی دوو هەزاردا دەستپێدەکات، ئیدی بەکاوەخۆ کاریگەرییەکانی مەکتەب قورئان نەدەمان، بەشێوازی جۆراوجۆر میریی بوونی ئەوانی کاڵکردەوە، لەوانە قەدەغەی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی

شارەوانی و هاوکات لەناو خەڵکیشدا ناتۆرەی جاشیان لێدەنرا. نەمانی رۆڵی مەکتەب قورئان لە دوو سەرەوە بوو لە لایەکەوە بوونی ئەوان بە دەستکیسەی میری دەزانرا، لە لایەکیتریشەوە وا ناوزەدکرابوون کە لەسەر رەوگەی پێشویان لایانداوە. ئەوەی کە پاساوی تۆمەتباریانی بەدەستکیسەی میریی زیادکردبوو، بریتیبوو لە پەنهانی و ئاڵۆزی ئەم گروپە بەجۆرێك لەهەمانکاتدا دەکرا چەند پێناسەو شوناسێکی لێکجیاواز بکرێن. بۆیە هەر هەڕەشەیەك بۆ داڕشتنەوەی گوتاری زۆرینەی گروپ، بە دەستکیسەی حکومەت لێکدەدایەوە. ئەوانەی پشتیوانییان لە ناکۆکی و لادان لە رەوگەی پێشو دەگرت، ئەوانە زۆرینەو باڵادەست بوون، چەند میکانیزمێکیان بەکارهێنان لەوانە چەند میتینگێکی گشتییان لە چەند شارێکی کوردستاندا بۆ ئەندامانی مەکتەب قورئان گرێدا. هەروەها ئەندامانی خۆیان هاندا تا لەتەك هیچ کەس لەوانەی باوەڕیان بە کارلێکی جەماوەریی هەیە، پەیوەندی نەکەن تاوەکو پەیوەندیی و چالاکییەکانیان سنوردار بکەن.

### رەفتارە کۆمەڵایەتی و کەسییەکانی ئەندامان لەناو زەمینەی گوتاردا

ستراتیژییەکانی ئێستای مەکتەب قورئان دادەنرێن بە هەوڵگەلێکی سیستماتیکیی بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی توانای تێگەیشتنی مێشکیی و پێوانەکان. هەروەها

قوتاربوونیان لە بەرهەڵستکارییە ئایدیۆلۆژیەکانی ناو گروپ و کەنارگیرکردنی ئەندامانی بەرهەڵستکارو سەپاندنی خواستەکانیان و توانەوەی بیرکردنەوە کەمینەکان و زاڵبوون بەسەر ناکۆکییە کەسییەکاندا. هاوکات سەرنجڕاکێشانی خەڵکانی زرنگ، وریا، هێنانەوەی بەڵگە، گفتوگۆی رۆشنبیرانە و نەختێك نەرمی نواندن، هەروەها بەهاناوەچوونی خانەوادەگەلێك کە لەبواری مادیدا دەستکورت بوون، هەموو ئەمانە لە چالاکی زەمینەی واقیعی گروپەکەدا کاری خۆیان دەکەن. لەم هەلومەرجەدا خەڵکی دەخوازێت بێتە ناو گروپەکە و گەرەکیانە ببنە ئەندامی فەرمی ناو مەکتەب قورئان. لەئێستادا خەڵکی لەهەوڵی دۆزینەوەو کاریگەریی کەسێکی کارێزمایی ناو ئەوانن، خەڵکی پەیجوری لۆژیك و گفتوگۆی هزریی و وتوێژی لۆژیکیین. ئەوان ئێستا ئەندامەکانیان فرە لاون، ئەوانەن کە زوتر کاریگەریان لەسەر دروستدەبێت، یاخود زاڕۆگەلێکن جگە لە کاریگەریی ئەوان هیچ شتی دیکە ناتوانێت شوێنی خۆی لە سەریان بکاتەوە. کەواتە ئەوان بەردەوام بەهای کارێزمایی گوتارو میسالییەتی خۆیان لەسەروی لۆژیك و عەقڵانییەتەوە دادەنێن. بەردەوام نۆرم و نەریت لەناو گوتاریاندا لە برەودایە. ئەوان بەهای مەرگیان لەپێناو ئامانجەکانیان قبوڵەو مردن لە رێگەی باوەڕدا وابەستە دەکەن بە پرەنسیپی ئیسلامەوەو پێیان وایە شێوە ژیانێکی پاڵەوانانەیە.

## ئەنجام

لەمیانی قۆناغەکانی گۆڕانکاریی گوتاری مەکتەب قورئان کە لەسەرێدا رونکراونەتەوە، پەرەسەندنی مێژویی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەکرێت لێی تێبگەین یاخود کورتی بکەینەوە لە 5 قۆناغی جیاوازدا: هەر قۆناغێك بنەماو رەوگەیەکی زاڵی لەخۆدا شوێنکردوەتەوە، لەهەموو قۆناغەکاندا مەکتەب قورئان دارای تایبەتمەندیی و رێساو یاسای تایبەت بەخۆی بووە. قۆناغی یەکەمی داپۆشرابوو بە دەستپێکی ئیسلامیزم لە ئێراندا، ئەمە تاوەکو شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە 1979دا. لەم قۆناغەدا لەگەڵ دەرکەوتنی گوتاری سیاسیی شیعە لە بەرایی شەستەکاندا ئیسلامیزم لەشێوەو فۆڕمی گوتاری مەزهەبی مەکتەب قورئاندا هاتە ناو ژینگەی گشتی و جەماوەریی خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە. ئیدی ئەوە ببووە شوێنگرەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەتایبەتی لەبەشەکانی باشوری کوردستانی ئێراندا. لەدەستپێکی شۆڕشی ئێرانەوە ئیدی بەکاوەخۆ ئامادەیی گوتاری مەزهەبییانەی مەکتەب قورئان لەناو شۆڕش و کوردستاندا زیاتر نومایان و ئاشکرا هاتەپێشەوەو رۆڵی ئیسلام زێدەتر راگەیەنرا. لە قۆناغی دووەمدا گوتاری زاڵ لە هەلومەرجی گشتیی کوردستاندا بریتیبوو لە گوتارەکانی ئیسلامگەراو مارکسییەکان و ناسیۆنالیستەکان. دیارە هەموو ئەوانە لە تەقەڵای ئەوەدا بوون، کە ئامانجەکانیان

جێبەجێبکەن، ئەوان لەرێگەی گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوەو خەیاڵپڵاوی بێئەندازەو میسالییەتی ئایدیای خۆیانەوە هاتبوون تێکەڵ بە واقعی شۆڕش ببوون. لەم سەردەمە شۆڕشگێڕییەدا بەرژەوەندییە جیاوازەکان و ئایدیا پێچەوانەکان تێکرا بۆ مەبەستی ئامانجی باڵاتری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی رژێمی پەهلەوی سازشیان لەتەك یەکتریدا کردبوو. وەلێ دوابەدوای شۆڕش ئیدی ئەو یەکبوونە درێژەینەکێشا، چوون پاش پێکەوەنانی سیستمی سیاسی نوێ و نوسینەوەی رەشنوسی دەستوری بنچینەیی وڵات، ئیتر گوتارە ناکۆکەکان و نەیارێتی نێوان ئیسلامگەراو مارکسی و نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بەرجەستەبوو. لەم قۆناغەدا ئیسلامیزمی مەکتەب قورئان و کارلێکە ناوەکییەکانی لەتەك ناسیۆنالیزمی کوردیدا زیاتر لە هەرکاتێکی پێشوتر کەوتنە وێزەی یەکتریی. لە قۆناغی سێهەمدا ئەندامانی مەکتەب قورئان بنکەی سەرەکی و جەماوەریی خۆیان لە سنەوە جێهێشتو رویانکردە شاری کرماشان. ئەوە تاوەکو ساڵی 1982 بەردەوامبوو، لەو ساڵەدا حکومەتی ناوەندیی موفتی زادەی دەستگیرکرد. ئەم قۆناغە خاڵی وەرچەرخانی جودابوونەوەی میتۆدی مەکتەب قورئان بوو بەئاڕاستەی نەیارێتی گوتاری شیعەو پشتبەستن بە هێماو رەمزو وێناکانی مەزهەب و رەوگەی سونە لە کوردستانی ئێراندا. قۆناغی چوارەم لە ئازادبوونی موفتی

زادەوە لە زیندانی ئێران دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا میتینگ و کۆبوونەوەی بەردەوام کەتێیدا کەسایەتی و وتارو روانگەی موفتی زادە بوونە وێنای بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ ئەندامانی مەکتەب قورئان. بەمردنی موفتی زادە ئیدی مەکتەب قورئان رەوگەیەکی فرە دورو جیاوازتر لە حکومەتی ناوەندی دەگرێتەبەر. مەبەستیان بوو رەوگەیەکی جیاواز لە ئاراستەی گوتاری شیعەگەرایانەو سیاسەتی حکومەتی ناوەندی بگرنەبەر. هەرچەند کەمینەیەکی گروپەکە لەهەوڵی کارلێك و هەماهەنگیی بوون لەتەك میریدا، وەلێ ئەوان لە گروپەکەدا بەرکەنارکران و هێزی پێچەوانەی میریی و ئاراستەی جیا لەکارلێك لەتەك میریدا وەك زۆرینە مانەوە. ئەم قۆناغە بەوە جودا دەکرێتەوە، کە وێنای کاریزما و تایبەتمەندی رۆحی سەرکردەی کارێزما لەناو شوێنگرەوانی موفتی زادەدا بەرجەستەدەبێت. تێکڕای قۆناغەکانی گوتاری مەکتەب قورئان لەخاڵێکی سەرەکیدا هاوبەشبوون، کە ئەویش ناکۆکیی گوتاری سەرەکی ئەم مەکتەبە بووە لەتەك ئەجێنداو ئامانج و گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، چوون گوتاری مەکتەب قورئان بەچەند گۆڕانکارییەکدا تێپەڕیوە بەتایبەتی لە زەمینەی شۆڕشی نەتەوەیی و ملنەدانی کوردستان بۆ حکومەتی ناوەندین ئەوان لە هەر سەردەمێکدا بە ماناو بە دیدێکی نوێوە بوونی خۆیان لە پرسەکاندا نیشانداوە.

**پەراوێزەکان:**

(Haynes, 2009; Norris &Ingelhart, 2011; Riesebrodt&Konieczny, 2010;
Steve, 2009).

(Davie, 2010, p. 1601-).

(cited in: Martin 2010, p. 132).
